پرسگەکانی خوێندنەوەی ئایندە.

ئامادەکردنی:

محمد عەزیز لۆتەری.

خوێندنەوەی یەکەم لە :

پرسگەکانی خوێندنەوەی ئایندە.

ئامادەکردنی:محمد عەزیز لۆتەری.

ئەم بەشە لە ژمارە چواری گۆڤاری ئایندە لە زستانی ساڵی ٢٠٢٢بڵاوکراوەتەوە

.

پێناسەی زاراوەکە لە ڕووی زمانەوانیەوە:

بەعەرەبی بەم زانستە دەڵێن:استشراف المستقبل.

هاوماناکانی ناوی ئەم زانستە:

زیاترلەدە هاوماناومورادیفی هەیە، لەوانە:

-زانستی ئایندە.

-توێژینەوە ئایندەییەکان.

-توێژینەوە بیانییەکان،البصیرة

- لێکۆڵینەوە سیاسیەکان.

- هەواڵدانی نەخشەکێشی.

-جوڵانەوە ئایندەییەکان.

-تێڕوانینی خوازراوی ئایندەیی.

-هەواڵدانی مەرجداری ئایندەیی.

-خوێندنەوەی ئایینده.

لەساڵی ١٩٧٥ز دا کۆمەڵەی ئاینده ڕاپرسیەکی کرد لەسەر زاراوەی هەڵبژارده ،ئەندامەکان دوو زاراوەیان پەسند کردن،ئەوانیش:

-لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان.

-توێژینەوەی کاروبارەکانی ئاینده.

ئەنجومەنی وزیرانی سوید لە ساڵی ١٩٧٤ز دا زاراوەی زانستی ئایندەی ڕەت کردەوە،بەوپێ یەی کەهێشتا لێکۆڵینەوەکانی لەقۆناغی گریمانەی نەسەلمێنراودابوون.

ئیستیشراف لەزمانی عەرەبی دا بە کەسێک دەگوترێ کەلە سەر شوێنێکی بڵند ڕاوەستێ وسەیری هەموو ئەوشتانە بکا کەلە خوارخۆیەوەن، کە واتە ئیستشراف سەرپەرشتی کردن وسەیرکردن وئاڕاستەکردنی کەسێکە کەلە بڵندایییەک وەستاوە بۆ کەسان وچەند شتێک وکارێک کەلەخوارخۆیەوە ڕوو دەدەن،وە موستەقبەل بەو کات وزەمانە دەگوترێ کە لە دوای ئێستا دێ.

کەواتە مەبەست لەخوێندنەوەی ئایندە ساغ کردنەوەو بەدواداچون وپێش بینی وهەواڵ دان وێنا کردن وپشکنین وتێڕوانینی داهاتوو یە.

بەڵام ئەم زانستە لە ڕووی زاراوەییەوە چەندین پێناسەی بۆکراوە،لەو پێناسانە:

١-کۆمەڵە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکە کە پشکنین بۆ ئەو کێشانە دەکاکە لەوانەیە لەداهاتوودا ڕووبدەن،وەهەواڵ لەبارەی ئەو دۆزەوە بەپێ ی ئەو چارەسەرو شیکارانەی کەدەکرێ بەڕیزبەندی لە گرنگترینەوە دیاری بکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە چاوەڕوانکراوە.

٢- ئیجتهادوهەڵێنجانێکی زانستی ڕێکخراوە،بەئامانجی داڕشتنی کۆمەڵێک پێش بینی مەرجدار،یان ئەو سیناریۆیانەی کە هەموو بوارەسەرەکیەکانی یەکێک لە کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە.

٣- کۆشش وتەقللایەکی بەدواداچونی بنچینەییە، کە چەند تێڕوانینێکی جیاوازی داهاتوولەخۆدەگرێ،وەهەوڵ دەدا کە پەیوەندیەکانی ئایندەی ئەو کاڵاو ڕژێمە ڕەسەن و لاوەکیانە بزانێ لە جیهانی پەرەسەندودا.

٤- زانستێکی نوێ یە،هەوڵ دەدا چەند ئەگەرو گریمانەیەک پێش بینی بکاکە لەوانەیە ڕووبدەن،هەروەها گرنگی بەو گۆڕانکاریانە دەدا کە دەبنەهۆی ڕودانی ئەوگریمانە پێش بینی کراوانە،کەواتە زانستی ئایندەمەبەستیەتی کەچەند

وێنایەکی نزیک کراوەی پێشبینی کراو گەڵاڵە بکابۆ داهاتو بە ئەندازەی تواندراو.

٥- دیاری کردنی وێناوشێوەی داهاتویە لەبواریێک یان زیاترلەبواریێک لەتوێژینەوەی کۆمەڵایەتی دا،لەژێرتیشکی چەندپێزانینێکی وردی زانستی،وەبەبەکارهێنانی هۆکاروشێوازی نوێ ی زانستی،لە چوارچێوەی ماوەیەکی دیاری کراودا کەلە بیست ساڵ زیاترنەبێ.

٦- بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیە بەوحاڵەی کەلەمەولالەبەیانی دادێ،وەئەنجامدانی چەندتەقەللاوهەنگاوێکی پێویستە،بۆگەیشتن بە بڵندترین پلەکانی سەرکەوتن لە وئامانجە دیاری کراوانەدا.

زانستی داهاتوو،بەشێوەیەکی گشتی،کاردەکابۆ سەرپەرشتی کردنی داهاتوو لەچوارچێوەی هەوڵێکی زانستی ڕێکخراو،بۆگەیشتن بە

داڕشتنی کۆمەڵێکی پێشبینی مەرجدار،کە لە چەند تیۆروگریمانەیەک لەبارەی ڕابردوو وئێستاوە سەرچاوەدەگرێ،بۆ ئاشکراکردنی هاتنەناوەوەی چەند توخمێکی ئایندە بۆ کۆمەڵگایە،یان بۆ ئەودیاردە دیاری کراوە.

٧- تێڕوانینی داهاتوی پەروەردەیی:کۆمەڵە بنەماوبنچینەیە وڕێساوهەڵس وکەوتێکە،کەبەهۆیەوەڕژێمەکانی بواری پەروەردە وفێرکردن هەمواردەکرێن بۆئەوەی بە لێهاتووی یەوە وڵامی داخوازیەکانی جیهانگیری و کێشە سیاسی وئابوری وهونەری وژیاریەکانی بدەنەوە.

٨-خوێندنەوەی داهاتوی پەروەردەیی:تێڕوانینێکی ئایندەی هۆشیاروڕەخنەگرانەیە بۆگۆڕانکاریە جیهانی وناوچەییەکان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا،لەچوارچێوەی ئەم تێڕوانینە دەتوانرێ لەسروشتی ئەودۆزە پێشبینی کراوانە وشوێنەواری ڕاستەوخۆی لەسەرپەروەردەبزانین وبتوانین بژاردەوتوانا بەردەستەکان دیاری بکەین بۆڕووبەڕووبونەوەی ئەومەیداندارییانەو زاڵ بوون بەسەرئەو لەمپەرانەدا،وەتوانینی پەرەپێدانی کاری پەروەردەیی وگونجاندنی لەگەڵ داواکاریەکانی پەرەسەندن وبەردەوامی پێ دانی لە داهاتوودا.

ئەم هەشت پێناسە ،دکتۆر محمد عبدالرحمن مدنی کۆی کردونەوە.

سەکۆی وڵاتی ئیمارات بۆ خوێندنەوەی ئایندە ئەم دوو پێناسەی هێناوە:

١-خوێندنەوەی ئایندە هەوڵ وکۆششێکی فکری زانستی قوڵە،لەسەر ئاماژەکەرەکانی چەندایەتی وچۆنایەتی وچەشن بنیات نراوەوهەڵبژێردراوەبەپێ ی چەشنی بواری لێکۆڵینەوەکە،مەبەستیش گەیشتنە بەهەواڵ داربوون

لەئایندەی دیاردەیەکی دیاری کراو،لەچوارچێوەی خستنەڕووی چەند گریمانەوجێگرەوەیەک کەلە ڕووی تواناو وڕودانیان دا جیاوازن.

٢-هەوڵدانی ئاشکراکردنی ئایندەیە،بەگوێرەی ئامانجە نەخشەبۆکێشراوەکان،بەبەکارهێنانی شێوازی چەندایەتی،کەپشت بەخوێندنەوەی ئاماری ژمارەکانی ڕابردوو وئێستا دەبەستێ،یان پشت بەچۆنایەتی دەبەستێ ودەرەنجامی بەڵگەکانی لە خوێندنەوەی بیروبۆچونەکانی چۆنێتی بەڕێوەچونی ڕوداوەکان دەردێنێ.

خديجة أحمد محمد بامخرمهفى لەپێناسەی ئەم زاراوە نوسیویەتی:

١-لەڕووی زمانەوانیەوە، ئیستشراف دەست لە پشت چاودانانە تاسێبەربۆچاوی بکاو شتەکە بەڕۆشنی ببینێ،وەزۆرجارئەم ڕوانینە لەشوێنی بەرزەوە دەبێ ،شورفە واتە بانیژەو وپێش بان.

٢-پێناسەی چەمکی خوێندنەوەی ئایندە:کۆمەڵەچالاکیەکە کاردەکابۆچاکترکردنی کرداری دروست کردنی بڕیار،ئامانجی سەرەکی خوێندنەوەی ئایندە لەو شاراوەتەوەکە خۆت لە هەڵوێستێکی بەهێزترداببینیەوە لە ئایندەداولەئامادەباشی دا بی بۆکۆمەڵێک ڕوداوی پێشبینی کراولە داهاتودا،لەتێگەیشتنی ئێمەدایەک ئایندەنیە، بەڵکوچەندین ڕوداوی پێشبینی کراو کە دەکرێ لە ئایندەدا ڕووبدەن،کاری ئێمە ئەوەیە کە ئامادەکاریمان کردبێ بۆڕووبەڕووبونەوەی ڕوودانی هەریەکێکیان کە ڕوبدەن لە داهاتودا،ئایندە بینی تەنیا بەدیاری کردنی مەترسیەکانی ئایندەوە ناوەستێ،بەڵکو لە دەستەبەرکردن وهێنانەدی هەلی ئایندەش دەگەڕێ کە بەدەستی بێنێ.

-زانستی ئایندەی هاوچەرخ زانستێکی نوێ یە،لەسەرەتای سەدەی بیستەوە سەری هەڵداوە،لە دەرەنجامی بەرهەم هێنانی خوێندنەوەی ئایندەی تاکەکەسی وگرنگی دان ونەخشەکێشان بەم زانستە،وەسودبینین لەپێشکەوتن وبیرکردنەوەی بەبەرنامەوتوێژینەوە لەدیاردەهەمەچەشنەکان بەهوکارەزانستیە پەرەسەندوەکان کەلە ژێر سایەی شۆڕشی پیشەسازیداهێنراون.

٤-زانستێکی نوێ وکۆششێکی زانستی ڕێکخراوە،لە ڕابردوو وئێستا دەکۆڵێتەوە بۆ خوێندنەوەو پێشبینی کردنی ئایندە، لەچوارچێوەی سونەتەکانی الله لەناودروست کراوەکانی دا،هەروەهاپشت بەنوێترین داهێنانەکانی بواری ئابووری وتەکنەلۆژی دەبەستێ،بۆ زانین و وێناکردنی شێوازی ژیانی جیهان لەدوای دەسالّ وبیست سالّی تر.

٥-خوێندنەوەی ئایندە لە ڕووی شەرعەوە: خوێندنەوەی ئایندە لەشەرع دائەگەری ڕاستی پێکان وهەڵە کردنیشی هەیە،،مەگەر ئەوەی کەلە قورئان وفەرمودەدا هاتوە،هەر بۆیە لە سونەت دا ئیماندار هەڵ نراوە کە بۆکاروبارەکانی داهاتوی نوێژی ئیستخارە بکا،چونکە بێجگە لە اللە کەس پەنهان وشاراوەوغەیب نازانێ، بێگومان کە ئایندە لەوبوارانەیە کە زانینی شاراوەیە لەمرۆڤ وزانینی ڕوداوەکانی تەنیا اللە دەیزانێ،وەک دەفەرموێ:

: (إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ، وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَداً، وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ، إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (لقمان / 34).

-زانستی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان لای اللە یە ،بەڵام پەیکەری سیناریۆی ڕوداوەکانی پێش قیامەت وپاش ڕودانی قیامەت تاخەڵک دەچنە جەننەت وجەهەنەم هەمووی لە قورئان وسوننەت داهەیە.

-زانستی چۆنێتی چڕبونەوەی هەورو ساردبوونی وپیتاندنی وکاریگەری با لە کرداری باران بارێندا هەمووی لەقورئاندا ئاماژەی پێ کراوە، پێش بینی باران بارین ،زانینی غەیس وبارینی فریادڕەس نیە ،هەروەک چۆن هەڵدانی نیشانەکانی ساعە وقیامەت ،واتای زانینی کاتی ڕۆژی قیامەت نیە.

-زانینی نێری ومێ ی کۆرپەلەی ناو منداڵدان واتای زانینی ئەوەنیە کەمرۆڤ بزانێ ئەو کۆرپەلە کەسێکی باش یان خراپ ،زەنگین، یان هەژار،زانا یان نەزان ،تەمەن درێژیان تەمەن کورت،زۆرداریان زۆرلێ کراو،،،هتد دەبێ.

-کارمەندی مرۆڤ لە بەڕێوەبەرایەتیەک ودیاری کرانی کات ژمێرەکانی کارەکەت مانای وانیە کەتۆ بزانی کارێکی نەخوازراوت نایەتەپێش وهەرئەوکارە دەکەی، .

قورئان هەڵمان دەنێ کە کاروکردەوەی باش پێش دەستی خۆمان بخەین،دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ) (الحشر / 18)

ئەم ئایەتە فەرمان مان پێ دەکاکە پارێزبکەین وخۆلە کارەساتی لەنکاولادەین ،پشت بە اللە ببەستین وهەوڵ کۆشش بکەین ونەخشەبۆکارەکانی داهاتومان دانێین،،رسول ی ئەکرەم صلى الله عليه وسلم شەوو ڕۆژ لەبیری داهاتوی دەوڵەتی ئیسلام دابوو،کەیارانی نارده حەبەشەو چوەتائیف ولەکاتی حەج دا دەچوە لای تیرەوخێڵەکان هەموو لەوچوارچێوەی نەخشەکێشانەدابوو.

هەروەها لەفەرمودەکانی ئەم خوێندنەوەی ئایندە زۆر ڕەنگی داوەتەوەو باسی کروە (ليَبْلُغن هذا الأمر ما بلغ اللَّيل والنَّهار، ولا يترك الله بيت مَدَرٍ، ولا وَبَرٍ، إلَّا

أدخله اللهُ هذا الدِّين، بِعِزِّ عَزِيزٍ أو بِذُلِّ ذَليلٍ، عِزًّا يُعِزُّ الله به الإسلام، وذُلًّا يُذِلُّ الله به الكفر) (رواه الإمام أحمد والطبراني والبيهقي).

تەنانەت لەزۆر ڕوداوی کەسیش داخەمی ئایندەی تاکەکانی بووە،ئەوەتابەوپیاوەی کەدەی ویست زۆری ماڵەکەی بکاتە وەسیەت وخێر فەرموی:

: (إِنَّكَ أَنْ تَذَرَ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ...) (رواه البخاري ومسلم).

هەروالەژیانی پەیام بەر یوسف علیه السلام وئەو نەخشەوپلانەتۆکمەی بۆپاشای میسری داڕش

ت ولەو قەیرانە ئایاندەی کەبەرۆکی جیهانی گرتبوو فریایان کەوت:

(يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَّعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ، قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ، ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ، ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ) (يوسف / 46 - 49).

توێژینەوەکانی خوێندنەوەی ئایندە بۆزانینی هەواڵە کانی ئایندە نیە،بەڵکوبۆبەرچاوڕوونییە بەکۆمەڵێک جێگرەوەی پێشبینی کراوەکە یارمەتی هەڵبژاردنێکی هۆشیارانە دەدابۆداهاتویەکی باشتر.

خوێندنەوەی ئایندە کەهانەت وفاڵچێتی و زانینی زانستی شاراوە نیە،وەکەس باوەڕی بەوەنەبێ بەبەکارهێنانی هۆکارەکانی ئەم زانستە دەتوانین ڕوداوەکانی ئایندە بزانین،بەڵکو پێشبینی چەندئەگەرێکە کەلەوانەیە ڕووبدا بەڕێژەیەکی جیاوازو ئامادەباشی کردن بۆهەموویێش هاتێک،بەپێ ی پەیرەوێکی زانستی وهەوڵی بنیادنانی شێوازێکی ئاشکرابۆ پێشهاتەکە،ئەمەش لەسەربنچینەی پێزانینەکانمان لەسەر کاودانی سروشتی وزیندەگی ئەو جیهانەی تیای دا دەژین.

مەبەستی توێژینەوە ی خوێندنەوەی ئایندە،دابین کردنی چوارچێوەیەکی کاتی درێژخایەنە بۆ ئەوبڕیارانەی کە ئەمڕۆ دەیدەین.

لە ئەنجامی تێگەیشتنمان لە پێناسەی زاراوەی ئایندەبینی لە ڕووی زمانەوانی وزانستی وشەرعیەوە گەیشتینە ئەوەی کە ئەم زانستە بانگەشە نیە بۆ زانینی غەیب کە ئەم زانینە تەنیا اللە دەیزانێ ،بەڵکوهەوڵێکە بۆخوێندنەوەی ئایندە وئەمەش سیفەتێکە کە ئادەمیزاد خوی پێوە گرتوە.

خوێندنەوەی ئایندە،پێچەوانەی بێ سەرەوبەرەییە،وەدژی خۆڕادەست کردنە بۆ ئەو خواستانەی دەوروبەربەسەرت دا دەسەپێنێ،وەئەم جۆرە توێژینەوانە دەبێتە هۆی پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی دووربین وبەرنامەڕێژکراووخاوەنی بڕیار گەلێکی بەرچاوڕۆشن وبەبەرنامەبۆداهاتویەکی باشتر،چونکە هەموو بڕیارەکانی کە ئەمڕۆدەدرێن کاریگەریان لە سەرداهاتوی خۆمان و نەوەکانی ئایندەمان هەیە،

لە پێناوی بێ لایەنی خوێندنەوەی داهاتوو،نابێ تەنیائەو پێش بینیانە چاوەڕێ بکەین کە حەزمان لێ یانە ولەبەرژەوەندیمانن ،وەنابێ ئەوپێشبینیانە لە بیرخۆمان بەرینەوەو هەرگیزچاوەڕێ یان نەکەین کە حەزمان لەڕودانیان نیەو هەراسانمان دەکەن،بەڵکودەبێ هەردووپێشبینیەکە بۆداهاتوی خۆمان چاوەڕێ بکەین،ئەوجار کۆمەڵە بڕیارێکی بەرنامەڕێژکراوو لێ توێژراوەبدەین بۆخۆلادان لە پێشبینە هەراسان کەرەکان ودەستە بەربوونی پێشبینیە داواکراوەکان لەسەرئاستی ئایندەیەکی دووردا.

خوێندنەوەی داهاتوو،نەچاک کردنی ڕابردوەونە کەم کردنەوەی هەڵەکانی ئێستایە،بەڵکو وێناکردنی داهاتویە بەشێوەیەکی نمونەیی وباڵا،ئەم نمونەییە لەژیانی داهاتودا پێویستی بەنەخشەیە،نەخشەکە کارێکە لە ئێستادادەکرێ،بۆیە ئێستا بناغەی ئایندەیە،چونکە ئێمە لە ئێستادا بەکردەوەونەخشەکانمان داهاتوو بنیات دەنێین.

کەواتە ئەونەخشەی لەئێستابۆداهاتوی دادەنێین،ئایندە بین ئێستا چاک ناکا،بەڵام هەوڵ دەدا داهاتولە هەڵەکانی ئێستا پەنابدا،وەهەوڵ دەدا سەرکەوتنەکانی ئێستا بەشێوەیەکی باشتروتۆکمەتروماوەی درێژترلە داهاتودا دووبارە بکاتەوە،ئەمەش بەپشت بەستن بەدووهۆکاردەبێ:

یەکەم:فراوانکردنی بواری توێژینەوەکانی ئایندەبینی وخوێندنەوەی ئایندەی پەرەسەندنەپێشبینی کراوەکان ودەرەنجامە کانیان وچۆنێتی جێ بەجێ بونیان.

دووەم:گەشەکردنەکە پشتی بەستوەبە شارەزایی وبەرچاوڕوونی وئەندێشەوبۆچون وزیرەکی وبیرکردنەوەوتێگەیشتن تواناکانی مرۆڤ وڕاهێنانی مرۆڤ لەسەرشێوازەکانی ئاماری چەندێتی وتوانای لاسایی کردنەوەوبەراوردکردن ،ئەمانە ڕێ بۆسەرکێشانی بەڕێوەبردن خۆش دەکا تاهەموو پێوانەکان گەشە پێ بدەن کەدەتوانرێ لەچوارچێوەیاندا مرۆڤەکان بگەنە باشترین شێوە لەئایندە،.

ئەگەرچی زانستی خوێندنەوەی ئایندە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی نەخشەکێشانی ئستراتیژی ،بەڵام بەچەند جیاکەرەوەیەکیش لێ ی جیا دەکرێتەوە،

ئایندەبینی گرنگی بەناسینی پێش هاتەکانی داهاتووەدا،دەرەنجامەکانی چەند ئەگەرێکی هەمەجۆرن،بۆیە ناتوانرێ تەنیا یەک دەرەنجام دیاری بکرێ.

نەخشەکێشانی ستراتیژی ،واتە یەک ئامانجێکی دیاری کراو لە ڕابردوداوەوڵ دان بۆگەیشتن بەوتاکە ئامانجە،کەواتە لێرە ئایندەبینی دەتوانێ هاوکاریەکی گەورە بەنەخشەکێشانی ستراتیژی بکا.

جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوانە لەوەدایە کە دەبینین زۆرێک لەوڵاتانی پێشکەوتوو،هەوڵی گەیشتن بە بەرەوپێش چوون وداهاتویەکی درێژدەداو نەخشەی پێش وەختی بۆدەکێشێ ،نەک چاوەڕێ ی ئەوەبکا کە چەند ئەگەرێکی پێش بینی کراو وچەندبارودۆخێکی نەخوازراو ئەم نەخشەی بەسەردا بسەپێنن.

وەپێشەنگی هۆشیارومتمانەپێکراوبە داهاتوی

ڕۆڵەکانی،دەرک بەلێ پرسراوێتی خۆی دەکا بەرامبەر نەوەی داهاتوو،هەروەها ڕۆڵی خۆشی پشت گوێ ناخا لە جێ بەجێ کردن ودابین کردنی پابەندیە هەنوکەییەکانی بەرامبەر میللەتانی ئەمڕۆ، وەیارمەتی دەدا لەسەر ئاشکراکردنی کێشەکان پێش تەقینەوەیان وبەقەیران بونیان،ئامادەی ڕووبەڕووبونەوەیان دەبێ وزیان ومەترسیەکانیان کەم دەکاتەوەبۆ ڕێژەی کەمترینی توانراو، هەروەک ئەو دەزگایەکی فریاکەوتنی خێرابێ، بۆئامادە باشی بۆڕووبەڕووبونەوەی هەرحاڵەتێکی تەنگاوی ولەنکاو و مەشق کردوولەسەر ڕووبەڕووبونەوەی دا.

نەخشەکێشان بۆ دروست کردنی ئایندە بۆهەموو تاکێک زۆر پێویستە بۆ بنیاتی دەوڵەتان وگەشەی داهاتویان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

خوێندنەوەی داهاتوو ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە لە خولیای مرۆڤایەتی دا،خەونی باوکمان ئادەم علیه السلام نەمری ودەسەڵاتی زۆربوو،لەگەڵ ئەوەش کە لەوەئاگادارکرابوو کەلەودرەختە نەخوا.

خوێندنەوەی داهاتوو،پێویستە بۆ بنیات نانی تاک وکۆمەڵگاوگەشە پێدانیان لەهەموو بوارەکانی ئابووری وکۆمەڵایەتی سیاسی وئەمنی وزانستی،چونکە ئەو کۆمەڵگایەی کەنەتوانێ نەخشەی هەنگاوەکانی داهاتوو بکێشێ لەخەمەکانی ئەمڕۆی دا نقوم دەبێ،وەلە ڕۆشنبیری ڕابردوی دا دیل دەکرێ،بۆیەش دەبێتە بارمتەی دواکەوتوویی ،ئەمەش هیچ کۆمەڵگایەک لەم ڕۆژگارەدا حەزی پێ ناکا..

ئیسلام و چەمکی زانستی ئایندە:

گرنگی دانی مرۆڤ بە ئایندەبینی،خولیایەکی ڕەسەن ودێرینی مرۆڤە،هێندەی بوونی مرۆڤ کۆنە،ئەوەتا تەواوی پەیام هێنەران جیهانبینی خوێندنەوەی داهاتویان بۆگەل وئوممەتەکانیان هێناوەولەم بوارەدا ڕێنماوپێشەنگ بوون،هەوالّی ڕوداوو ئالّوگۆڕی داهاتوو وئایندەیان پێ گوتون،خەون وهێماکانیان بۆلێک داونەوە،نەخشەی پێش وەختی پارێزبەندیان لە کارەساتەکان پێشانی بڕوادارانیان داوە،

مرۆڤ هەرلەسەرەتای دروست بونیەوە هەبوە،مەبەست لەپەروەردەش گەیاندنی مرۆڤە بە مرۆڤێکی کامڵ،جاکە مرۆڤ وێنایەکی تەواوی بۆئایندەی خۆی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەلا پەیدابوو،وەویستیشی بۆدابین بوو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوئامانجە،بەم شێوە ئەومەبەستە ی ئایندە جوڵێنەروچالاک کەروپاڵنەریەتی بۆ گەشەکردن،بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤێک ئەم دینەمۆ جوڵێنەرەی ئایندەبینیەی هەبێ تاهەمیشە خەریکی دەستی خۆپێشخستن بێ بۆئەو بەیانیەی کەجوڵێنەریەتی

بەرامبەرهەمووچاکەو بنیاتێک ولادەریەتی لەهەموو بەدکاری ونەفامیەک،

﴿يَا أَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا ٱللهَ إِنَّ اللهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾([10]).چاوەکنتان لەسەردواڕۆژی نەبڕاوەتان بێ،کەدینەمۆی داهێنانی هەمووبەها پیرۆزەکان وڕەوشتەجوانەکان وئاکارە بەرزەکانە .

لەقورئانی پیرۆزدا ،ئایەتەکانی ئاسۆی دووربۆ گرنگی دان بەئایندە دەکەنەوە،هەرلەڕۆژانی مەکەدا لەگەرمەی تێکشکانی ڕۆمەکاندا باسی سەرکەوتنی ڕۆمەکانی دەکرد دوای دەساڵ،

(الم * غُلِبَتِ الرُّومُ * فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ([12]).

نەک هەرئەوەندە ،بەڵکو ئاماژەی بەسەرکەوتنی ئیمانداران وشادبونیان بە سەرکەوتنی الله ی تێدایە.

بەڵکو پەیام بەر علیه السلام لە ناخۆشترین ڕۆژانی ئیسلامەتی دا مژدەی ئەوەی بەیارانی دابوو کە گەنجینەی فارس وڕۆم دەکەوێتە دەستیان.

وەچەندئاماژەیەکی تربۆ پێشهاتە خۆش وناخۆشەکان ،تابنە نیشانەی هۆشیاربونەوەی مسوڵمانان وخۆیان لە پێشهاتە خراپەکان دووربخەنەوەوبەشوێن پێش هاتە خۆشەکانەوەبن،ئەوەتا بەحەسەن دەفەرموێ ئەم نەوەی من سەروەرەو پێکهاتن لەنێوان دووەدستەی مسوڵمانان دا

دەکا،بەعەمار دەفەرموێ ،دەستەی یاخیەکان دەیکوژن، بەخێزانەکانی دەفەرموێ یەکێک لە ئێوە سەگی حەواب پێی دەوەڕێ.

پەیام بەروپێشەنگی ئیسلام علیه السلام، نەخشە کێشی کۆچڕەوی یارانی بوو،وەکوباڵوێزبەڕێ ی کردن، ئاڕاستەکەری ئەو نامەو پەیامانە بوو کە ئاڕاستەی پاشاو سەرۆک و فەرمانڕەوەکان ،نەخشەکانی ئەوسەرمەشقە دەری دەخاکەئەو بەهیچ شێوەیەک بێ سەرەوبەرەیی قبوڵ نەبووە،هەمیشە لە گەڵ پلانی درێژخایەن بووە،بۆ هەرهەنگاوو کارێک بڕیاری شیاوو ونەخشەی تۆکمەی بۆداناوەوهۆکارەکانی بۆ دابین کردوە،توانیویەتی بەو توانا کەمە ی مرۆڤی وئابووریە بەهاوسەنگی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی ڕۆم وفارس هەرزوو ببێتە زمانەی دووتای تەرازوەکە ،نامەکانی لەسەر ئەو بنچینە بۆ ئاڕاستە کردن،نەخشە کێشی بناغەی ئیسلام سەلماندی کە نەخشەوپلاندانان ،نەک هەردژی پشت بەستن وتەوەکول بە اللە نین،بگرە تەواوکەری ئەو بنەمایەن،هەربۆیە ئەوەهەزارو چوارسەدوپەنجا ساڵە باڵەکانی ئەم ژیاروشارستانیە هەر درێژ دەبنەوەولەگەڵ هەموو پێش هاتەکان خۆ دەگونجێنن.

گەشەی بەردەوام،پێویستی بە پلانی ئایندەبینی بەردەوام هەیە،ئایندە بینی بەردەوام پێویستی بە پێشکەش کردنی گریمانەو تیۆروبۆچون وبەراوردی بەردەوام هەیە،ئەمانەش پێویستیان بە ئەزموونی بەردەوامە،ئێمەدەزانین کە داهاتوش وەک ڕابردووبە ئەندازەگیریەکان وقەرەرە دیاری کراوەکان بەڕێوە دەچێ،ئایندەبینی دژ وەستانە وەبە قەزاوقەدەرنیە،بەڵکو گۆڕینی قەدەرێکی اللە یە بەقەدەرێکی ڕێکخراو تروهەموارتر،دەست گرتن وگۆڕانکاری لەهۆکارەکان بەشێکە لە قەدەری اللە،وەک عومەر فەرموی کەلەتاعونی شام بەرەو مەدینەڕای کرد،ئێمەلەقەدەری اللە ڕادەکەین،بۆ قەدەرێکی تری اللە.

نەخشەوپلاندانانی ئایندەبینی ،زیادە ڕەوی وزیادە خەرجی وبەفیڕۆچونی سامان کەم دەکاتەوە، ئاشکراشە کە سامان بەفیڕۆدەران وەک قورئان دەفەرموێ ،برای شەیتانەکانن،کەواتە دەست گرەوەوسامان بە فیڕۆنەدەران کەسانی بەئیمانن،

نەخشەوپلانی ئایندە،میللەتان بەرەو ئاسۆ فراوانی وگەشە سەندن دەباو چارەنوسیان پڕشنگداردەکا،خوێندنگای ئەزمونگەری وبەراوردکاری وشکاندنی ئەفسانە وتێگەیشتنە دەقبەستوەکان بە شۆڕشی خوێندنەوەی نوێ بۆ ئێستاو ئیاندەی بونەوەرو مرۆڤ ومادده و وزە وای کرد شۆڕشی پیشەسازی هەڵبگیرسێ وکودەتا گەورەکە لە چارەنوسی مرۆڤایەتی دابەرپابکا،توێژینەوەی هەموو پێشبینی کراووئەگەرەکان وباشتر وباشترینەکان لە داهاتوی نزیک ودووردابوو کە ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی،

ئەم بازدانە هەموو بواروشتەکان بەرەو داهێنانی جوانترو باشتردەبا

و بازنە وهەمیەکانی بەناو بەرژەوەندیە خولاوەکان دەشکێنێ،

خۆپەرستی ونەریت پەرستی وهاوکێشەی دەقبەستوەکانی هەموو بوارو زانستەکانی لەبەریەک هەڵتەکاندن وئەوەی بەسەدسالّ مرۆڤ لە بارەی بنچینەی پێک هاتەکان زانی،بیرۆبۆچونی هەزاران سالّی مرۆڤایەتی گۆڕی،چەندان ڕێساو بنچینەی هەزاران سالّەی وەک شاخ چەسپاوی کردە بلّقی سەرئاو

هەمواری هاوکێشە میانڕەوەکانی ئایندە بینی لەوەدایە کە:

-بەڵگەو سەلمێنراوو وپێزانین وئەزمون ی زانستە سروشتیەکان پشتکیری تەواوی لێبکەن ویەکترتەواوبکەن وزەمینە خۆش کەربن بۆ گەڵاڵە کردنی ئەو ڕێساو هاوکێشە گشتگیرە.

-ئەم هاوکێشەو ئایندەبینیە لەکاتی جێ بەجێ بونی دا لەخزمەت مەبەستەکان ومەقسەدەکانی شەریعەت ودینەکان دابێ، کەهەموو شەرع ودینەکان بۆ پاراستنی ئەو دوازدە مەبەستە هاتوون کەلە بابەتی بنچینەکانی سەروەری دا بەدرێژی باسم کردون.

-هەماهەنگی ئەم خوێندنەوانەی ئایندە لەگەڵ سونەتە گەردونی وڕێسا وتایبەتمەدیە سروشتی ومرۆڤایەتیەکان کە ئە م ڕێسایانە دیاردەو ڕوداوەکان ڕیزبەند دەکەن وەک ڕیزبەندی هۆکارو کارەکەی وپێشەکی و دەرەنجامەکەی وئامراز و مەبەستەکەی،ئەم سونەتانە وەک زمانی گەردون وبونەوەرن،هەرکۆمەڵگایەک ئەم زمانە نەزانی لەگەردون وسروشت ودیاردەکانی تێ ناگا وناتوانێ ڕامیان کابۆ بەرژەوەندی خۆی

اللە دەفەرموێ،{وَلا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلا} (الاسراء: 77)

بوژانەوەی هاوچەرخی ئەم زانستە لەڕۆژئاوادا:

یەکێک لەشارەزایانی ئەم بوارە دەڵێ:ئێمەناتوانین کەهەنەتی ئایندە بکەین،بەڵام دەتوانین ئایندە بۆخۆمان دروست بکەین،.هەرچەندە کە تۆێژەرانی ئەم بوارە ڕێک نەکەوتوون کە خوێندنەوەی ئایندە هونەرە یان زانستە،یان تێکەڵەیەکی هەموو زانست وهونەرو ئەزمونەکانە کەپێدەچێ ئەوەی سێ یەمیان بێ ،چونکە داهاتوو تەنیا یەک بژاردەو پێشبینی وئاڕاستەوبوار نیە، بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر پێشبینی وبواروئاڕاستەیە

یەکەم کەسی هاوچەرخ کەئاماژەی بەم زانستەکردبێ،

١-« هربرت جورج ویلز –ە کە خاوەنی ڕۆمانە زانستیە ئەندێشە ئامێزەکانە،وەیەکەم کەسە کەزاراوەی زانستی ئایندەی بەکارهێناوە ،لە کتێبەدانراوەکانی:

- پێک هاتنی مرۆڤ (1902) یۆتۆبیای نوێ (1905)، شێوای شتەکانی ئایندە (1933)، ٢-کولن گلیفلان (Coln Glihlann) هم زانستەی ناونا «منتولوجي» (Mellontology) – کە وشەیەکی یۆنانیە ولە وشەی ئایندە وەرگیراوە لە تۆێژینەوەی پێشکەش بەدانشگای کولومبیا ی کردلەساڵی 1920».

٣-زانای ئەڵمانی ئەوسیب فلختایم داوای خۆێندنی وانەی زانستی ئایندەیی لە ساڵی 1941لە خۆێندنگاکان کرد.

ئەکادیمی وبواڕە سەربازیەکان هەرزوو لەم بواڕە ئەسپی خۆیان تاودا،لەبەربوونی پێشبڕکێ ی چەکسازی وهەژموون، چەندین ڕێکخراوو لیژنەو گۆڤاریان بۆ بواری ئایندەبینی تەرخان کردوە،هەرزوو وانەی فیوتچەرلۆجی بوە وانەی دەیان کۆلێژوئەکادیمیای سەربازی، کە لە بەشێکی تایبەت باسی دەکەم.

ئەم بواڕە زۆرپێویستە بۆ ئەوەی لەکاتی هاتنی چەند کارەساتێکدا بژاردەت هەبێ وخۆلە کارەساتە گەورەکان لادەی،پشت بەئامارودەرەنجامی زانستی دەبەستێ،وە زیادەڕەوی زاڵبوونی ئێستاودوێنێ لەبیروهۆش وبڕیاردا ،وادەکا کۆمەڵگاو تاک چاوی بەیانی نەبینێ.

٤-فیلسوف وبەرهەم هێنەری فەرەنسی غاستون بیرجیە کە لەساڵی 1957 نوەندی نێو دەوڵەتی بۆ ئایندەی پێشبینی کاوی کردەوە،لەو کاتە ئەم بواڕە ناونرا زانستی پێشەنگ ،علم الریادە، prospestive ،وەبەهەمان ناو گۆڤاریکی دەرکرد،مەبەستی بیرجیە لەم بواڕە گەیشتن بووبە پەڕەوێکی گشتگیرتابتوانرێ هێڵە گشتیەکانی دیاری بکرێ،تابکرێتە پەڕەو بۆ ئەم جیهانەی کەبەشێوەیەکی زۆرخێرا لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە،

بییر ماسیە ی خوێندکاری بیرجیە لەساڵی 1985 دا لیژنەیەکی پێک هێنا کەلەوچوارچێوەدا داهاتووی فەرەنسای لە هەموو بواڕەکانی ئابووری وکۆمەڵایەتی دا کێشا.

٥- برتراند دي جوفینیل ی فەرەنسی ئاسۆیەکی جیهانی دایە ئایندەبینی (futuribles) ،ئەم پرۆژەی بەپشتگیری دەزگای فورد ی ئەمریکی ئەنجام دا،زۆرترین ڕێژەی زانایانی بواری ئایندە بینی کۆکردەوە ،تابتوانن وێنایەکی تەواو لەبارەی داهاتووی جیهانەوە دابڕێژن،پاشان لەگەڵ هێلینی خێزانی

هاوبەندی ئایندەکانی نێودەوڵەتی یان دامەزراندوئێستا کوڕەکەیان هیوگس سەرۆکایەتی ئەمدامەزراوە دەکا،وگۆڤاری ئایندەکان ی لێ دەردەکرێ .

٦-لە ئەمریکا ئەم زانستە لە قاڵبێکی براگماتی دا ئاڕاستە کرا،دەزگای بۆشایی گەری ئەمریکی ئەم بوارەی لە خۆگرت،ئەم زانستە لەژێرچاودێری دامەزراوەی سەربازی دا گەشەی کردبۆ پەرەدان بە ستراتیژیە کان وچەکی پەرەسەندوو،جەنەڕاڵ (هـ.هـ. ارنولد)ی سەرۆکی چەکی ئاسمانی لەم بوارە دا کارگەی فکری دامەزراند،کە کۆمەڵێک داهێنەری تێداهەڵکەوتن،وە (ثیودور فان کارمان)ڕۆڵێکی باڵای بینی ولە ڕاپۆرتی :بەرەوئاسۆیەکی نوێ داوای دامەزراندنی مەڵبەندی پێشبینی تەکنەلۆژی کرد،پاش ئەم پرۆژەش ،پرۆژەی پێشبینیەکانی هێزی ئاسمانی لە ساڵی 1963 دامەزراو کۆششی حەفتا دامەزراوەی لێکۆڵینەوە

بەرهەمی چل لیژنە وبیست وشەش زانکۆی کۆکردەوە،بەرهەمی ئەم پرۆژەچواردە موجەللەدی گەورە بوو لەبارەی تایبەتمەندیەکانی تەکنەلۆژیای هێزەکان کە دەتوانن پشتگیری پێشکەش بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بکەن بۆ دوای ساڵنی 1970 .

٧-دامەزراوەی پێشەنگ وداهێنانەکانی زانائەولان هیلمرلە بواری بیرکاری وزانستەکان دا بونە زەمینەی دروست بوونی فەلسەفی توێژینەوە ئایندەییەکان بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای دلفی کە دەبێ بۆچونی هەرشارەزایەک بێ ئاگاداری شارەزاکانی تروەربگیرێ، پاشان هەموو ڕاکان بەراوردبکرێن.

بڵاوکراوەی ڕێخۆش کردن کە ئامۆژگای ئایندە لەساڵی 1966بڵاوی کردەوە،ڕۆڵی سەرەکی ئەم ئامۆژگایە ئەوەبووکە دەبێ واز لە بیرۆکەی حەتمیەتی یەک بژاردەی ئایندە بێنین، ئەمەژ وەک دژایەتیەک بۆ بۆچونی چەپەکان وباوەڕبونیان بە حەتمیەتی مادی ومێژوویی وگەیشتن بە قۆناغی کۆمۆنی کۆتایی.

چونکە لە داهاتودا چەندەها ئەگەرو پێشبینی جیاواز هەن،دەست تێوەردان وهەوڵی مرۆڤ لەوبوارەدەتوانێ حەتمیەت وبژاردەکان بگۆڕێ.

چەندین ئامۆژگاو لیژنەی تریش هەبوون لەو سەردەمەداوەک ئامۆژگای هەدەسن کە پشتی بە دارشتن و وێناکردنی سیناریۆ جیاوازەکانی ئایندە دەبەست

،ئەوبیرۆکانەی بڵاوەکردەوە کەکەس باسی نەکردون، لەم پەیمانگایەئەنتۆنی وینز لەساڵی1967دا جیهان لەساڵی 2000ی بڵاوکردەوە.

لەبواری کۆمەڵناسی زانای ئەوبواره"دونالد. بن. مایکل " کتێبی نەوەی نوێ وتێڕوانینە ئایندەییەکانی لاوانی ئەمڕۆو سبەینێ،ی بڵاوکردەوە.

٨-لە ساڵانی حەفتاکانداژمارەی مەڵبەندەکانی تویژینەوەی ئایندە لەئەمریکاگەیشتە ٦٠٠و لە ئەوروپا ٣٠٠مەڵبەندبوو .

ئەم مەڵبەندانە بەگشتی چوارئاڕاستەیان هەیە. ئاڕاستەی یەکەم،خاوەنی ئەم بواره گرنگی بەکۆمەڵێک گۆڕانکاری دەدا وەک ژمارەی دانیشتوان وگۆڕانکاری نیشتەجێ بوون وگۆڕانی داهات وهاوردەکان.

ئاڕاستەی دووەم: پێ یان وایە کە هەواڵە ئایندەکان وپێشبینیە کان دەبنە پێشەکی و دەرەنجامەکانیان لەسەربنیات دەنرێ،ئەمە لەبەرەی دەوڵەتە سوشیالیستەکان پەیڕەودەکرا.

ئاراستەی سێیەم:ئاڕاستەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی.

ئاڕاستەی چوارەم:ئەم ئاڕاستە ،شرۆڤەکردنی ئایندە کە چەند ئەگەرێک بۆ داهاتوو لە پێش خۆیان دادەنێن وبەپێ ی ڕوداوە واقیعەکانی ڕۆژانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن.

٩-پێشکەش کردنی ئەم جۆرە تویژینەوانە لە لای وڵاتە عەرەبیەکان زۆر دواکەوت،یەکەم لێکۆڵینەوەی ئایندە بینی لەساڵی 1975ی زاینی بووبەناوی داهاتووی نیشتمانی عەرەب لە ساڵی 2000دا،کە لێکۆڵینەوەی لیژنەیەک ڕۆشنبیربوو کە ئەنتوان زەحلان سەرۆکایەتی دەکردن،ئەمانە بەم بیرۆکە دەستیان پێ کرد :ئەگەر عەرەب نەخشەی داهاتووی خۆیان نەکێشن، ئەوەگەلانی ترنەخشەی داهاتویان بۆدەکێشن.

ە هەرواش بوو،بۆیە ئێستا داهاتی تاک لەو وڵاتانەی نەخشەی داهاتووی وڵاتەکانیان زوو کێشاوەو بوژاونەوە شەست جار زیاترە لەو وڵات وگەلانەی هیچ گرنگیەکیان بەخوێندنەوەی ئایندەی خۆیان نەداوە.

وڵاتە زلهێزەکان ،نەخشەی دەساڵی وپازدەساڵی بۆ وڵاتەکانیان لە گشت بوارەکان دادەنێن،

ئەم بواڕە لە منداڵدانی ئەدەب وبەتایبەت ڕۆمانی ئەندێشەی زانستی لەدایک بوو ،کاتێ ڕۆمان نوسانی بەریتانیا داوای دامەزراندنی وەزارەتی داهاتویان دەکردو وەزارەتی تایبەتی کاروباری ئایندەیان وێناکردبوو،گۆڤاریسبەینێ یان دەردەکرد.

ئەم بواڕە پێویستی بەئازادی ڕادەربڕین هەیە، ئەوکۆمەڵگایەی تاک تیای دا نەتوانێ بۆچون وخەونەکانی بەئازادی دەربڕێ وبۆدەستەو حزب وئایدۆلۆژیەک پێویستی بە کلکە لەقێ وماستاوکردن بێ،ناتوانێ لە خوێندنەوەی ئایندەدا ڕاستگۆو سەرکەوتوو بێ ، چونکە فشار کردن وترس ودڵە ڕاوکێ ڕوحی داهێنان دەکوژێ.

سەرچاوەکانی ئەم بەشە:

([1]) معجم المعاني الجامع الموقع الرسمي، مادة، (ش ر ف)، تاريخ الاقتباس: 1438/7/27هـ، والرابط: http://www.almaany.com/

([2]) معجم اللغة العربية المعاصر، لأحمد مختار وآخرون، دار عالم الكتب الطبعة: الأولى، 1429 هـ – 2008 م، (1773/3).

([3]) ورد هذا التعريف في موقع البحث العلمي، فرع شركة جوجل، https://books.google.com/ تاريخ النقل: 1438/08/20هـ. الساعة: 9:55

([4]) الدراسات المستقبلية (نشأتها -مفهومها-اهميتها) محمد نصحى. تاريخ النقل:1438/07/18هـ. الساعة: 06:52http://kenanaonline.com

([5]) المرجع السابق.

([6]) حسن محمد عبد العاطي الباتع، كلية التربية قسم تكنولوجيا التعليم، جامعة الإسكندرية، تاريخ الاقتباس: 1438/8/18هـ، (5:45م) ، والرابط : https://goo.gl/kH2UIG

([7]) سورة العلق، الآية: (1).

([8]) توظيف مفهوم تربية المستقبل عند إدجار موران في منهج التربية الإسلامية عبد المقصود سالم، بحث منشور في مجلة التجديد، ماليزيا، المجلد (16)، العدد: (31)، 1432هـ، ص: (56).

([9]) من إفادات فضيلة الشيخ أ.د. علي الزهراني (مدرس المقرر) خلال نقاشه في القاعة الدراسية.

([10]) سورة الحشر، الآية: (18).

([11]) المستقبليات والتعليم ، محمد صالح أحمد نبيه، مرجع سابق، (9/1).

([12]) سورة الروم، الآية: (1-3).

([13]) المستدرك على الصحيحين، للإمام الحاكم، المجلد الثالث

([14]) تحديات تواجه مدرسة المستقبل، د. عبدالمقصود سالم جعفر، مقال منشور في الموقع: (تعليم جديد)، بتاريخ: 2016/10/7م, تاريخ الاقتباس: 1437/5/23هـ.

([15]) تحديات تواجه مدرسة المستقبل، د. عبدالمقصود سالم جعفر، مرجع سابق, ص: (58).

([16]) العلم والتعليم: الواقع والمستقبل، حوار أجراه الأستاذ الكاتب محمد ماهر سقا أميني، مع الدكتور محمد مطيع الحافظ، جرى الحوار في ذي الحجة 1431هـ/ ديسمبر 2009م، ونشر في جريدة البيان، ومجلة طيبة بدبي، http://www.alukah.net/culture/0/90252

موقع منصة الامارات لاستشراف المستقبل .

خديجة أحمد محمد بامخرمه. 1 مقالة. مفهوم وقيمة استشراف المستقبل. منشورات. مفهوم وقيمة استشراف

الثالث عشر) على أهمية قبول الآراء المتناقضة ، التي تخضع لاختبار الأدلة والتحليل العقلاني.

([8]) Ismail Serageldin, Science in Muslim Countries, look at the site

([9]). أحمد طومان: الدراسات الإستشرافية في العالم الإسلامي، مرجع سابق

([10]) خالد عليوي العرداوي: مشكلة المراكز والوحدات البحثية في وزارة التعليم العالي والبحث العلمي العراقية، أنظر الرابط الالكتروني الآتي

([11]) Ismail Serageldin, Science in Muslim Countries, ibid.

([12]) Ilona Kickbusch and Thorsten Behrendt: "Global Health Diplomacy", Oxford Bibliography; public health, look at

*

الآتي موسى عبد الشكور: أما آن لهجرة العقول الإسلامية إلى الغرب أن تتوقف، انظر الرابط الالكتروني الآتي
([13]) خديجة عبد الله الشهاب، محمد أمين الضناوي: معوقات البحث العلمي واستراتيجيات تطويرة في المجتمع العربي، مجلة أوراق بحثية، أنظر الرابط الالكتروني الآتي
([14]) لعلي بوكميش: معوقات توظيف البحث العلمي في التنمية بالعالم العربي، الأكاديمية للدراسات الاجتماعية والانسانية،

پرسگەی دووەم لە ئایندەناسی لە ژ/٥ گۆڤاری ئایندە لەپایزی ٢٠٢٢دا بڵاو کراوەتەوە :

پیشەسازی چەکسازی ونەخشەی خۆپرچەککردن لەداهاتوودا:

ئامادەکردنی:موحەممەد عەزیز لۆتەری.

کۆمپانیاکانی چەک دروست کردن هەوڵ دەدەن کە چەکی داهاتوو وابێ کە گیانی سەربازی تێدا پارێزراوبێ، وەبە وردترین شێوە وبەخێراترین کات ئامانج بپێکێ.

کۆمەڵێک شارەزا لە دیمانەیەک بۆ ڕۆژنامەی

«ديلي ميل» ی بەریتانی دەڵێن چەک وجەنگ لە داهاتووداگۆڕانکاری زۆری بەسەردا دادێ وەئەمەش گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەیە کە ڕووەدا:

- کامیرای چەکەکان:

ئەم شارەزایانە دەڵێن کە لە ئایندەدا کامیرالەسەر چەکەکان جێگیر دەکرێ،ئەم کامیرایە وێنەی گۆڕەپانی جەنگەکە دەگوازێتەوەبۆ شاشەی جێگیرکراوی بەردەم سەربازەکە،ئەوشاشە لە کۆلاوخودەیەکی زیرەک کە سەربازەکە لەسەری دەکا،ئەم شاشە توانای پێکانی ئامانجیشی هەیە وە ماوەودووری نێوان سەربازەکەو ئامانجەکەی لەسەرشاشەکە دەردەکەوێ کە بەتیشکی لێزەر ئاڕاستە دەکرێ ..

- ڕوکەشی دەرەوەی پەیکەری سەربازەکان:

هەموولاشەی سەربازەکان بە قەڵغان وزرێپۆش دەپارێزرێ،ئەم زرێپۆشە پەیکەریانە هەرخۆیان هەڵدەستن بە چاکردنەوەی خۆیان لەکاتی تووش بوونیان بەهەر تێک چوونێک،وەهەموو پێکانێک لە سەربازەکە دووردەخاتەوە،وە والەسەربازەکە دەکا کەتوانای هەڵگرتنی کۆڵی گرانی هەبێ،وە لە کەرەستەی

زیرەکی پشتگیری کراو بە دەزگای هەستیاردروست دەکرێ کە دەتوانێ هەستێ بەچاودێری پلەی گەرمی لەش وگرتنی لێدانی دڵ ووپێوانی ڕێژەی ئاولەلاشەی سەربازەکەدا.

- بەکارهێنانی شلەیەکی سیحری کە ناهێڵێ گوللە زیان بەلاشە بگەیەنێ:

ئەمە داهێنراوی تۆێژەرانی پەیمانگای «موراتیکس» ی پۆڵەندیە،،شلەمەنیەکی لیجە وەک ئاو ڕوونەکە دەتوانێ گوللە ڕاگرێ ولەکەمتر لە چرکەیەک دەبێتە مادەیەکی ڕەق وناهێڵێ گوللەکە لاشە بسمێ..

لێکۆڵەران پێیان وایە کەئەم شلەمەنیە گرێنتی وپاراستنەکەی زۆر مسۆگەرترە لەو کەرەستانەی ئێستا بەکاردەهێنرێن.

- لە ئایندەدا فیشەک ڕێڕەوو ئاڕاستەی دەگۆڕێ وبەدوای ئامانجەکەی دەکەوێ:

سوپای ئەمریکا بەکردەوە دەستی بە پەرەدان بەم جۆرە فیشەکە کردووە، کۆمپانیای پیشەسازی ئەمریکی «تیلدین تیکنولوجیز» لەسەرەتاکانی ئەم ساڵ فیشەکێکی بەرهەم هێنا کەناوی ناوە « تەقەمەنی ئەوپەڕی وردەکاری-الذخیرة ذات الدقة المتناهية»، کەبە ووشەی «إكزاكتو» کورت دەکرێتەوە واتە زۆر ورد، ئەم بەرهەمەش بۆ دامەزراوی تۆێژینەوە سەربازیەکانی سەربە سوپای ئەمریکا بەرهەم هێناوە.

-بەکارهێنانی microdrones:

ئەمانە چەند فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی زۆر بچوکی سەربەخۆن، یارمەتی سەربازەکان دەدا لە پشکنین وئاشکراکردنی گۆڕەپانەکانی جەنگ لە دووریەکی زۆرەوە وهاوکاریان دەکا لە وێنەگرتنی ئاسمانی وچاودێری کردنی ئامانجەکان .

- پێنج جۆرە چەکی ترسناکی داهاتوو کەبۆ هەمیشە ڕووی جیهان دەگۆڕێ.:

هەموو پێنوێن و خۆ ئاماداکردن وداهێنان وئاماژەکان دڵنیامان دەکەن کەدیاردەی جەنگ لە داهاتووی گۆی زەوی دا پایەیەکی بەرچاوی هەیە،بەڵام ئایا ئەو چەکە سامناکانە چین کەلە داهاتوودا دادەهێنرێن؟ لەم دواییانە گۆڤاری "ناشیونال إنترست" ی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی لەبارەی پێنج لەو چەکە ترسناکانە بڵاو کردۆتەوە، کە دەگونجێ ئەم چەکانە نەخشەی جەنگەکان لە جیهاندا بەتەواوی بگۆڕن بەشێوەیەک کە ئێستا بەخەیاڵیشماندا نایەت، ئەم ڕاپۆرتە کە ج. مایکل کول نوسیویەتی کە دەرچووی کۆلێژی مەلەکی سەربازی لە کەنەدا وە شرۆڤەکاری سیاسی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری ئاسایشی پێشوی کەنەدایە.

ئەم شارەزایە پێ ی وایە کە پێشبینی کردنی گۆڕینی نەخشەی جەنگەکانی داهاتوو بەتەنیا پێنج چەک کارێکی ئاسان نیە، چونکە سروشتی جەنگەکان

هەربۆخۆی لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە، وەلە بەرامبەر ئەمەش دا، ئەو پێ ی وایە کە دانانی لیستێک بۆ ئەو چەکانەی کە زۆربەیان لە ئێستادا کاریان لەسەردەکرێ وپەرەیان پێ دەدرێ کە سروشتی جەنگ دەگۆڕن ،هەرچەندە کە ئەو لیستە دەگونجێ هەموو بوارەکانی جەنگ نەگرێتە خۆی ولەوانە چەند جۆرێکی تری نوێ لە جەنگ دابهێنرێن لە داهاتوودا، ئەو چەکانەی ئەم پیاوە دەست نیشانی کردوون ئەمانەن:

١-تەکنەلۆژیای عەباو چارۆکە کێش سوکەکان:

ئایا هیچ سوپایەک هەیە لەسەرزەوی کە حەزنەکا بتوانێ عەبایەکی وابۆ سەربازەکانی دروست کا کە لە چاوی دوژمنیان وەشێرێ؟ هەرچەندە زۆرکەس گومانیان لە بوونی ئەوجۆرە تەکنەلۆژیایە هەیە وپێ یان وایە کە ئەم کۆڵاوی سخری جنە تەنیا لە حیکایەتە ئەفسانەییەکانی داپیرە دا هەیە، بەڵام دەگونجێ ئەم جۆرە تەکنەلۆژیاو چەکەش لە چوارچێوەی ئەو خەونانەبێ کەلە داهاتوودا لە دایک ببێ، ئەم دیاردە لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ دەکرێ وسحروئەفسانە نیە.

ئەم عەبا لەبەرچاو ون کەرە ئەو شەپۆلە تیشکیانە ڕەت دەکاتەوە کە دەبنە هۆی بینینی شتەکان، جاکاتێ ئەوکەسە ئەم عەبایە لە خۆی دەپێچێ ،شەپۆلیە تیشکیەکان کە لەودەدەن ڕەت دەکرێنەوە ،بەمەش چاو ناتوانێ تەنێک ببینێ کە تیشکی لەسەرنەبێ ونەینێرێ بۆ چاوەکان،

وەک ئەو لاشە هەربوونی نەبێ لەبەرچاوی سەیرکەر.

بەم جۆرە تەکنە لۆژیایە هەر سەربازێک دەتوانێ ئەم چارۆکە لەخۆی بپێچێ ولەناوجەرگەی دوژمندا کارەکانی بە ڕێوەبەرێ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن،بە پێ ی گوتاری "ناشیونال إنترست"، کۆمپانیایەکی کەنەدی توانیویەتی ئەو کەرەستە دابهێنێ کە ئەم چارۆکانەی لێ دروست دەکرێ، بۆ دوو دەستە لە سەرکردایەتی سوپای ئەمریکی ودووەدستە لە سوپای کەنەدی وچەند دەستەیەکی دژە تیرۆری فیدراڵی دەست کراوە بە بەرهەم هێنان وپەرە پێدانی ئەم چەکە.

٢- چەکەکانی کارۆ موگناتیسی:

وەک سادە کردنەوەیەک بۆ بیرۆکەی ئەم جۆرە تەکنەلۆژیایە ئەوەیە کە ئەم چەکە پشت دەبەستێ بەووزەی کارۆ موگناتیسی ،واتە هیچ تەقەمەنیەکی ماددی وەک باروت وفیشەک وڕۆکێت ئاڕاستەی دوژمن ناکرێ ،بەڵکو چەند شە پۆلێکی کارۆ موگناتیسی کە لە بنچینەدا خۆیان لەبوون دا هەن وئەم

بونەوەرەیان تەنیوە زیاد یان کەم دەکرێن یان ئاڕاستەیان دەگۆڕدرێ یان تێکەڵ دەکرێن، ئەم چەکە دەتوانێ هەموو تەقەمەنی وکەرەستە وچەکەکانی ناوگەنجینەومەشجەب وکۆگاکانی تەقەمەنی ئاسایی دوژمن بتەقێنێتەوە.

نوسەری بابەت ئاماژەی بەوە نەکردووە کە دەتوانرێ گۆڕین وکەم وزیادکردن وتێکەڵ کردن ونەهێشتنی ئەو تیشکە کارۆ موگناتیسیانە ببێتە هۆی تێک چوونی تایبەت مەندی ودیاردە ئاساییەکان و تێک دانی باری هەستەوەری ودەروونی وتەنانەت لاشەیی وفسیۆلۆجیش ،چونکە ئەو تیشک وشەپۆلانە بەشدارن لە هەموو دیاردەوتایبەتمەندیەکان لە پێکهاتنەکان ولاشە وکەرەستە وکارلێکە کیمیایی وفیزیاییەکان..

٣-چەکەکانی بۆشایی:

هەرچەندە کە فشاری دەوڵەتی زۆرە بۆ قەدەغەکردنی ئەوچەکانە، بەڵام دەوڵەتە گەورەکان هەوڵی زۆر دەدەن بۆ دەستخستنی ئەوچەکانە، ئەوچەکانە دەتوانن ئاسمان وبۆشایی بکەنە گۆڕەپانی جەنگ، هەرچەندە ئەوە هەواڵێکی نامۆیە بەڵام کردنی مەحاڵ نیە، ،بۆنمونە دانانی چەند ڕۆکێتێک کە لەسەر مانگ بنکەیان بۆ دابمەزرێنرێ، یان داهێنانی چەند تەکنەلۆژیایەک کە بتوانێ ئەو نەیزەکانەی ڕۆژانەوساڵانە بەرزەوی دەکەون ،ئەو دەوڵەتە بەو تەکنە لۆژیایە بتوانێ ئەو نەیزەکانە ئاڕاستەی هەر وڵات وشارێک بکا کە بیەوێ،

لە وانەیە هەر ئەو دوو چەکەی لە مەوپێش باس کران ،عەبای تیشک ڕەت کەرەوەو گۆڕانکاری لە تیشک وشە پۆلی کارۆ موگناتیسی کە لە بۆشایی دا دەبنە هۆی لادانی تیشک لەهەندێ ناوچەوو بەچڕی ئاڕاستەکردنی بۆ هەندێ ناوچەی تر ولەهەردوو حاڵدا کارەساتی گەورەی سروشتی وژینگەیی وکەش وهەوا دروست دەبن...

ئەم بواڕە هەندێ لە سیناریۆکانی هەتا ئێستاهەر خەیاڵی زانستین، بەڵام مەحاڵیش نین، وەک بەکارهێنانی لێزەری زۆر بەهێزکراو لە بۆشایی دا،یان دروست کردنی مەکۆکی وا کەبە چەکی کارۆ موگناتیسی کاربکا.

٤-ڕۆکێتی کرۆزی زۆر خێراکراو:

بێ گومان تائێستاش ڕۆکێتەکان ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە جەنگەکانی سەردەم دا، بەڵام لە داهاتوودا پێدەچێ ڕۆکێتەکان لایەنی سەرکەوتوو وبەزیو دیاری بکەن ،بۆ نمونە ئەو ڕۆکێتە وشکانیە کرۆزانەی (LACM) کەلە دوای تەقاندنەوەی باڵوێزخانەکانی ئەمریکا لەتەنزانیاوکینیا کەشتیەکانی ئەمریکا لە دەریای سوورلەساڵی ١٩٩٨ ئاڕاستەی بنکەکانی قاعدە لە ئەفغانستان کران ،بە ماوەی ٨٠خولەک گەیشتنە ئامانجەکانیان.

بەڵام پاش خێراکردن وداهێنانی ڕۆکێت کوەک دەنگ خێرابێ دەتوانرێ ڕۆکێتەکە تەنیا بە١٢خولەک ئەو ماوە ببڕێ وبگاتە ئامانجەکەی.

بۆ خێراکردنی ڕۆکێتەکان ئێستا بەرنامەی لێدانی جیهانی یەکسەر پیادە دەکرێ کە سوپای ئەمریکی لەساڵی 2001 دەستی پێ کردووە، بەڵام هەریەک لە هندستان وچین وڕوسیا قۆناغی خێرایان لەم تەکنەلۆژیایە بڕیوە،ئەمەش بۆتە مایەی مەترسی کێ بەرکێ ی خۆ پڕچەک کردنی جیهانی..،

٥- مەرکەبەی بێ شوفێر:

ئەو لێکدراوانەی بەبێ شوفێر کاردەکەن وەک فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان یەکێک بوو لەگرنگترین پیشەسازیەکانی بەرگری لەم ساڵانەی ڕابردوو، گفتوگۆی زۆری وروژاند کەتاچەند ئەم چەکە ئەخلاقیەو کارەساتی گەورە نانێتەوە ،وە ئەو کۆمپانیایانەی لەو بوارە داهێنان دەکەن تاچەند کارەکانیان یاساییە؟.

بەڵام ئەم هەموو ڕێگرانە نەبوونە هۆی پەرەنەسەندنی ئەوچەکە، ئەم چەکانە زۆربەیان زیرەک نین وپێویستە مرۆڤ ئاڕاستەیان بکا، ،بەڵام ئەم بابەتە وەک گۆڤارە ئەمریکیەکە دەڵێ دەبێ بگۆڕێ، وەلە داهاتوودا فڕۆکە درۆنەکان ،بڕیاری سەربەخۆ دەدەن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم لێکدراوانە زیرەک نین ،بەڵام بەرنامەڕێژێکی ورد کراون کە توانای خۆگونجاندن وهەڵکردنیان لەگەڵ زۆرباردۆخی جێاواز پێ دراوە.

گۆڤارەکە ئاماژە بۆ ئەوهۆکارانەدەکا کەهەندێ لەسوپاکان بۆ حەزدەکەن ڕۆڵی کوشتاری بدەنە ئامێرەکان، وە دەزگاکان والێ بکەن کەبڕیاری ژیان ومردن بدەن؟، یەکێ لەهۆکارەکان ئەوەیە کە فێرکردن ومانۆڕی سەربازەکان لەسەرئەو ڕۆڵانە خەرجیەکی زۆری دەوێ، وە سەربازەکان پێویستیان مۆڵەت وگەڕانەوە ناوخێزانەکانیان وخۆشەویستانیان هەیە لەگەرمەی جەنگەکاندا،

ڕیزبەندی بەهێزترین سوپا لە جیهاندا بە پێ ی گۆڤاری ناوبراو بەم شێوەیەیە:

سوپای ئەمریکا، پاشان ڕوسیا،پاشان فەڕەنسا، پاشان هندستان ،پاشان چین.

پێنج لە پێشکەوتووترین چەکەکانی ئەمریکا لەداهاتوودا:

ئاژانسی "سبوتنيك" پێنج پرۆژەی چەکسازی ئەمریکی پێشکەوتوو ی نمایش کردن بۆ داهاتوو ئەوانیش ئەمانە بوون:

١-فڕۆکەی ڕێدێری شەبەح

لە مانگی سبتمبر، ئەمریکیەکان نمونەی یەکەمێ فڕۆکەیەکی ڕۆکێت هاوێژ ی ستراتیژیان بەناوی B-21 Raider ، دەست پێ کرد کە کۆمپانیای نورثروب جرومان، پەرەی پێ دەداو بڕیارە تاساڵی 2025.بیخاتە بواری بەکارهێنان.

ئەم فڕۆکە ڕووکەشی دەرەوەی وەک ڕووکەشی فڕۆکەی شەبەح B-2 Spirit وایە ،بنچینەی هەردوو پرۆژەکە هەر دروست کردنی فڕۆکەیەکی شەبەحی خێرایە وەک دەنگ کە بتوانێ بۆمبالەناو هەناوی دا هەڵگرێ،مەبەست لە دروست کردنیشی لەناوبردنی بەنهێنی وخێرای ئەوسەکۆیانەیە کە ڕۆکێتی دوژمنیان لێ دەهاویژرێ، یان تێک شکاندنی دامەرراوە توانا بەرگریە ئاسمانیە کانی دوژمن.

ئەم تێکشکاندنە دەبێتە هۆی ڕوخانی بەرگری دوژمن وفڕۆکەی B-21 وادەکا کە هێزی ئاسمانی بە ئەمینی وبێ ترس ئامانجەکانی دوژمن تێک بشکێنن .

زۆربەی ئەرکەکانی ئەم جۆرە فڕۆکە نهێنین،نیوەی ڕووبەری کوشتارکە 3800 کیلومترە ئەم فڕۆکە بێ ئەوەی پێویستی بە پڕکردنەوەی سوتەمەنی بێ کاردەکا،بەڵام کە سوتەمەنی پێ بدرێ ئەوە نۆ هەزار کیلومتر کاردەکا.

ئەم فڕۆکە 12.5 طن لە چەک وتەقەمەنی هەڵ دەگرێ، هێزی ئاسمانی ئەمریکا پێویستی بە 80 تا 180 لەم فڕۆکانە هەیە .

پەرەسەندنی هێزی ئاسمانی ئەمریکی دڵ خۆشکەر نیە بۆ ئەمریکا ،چونکە تاکە چەکی ستراتیژی ئەمریکی کە ڕۆکێتی کرۆزە کە دەتوانرێ هەڵ بگیرێ بۆ ئاسمان ئەم ڕۆکێتە کڵاوەیەکی ناوەکی تەواو هەڵدەگرێ ئەویش AGM-86B کەلەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دروست کراوە بە کڵاوەیەکی جەنگی بەهێزی 200 کیلو طن، ماوەی فڕینی 2.5 هەزار کیلومترە.

ئەمەش زۆر کەمترە لە توانای هێزی ئاسمانی ڕوسی نوێ لەم جۆرە کە X-102 ی باڵداری ڕوسیە ،ئەم چەکە کەساڵی 2013 دەستی بەبەکارهێنان کراوە. ماوەکەی ٣هەزار کیلۆمەترە توانای هێزی کڵاوە جەنگیەکەی لەنێوان 250 و 500 کیلو طنە.

٢- ژێر دەریایی"کولومبیا" ی هێمن.

ئەمە بوو کە ترامپ پێ ی دەگوتن ژێردەریای سەرنج ڕاکێش ،ئەو پرۆژە ژێردەرییە ناوەکیە ستراتیژیە پەرە پێدراوەی ناوی کۆڵۆمبیایە،کە بڕیارە لەساڵی 2021 دەست بکرێ بەبنیاتنانی.

ەبێ کۆڵۆمبیا جێگای ژێردەریاییەکانی ئۆهایۆ بگرێتەوە کە دەبێ لەساڵی 2027 هەموو ژێردەریاییەکانی ئۆهایۆ لە خزمەت دانەمابن بۆ هەر ساڵێک دەبێ ژێر دەرییایەک دروست بکرێ.

دۆناڵد ترامپ هیچ باسی ئەو ژێردەریایە نوێ یەی نەکرد ،بەڵام گوتی هیوادارم پێویستمان بەبەکارهێنانی نەبێ.

درێژایی ژێردەریایی کولومبیا دەگاتە 170 مەتر،وەتیرەی پەیکەرەکەی 13 مەترە ، وەپانی فراوانیەکەی 20800 طنە. چەکدارەدکرێ بە 16 ڕۆکێتی بالیستي Trident II D5(لە ژێردەریایی ئۆهایۆ-24).

ئەم ژێردەرییە ڕەوڕەوەی دواوەی هاوچەرخی ئاڕاستەکراو لەسەر شێوەی X بۆ دەستەبەردەکرێ، سەرەڕای دابینکردنی ڕەوڕەوەی ئاڕاستەی ئاسۆیی لە ژووری سەرکردایەتی لەجیاتی پانکەی پاڵنانی ئاو، وەڕژێمی پاڵنانی موگناتیسی هەمیشەیی کارەبایی تەواو کەبە موەلیدەی تۆربینی دامەزراوەی ناوەکی کاردەکەن، کە وادەکەن کە ئەم ژێردەریایە زۆر هێمن تربێ لە ژێردەریای ئۆهایۆ.

نەخشە کێشراوە کە 12 ژێردەریایی دروست بکرێ ،کەبۆ 42 ساڵ لە خزمەت کردن دا دەمێننەوە ، وە کورەی کارلێکیی وا بەرهەم هێنراوە کە پێویستی بە دووبارە بارگاوی کردنەوە نەبێ لەکاتی ئیش کردن دا..

٣- جێگرەوەی فڕۆکەی ئەباچی :

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر کۆمپانیای

Bell ی ئەمریکی پرۆژەی هەلیکۆپتەری جەنگی جۆری Bell 360 Invict، کە بەشداری فڕۆکەی FARAی سەربەبکایش ي Future Attack Reconnaissance Aircraft.

ئوستولی گەورەی جەنگاوەرە کۆنەکانی " AH-64 ی ئەباچی دەگۆڕدرێ بە Invictus کەتائێستا تەنیا وێنەی سەر کاغەزە.

ئەم هەلیکۆپتەرە وەک پەیکەری فڕۆکەی مەدەنی جۆری Bell 525 Relentles کە زۆر خێرایە لە کاتژمێرێکدا306 کیلۆ مەتر دەفڕێ.

Invictus دوو باڵی هەیەو چەک وتەقەمەنیەکەی لەناوهەناوی هەڵدەگرێ ،ئەوەش وادەکا کە ڕادارەکان نەتوانن بە ئاسانی هەستی پێ بکەن.

٤-تانکی سوک:

لەساڵی 2015 ،وە ئەمریکا دەستی بە دروست کردنی تانکێکی زرێ پۆشی زنجیرداروچەکدار بەناپاڵم کردووە بەناوی MPF (Mobile Protected Firepower).

مەبەست ئەوەیە کەتانکێکی کێش سوک بۆ هێزەکانی پشکنین ،چونکە تانکی ئبرامز گەورەیە وسستە ،وە پێویستە کەتانکەکە سەکۆکەی بچوکتروجوڵانەوەی ئاسانتربێ.

لە مانگی سبتمبر، کۆمپانیای General Dynamics لە چوارچێوەی بەرنامەی MPF – نمونەی یەکەمی لەتانکی کێش سوک Griffin II خستە ڕوو.

کێشی ئەم تانکە 35-38 طنە. چەکدار دەبێ بە "Griffin" بە لولەی 120 ملم دوو لولە ی تۆپ هاوێژ ، وبەشێوەیەکی نوێ کۆنترۆڵی تەقەکردنی ڕێک دەخرێ.

هاوبڕکێ ی سەرەکی ئەم تانکەیـ Griffin II بریتیە لە ڕێکخ

راوی M8 Armored Gun System لە کۆمپانیای BAE Systems ، ئەویش نوێ کردنەوەیەکی ڕیشەیی یە بۆ تانکی هێرشبەری M8. بڕیارە بەراوردێکی ورد بۆ هەردوو تانکەکە بکرێ لەساڵی 2020-2021.

٥-"چەکەکانی میکروویف":

لە کۆتایی سبتمبر بنتاگۆن گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای، Raytheon Corporation بۆ بەرهەم هێنانی نمونەی کارۆ موگناتیسی (PHASER) ئەزمونی.

ئەم نمونە ئەزمونیەی

"میکروویف جەنگی"، بە سەرکەوتوویی لە 33 فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی پێکاوە، بە تێکشکاندنی دووان یان یێ فڕۆکە لە یەک کات دا،،پاڵنەری کارو موگناتیسی دەتوانێ توانای ئەلکترۆنی ئەو فڕۆکانە لەناوبەرێ کە ک دەگاتە٥ ٢کیلۆ ،بە پێچەوانەی تیشکی لێزەر کە زیاتر پێویستی بە چەخت کردنە سەر ئامانجەکە هەیە.

لەم جۆرە تەکنەلۆژیایە لێدانی کارۆ موگناتیسی بە خێرایی میکرۆ چرکە دەنێردرێ،ئەم بڕەش بەسە بۆ کوژاندنەوەولەکار خستنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەکە.

هێرشەکانی ١١ ی سبتەمبەر بووە پاڵنەر بۆ کردنی ئاڵوگۆڕی زۆر گەورە لە چەکی ئەمریکی، ،ئەم کردەوە تیرۆرستیانە کلیلی کردنەوەی خێر بوون بۆ کۆمپانیا بچوکەکان ،وە پێویست کە ڕژێمی هەستیارو ورد پەیڕەو بکرێ بۆ جەنگی پارتیزانی،گرێبەستی چەک کڕین لەدەرەوە کە لەهەردوو سەردەمی بۆش وئۆباما(٢٠٠٠-٢٠١٦) لە

197 ملیار دولار تێپەڕی.

زۆرێک لەشارەزایان دەڵێن کە جەنگی چەکە ئاساییە تەقلیدیە کان وبۆمبە ئەتۆمیەکان خەریکە دەبێتە بەشێک لە ڕابردوو، باشەی ئەدی ئەو چەکەی کە بۆ دەست بەسەردا گرتنی جیهان لە داهاتوودا بەکار دەهێنرێ لەلایەن زلهێزەکان چ چەکێکە؟

لەم بارەیەوە لێکۆڵەری فەڕەنسی وشارەزای ئایندە

جان کریستوف بونی: دەڵێ " ماندیلا لەساڵی 1995 نوسی، فێرکردن لە داهاتوودا دەبێتە چەکی بیست ویەک، تا جێ ی چەکی سەدەی بیست بگرێتەوە کەچەکی کۆکوژو چەکی ناوەکی بوو...

بەڵام بە بۆچوونی من -بۆنی - دەڵێ: چەکی سەدەی بیست ویەک سیستەمەکانی زیرەکی پیشەیی دەبێ، ئەم سیستەمانە پێویستیان بە یۆڕانیۆم وفابیقەی زەبەلاح و کەرەستە وکانزای دەگمەن نیە، بەڵکو ئەوسیستەمانە تەنیا پێوستی بە سیلیکۆن وکارەبا هەیە.

وەلە کاتی قسەکردن بۆ ڕۆژنامە نوسان لە دوای میهرەجانی " Kaspersky Geek Picnic"، کە کۆمپانیای کاسبرسکي لاب ی تایبەتمەند لە ئاسایشی کۆمپیوتەر. لەوێ دا گوتی:

" ئەم سیستەمانە بەوە لەو چەکە کۆکوژە جیا دەبێتەوە کە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوەکی بە دواداچوونی یورانیوم و بلوتونیوم لە ئێران کوریا ی باکور دەکا، ئەم سیستەمەش سیستەمێکی سەرسام کارەو زۆر زەحمەتە پێشبینی ڕۆڵی لە داهاتوودا بکرێ".

ئەنطون شینغاریف،ی جێگری سەرۆکی کۆمپانیای کاسبرسکي لاب دەڵێ : " ئەگەر ئەم جۆرە چەکە ئێستا هەیە بۆ بەکار ناهێنرێ، دەوڵەتانی ناتۆ هێرشە سیبرانی ئەلکترۆنی یەکان وەک هەر دەست درێژیەکی ڕاستەوخۆ هەژماردەکا، وە بە مافی خۆی دەزانێ کە بەرپەرچی ئەو هێرشانەش بداتەوە ، هەروەها بەکارهێنانی ئەو جۆرە هێرشە ئەلکترۆنیانە لە ئێستادا هەتک کاردەبێ ،چونکە

دامەزراوە هەواڵگری وسەربازیەکان هەمان تەکنیک و دەزگایان هەیە ودەتوانن هەموو هێرشەکان ئاشکرابکەن..

لە ڕوسیاش سەرۆکی بەشی زانستی سیاسی وکۆمەڵناسی ئەندریە کوشکین، دەڵێ:

ڕوسیا لە پێش دەوڵەتانی ترەوەیە لە پەرەدان بە چەکی نوێ، زۆر ڕوونە کە ڕۆکێتەکانی "ئافانگارد" و"کینجال" کەلە دەنگیش خێراترن، وشەپۆلی لێزەری "بریسفیت"ی ئەزموونی دەیسەلمێنن ئەگەر دەوڵەتان پەرە بەچەکەکانیان بدەن ئەوە ڕوسیا لە ڕیزی هەرە پێشەوەیانە .

دۆسیەی چەکەکانی ئایندە:

- گوللە فیشەکەکانی میکروویف وچەپکەی پلازما و بروسکەی زانستی .

لە هەواڵەکانی داهاتوو دا بەم شێوە دەنوسرێ:

فڕۆکە جەنگیەکان وڵامی هێرشەکانیان دایەوەوچوارهێرشی ئەلکترۆنیان کردو بیست گوللە ی مایکروویف و بیست چەپکەی پلازما وسێ شەپۆلی ووزەی ئاڕاستەکراویان بەکارهێنا.ئەمەش بووە هۆی لەکارکەوتنی تۆڕەکانی تەلەفون وئەنتەرنێت وپێنج هەزار ئۆتۆمبیل بزوێنەرەکەیان لەکارکەوت وبەمەش قەرەباڵغی لەسەرشەقامەکان دروست بوو..

ئێستا تاقیگەکان هەوڵی بەرهەم هێنانی ئەوجۆرە چەکانەن..

چەکێک لەباتی باروت وزە بەکاردێنێ،

هەورەبروسکەی زانستی:

لە یەکەم هێرشی ناتۆلەساڵی 1999بۆ سەر یوغسلافیا بنتاگۆن چەکێکی نوێ ی بەکارهێنا بۆ لێخستنی سلوبودان میلوسیفیتش.

ئەم چەکە نەڕۆکێت بوو نەناپاڵم ،بەڵکو بروسکەیکی کارەبایی بوو هەرچی دەزگای ئەلکترۆنی بوو ئیفلیجی کرد یەکەکانی سوپا پەیوەندیان ڕاوەستاولێک هەڵوەشان،کۆمپیوتەری سوپالەکارکەوت،هەموو پەیوەندیەکان پچڕان .

کۆمپیوتەری هێزی ئاسمانی لەکارکەوت کە ئەو فڕۆکەکانی ناتۆی دەکردنە ئامانج.

پاشان ناتۆ بۆمبێکی ئەلکترۆنی بەناوی CBU94،بەکارهێنا کە بەو بۆمبە ئەلکترۆنیە هەموو کارەبای یۆگسلافیای لەکارخست وبەلگرادی خستە تاریکی،

ئەم بۆمبە ئەلکترۆنیە فڕۆکەیەکی جۆری F117 ناسراوبەشەبەح بە پێنج وێستگەی کارەبای دادا وهەموو کارەبای ڕاوەستاندو وێستگەکان سوتان.

لەناوبۆمبی (CBU94) چەند بۆمبێکی ترهەیە،هە

ریەکەیان پەرەشوتێکی بچوکی پێوەیە، ئەمانە کانزای قورقوشمی کاربۆنی یان تێدایە کەلە زەوی نزیک دەبێتەوە چەند تۆڕێکی ئەلکترۆنی دروست دەکاوکارلێک لەگەڵ زەوی دەکاو ئەو هەورە بروسکە دروست دەکاو کارەبای وێستگەکە لە کاردەکەوێ وگڕ دەگرێ وپەیوەندیە تەلەفونیەکانیش ئیفلیج دەبن ولەکاردەکەون..

هەرچەندە مەبەستی سەرەکی لەکارکەوتنی تۆڕی پەیوەندی سوپاوبەرگری ئاسمانی ودەریایی بوو بەڵام کەرتی مەدەنیش زیانی پێ گەیشت وپەیوەندی وکارەبا لەکارکەوتن، ئەمە تەزووی

مایکروویفی نوێ ی ئاڕاستەکراوەوتوانایەکی باڵای هەیە (HPM (High Power Microwave Weapons لە گرنگترین چەکەکانی جەنگی بواری ئەلکترۆنیە..

دەتوانرێ ئەم چەکە بەکاربهێنرێ بۆ تێک شکاندن وبڕینی ئەو ئامانجانەی زۆر پتەون وبەزاندنیان سەختە ،هەروەها بۆ پەک خستنی ڕادارەکان وبەرگری هێزی ئاسمانی ودەزگاکانی پەیوەندی وکۆمپیوتەرەکانی لەناو ئەم دەزگایانە ولە چوار چێوەیان بەکاردەهێنرێ بۆ ڕێکخستن وئاڕاستەکردن وکۆنترۆڵ لەناوسوپاوپاراستن وتۆمارو ئەرشیفی پێزانینەکان.

هەروەها بۆ لەناو بردنی کۆگاکانی هەڵگرتن وبەرهەم هێنانی مادەو کانزاوکەرەستە کیمیاییەکان.

ئەم چەکە شەپۆلێکی بەهێز لە ووزە دروست دەکاوبەوەش دەزگا ئەلکترۆنی وهاردی کۆمپیوتەرەکان لەناودەباوزۆریش وردە لە پێکانی ئامانجەکان دا.

ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (نیوساینتست) بەریتانی دەڵێ:چەکی HPM کەلە ناو تەرسانەی سوپای ئەمریکایە ئامادەیە لەسەرشێوەی بۆمب کەتەنیابۆ یەک جاربەکاردێ، بەهۆی ڕۆکێتی کرۆزیان فرۆکەی نەفاسەو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەگوازرێتەوە بەڵام بۆ داهاتوو هەوڵ دەدرێ کە دووبارە دروست بکرێتەوە.

لە ئیسکلۆپیدیای Webopedia دا هاتووە کە شەپۆلەکانی مایکروویف شەپۆلی تیشکین وبە ڕەوتێکی کارەبایی دا ڕەت دەبن بەمادەیەکی گەیەنەرکە

درێژی شەپۆلەکەی میکۆمەترێک بێ،ئەمە تیشکێکی کارۆ موگناتیسی بێ ئازارە، شەپۆلەکورتەکانی بەخێرایی تیشکدەجوڵێن،

دووبوارهەیە کە شەپۆلەکانی مایکروویفی ووزەی باڵا ی HPM تێدابەکاردێ، یەکەمیان بەرنامێکە لە ١٩٥٠ وە دۆزراوەتەوە کاتێ گلۆپی شەقامەکان بەهۆی لێدانەکانی کارۆموگناتیسی تاقیکردنەوە ناوەکیەکان لە کارکەوتن.کە ناویان ناوە بەرهەم هێنانی هەڵدەری‌فوارە کەر.

بۆ بەرهەم هێنانی ئەو بیرۆکە کۆمەڵێکی بارگەکراوی خەست کەرەوە وزەیەکی زۆر بەردێنێ بە لولەیەکی پێک هاتووله مس کە کەرەستەی تەقینەوەی تێدابێ، لێکدانی ئەم بۆریە مسەو پێچەرە دوای تەقینەوە چەندبازنەیەکی کارەبایی کورت بەرهەم دێنێ کە کایەی موگناتیسی تێک دەشکێنێ، وەتۆڕەکانی کارەبا پەک دەخا، ئەم چەکە بە ڕۆکێتی کرۆزیش دەتوانرێ بهاوێژرێ.

بەڵام بەکارهێنانی دووەم ئاڵۆزترەو نەوەیەکی نوێتر لە خەست کەرەوەکان بەکاردێنێ، کە ووزە چڕدەکاتەوە لە ڕێی بەتاڵ کردنەوە ی لە سەرشێوەی کەوانێک کە ڕاستەوخۆ لە پێش ڕۆکێتێکە.

چەکی مایکروویف دەتوانرێ وەک چەکێکی سپی ونەکوژ بەکاربێ کەدەتوانێ بۆ ماوەیەک مرۆڤ ئیفلیج بکا کەئەمەش بۆ دامرکانەوەی خۆپیشاندان و لێک کردنەوەی خەڵکی بەشەڕ هاتوو وڕووبەڕوو بوونەوەی یاخی بوونی تێکدەرانە وتوندوتیژی شارەکان بەکار بهێنرێ...

تیشکی ئازاردەر:

ڕاپۆرتەکان باس لە تیشکێک دەکەن بەناوی تیشکی ئازار یان تیشکی دژە تاکە کەس ودەزگایەکی تر بەناوی زاڵکەری وزە کەپنتاگۆن بەرهەمیان دێنێ بۆ زاڵبوون بەسەر خۆپیشاندانەکان وبڵاوە پێکردنیان، هەروەها زاڵبوون بەسەر هێرشی لەشکری بەو تیشکە ئازاردەرە.

ئەم تیشکە ئاوی پێستی دەرەوە گەرم دەکاوبەکوڵی دێنێ وکەسەکە دەسوتێنێ وهیچ جلێکی ئاسایی ڕێ لەئازاری ئەوتیشکە ناگرێ.

ئەم چەکە ئازاروسوتانەکەی کەمەو تەنیا بۆ بڵاوە پێ کردنە.

شەپۆلەبەهێزەکانی مایکروویف دەبنە هۆی پەک کەوتنی دینەمۆی ئۆتۆمبیلەکان ودەزگای مایکروویفی 3 تا 4 میگا دەتوانێ دینەمۆی تانک و هلیکوبتر وفڕۆکەش لەدووری دوو کم پەک بخا.

دەکرێ ئەم چەکە لە ژێرزەویەوە بەکاربهێنرێ بۆپەکخستنی هێرشی ئاسمانی،یان بۆ بڕینی تەزووی کارەباوهەواگۆڕکێ وپەیوەندیەکانی هەرشوێنێکی زۆر پتەوو یاخی بوو.

ئێستا سوپای ئەمریکا مایکروویفی 1.2 ملیون واتی هەیە، کە دەتوانێدەیان ملیۆن ئەمپیر بەرهەم بێنێ ودەزگائەلکترۆنی ودەزگاکانی سەرکردایەتی وکۆنترۆڵ وپەیوەندیەکان پەک بخا.

کەم وکوڕی ئەوچەکانە ئەوەیە کە ڕووبەری کارابوونیان کەمە وتەنیابۆ ئامانجانەی 1000 پێ لێ یان دوورن بەکارن، بۆیە شارەزایان بۆ ئاستی درێژخایەن پشت بەفڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەبەستن..

پلازما..چەکی ئایندە..

ڕاپۆرتی شارەزاکان باس لە ملیارەها دۆلاردەکا کە ئەمریکا خەرجی دەکابۆ پەرەدان بەچەکی پێشکەوتووی ووشکانی ودەریایی وژێردەریایی وئاسمانی وبۆشایی کە پشت بە ووزەی ئاڕاستەکراوو لێزەروپلازما دەبەستێ،پلازماکەنوێترینیانە قەبارەی تیشکی هەیە، لەبۆشایی وەک هەورەبروسکە دەڕوا،هەرچەندەلە شەپۆلەکانی لیزر و مایکروویف،سست تر بەڵام زیانەکانی وکایگەری لەوان زۆرترەبۆیە ئەمریکادەیەوێ لەوبوارە لەپێش دەوڵەتانی ترەوەبێ.

بەشی چوارەمی دۆسیەی چەکی ئایندە:

بە باسی چوار جۆرچەک دەست پێ دەکا کەئەمانەن:

١- زنجیرەیەک گۆڕانکاری تەکنەلۆژی سەربازیە بەشێوەیەک لێک دەرێ کە گۆڕانێک لە پێک هاتەی مادە دروست بکا،هاوسەنگی وهێواشیەکەی تێک بدا،تایبەتمەندیە کیمیایی وفیزیاییەکانی بگۆڕێ،،دەزگاکانی ڕاداروبەرگری زەمینی وئاسمانی وپەیوەندی وکارەبا پەک بخا.

٢- تێکدانی ئەندامێک یان کارلێکێک لەجەستەی دوژمن، وای لێ دەکا هاوسەنگی تێک بچێ ونەتوانێ بەرگری بکا،یان مەعنەویات ووڕەی بڕوخێ، لێدانی دڵی کەم وزیادبێ، سوڕی خوێنی تێک چێ، بینینی بشێوێ، دەنگی بێزار کەری گوێ لێ بێ، سوپاکەی بۆماوەیەکی باش بخەوێنرێن، ،هەڵخەڵەتاندنی بینراو، پێشاندانی پەیکەری سێ دووری هەندێ دڕندەوکەشتیگەل وپۆلی فڕوکە ودەفری فڕیوو و پیشاندانی خۆرێکی سوور لەشەودا ومانگی چواردا لە ڕۆژداو وروژاندنی زریان وگەردەلول وهەرکارەساتێک کە بارودۆخی دوژمن بشێوێنێ وبەرگریان پەک بخا.

٣-چەکی سایکوتروني وەک ئەوانی پێش خۆیەتی.

٤- چەکی نەکوژە وتەکنەلۆژی دژی هێزی کێش کردنە،ئەمە هەوڵ دەدا دیاردە وکاریگەری هێزی کێش کرنی زەوی و کاریگەری ئەسیری گەردوونی لەسەر کەسەکە کەم کاتەوە، وەچەندەش ئەمانەی کەم کردەوە کاریگەری ئەوکەس ودەزگایەی ئەم کارە دەکا لەسەرئەو کەسە زیاددەبێ و ئاشنایی وگوێ ڕایەڵی کەسەکە لە کاریگەریە شوێنەواری وگەردونیەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو کەس ودەزگایە.

ناونانی ئەم جۆرە تەکنەلۆژیە بە ناکوژەر بۆ چاوبەستەکی وچەواشە کردنێ خەڵکە.

دڕندەیی زانستی:

توێژینەوە زانستیە نهێنیەکان هەوڵ دەدەن پەرە بە چەکەسایکوترونیەکان بدەن بە پشت بەستن بەم بوارانە:

- فیزیاء - بایو فیزیا - بایو کیمیاء

بایۆلۆژیا - پزیشکی - بۆشایی دەرەوە

ئەوبوارانەی وەک لق لەو بوارە سەرەکیانە دەبنەوە ئەمانەن:

أ - پەرەپێدانی هۆکارەکانی تەکنەلۆژی بۆ ئاڕاستەکردن وکۆنترۆڵ کردنی بیرکرکردنەوەی مرۆڤایەتی لە دووڕەوە.

ب - چاککردنی تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵ کردن بەهەڵسوکەوت وئەنزیمەکانی ناولاشەی مرۆڤ لە دووڕەوە بەهاوکاری چەند دەزگایەک کە کاردەکا بەناردنی شەپۆلی کارۆموگناتیسی وموگناتیی وشەپۆلی دەنگی.

ج - وەبەرهێنانی توانای "جوڵاندن لە دووڕەوە" کە لەناوناخی مرۆڤ شاراوەتەوە،لەگەڵ مل کەچی بۆ کردارەکانی چالاک کردن وکارلێک ،لەسەر ڕێکخراوێکی تەکنیکی دیاری کراو وەک پەک خستنی ئەلکترۆنی بەنمونە...

د - گەشە پێکردنی چەند دەزگایەکی دیاری کراو بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەڵسوکەوت لە دووڕەوە بەڵام دوای چاندنی چەند دەزگایەکی ئەلکترۆنی لەناو مێشکیان یان لاشەیان.

هـ - کۆنترۆڵ کردنی هەڵس وکەوتی مرۆڤ بەهۆی بەکارهێنانی حەب وداوو دەرمانی کیمایی، وەک ڕاهێنانی لاشە لەگەڵ دەرمانێکی دیاری کراو تا ڕادێ لەسەری پاشان لێ بڕینی ئەو دەرمانە وهەوڵ دان بۆ کۆنترۆڵ کردنی لە

دووڕەوەبە دەزگاکانی لە دووڕەوە سایکوترونیی بۆ هەموار کردنی لاشەی مرۆڤ بە پێ ی ئارەزوو خواستی ئەو دەزگایە ئاڕاستەکارە.

و ـ چاککردنی تەکنەلۆژیای گواستنەوە بە مەودادا،کە دەتوانرێ هەر شتێکی ئەندامی یان مادی یان کیمیایی لەو لاشەدا بچێنرێ لە دووڕەوە، بێ ئەوەی کەسەکە هەستی پێ بکا.

ز ـ کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤ لە دووڕەوە بەهۆی بەکارهێنانی ڕادیۆو تەلەفیزیۆن و مۆبایل.

ح ـپەرەپێدانی تەکنەلۆژیای دروست کردنی ڕۆبۆت ومرۆڤی ئامێری زیندوو. bio-robot.

ط ـچاککردنی تەکنەلۆژیای تایبەت بە سڕینەوەی زانین لە مێشک ومێشک شۆردنەوە.

ي ـکاریگەری لاشەیی وئۆرگانی لە دووڕەوە لەسەر کەسی زیندوو بە بەکارهێنانی شەپۆلەکانی کارۆموگناتیسی وموگناتیسی ودەنگی.

ك ـ کاریگەری لە دووڕەوە لەسەر کەش وهواودەوروبەرو ڕەوتی گەشەی مرۆڤ وئاژەڵەکان،ئەم بوارە ئەم بەشانەی خوارەوەی لێ دەبێتەوە:

1- بایەخە جیوسیاسیەکان: گەشە پێدانی کۆنترۆڵ لەدووڕەوە،تایبەت بەوڵاتانی جیهانی سێ یەم ،بۆ دروست کردنی چەند ناوچەیەکی جیوسیاسیی گەرم وزیادکردنی تووندوتیژی وهێمنی بە پێ ی پێویستی بازاڕ.وەهەڵسەنگاندنی بە ئامار بۆ شوێنەوارو لێکەوتەکانی لە ئێستاو دواڕۆژدا.

2- بایەخە بایۆلۆژیەکان : کاریگەری لەدووڕەوە لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤ بە مەبەستی دروست کردنی کۆمەڵگایەکی گوێ ڕایەڵ ودۆست ودەستەمۆبۆ حکومەت وڕژێمە سیاسیەکەی.

3- بایەخە سەربازیەکان :بەڕێوەبردنی هەڵسەنگاندنێکی ئاماری بۆ لێکەوتەکانی کاریگەری ڕوخێنەری چەکە سایکوترونیەکان لەکاتی بەکارهێنانی دادژبە حکومەتە دوژمنەکان وکاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی تەکنیکی وسەربازی ومەدەنی لەدەوڵەتی دوژمندا.

هەروا تێژینەوە ی بەراورد لەنێوان چەکی

سایکوتروني وچەکەکانی تر لە ئەلکترۆنی وئاسایی وئەم بەراوردانە هەموو بە ڕێکەوتن لەگەڵ یەکە سەربازیەکان بکرێن.

4- بایەخە ئاسایشیەکان (سەپاندنی قانون):بەڕێوەبردن وکۆنترۆڵ کردنی دەستە وتاکە تاوانبارەکان، چالاکیەکانی لێکۆڵینەوە وئۆپراسیۆن وهەڵکوتانە سەرو بەدواداچوون وگەمارۆدان،سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکان وناڕەزاییەکان وڕێکخستنی هەموو دەزگا ئەمنیەکان لەم کارانەدا..

5- بایەخە پزیشکی

ەکان/بایۆلۆژیەکان:چارەسەری تەکنەلۆژی نوێ بۆ نەخۆشیەکان بەبەکارهێنانی دەزگاکانی سایکوترونیی وداوودەرمانی دیاری کراو ،کۆنترۆڵ کردنی لە دووڕەوەبەبارودۆخی تەندروستی بۆ کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان ، کۆنترۆڵ کردنی لە دووڕەوە بۆ کەسانی نەخۆش ولاڕێ بوو ونەخۆشە عەقڵی ودەروونیەکان، یاری کردن بە کرۆمۆسۆمەکان وتاکەکان ودەروونەکان ولاشەکان لە دووڕەوە ..

- بایەخە بۆشاییەکان: گواستنەوەی دەزگا وچەکە سایکوترونیەکان بۆ بۆشایی دەرەوە بە مەبەستی بەڕێوەبردن وکۆنترۆڵ کردنی هەڵس وکەوتی کۆمەڵگای مرۆڤ وکۆنترۆڵ کردنی ئەوانەی لە بۆشایی کاردەکەن..

7 - بایەخە کانی توێژینەوەی زانستی: پەرە پێدانی تەکنەلۆژیای چەکی سایکوترونيي ودەزگا سایکوترونیەکان، توێژینەوە لە کارلێکەکانیان لەگەڵ دەوروبەر وناوەندە دەرمانسازیەکان..

8 - بایەخە پەیوەندیدارەکان بە پیشەی کشتو کاڵی :

کۆنترۆڵ کردنی لە دووڕەوە بۆ چالاکیە کیشاوەرزیەکان،بە پەیوەندی وپێک گەیشتن لە نێوشارەکان..

9- بایەخە کشتوکاڵیەکان: زیادکردنی دەرهاویشتەی بەرهەمەکان،بەڕێوەبردن وکۆنترۆڵکردنی کێڵگەی پەلەوەری وئاژەڵداری..

10 - بایەخە بایۆلۆژیەکان:گەڕان لە کانزابەسودەکان ودیاری کردنی شوێنەکانیان لە مەودای دووڕەوە...

11 -بایەخەکانی پەیوەندیدار بە کەش وهەوا : کۆنترۆڵ کردنی لە دووڕەوە بەبارودۆخەکانی کەش وهەوا وکارەساتە سروشتیەکان..

بەشی یازدەهەم لە دۆسیەی چەکی ئاینده:

مرۆڤایەتی لە دوو هێڵی تەریب دەڕۆن:

١- چاوبرسیە کان بۆ چەکی کۆکوژبۆ لەناوبردنی گۆی زەوی ومرۆڤایەتی.

٢-بەردەوام بوونی پێشکەوتنی زانستی بەرەو ئاسۆی داهاتوویەکی سەرسام کارلەهەموو بوارەکانی سەربازی ومەدەنی لەهەمان کات دا،پێشکەوتنی زانستی ئاسۆی نوێ ی تەکنەلۆژی وادەکاتەوە کەبەخەیاڵی کەس دانەهاتووە،لەناویشیان ئایندەی تێگەیشتن لە نهێنیەکانی گەردوون وپێک هاتە
دیاروشاراوەکانی،بەتایبەتیش نهێنیەکانی ماددە و وزە لە بونەوەری بینراودا کە پێمان وایە ئێمە دەیناسین چونکە لە باوەشی دا دەژین..

پرۆژەی بەریەککەوتنی پشکەکانی ئەم زەبەلاحە وێنەیەکی ڕاستەقینەیە،ئێمە کۆکین کە زانیاریمان لەم دوو بوارە کەڵەکەبووەوخێراش گەشە دەکابەهۆی پەرەسەندنی بەریەک کەوتنی پشکەکانی زەبەلاحەکە وپەلەییان ،لەسەروو هەمووشیان تەنۆلکەی خێرای بەریەککەوتوو LHC کەسەربە مەڵبەندی توێژینەوەی ئەوروپی سیرن CERN دەکەوێتە سەرسنوری نێوان فەڕەنساو وسویسڕا.

ئێستا دەتوانین زۆرێک لەکانزاکان بە ووردی بناسین، ئەگەر ئاڵۆزیش بن، کە ئەم گەردوونە بینراوە سیخماخە لێ یان، سەرەڕای ئەمەش تا ئێستاش چەندان پرسی بێ وەڵام هەیە.

لەساڵی 1928،کەلەوساڵە دا زانایەکی بەریتانی تیۆری بەڵگەی بوونی دەژەماده ی پێشکەش بە جیهان کرد..

ئەم دژە مادە زانایانی سەرسام کردووەوتا ئێستاش لەنێوان باوەڕ کاربەبوونی ونکولی کەران لە بوونی دابە بوون.

یەکێک لە بابەتە یاخیەکان لە زانایان سەلماندنی بوونی دژە ماددەو چۆنێتی دەستخستنی بووە لەتاقیگە، ئەمە سەدەیەکە زانست لەبەردەم ئەم ئاستەنگە داماوە، .

بە پێ ی تیۆری تەقینەوەی Big Bang

دەبێ ئەم بوونەوەرە بینراوە دەبێ ماددەو دژە ماددەی تێدابێ، ئەم دژە ماددە دەبێ هاوسەنگ وهێندەی ماددە بێ لەم بونەوەرە بینراوە، لەڕاستیدا مادە بڕێکی زۆر کەمەو بەهەموو دۆخەکانی شلی وڕەقی وغازی وبڵێسەی پلازمایی ٤٪ی بونەوەری بینراو دادەگرێ و٩٦٪ی گەردوونی بینراو بە مادەی نەناسراو یان عەتەمە گیراوە کەلەمەوپێش وادەزانرا ئەم پانتاییە بۆشە بەڵام لە ڕاستیدا خاڵی وبەتاڵ نیە ،بەڵام مرۆڤ ئەو نەناسراوە ناناسێ.کەنەشی ناسی دەڵێ نیە.

بەڵام دژە ماددە ناتوانرێ چاودێری بکرێ وڕێژەبەندبکرێ،لەساڵی 1956زانای فیزیای ئەمریکی(موریس غولدهابیر)تیۆری ئەوەی دانا کە دژە مادەش لەگەڵ

ماددە وهاوتەڕیبی ماددە فڕێ دراوەتە ناوبوونەوەری نەبینراو ،هەربۆیە لەم بونەوەرە بینراوە دا بوونی زۆر ناوازەو دەگمەنە .کەواتە ئەم زانایە باوەڕی بە بوونی بوونەوەرێکی نەبینراو هەیە وەک ئەوبونەوەرەی ئێمە کە دژە ماددەی تێدایە.

بەڵام تیۆرێکی تر گوتی کە دژە ماددە بڕەکەی تۆزێک لە ماددە کەمتربوو بۆیە ئەو بەتەقینەوەی گەورە لەناوچوو، بەڵام ماددە لەو زیاتر بوو بۆیە ئەم بڕە کەمەی مایەوە،کەواتە ئەم تیۆریەش تەقینەوەی گەورە بەسەرەتای دروست بوونی ماددە ووزە دانانێ و پێ ی وایە کە مادەودژە مادەپێش تەقینەوەکە لە دوای تەقینەوەکە زۆرتربوون.

بەڵام ئەم دوو تیۆرو گریمانە لە ڕووی زانستی هیچیان نەسەلمێنراون.

ئەوەی ساغ بۆتەوەبە زانستی ئەوەیە کە لەکاتێک لە کاتەکان وشوێنێک لە شوێنەکان دژە ماددە بوونی هەیەوەدەگونجێ کە لە ماددە زیاتر بتوانرێ وزەی لێ وەربگیرێ .

لەساڵی 2010 هەواڵێک بڵاوبۆوە کە زانایان لەئاژانسی خێراکاری بەریەک کەوتنی تەنۆلکەکان لەسیرن ی بنکەی بۆشایی ئەوروپی توانیویانە دەبیست گەردیلەی دژە هایدرۆجین تێبینی بکەن کە ئەم گەردیلانە تەنیا توانیان دەیەکی چرکەیەک بژین، ،ئەم ماوەش بەسە کە زانایان بتوانن لێکۆڵینەو

ە لەسەر دژە ماددە بکەن لە دژە هایدرۆجینەوە،وادەردەکەوێ کە دژە مادە لە دوای تەقینەوەی گەورە نەماوەولەناوچووە، کەواتە پێش تەقینەوەی گەورە دژە مادە هەبووەو ماددە ناوازەودەگمەن بووەولە حوکمی نەبوو بوو،دوای تەقینەوەکە هاوکێشەکە لە نێوان ماددەودژە مادە پێچەوانە بۆوە.

دۆزینەوەوپەی بردن بە دژە مادە دەگەڕێتەوە بۆ زانا بول دیریك .

بەڵام کە تەقینەوەی گەورە لە دەرەنجامی بەیەک گەیشتن وبەرامبەربەیەک ڕاوەستانی تۆندو تیژ لە نێوان ماددە ودژە ماددە ،کە بە گریمان دانراوە کە دەبێ یەکێکیان ئەوی تریان لەناوبەرێ،ئەی چۆن ئێستا زانایان توانیان دژە ماددە لەتاقیگە دەست بخەن؟ ئایا ئەوتاقیکردنەوەی سێرن تیۆریەفیزیاییەکانی تر پاشەکشە پێ ناکا بۆ گەردوونی بینراو؟ ئایا سەرکەوتنی ئەم تاقیکردنەوە و گشتگیرکردنی دەرەنجامی چەسپاندنی زانستی نوێ بەدی دێنێ بۆ کۆگا کردنی ووزەوبەکارهێنانی سەربازی بۆ ووزەی کۆگاکراوی دژە ماددە؟؟

هەموو شتێک لە بوونەوەری بینراو پێک هاتووە لە گەردیلەکان،گەردیلەش پێک هاتووە لە تەنۆلکەی سالب کە پێ یان دەگوترێ ئەلکترۆن ولە دەورەی ناوکی گەردیلە دەخولێنەوەکە هەڵگری بارگەی موجەبە، بەڵام بونەوەر هەمیشە بەو شێوە نەبووە، چونکە فیزیای هاوچەرخ باسی دژە مادەی پێک هاتوو لە پێچەوانەی مادە دەکا، ،ڕێسا بیرکاریەکان باسی ئەو ڕاستیە فیزیاییە دەکەن، ئەم دژە مادەش هەروەک مادەیەو لە بارگەدا دژیەتی.،کەواتە دژە مادە وێنەی مادەیە لە ئاوێنەی بەرامبەردا ،کەلە وێنەی ئاوێنەدا لای ڕاست لای چەپتەو لای چەپت لای ڕاستتە، دژە مادەش پێچەوانەی مادەیە لە ئاڕاستەداولەبارگەدا.

واتە دژە مادە پێک هاتووە لە دژە ئەلکترۆنە موجەبەکان کە پێ یان دەگوترێ پۆسترۆنەکان وە دژە ناوک کە پرۆتۆنی سالبە،

ئێستا زانایان دەتوانن ئەم تەنۆلکە دژە ماددانە لە تاقیگەو خێراکەرەکان بەرهەم بێنن، بە ووزەیەکی زۆربااڵ بەڵام ئێمە هیچ تەنۆلکەیەکی دژە مادەو دژە جیهان ودژە بینراومان تێبینی نەکردووە کە پێچەوانەو دژی ئەم جیهانە مادی یە بێ لەم گەردوونە بینراوەدا کەلە دژەماددە دروست کرابێ، واتە ئەستێرەو مانگ وڕۆژوهەسارەکانی لە دژە ماددە پێک هاتبن، و هاوشێوەی ئەم بونەوەرە بینراوە بێ تەنیا بارگەکانی پێچەوانە بن وئاڕاستەیان پێچەوانە بێ.

بەڵام ئەوە واتای ئەوە نیە کە ئەم دژەگەردوونە ودژە بوونەوەرە بوونی نیە، بەڵکو تەنیا ئەو جیهان وبونەوەرە تائێستا نەدۆزراوەتەوە.

زاناکان توانیویانە چەند تەنۆلکەی بێ لایەن لە خێراگە زەبەلاحەکان بەردەست بخەن، ئەم تەنۆلکانە بەتایبەتمەندی لاسەنگی گۆڕانی عەشوائی لە تەنۆلکەی مادیەوەبۆ تەنۆلکەی دژە مادە .

لە هەرگۆڕانێک دا کە ووزە دەگۆڕێ بۆماددە چەند بڕێکی یەکسان لەتەنۆلکە مادی ودژە مادیەکان پەیدا دەبن،، وە لە دیاردەی پێچەوانەش هەرکاتێک تەنۆلکەی مادەو دژە مادە بەیەک دەگەن ،یەکتر تێک دەشکێنن ولە دەرەنجامی ئەم بەریەک کەوتنەی مادەودژە مادە تیشکی la lumière لە دایک دەبێ، بەڵام دژە ماددە کاتێک لە دایک دەبێ کاتێ تیشکە گەردوونیەکان ی les rayons cosmiques لە بەرگە هەوای زەوی دەدەن ،دیمەنی نەرێ کردنی مادەو دژە مادە بینراوە کاتێ لە خێراگازەبەلاحەکان تاقیکردنەوەی بەریەک کەوتن کراوە،هەروەک دەزانین کە نمونەی پێوانەیی modèle standard بۆ فیزیای تەنۆلکەکان تیۆریەکە کە کارلێکە ناوەکیەبەهێزەکان ولاوازەکان وکارۆموگناتیسیەکان وهەموو تەنۆلکە سەرەتاییەکان کە مادەیان لێ پێک دێ ،کە ئەم تیۆریە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم داڕێژراوەو ڕێک

دەکەوێ لە گەڵ تیۆری چەندێتی میکانیکی و کوانتا ولەگەڵ تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاین .

سەرەڕای وردی ئەم تیۆریە بەڵام تا ئێستا بزربوونی دژە ماددە لەم بوونەوەرە بینراوە مەتەڵە و نهێنیەکی نەزانراوە و تیۆری پێوانەیی فیزیای تەنۆلکەکان وەسفی وەک یەکیەک symétrie لە هەڵسوکەوت دەکا کە خەریکە لەسەداسەد وەک یەکە لە نێوان ماددەودژە مادە بە پێ ی هاوکێشە بیرکاریەکان..

ژێدەرەکان

:ماڵپەڕی «الشرق الأوسط أونلاين»

.Nation News

ماڵپەڕی نوفوستي

ماڵپەڕی میتافیزیک زنجیرە وتاری دۆسیەی چەکەکانی ئایندە-ملف اسلحة المستقبل-زنجیرەکانی یەکەم وچوارەم ویازدەهەم.خوێندنەوەی سێیەم لە:

ملف اسلحة المستقبل .

بەشی سێ یەم لە

پرسگەکانی خوێندنەوەی ئایندە

ئامادەکردنی:محمد عەزیز لۆتەری

لە ژمارە٦ی گۆڤاری ئایندە ی بەهاری ٢٠٢٣دا بڵاو کراوەتەوە..

سێ ڕێگە بۆ خوێندنەوەی ئایندە..

فەهد ئەحمەدی لە گوتارێکداباسی ئەزموونێک دەکات کە لەدانیشگای ئەدنبرە بەڕێوەچووە، ئەم زانکۆیە هەستاوە بە هەڵبژاردنی سەدوچل خوێندکار و بەهرەمەند لەو کەسانەی توانای خوێندنەوەی ئایندەیان هەیە، پوختەی گوتارەکەشی ئەوەیە کە سێ ڕێگە هەیە بۆ خوێندنەوەی ئایندە:

یەکەم:خەونی هەواڵدان لەبارەی ئایندە.

دووەم:چاودێری هەستەوەری گیانلەبەران.

سێیەم:سوود وەرگرتن لەو مرۆڤانەی کە بەهرەی نائاسایی و ناوازەیان هەیە.

ڕێگەی یەکەم کە خەونە، فەرموودە پێمان دەڵێ کە خەون بەشێکە لە چل و شەش بەشی وەحی، هەروەها بۆی ڕوونکردوینەوە کە خەونی ڕاست و دروست و ڕەببانی هەیە کەهەواڵی ڕاستمان پێدەدا، هەواڵیش نابێ هی ڕابردوو بێت، چونکە هەواڵ لە داهاتوودایە، پاشاکۆنەکان زۆر گرنگیان بەم ڕێگەیە داوە، لێکدەرەوە و ڕاڤەکەرانی خەون لە کۆندا لەکەسە هەرە نزیکەکانی پاشایان بوون، تەنانەت ئەباتیرەکانی یابان دۆشەکی تایبەتیان لە ژووری بەتایبەت دروست کراودا ئامادە دەکرد کە پێیان دەگوت کامودوکو،کامو واتە دروستکەر و بەدیهێنەری بوونەوەر بەزمانی ئەوان.

ئەم ژوور و جێگایە بۆ ئەوە بوو تا خەونی چارەنووسسازی داهاتووی دەوڵەت ببینن. هەروەها فیرعەونەکانی میسر زۆر گرنگیان بە لێکدانەوەی خەونەکان دەدا، بۆیە دوو خەونەکەی سەردەمی یوسف و موسا سڵاوی خوایان لێ بێت مێژووی مرۆڤایەتیان گۆڕی.

ئەحمەدی دەڵێ: لەگوتارێکی ڕابردوو پێشنیاری دامەزراندنی مەڵبەندی خەونە پێشبینی و داهاتوو خوێنەرەوەکانی کردبوو، کە دوو مەڵبەند لە بەریتانیا و نیۆیۆرک بۆ ئەو مەبەستە هەن.

ڕێگەی دووەم کە چاودێری هەستی گیانەوەرانە، ئێمە دەزانین کە گیانەوەران پێش مرۆڤ هەست بەهاتنی کارەساتەکان دەکەن پێش ئەوەی ڕووبدەن، هەروەها دەتوانن هەڵسوکەوت و بیری خاوەنەکانیان بخوێننەوە، وەدەزانن کەی لە سەفەر دەگەڕێنەوە، توتی هەیە کە خاوەنەکەی وشەیەک لە زەینی خۆی دادەنێ، یەکسەر توتیەکە دەری دەبڕێ، وەکە تەلەفون زەنگی لێ دەدا، یان یەکێ لە دەرگای دەدا، توتیەکە ناوەکەی دەگووت.

ڕێگەی سێیەمیش، کەبەهرە ناوازەکانن، دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لەساڵی 1972 وە پشتی بەو توانایانە بەستووە بۆ خوێندنەوەی ئایندە، وە چەند پرۆژە لەو بوارە هەیە و لە ساڵی 1995دانیان پێدا ناوە کە دروستە، هەروا ڕووسەکانیش ئەم بەهرانە لەساڵی 1960 وە بەکاردێنن..

من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەشی یەکەم کە خوێندنەوەی ئایندەیە بەهۆی خەون لە چوارچێوەی چەند خەونێکی بەناوبانگدا باس بکەم.

ئەگەر ڕوئیای یوسف بریتی بێ لە گێڕانەوەی ڕووداوی چۆنێتی دروستبوونی کۆمەڵەی خۆر و زەوی و چاخە جیۆلۆجیەکان و چۆنێتی دەرکەوتنی دەیاردە و گیانەوەر و زیندەگی لەسەر زەوی، بەشێوەیەکی هێمایی لە چوارچێوەی بەئاوێنە کردن

و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانە لە بنەماڵە و خانەوادەیەکی پیرۆزدا، چونکە مرۆڤ لەم زمانە چیرۆکییە باشتر تێدەگات.

وە خەونی دووەم کە خەونی دانیالە، بریتییە لە گێڕانەوەی کێبەرکێ و ململانێی شارستانی و ژیار و دین و نەتەوە و مەزهەبەکان هەر لەسەرەتای بەدیهاتنیەوە تا سەردەمی گەشتکردنی مرۆڤ بۆ ئەستێرەکان لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا، بەشێوەیەکی هێمایی.

خەونی سێیەم کە بریتییە لە روئیای یۆحەنا خەونی گێڕانەوەی ڕوداو و پێشهاتەکانی کاروانی مرۆڤایەتی هەر لەسەدەی یەکەمی زایین تا ساڵی سێ هەزاری زایین لەسەر زەوی و بازدانیش بە سەر ژیانی زەویدا و باسکردنی چۆنێتی دەستپێکردنی ژیانی هەمیشەیی و هەتاهەتایی بۆ چاکەکار و بۆ خراپە کارانیش دوای مردن لە ڕوئیای یۆحەنای کۆتا سفری ئینجیل..

کەواتە ئەم خەونەی ڕوئیای یۆحەننا لەگەڵمانە وەک مرۆڤایەتی تا گەیشتن بە ژیانی نەبڕاوەی دوای مردن، بۆیە خەونێکی بێ سنوورە و لێکدانەوەی هەرگیز کۆتایی نایە، چونکە ژیانی دوای مردن کۆتایی نایە، بەڵام ئەوەی ئەو ڕوئیایە لە دوو ڕوئیای یوسف و دانیال جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕوئیای یۆحەننا بە پێچەوانەی دوو ڕووئیاکەی تر هیچ تەعبیر و تەئویل ولێکدانەوەی لەناو ڕوئیاکە دا بۆنەکراوەو هەرلە چوارچێوەی هێماکاندا ماوەتەوە .

دوو خەونی تریش هەن کە خەونی دوو سەرۆکی گرنگی جیهانن ،ئەوانیش مائمونی خەلیفەی عەباسی وجۆرج واشنتۆنی دامەزرێنەری ئەمریکان،ئەم دووخەونەش کاریگەریەکی زۆریان لەسەر ڕەوتی ئاراستەکردن وپێکهێنانی ڕووداووگۆڕانکاریەکان هەبووە.

ئێستا باسی ئەم پێنج خەونە دەکەم:

خەونەکەی یوسف علیه السلام جیهانبینییەکی گەردوونییە:

(إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ) (4یوسف).

كاتێك یوسف بەباوكی وت: باوكی بەڕێزم بێگومان من لە خەومدا یازدە ئەستێرە و خۆرو مانگم بینی كڕنووشیان بۆ دەبردم.

خەونەکەی یوسف علیه السلام کە براکانی یازدە کوکبن واتە هەسارەن و نجم و خۆر نین، لەگەڵ خۆر و مانگ سوجدەی بۆ دەبەن، ناوی ئەم ئەستێرانە لە فەرموودەیەك هاتووە وەک هێما، جولەکەیەک هات و پرسیاری لە پێغەمبەرعلیه

السلام کرد لەو ئەستێرانەی کە سوجدەیان بۆ یوسف برد ئەویش فەرمووی: (جربان، الطارق، الذیال، ذوالکنفان، قابس، وثاب، عمودان، الفیلق، المصبح، الضروح، ذو القرع).کەواتە زیا و نور، ڕۆشنا و ڕووناک، خۆر و مانگن کە دایک و باوکی یوسفن.

یازدە ئەستێرەکە پێش خۆر و خۆریش پێش مانگ سوجدەیان بۆ یوسف برد، کە بڵێین خۆر دایکە و دوا کەس کە سوجدەی بۆدەبا مانگە چونکە مانگ دوای خۆر و هەسارەکان دەرکەوتووە، ئەگەربڵێین مانگ باوکەکەیە، بەڵام مانگ کە دایکی بێ، ئەوە دایکەکە کە ژنەکانی یەعقوبن دوا کەسن کە دان بەگەورەیی و ڕێزی یوسف دادەنێن.

ناوی یازدە ئەستێرەکان:

١- عطارد: لەفەرموودەکەدا جریان واتە خۆشڕەوە.

٢-طارق.

٣- الزهرة: الذیال واتە کلکدار وهەڵڕژاو.

٤-ذو الکتفان: واتە دووشان ودوو پیل.

٥- مریخ: قابس، واتە مەشخەڵ.

٦- مشتري: وثاب، واتە هەڵبەزیوە.

٧- زحل: عمودان، دووکۆڵەکە.

٨- أورانوس: فیلق، واتە لێککەرەوە.

٩- نیبتون: مصبح، ئەستێرەی بەربەیان.

١٠- بلوتو: ضروح.

١١- ذو الفرع، لقدار.

١٢- الضیاء: خۆر

١٣- النور: مانگ،

شیکەرەوانی ئەم فەرموودەیە بەم شێوە ئەو ئەستێرانەیان بەرامبەرئەو ناوانە داناوە کەلە فەرموودەکە هاتوون، چونکە لەکۆندا عەرەبەکان ئەم ناوانەیان لەئەستێرەکان ناوە.

کەواتە یوسف دەبێتە هەسارەی زەمین کە بەردەوام کۆمەڵەی خۆر هەموویان خەریکی زیندە بەچاڵکردنی بوون، وە لە کۆتاییشدا هەموویان خەریکی خزمەتکردنن بۆ زەوی، خۆ کە بشگوترێ سەرەتا ئەستێرەکان و براکانی یوسف هەبوون، پێش بوونی خۆر و مانگ کەدایک و باوک بن چونکە بەپێی زانستی فەلەکناسی مانگ کۆتا بارستەی بەدیهاتووە و ئەوانی تر پێش ئەو هەبوون، لە ئایەتەکەش مانگ دواییین شتە کەباسکراوە. بەم واتایە بۆ دەبێ مانگ بنیامین بێ نەک دایکی یوسف.

ئێستا کە بمانەوێ لە گەورەترین برای یوسف تا بنیامین دەست پێ بکەین، بەرامبەر بەمانەش لەگەورەترین ئەستێرە لە ڕووی قەبارەوە کە موشتەریە بۆ بچوکترین ئەستێرە ڕێزبەندیان بکەین، وە فەلەکناسان لێکۆڵینەوە بکەن بۆ ئەوەی تەمەنی هەریەک لەو ئەستێرانە بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دیاری بکەن، تا بزانن کە ئایا ڕێزبەندی براکانی یوسف بەبارستەیە، یان بەڕێزبەندییە، یان شتێکی تر؟

ئێمە لێرەدا بڵێین کە براکانی یوسف کۆمەڵەی خۆرن بێجگە لە زەوی، زەوی یوسفە، چونکە هەموو کۆمەڵەی خۆر ئێستا جەستە و تجسیدو جەسەد و لاشە و جرم و قەبارەی یوسفی زەوی زیاد دەکەن، خۆر بەتیشکەکەی سااڵنە ملیارەها تەن گەڵا و گوڵ و گیا و هەروەها باران و دەریا پێشکەش بە زەوی دەکا، مانگ دیاردەی خیزاو و نیشتاو دروست دەکا و کارەکەی خۆر تەواو دەکا و دیاردەکانی با و دەریا ڕێکدەخات، ئەستێرەکان تیشك و نەیزەك ی بۆ دەنێرن تەنانەت لە موسوعەی قرن ژمارە و بڕی نەیزەکەکان بە ملیارەها تەن دانراوە، کەواتە دەبێ کۆمەڵەی خۆر جگەلە زەوی 10 ئەستێرە بن کە ئێستا دوای پلۆتۆ ئەستێرەیەکی تر دۆزراوەتەوە و بوون 11 ئەستێرە بە نەیزەکەکانی خولگەی فۆتۆنیشەوە.

بەڵێ ئەم خەونەی یوسف علیه السلام، براکانی تجسیدی ئەو دەکەن، بە بیزاعەی مزجات و کەلو پەلێکی بێ نرخ، تەنیا ئەوەی لای دایکی خۆر دێ و ئەوەی لای باوکی دێ زۆر بەسوودە بۆی، بەڵام ئەوەی یوسف وەك دڵێکی لێدەری ئەم گەردوونە داویەتی بە گەردوون لە خانە کۆنە هەڵوەریوەکانی کە هەمیشە -گەر کۆنیش بن- لە خانەکانی ئەوان نوێترن.

لەم جیهانبینییەی یوسف دا کە ئەحسەن و جوانترین و پتەوترین و خەمبارترین جیهانبینییە ئەوە دیاردەخا کە خۆر و مانگ، دایک و باوکی زەوین، بە پێچەوانەی دەقەکانی تری تەورات و قورئانە، چونکە لە هەموو سورەتەکانی قورئاندا زەوی پێش ئاسمان دروست کراوە، وە زەوی پێش مانگ و ڕۆژ دروست کراوە، بەڵام لە سورەتی یوسف دا وە تیۆری بیگ بن ڕۆژ پێش زەوی هەبووە و کە مانگیش یەکێک لەدایک

و باوک بێ کەواتە ئەویش پێش زەوی هەبووە، بەڵام من مانگ بەبنیامین لێک دەدەمەوە.

یان چیرۆکی یوسف ئاماژەیە، بۆ ئەوەی کە لانکەی گەشەکردن و پەرەسەندن لە ناوجەرگەی کۆمەڵەکەوە کە خۆرە دەستی پێ کردووە و پاشان بۆتە خۆرێکی چەق و مانگێکی باشکۆ، لەوانیشەوە هەسارەکان دروست بوون، لەهەر هەسارەیەکیش لەمانە ڕەوتی گەشەکردنی خۆری یەعقوب و ماددەی چوار توخمی کە هەر توخمێک ئاماژە بێ بۆ دایکێک لە دایکەکانی کوڕانی ئیسرائیل، ئاو لیایە کە ژنی یەکەمی یەعقوبە. دایکی روبین، شمعون، لاوی، یهودا، یاساکر و زبولونە.

هەوا کەنیزەکەی ڕاحیلە کە بەلهایە و ژنی دووەمی یەعقوبە، دایکی دان و نفتالیە

و ئاگر کەنیزەکەی لیایە کە زولفایە ژنی سێیەمی یەعقوبە، دایکی عشیر و جادە.گڵ ڕاحلە کە ژنی چوارەمی یەعقوب و دایکی یوسف و بنیامینە.

لەهەر یەکێک لەم سێزدە وێستگانە، بوونەوەر لەسادەییەوە بۆ ئاڵۆزی و لەیەک چەشنی بۆ هەمەچەشنی و لە بێ گیانییەوە بۆ زیندوویی و لە بێ هەستییەوە بۆ هەستیاری بەڕێوەچوو بێ و لە وێستگەی یوسفی دا گەیشتبێتە چڵەپۆپە و پەرەسەندنی هەموو سێزدە وێستگەکانی تری لەخۆگر تبێ و شایانی ئەوە بووبێ کە هەر سێزدە وێستگەکەی تر لە خزمەتیدا بن، یان هێما بێ بۆ سێزدە زانست و بوار و شێوە داهێنان و داهێنان لە واتا و لێکدانەوەی ڕوداو و گوفتارەکان و دایەلۆگ و مەنەلۆجەکان و خەونەکان، هەموو بوارەکان بگرێتەوە.

لە ڕاستیدا تەئویلی ئەحادیس تەنیا لێکدانەوەی خەون نییە، ئەحادیس بەمانای ڕووداوەکان و پێکهاتەکان و گوفتار و گفتوگۆکان و هەروەها قسە و مەنەلۆج و نیازی ناو دڵ و حەدیسی نەفسیش دەگرێتەوە، دوا شت خەونەکانیش دەگرێتەوە، یوسف توانیویەتی بزانێ چارەنووسی ئەو خواردن و پاروو بزانێ کە هەر کەسێ دەیخوا، خواردن ڕووداوە، ڕووداویش لێکدانەوە و چارەنووس و واتای ئایندەیی هەیە، ئەو پاروو دەبێتە چی؟ ئایا دەبێتە ئەندام و جوڵە و زانینێکی ئەرێنی یان نەرێنی؟ هەموو ئەمانە دەچنە بواری زانینی تەئویلی ڕووداوەکان، جوڵەکان، گەشە و پەرەسەندنەکان، خەونەکانیش بەشێکن لە ڕووداو و چالاکی و گفتوگۆی جیهانی ڕۆحەکان. هەروەها دەبێ بشزانرێ وشەی تەئویل و یەکخستن و لێکدانەوە و زانینی چارەنووس و سەرەنجامی هەموو ڕووداوەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

جا كه ئەم كۆمەڵەی خۆرە، یەكێک لە چیرۆكەكانی دروستبوونی چیرۆكی كوردانی ئیسرائیل بێت، كە هەزاران و سەدان چیرۆكی لەو شێوەی هەیە، چەند پێزانینێكی فەلەكی هەن كە پێویستە باسیان بكەم..

ئەم كەشتییە مەشحون و بارگاوییە نوحییەی كە كۆمەڵەی خۆرە، كە ئێستا پانتاییەكەی شەش سەعاتی تیشكییە، و بە 243 ملیۆن ساڵ خولی ناو كاكێشانی تەواو دەكا و تا ئێستا 21 خولی داوە، لە ماوەی ئەم خولانەدا دەبێ چەند جار ئەم كەشتییە وێكهاتبێتەوە و توابێتەوە و هەڵاوسابێ و بووبێتە بەستەڵەك؟ ،دەبێ چەند جار ژیان و زیندەگی لەسەری بنەبر بوو بێ و پەیدا بووبێتەوە؟ یا ن دەبێ چەند جار ژیان لە ناو ئەم كۆمەڵە كەشتیگەلە و ئوستولەدا ئەم باوەش و ئەو باوەشی كردبێ؟ و دەبێ چەند دایك و پوور و مەتو و دایەن و مامان و باوەژن و مامۆژنی فۆتۆن ئاسا بووبنە ئاردی ناو دڕوان و ناو و ناوبانگیان نەمابێ؟ دەبێ چەند جار كونی رەش بیكاتەوە گرگن و كونی سپی بیكاتە زەبەلاح و ئەم قەبزی بكا و هەڵی لوشێ و ئەو بەستی بكا و پەخشانی بكا؟ دەبێ چەند جار بە ناو گەرمای توێنەرەوە و ساردی شەختە و زەمهەریر و ئەستێرەی زەبەلاح و چەندین دیاردەی پیاكێشان و كێشكراندا تێپەڕیێ؟ ئەی چۆن دوای ئەم 21 جارەش ئەوەتا بە سەلامەتی ماوەتەوە و قوت نەدراوە؟ دەبێ بزانی كە ئێمە ئێستا لە شوێنێكی تا رادەیەك سەلامەتین، چونكە لە دۆزەخی سەلكە پیازەكەی چەق كاكێشان سەدان هەزار ساڵی تیشكی و دوورین واین لەو لاپەڕی چەپی مەجەرەكە و تا 121 ملیون ساڵی تر ناگەینە ناوەڕاستەكە ..

دەبێ لە هەر خولانەوەیەكدا چەند جار كۆمەڵەی خۆر شێوە و ژمارەی ئەستێرە و مانگ و خولگەیان بگۆڕن و دەبێ هەر ئەستێرەیەك چەند جار جەمسەر و ماوەی رۆژ و مانگ و ساڵەكانی و نەخشە و رووخساری بگۆڕێ؟ ئەوە مسۆگەرە كە 21 جار گۆڕاوە بەڵام بۆ لەوە زیاتر نازانرێ، ئەی كە ئەم كۆمەڵە خۆرە ئەم هەموو پانتاییەی بڕیبێت، لەكام گەلەكسی و كام بورج و كەلووەدا بووە كە ئەم فایرۆس و بەكتریای ژینی ئۆرگانی و سەوزایی و قارچكی پێ بەخشرا؟ ئەی كۆمەڵەی خۆر لەم ڕێڕەوە درێژەیدا ئەم شێوە ژیان و پەرەسەندنانەی داوەتە چەند ئەستێرە و كۆمەڵە خۆر و گەلەكسی تر؟

لەم جیهانبینیەی یوسف دا كە ئەحسەن وجوانترین وپتەوترین وخەمبارترین جیهانبینیە زاهیرو ڕوكەشەكەی ئەوە دیاردەخا كە خۆرو مانگ ،دایک وباوكی زەوین،واتە ڕوكەشەكەی بە پێچەوانەی دەقەكانی تری تەورات وقورئانە،چونكە لە هەموو سورەتەكانی قورئاندا زەوی پێش ئاسمان دروست كراوە،وە زەوی پێش مانگ وڕۆژ دروست كراوە،بەڵام لە سوڕەتی یوسف دا وە تیۆری بیگ بن ڕۆژ پێش زەوی

هەبوەو کە مانگیش یەکێک لەدایک وباوک بێ کەواتەئەویش پێش زەوی هەبووە،بەڵام من مانگ بەبنیامین لێک دەدەمەوە.

بەڵێ تیۆری لەوجۆرەش هەن .

هەواڵێک کە پەروەردگار پاڵی دابێتە لای خودی خۆی ،جیاوازە لە هەواڵێک کە خەونی پەیامبەرێک بێ، ئەوجار لێکدانەوەی خەونەکەش ئیشارەیە ،مەرج نیە خۆر ومانگ دایک وباوکەکە بن هەرچەندە زۆرلێک دەرەوە وای لێک دەدەنەوە .

وە لەبابەتی دروست بوونی زەوی پێش ئاسمان واتای ئەوەنیە کە ئەرز پێش بۆشایی دروست بووبێ ،بەتێگەیشتنی ئەمڕۆ ئاسمان واتە پانتایی بۆشایی، بەڵام بە پێناسەی قورئان ئاسمان سەقفی پارێزەرو چین چینەو دەرگای هەیە ودەرگەوانی هەیە و هەر ئاسمانە پەرستگایەکی لێیە و.....

سەبارەت بەوەی خۆر پێش زەوی یان زەوی پێش خۆر، زاهیری قورئان وایە زەوی پێش خۆر دروست بووە، بەڵام ئەوزەویەی کە پێش خۆر بووە ئەو سەرتاپاکوتلەیەکی گڕگرتووبووەو ئەوکاتە هەموو ئەستێرەومانگ وکلکدارەکانی کۆمەڵەی خۆر هەوروشلەیەکی تواوەی گڕگرتووبوون،کەواتە بەو تێڕوانینە دەکرێ بگوترێ کە ئەو زەویە ی سەرەتا لەخۆر نزیکتربوو نەک لەوزەویەی ئێستا.

چونکە هەموو ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆربەزەویشەوە کوتلەوبارستەیەکی گڕگرتووی وەک ئێستای خۆربوون لەپێک هاتەدا،بۆیەبەم مانایە دەکرێ بڵێین خۆرپێش زەوی هەبوو.

وەزۆربابەتی ڕێژەیی لەقورئاندالەسەرزمانی پەیامبەران هاتووە کەئێستاناکرێ وەک ڕاستی زانستی ڕەها سەیربکرێن.

بەنمونە ئەوئایەتەی سورەتی نوح کە خۆرو مانگ لەهەرحەوت تەبەقەی ئاسمانێ نورو چران ،لەڕووی زانستی وبۆ فەرمودەوئایەتەکانی دیکەش ڕاستیەکی ڕێژەییەو خۆرومانگ تەنیا بۆ کۆمەڵەی خۆرو مانگ تەنیابۆزەوی نورە.

بەڵام ئەوە قسەی نوحە بەپێی ئەوزانیاریەی لەوکاتەدا هەیبووە لەسەر خۆرومانگ قسەی کردووە ،وەک ڕاستیەکی زانستی ڕەها وەرناگیرێ .

مەگەر ئەو قیرائەوخوێندنەوەی تر بۆ سیراج وقمر وەرگرین کە بەشێوەی جمع وکۆهاتوون ،واتە سیراج بەسروج و قەمەر بە قومور هاتووە.

واتاکەشی دەبێتە ئەوەکە ئێمە جنسی خۆرەکانمان کردۆتە مایەی ڕۆشنایی ناوهەرحەوت تەبەقەی ئاسمان وجنسی مانگەکانیشمان لەوئاسمانانە کردۆتە مایەی ڕوناکی.

لێرەدا الف ولامی پێش ال قمر و السروج، دەکرێ بۆ عەهد وناساندنی ئەستێرەیەکی دیاریکراونەبن وەک ئێستالەعەرەبیداباوە،بەڵکو بۆناساندنی جنس وڕەگەزی هەموو خۆرومانگەکان بن کە لەگەردوونداهەبوون، یان ئێستاهەن یان لەمەودوادەبن.

کەواتە تێگەیشتنی ڕاستیەکانی قورئان پێویستی بە گۆڕینی زانستی نەحوش هەیە،چونکەلەقاڵب دان ودەقبەستوکردنی سەرف ونەحو وواتای دەستەواژەکان وای کردوەکەوەک پێویست نەتوانرێ ڕاستیەزانستیەکان وپێزانینە قورئانیەکان تێبگەین..

وێک چواندنی هەموو کۆمەڵەی خۆروئەستێرەکانی بە چەندکەسێکی ئەندامانی خێزانە پیرۆزەکە لە باوک ودایک وچەندبرایەک لەسورەتی یوسف ،پەیامێکە کە خێزان بناغەیەکی زۆرگرنگەو شێواندن ودەستکاری خێزان وەک هەوڵ دان بۆلەخولگەلادان ولەناوبردنی خۆرومانگ وئەستێرەکانە.

بەدرێژایی مێژوو تا ئەم چەندسااڵەی دوایی کەس باوەڕی وانەبوو کە ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر دەگەنە یازدە ئەستێرە، ئایادەکرێ کە لەم سەردەمەدا بڵێین ئێستا خەونەکەی یوسف لەڕووی فەلەکیەوە هاتەدی؟

بەپێی کە ئایەتەکە دەفەرموێ عەین وچاو وخودی یەعقوب سپی هەڵگەڕان و کوێربوونەوە، وەبە مانگیش دەفەرموێ ئایەتی مەمحو سڕدراوەو کوێر ، دەبێ یەعقوب مانگ بێ ؟

دوور نییە کە گەڕانەوەی رۆژ لە ئاخر زەمان، تەنیا ئالۆگۆڕێکی جەمسەر و قوتبەکانی زەوی بێ بە هۆی توانەوەی بەفر و سووکبوونی جەمسەرەکان و قورسبوونی هێڵی یەکسانی، ئەم لەپڕ هەڵگەرانەوەیە دەبێتە هۆی رۆژ گەڕانەوە، وە کارەساتێکی زۆر گەورەش کە لەوانەیە بە هۆیەوە ژیان بەیەك جاری بنەبڕ ببێ، یان تەنیا بوونەوەرە سەرەتاکان بمێننەوە.

ئەم پرسیارە وروژاوانە هەموو ئەو پێزانینانەی زانستی فەلەکناسی نوێ دەخەنە ژێر پرسیارەوە کەباسی ئەوە دەکەن کە گوایە فلان چاخ و قۆناغە ملیارەها ساڵی کێشاوە و شاخ و کیشوەر و فلان ڕەگەز پێش ئەوەندە ملیارە پەیدا بووە. چونکە لەوەیە ئەوە ڕاست بێ کە لەهەر خولێکی ٢٤٣ملیۆن ساڵەی کاکێشان هەموو کۆمەڵەی خۆر لەناوبچێ و دووبارە کۆمەڵەی خۆر لەم لاچەپە دروست ببێتەوە. یان نابێ ئەو پێزانینەی زانستی فەلەکناسی ڕاست بێ کەباسی سوڕانەوە و خولی کۆمەڵەی خۆر دەکات لەناو مەجەڕەی کاکێشان..

جا ئەم منالّە بێ دەسەڵاتەی ناو ئەم کەشتییە کە ژیانی سەوزایی و ئۆرگانییە، هەر ئەو وەك مەلای مەشهور بە گەوجی ئەم لقە دارە نەبڕێتەوە کە لەسەری وەستاوە؟ ئەوەتا رۆژانە ملیاران تەن لە ناو ناخی دایکی زەوی دەردێنێ و زەوی کلۆر دەکا و دەبێتە هۆی داڕووخانی دایکە زەوی و بورکان و بوومەلەرزە و تسونامی و گەردەلول و بارانی ژەنگاوی و کونبوونی ئۆزۆن و لافاو و وشکە ساڵی و چەندەها دیاردەی تر؟ ئایا مرۆڤایەتی خەریکی ئینتیحار و خۆکوژی بە کۆمەڵە؟ ئایا ئەم منالّە بێ دەسەڵاتە چەموشە بوو کە سەری فۆتۆنی خوارد و سەری زەویش دەخوا؟

لە مەوسوعەی قەرن هاتووە کە پێش ئەوەی شیردەرەکان پەیدا بن زەوی تەنیا یەك کیشوەر و یەك ئۆقیانووس بوو، کیشوەرەکە پێی دەگوترا ئینجا، ئایا پێش ملیۆنان ساڵ کێ ئەم ناوەی لێناو بۆ ئێمەی گواستەوە؟ ئەوە لە نووسەرانی مەوسوعەکە بپرسن، پاشان بووە دوو کیشوەری غەندۆرە کە ئەمریکای باشوور و ئەفریقیا و ئۆقیانیا و ئەنتارتیکا و هیند و کەنداو بوون، کیشوەری دووەم کە کیشوەری ئۆراسیا بوو، بریتي بوو لە کیشوەری ئەمریکای باکوور و ئەتلانتا و ئەوروپا و ئاسیا و گرینلاند. ئۆقیانووسی تیتس لە نێوان ئەم دوو کیشوەرە بوو، پاش چەند ملیۆن ساڵ ئەم شێوەی پنجەگیایەی نەخشەی زەوی گۆڕا، بەم شێوەی ئێستا بەکەمێك

جیاوازییەوە، کەنداو بە عێراق و شامیشەوە، هەروەها نیمچە دوورگەی هیند بوونە دوو دورگە و چەند هەزار ساڵ بۆ خۆیان لە سەر زەریا خولانەوە، پاش ئەو چەند هەزار ساڵە هەردوو دوورگەکە بەرێککەوتنیان لەگەڵ کیشوەری ئاسیا کرد، دەرەنجامی ئەو پیاکێشانەش زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و ئارارات بەهۆی پیاکێشانی کەندار و ئاسیا دروست بوون و بەهۆی پێداکێشانی هیند و ئاسیاش زنجیرە چیای هیمالایا پەیدا بوون. ئەمە زانست و بیردۆزێکی کەمێك نوێیە و پێی وایە گۆی زەوی لە 25 صەفحەی تەکتۆنی پێکهاتووە کە هەندێکیان هەر لەیەکتر دەچنە پێش و بەبەریەککەوتنیان بورکان و زەمین لەرزە و چیای نوێ دروست دەکەن و هەندێکیان لێکجیادەبنەوە و لێکدوور دەکەونەوە و زەوی ڕۆچوون و دەریای نوێ دروست دەکەن.

کە دەریالوشی تیتس گۆڕا بۆ وشکانی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نیمچە کیشوەری هیند و ئەم دەریا و دەریاچانەی هەر لە ئارال و قەزوین و وەرێ و وان و رەشو سپی و سوور و مردوو هەمووی پاشماوە ئاوییەکەی تیتسن و کیشوەری ئەتلانتاش حەزی لە سەر نقومەیەکی درێژ خایەن بوو ئێستا بۆخۆی لە ژێر ئاوە.

جا کە گوتمان زەمین، یوسفی کوڕی ڕاحیلە و ژیان پێش ئەوەی بگاتە ئەم هەسارە بەهەسارەکانی تردا لەم کۆمەڵە خۆرە تێپەڕیوە، بەڵام یوسفی زەمین توانیویەتی جوانی و هەمەڕەنگی و داهێنانی پێ ببەخشێ، وە یوسفیش لە ژیانیدا چەند قۆناغێکی هەیە.

-یوسفی منالّ و لای کۆشی باوکی کە لەو سەردەمەدا باوکی خۆر زۆر هۆگری ڕۆڵەی ڕاحیلی گڵە، لەم قۆناغە دا، دەبێ یوسف لەباوکی دوور بکەوێتەوە، چونکە ڕەگەزە ئاوی و غازی و بڵێسەییەکانی دایکەکانی تر باشتر بەرگە دەگرن لەنزیک ئاگر لە یوسفی کوڕی ڕاحیلی خاک.

بۆیە دەبێ یوسف بەهۆی هێزی پەرتکەری گەردیلەکان و لێکدوورخەرەوەی بازنەی ئەلکترۆنەکان لە ناوک لەلای خۆری باوک، ئەمە مەفاعیل و کانی تەردی مەرکەزی و پەرتکەری ناوەکییە و پێویستە یوسف دوور کەوێتەوە و دایکیشی بمرێ.

کەواتە ئەم منالّییەی یوسف پێش تەقینەوەی بیگ بنە و لەمێژووی قۆناغەکانی زەمین دا نییە، بۆیە یەکەم قۆناغی زەمینی زەوی لە ئەوەوە دەست پێ دەکا لە بیر دەهاوێژرێ تا بەمانّی عەزیز دەفرۆشرێ، ئەم قۆناغەش قۆناغی یوسفی یەک کیشوەر نییە، قۆناغی یوسف وەک یەک کیشوەر و یەک زەریا کەلە تەوڕاتدا ئەمە بەڕۆژی دووەمی دروست کردن دانراوە کە تیایدا ڕووەک و درەخت دەرکەوتن، زەوی یوسفی جنان و جنی بوو، باغ و بێستان بوو، هێشتا ئادەمی و ئۆرگانی نەبوو.

قۆناغی دوو کیشوەری ئۆراسیا و گندۆرە و زەریای تیتس لە نێوانیان، قۆناغی زیندانی کرانی یوسفە، لەم قۆناغەی ڕۆژی سێیەمی دروست کردن لە تەوراتدایە کە عەزیا و تنین و خشۆکە دەریاییەکانی تێدا دروست کراون، یوسف لەو قۆناغەدا بەلاشە خشۆک و ماسییەکی ژێردەریایە، بەڵام هەر لەو ڕۆژی سێیەمە باڵندەکانیش بۆ وشکانی دروست کراون،کە ئەمەش ئەندێشە و زانست و پێزانینی یوسفە لە زیندانی دەریاوە کەوەک باڵندە بەئاسماندا دەفڕێ و لە زیندانی ئاوی لیای پوریەوە بە باڵندەکانی ئەندێشە و بیروبۆچوون سەر ڕووی وشکانی ڕاحیلی دایکی بەجۆش و خرۆش و پڕ دەنگی شالووری خۆش دەکا، هەروەک چۆن لە ڕۆژی پێشووش دا ڕووی وشکانی دایکی کردبووە گوڵزار و بێستان لە قۆناغی یەک کیشوەری دا.

نەخشەی زەوی لە سەردەمی بانجادا کە زەوی بەرلە ملیۆنان ساڵ تەنیا کیشوەرێک بوو کە پێی دەگوترا بانجا،کە لەشێوەی پنجەگیا دابوو، بۆیە گژوگیا و ڕووەک لەو کاتەدا دەرکەوت، وەک لە دەقەکەی تەوراتیش هەروا دەردەکەوێ،کە گژوگیاکان ڕۆژێک پێش دەریاوانە خشۆکەکان دروست کراون، بەڵام تا نەخشەی یەک کیشوەری گۆڕاوە بە نەخشەی دووکێشوەری، ئەو ڕۆژە تەنیا هەزار ساڵ نییە، بەڵکو ملیۆنان ساڵی خایاندووە.

- قۆناغی سێیەمی یوسفی دوای دەرچوونی لە سجن و بوونی بە عەزیزی میسر و (بەپادشابوونی) یوسفە، یوسف لەم قۆناغە عیرفانە، زانینی ئەحوالی ڕۆح و گیانە، ئەو قۆناغەیە کە زەوی دابەش بوو چەند کیشوەر و چەند زەریا و هیند و کەنداو و دوو دوورگەی گەڕۆک بوون، لەم قۆناغەدا کە دەگوترێ شێوەی مرۆڤ و ئینسانی ڕۆدیسیا و ئینسانی ئەفریقی کەلە شەش ملیۆن ساڵەوە پەیدا بووە و کەچی بۆ ماوەی سێ چوار ملیۆن ساڵ، کیشوەری ئەفریقیای فیرعەونی، زولەیخای بەعیشوە، یوسفی گیرۆدەی خۆی کرد و نەی هێشت شێوە مرۆڤەکان لە ئەفریقیاوە بچنە کیشوەرەکانی ئۆڕاسیا و ئەمریکا و ئۆقیانیا، ئەمە لە زانستی شوێنەوارناسی باس کراوە، هەرچەندە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی تریش هەیە، بەڵام پشتگیری هێما و ڕەمزی چیرۆکە دینییەکان کارێکی لەو جۆرە دەسەلمێنن.

چیرۆکی بەندکردنی زولەیخای ئەفریقی بۆ یوسفی ئیسرائیلی و ناهێڵێ کۆچ بکا بۆ کیشوەرەکانی تر، چیرۆکی گیرۆدەبوونی ئیبراهیمە بە شەمسی ئەکبەر و ڕەع ئامون ی ڕەحمانی تا لەو قۆناغەدا ئیسماعیل و ئیسحاقی دەبن، الحمد لله الذي وهب لي على الكبر اسماعيل واسحاق.

شوێنەوارناسەکان دەڵێن ئەگەر شێوە مرۆڤەکان مێژوویان حەوت ملیۆن ساڵ بێ، بەڵام تەنیا یەک ملیۆن ساڵە لە ئەفریقیا دەرچوون و بەکیشوەرەکانی تردا

بڵاوبوونەوە، ئەم بڵاوبوونەوەیە کۆچی موسا و سفری خروجی تەوراتی و شەقبوونی دەریایە،کە کەنداو و هیند لەدوو لاوە دەبنە بەشێک لە ئاسیای ژنی فیرعەونی ئەفریقیا و دایەنی موسای کۆچ کردوو و شەوڕەویکەر لە ستەمی فیرعەون، بەهەیکەل بوون و بەپەیکەربوون لە هەلاکی یوسف دەستی پێکرد، ئەمەش قۆناغی چوارەمی ئیبراهیمیە کە گیرۆدەی بوو،کیبر و پەیکەری مرۆڤ و مرۆڤی لەسەر سورەت و شێوەی ڕەحمان کەلە تەورات و فەرموودە هاتووە، ئەوپەڕ و تڕۆپکی ڕێزگرتن بووە لە مرۆڤ و مرۆڤ سەنتەری بووە.

پاش دەرکەوتنی ژیانی ئۆرگانی، ئێستا دەتوانرێ نەخشەی زەوی بە جۆرەها مێروولە و کولە و پەپوولە و باڵندە و چوار پێ و ئاژەڵ و درندە بچوێنرێ و وە دەتوانرێ بە مرۆڤ و پەیکەری کۆئەندامی مرۆڤیش بچوێنرێ، چونکە کە مرۆڤ لەسەر سورەتی حق بێ، دەبێ هێلانەکەشی ئاوێنەی ئەو بێ، چونکە زەوی وەک ئاوێنەیە، نەخشەکانی ڕاحیلی دایک لەنەخشە دەریایی و وشکانیەکانیان شێوەی پەیکەری یوسف و بنیامینەکان وەردەگرن، ئەمە خۆشەویستی ئاڵوگۆڕی پەیامی قۆناغی بەرزەخییە، لەنێوان مردوان و زیندووان، ڕابردووان و داهاتووان، ڕاحل و کۆچکردووەکان و یوسف و لەمەولاکان، ئەم پردە و پەیوەندییە ڕووحانی و کۆئەندامییە کە جوانترین قسەس و دابڕین و بەشبەش کردنە بۆ زەمین و زیندەوەرانی کۆشی زەمین.

نەخشەکانی ئاوی و وشکانی ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی سەرنشینەکانیانن:

چاخە جیۆلۆجیەکانی زەوی کە لەئینسکلۆپیدیای عەرەبی ئاسانی دکتۆر محمد شفیق غربال هێناویەتی:

یەکەم: چاخی جیۆلۆجیە دێرینەکان، ئەم چاخە بە پێنج سەد ملیۆن ساڵ دەخەملێنرێ و لەم چاخەدا چەندین جۆری بەرد و چینی شاخ و کانزا پێکهاتوون.

دووەم: چاخی دەرکەوتنی ژیانی یەک خانەیی ڕووەکی و ڤایرۆسی، جیۆلۆجیەکان لەم بەشە جیاوازی زۆریان لەنێواندا هەیە، ئەم چاخە وەک بازنە بێ سەروشوێنەکە، حلقە مفقودەکەی نێوان بێ گیان و گیاندارەکانە و بەچاخی پێش کمبری ناوی دەبەن و بەملیۆنان ساڵ دەی خەملێنن.

سێیەم: چاخی کۆنی جیۆلۆجی،کە دابەش دەکرێ بۆ قۆناغەکانی: -کیمبەری،- ئەردۆفشی،-سیلۆری. وە دەڵێن سێسەد و پەنجا ملیۆن ساڵی کێشاوە. لەم چاخەدا گەشەی ڕووەک و دارستان گەیشتۆتە ترۆپکە، دیارە ئەمە چاخی یەک کیشوەری زەمینە.

چوارەم: چاخی ناوەڕاست، ئەم چاخە چاخی زاڵبوون و نغرۆبوونی وشکانییە و دەرکەوتنی زەریای تیتسە، تا وای لێ هاتووە کە وشکانی وەک چەند دوورگەیەکی لێکدوور گیری خواردووە، ئەم چاخە کە دابەش دەکرێ بۆ تریاسی و جوری و تەباشیری و لەم چاخەدا خشۆک و دایناسۆرەکان و خشۆکی فڕیو ژیاون و بەچاخی خشۆکە زەبەلاحەکان دەناسرێ، سەد و بیست و پێنج ملیۆن ساڵی کێشاوە..

پێنجەم: چاخی جیۆلۆجی نوێ، ئەم چاخە حەفتا ملیۆن ساڵی کێشاوە و دیارەکە شیردەرەکان لەم چاخە پەیدابوون و دایناسۆرەکان و خشۆکە زەبەلاحەکان نەماون، جولەی کیشوەر و زەریاکان بەردەوام بوون.

ئەم چاخانە هەر چەندە دوو ملیار ساڵیان کێشاوە، بەڵام هەروەک پێنج ڕۆژەکەی تەورات، واتە پێش ڕۆژی شەشەم کە ئادەمی تیا دروستکرا هەمان شت کە لە سفری تکوین لەو پێنج ڕۆژە باس کراوە، لەو پێنج چاخە دوو ملیار ساڵیەش هەمان شت دەرکەوتووە، ئەمەش پشتگیرییەکە بۆ ئەوە کە تەورات تا ئێستا لەگەڵ ئەم بیردۆز و تیۆر و گریمانانە نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی جیهانبینی سفری تەکوینی تەوراتی دەرچن، چۆنێتی چوار ڕۆژەکانی دروستکردنی زەمین و دوو ڕۆژی بەرگە هەوا و دابەشکرانی زەمین بۆ حەوت کیشوەر و حەوت زەریا و ئاسمانەکان بۆ حەوت چین لە قورئان و فەرموودەشدا لەگەڵ سیناریۆی پێکهێنانی تەورات بۆ بوونەوەران یەک شێوەن و هەموویان لەگەڵ ئەم گریمانە و بیردۆزەی جیۆلۆجیانە تەسدیقی یەکتر دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن.

تەنانەت ئەو حەوت گوڵە گەنمە سیسەی کە حەوت گوڵەگەنمە پڕەکانی خواردن و ئەو حەوت مانگا لەڕ و لاوازەی حەوت مانگا قەڵەوەکەیان خواردن، وەک ئەو حەوت ئەستێرە ڕەقەی کۆمەڵەی کەلە چاو ئەو خولگانەی تێیدا دەسوڕێنەوە، وەک دەنکە نۆکێکن لە بیابانێکی گەورەدا، ئەوانە مانگا لەڕەکەن، ئەو مانگا هەڵئاوساو و پفبووەی بۆشایی هەموو ئەم دەنکە نۆکانە کێشی دەکەن و وەک مانگا لەڕەکان ئەو مانگا قەڵەوانە دەخۆن، لەسەر زەویش ئەو لەسەدا بیست و هەشتەی حەوت کیشوەری وشکانی کە مانگا لەڕەکانن، حەوت مانگا قەڵەوەکەی زەریا و دەریالوشەکان دەخۆن، بچوک و لەڕ و لاوازەکان لەم بوونەوەرە مانگا هەڵئاوساو و ئەستوورەکان دەخۆن.

خوێندنەوەی پەیکەری کۆئەندامی شێوەکانی مرۆڤ لە نەخشەی دیاردە ئاوی و وشکانییەکان دا..

هەروەک چۆن لەچاخەکۆنەکان شێوەی نەخشەی وشکانی دەریایی ڕەنگدانەوەی زاڵترین دروستکراوی سەر زەوی بوو، ئێستاش دەیان شێوەی نەخشەی ئاوی وشکانی

هەن لەسەر زەوی کە شێوەیان لە پەیکەری مرۆڤ یان کۆئەندامێکی مرۆڤ دەچێ، وە زۆر شێوەش هەن لە دەریا و وشکانی کە شێوەیان لە دڵ یان لەنووسینی محمد یان لەسەر شێوەی ژمارە و پیتەکانە..

گەلانی کۆن چەندین پۆلێنیان بۆ رووی زەوی و ئاسمانیش کردوە، زەویشیان بەسەر کەلووەکانی ئاسماندا دابەشکردۆتەوە، کە هەر ئیقلیم و ناوچەیەك سەر بە بورجێکە و هەر بورجێکیش یەکێ لە حەوت هەسارە کەی: خۆر، مانگ، مەریخ، مشتەری، زوهرە، عەتارد، زوحەل دەنوێنێ، وەک یاقوتی حەمەوی و ئیبن خەلدون لە مەجستی کتێبەکەی بتلیمۆس هوە دەگوازنەوە، دەڵێن جیهان حەوت قەڵەمڕەوە و هەرقەڵەمڕەوەش یەکێک لەبورجەکان و حەوت هەسارەکان پەیوەندی پێوە هەیە.

کۆمەڵەی خۆر و پەیکەری مرۆڤ:

کاتێ لەتەورات و فەرموودەدا گوترا بێ اللە ئادەمی لەسەرشێوەی رحمن و بە ئەحسن تقویم و شایستەترین شێوە دروستکردووە، وەکاتێ دوای ملیاران ساڵ زەمین دەبێتە هێلانە و کۆشی ئەو میوانە بەڕێزە و هەموو شتێک لەخزمەتی ئەو دەبێ و هەموو نەخشە ئاوی و وشکانییەکان شێوەی ئادەمیزاد دەدەن، جا کە ئەم زەوییە یوسف و کۆمەڵەی خۆریش باوک و دایک و براکانی بن، دەبێ لە ئاسمانیش وەک زەوی نەخشە پیرۆزەکەی اللە پایەدار بێت.

کاتێ کۆمەڵەی خۆر وەك نەخشەکەی زەوی و دەریا بەمرۆڤ دەچوێنرێ: خۆر لەناو هەناوە و دەبێتە زگ و گەدەی پەیکەرەکە، عەتارد و زهرە سی و سنگن، زەوی رووخساریەتی، بۆیە ئێمە بۆ سوجدە ڕوو لەهەرکوێ کەین وەک ڕووی حەقە، وە کاتێ پێغەمبەر علیه السلام ئەو هەڕەشەیەی سوڕەتی ئەنعامی خوێندەوە فەرمووی پەنادەگرم بەڕووی تۆ ..

مەریخ و مانگ دەستەکانن، دەگونجێ، مانگی نزیك دەستی چەپ بێ و مەریخی سور دەستی راست بێ، یان بە پێچەوانەوە، مانگ بۆ ژمێریاری راست بێ و مەریخ چەپ بێ، نەیزەکەکانی نێوان مەریخ و مشتەری قژ و پرچن، پەیکەرەکە لە خولگەی فۆتۆن و کلکدارەکانی دوای مەریخ دەست پێ دەکا کە پرچن و زەوی دەم و چاو و عەتارد و زوهرە سینگ و خۆر زگ و مشتەری و زوحەل حەوز و کڵۆتو ڕان و ئۆڕانۆس ڕانی ئەفریقیا و نیپتۆن قاچەکەی ئۆقیانیەو، پلۆتۆ و ئەستێرەی دوای پلۆتۆش پێیەکانن.

بەهەمان شێوەی زەوی و کۆمەڵەی خۆر دەتوانرێ گەلەکسی کاکێشان و بورجەکانیش بە مرۆڤ بچوێنرێن و ڕێ کاکێشان ببێتە کەمەری و جێی منالّدانەکە و گەلەکسییەکانی خوارەوە، قاچ بن و هی سەرەوە، ببنە سنگ و سەر و دەم و چاو .

جا کە قورئانیش بەرامبەر بە کاکێشان ڕاگری، دەبینی کە خۆر لای چەپی مەجەرەی کاکێشانە لە نەخشەی فەلەکی، وە سورەی شمس لە جزمی عم لای چەپی قورئانە، وەکەتەلۆک و نەخشەی ئەم گەردوونە و فەلەک و کەشکەشانانەیە پێش دروست کرانیان..

کەواتە کاکێشان هێلکەدانی منداڵدانی گەردوونە، قورئانیش ڕەحم و ڕەحمەتە لە جیهان. بە دابەزینی هێلکەی منداڵدان و وپاکبوونەوەشی لەهێلکە هەر دەگوترێ قورئ، بە هاوبەندی هاوسەرگیریش دەگوترێ قیڕان و ئیقتیران، بۆیە قورئان پەیوەندی بەڕەحم و ڕەحمان و ڕەسولی نێردراو ڕەحمەتەن للعالمین هەیە،کە محمد یەکەم عابدین بێ وەک لەسورەتی زخرف هاتووە، ،چونکە ئەو بۆشایی و دووری و پانتایی و منداڵدانی هەموو ڕووداو و جوڵە و داهێنانەکانە، قورئانیش دوای الرحمن عەلەم و ئاڵا و ناسنامە و ناونیشانە، پێش بوونی مرۆڤ و ئینسان و زەمین و ئاسمان و ڕۆژ و مانگ قورئان هەبووە، وەک لەسورەتی رحمن باسی هاتووە.

الرحمن*علم القران*خلق الانسان*علمه البيان*الشمس والقمربحسبان*والنجم والشجر يسجدان*والسماء رفعهاووضع الميزان*..

ئەمەش ڕیزبەندییەکی تری دەرکەوتن و بەدیهاتنی بوونەوەرانە، کە ئەویش هەروەک ڕۆژەکانی تەورات، لە هەر ئایەتێک باسی جۆرێک لە دروست کراوەکان دەکات.

لە جیاکەرەوە و پایەکانی محمد ئەوەیە کە خاتەمە، ئەگەر خاتم بەمانای دوا ئاڵقە و بازنە و خولگەی کۆتایی بێ، کەواتە اللّٰه لەدوای ئەو هیچ بازنە و ئاڵقە خاتەمە دەفرێکی تر دروست ناکا و پڕی ناکا لە دروست کراو، جا ئەم رحمانە میهرەبانە زاڵە بەسەردە بوونەوەرە پەیێبراوەکانی گەردوون، علم القران، ئەو قورئانی کردە، عەلەم و ئاڵا و نیشانە، قورئان لەدوای رحمن پێش هەموو شتێ عەلەم بوو، پەیوەستیش بوو بە ڕۆحی محمد کە یەکەم عابدە لەبوونەوەردا وەک لەسورەتی زخرف ئاماژەی پێکراوە(قُلْ إِنْ كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ).

بوونەوەر لەوحێکی خاڵی بوو، سەرسنگی بۆشایی کردە ناوەرۆک و تەرخان کراو بۆ قورئان خوێندرانەوە، لە دیاردە ئاسمانییەکان یەکەم دێڕی خوێنراوە و قورئان دانرا، کەڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و هەسارە و کلکدار و ئاسمانی پڕ هاوسەنگی بوو، لەدێڕی

دووەمیش زەمین و میوە و درەخت و ڕووەک و دیاردە جیاوازەکانی بوون، پاش هەموو ئەمانە جن و پەری هێنرانە بوون و دوای ئەوانیش مرۆڤەکان دروست کران ..

سەرچاوەکانی ئەم بەشە :

- حول العالم :الاحلام المستقبلية د.فهد عامر الاحمدي.

-اطلس الاديان :د.سامي مغلوث

اطلس الانبياء والرسل :د. سامي مغلوث

-الكتاب المقدس:العهد القديم

-الفهرست ابن نديم .

-خوارق الابداع:د. فريدة قرقلو.

-المقدمة :العلامة ابن خلدون.

-معجم البلدان :ياقوت الحموي

-البداية والنهاية :ابن كثير

موسوعة القرن الفرنسية

الموسوعة العربية الميسرة .د.محمد شفيق غربال

بەشی چوارەمی ئایندەناسی :

داهاتووی مرۆڤایەتی لە دەلاقەی خەونەکەی نبوخوزنەصر و لێکدانەوەکەی دانیالەوە، واتاکەی بەکورتی:

لە ژمارە ٧ی گۆڤاری ئایندەی پایزی ٢٠٢٣دا بڵاو کرووەتەوە

نەبو خوزنەصر خەونێکی دیت کە دەیەوێست خەون لێدەرەوەکان هەم خەونەکە و هەم لێکدانەوەکەی پێ بڵێن، ئەگەرنا دەیان کوژێ، دانیال خەونەکەی بە وەحی زانی و بۆ پاشای گێڕایەوە و خەون لێکدەرەوەکانی مەجوس و کلدانی لە کوژران ڕزگارکرد، من دەقی خەونەکە لە سفری دانیالەوە لەتەورات، کتێبی پیرۆز، الکتاب المقدس، عەهدی قەدیم، وەردەگێڕم و پاشان لێکدانەوەکەشی باس دەکەم:

کتێبی پیرۆز «دانیال» بەشی 2

خەونی نەبوخودنەسر 1، نەبوخودنەسر پاشا لە ساڵی دووەمی پاشایەتییەکەی چەند خەونێکی بینی کە بووە هۆی بێزار بوونی و خەوی لێ زڕا. 2، جا پاشا فەرمانی دا جادووگەر و ئەفسونگەر و بەخت خوێنەوەرە و ئەستێرەناسەکان بانگ بکەن، بۆ ئەوەی پێی بڵێن کە چ خەونێکی بینیوە. کاتێک هاتن و لەبەردەم پاشادا وەستان،3، پاشا پێی گوتن: «خەونێکم بینیوە هەراسانی کردووم و دەمەوێ بزانم لێکدانەوەکەی چییە». 4، ئەستێرەناسەکان بە زمانی ئارامی بە پاشایان گوت: «ئەی پاشا، هەتاهەتایە بژیت! خەونەکە بە بەندەکانت بڵێ هەتا بۆت لێکبدەینەوە».

5، پاشا وەڵامی ئەستێرەناسەکانی دایەوە: «ئەوە بڕیاری کۆتایی منە: ئەگەر خەونەکە و لێکدانەوەکەیم پێ نەڵێن، پارچەپارچە دەکرێن و ماڵەکانتان دەبێتە کەلاوە.6، بەڵام ئەگەر خەونەکەتان پێ گوتم و لێکتاندایەوە، لە منەوە دیاری و پاداشت و ڕێزێکی گەورەتان دەست دەکەوێت. کەواتە خەونەکەم پێ بڵێن و بۆم لێکبدەنەوە». 7، دووبارە وەڵامیان دایەوە: «با پاشا خەونەکە بە بەندەکانی بڵێت هەتا بۆت لێکبدەینەوە».

8، ئینجا پاشا وەڵامی دایەوە: «من لەوە دڵنیام ئێوە دەتانەوێت کات بەدەستبهێنن، چونکە دەزانن ئەوە بڕیاری کۆتایی منە: 9، ئەگەر خەونەکەم پێ نەڵێن، یەک سزاتان هەیە. ئێوە لەسەر درۆ و قسەی پووچ ڕێککەوتوون هەتا لەبەردەمم بیڵێن، هەتا بارودۆخەکە دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە خەونەکەم پێ بڵێن، ئینجا من ئەوە دەزانم کە ئێوە دەتوانن خەونەکەم بۆ لێکبدەنەوە». 10، ئەستێرەناسەکانیش وەڵامی پاشایان دایەوە: «هیچ کەسێک لەسەر زەوی نییە ئەم داوایەی پاشا جێبەجێ بکات! هەرگیز هیچ پاشایەکی گەورەی خاوەن دەسەڵات شتێکی وای لە جادووگەر و ئەفسونگەر و ئەستێرەناس داوا نەکردووە.11، ئەوەی کە پاشا داوای دەکات زۆر قورسە. هیچ کەس ناتوانێت بۆ پاشا ئاشکرای بکات، جگە لە خوداوەندەکان، ئەوانیش نشینگەیان لەگەڵ مرۆڤدا نییە».

12، ئەوە پاشای زۆر تووڕە کرد و ڕقی هەستا، فەرمانی دا هەموو داناکانی بابل لەناوببردرێن.13، ئینجا فەرمان دەرچوو بۆ کوشتنی داناکان، بەدوای دانیال و هاوڕێکانیشیدا هاتن بۆ ئەوەی بیانکوژن. 14، کاتێک ئەریۆکی سەرۆکی پاسەوانانی پاشا چوو بۆ ئەوەی داناکانی بابل بکوژێت، دانیال بە دانایی و ڕێزەوە قسەی لەگەڵ کرد،15، لە فەرماندەی پاسەوانانی پرسی: «بۆچی فەرمانەکەی پاشا ئەوەندە تونده»؟ ئەریۆکیش بابەتەکەی بۆ دانیال ڕوونکردەوە.16، لێرەدا دانیال چووە

ژووره‌وه و داوای له پاشا کرد کاتی پێبدات، بۆ ئه‌وه‌ی لێکدانه‌وه‌ی خه‌ونه‌که بۆ پاشا ده‌ربخات.

17، ئینجا دانیال گه‌ڕایه‌وه ماڵه‌که‌ی خۆی و بابه‌ته‌که‌ی له هاوڕێیه‌کانی گه‌یاند، له حه‌نه‌نیا و میشائیل و عه‌زه‌ریا،18، بۆ ئه‌وه‌ی له‌باره‌ی ئه‌م نهێنییه داوای به‌زه‌یی له په‌روه‌ردگاری ئاسمان بکه‌ن، هه‌تا خۆی و هاوڕێیه‌کانی له‌گه‌ڵ سه‌رجه‌م داناکانی بابل له‌ناونه‌چن.19، له شه‌ودا، به بینینێک نهێنییه‌که بۆ دانیال ئاشکرا کرا، دانیالیش ستایشی په‌روه‌ردگاری ئاسمانی کرد،20، گوتی: «ستایش بۆ شکۆداری الله له ئه‌زه‌له‌وه و بۆ هه‌تاهه‌تایه، چونکه دانایی و توانا هی ئه‌وه.21، ئه‌وکات و ساته‌کان ده‌گۆڕێت، پاشایان لاده‌دات و پاشایان داده‌نێت، دانایی به داناکان ده‌به‌خشێت و زانایان فێری تێگه‌یشتن ده‌کات.22، ئه‌و قوواڵایی و نهێنییه‌کان ئاشکرا ده‌کات، ئه‌و ده‌زانێت چی له تاریکیدا شاردراوه‌ته‌وه، ڕووناکی له‌لای ئه‌و نیشته‌جێیه.23، ئه‌ی په‌رستراوی باوباپیرانم، سوپاس و ستایشی تۆ ده‌که‌م: تۆ دانایی و هێزت پێدام، تۆ وات کرد ئه‌وه‌ی داوامان لێ کردی له‌لای منه‌وه زانراو بێت، تۆ وات کرد ئێمه خه‌ونه‌که‌ی پاشا بزانین».

دانیال خه‌ونه‌که‌ی لێکده‌داته‌وه 24، دوای ئه‌وه دانیال چوو بۆ لای ئه‌ریۆک، ئه‌وه‌ی پاشا ده‌ستنیشانی کرد بۆ له‌ناوبردنی داناکانی بابل، پێی گوت: «داناکانی بابل له‌ناو مه‌به. بمبه لای پاشا، من خه‌ونه‌که‌ی بۆ لێکده‌ده‌مه‌وه». 25، ئینجا ئه‌ریۆک به په‌له دانیالی برده لای پاشا و گوتی: «پیاوێکم له نه‌وه ڕاپێچکراوه‌کانی یه‌هودا دۆزیوه‌ته‌وه که ده‌توانێت واتای خه‌ونه‌که به پاشا بڵێت».

26، پاشا له دانیالی پرسی، که ناوی بێلته‌شه‌سر بوو: «ئایا ده‌توانی ئه‌و خه‌ونه‌م پێ بڵێی که بینیومه و هه‌روه‌ها لێکی بده‌یته‌وه»؟ 27، دانیال وه‌ڵامی دایه‌وه: «ئه‌و نهێنییه‌ی پاشا داوای کردووه نه دانا و نه ئه‌فسونگه‌ر و نه جادووگه‌ر و نه فاڵگره‌وه ناتوانن بۆ پاشا لێکی بده‌نه‌وه.28، به‌ڵام په‌روه‌ردگارێک له ئاسمان هه‌یه نهێنییه‌کان ئاشکرا ده‌کات، ئه‌و به نه‌بوخودنه‌سری پاشای ڕاگه‌یاند له ڕۆژانی داهاتوودا چی ده‌بێت. کاتێک تۆ له‌سه‌ر جێگاکه‌ت بووی، ئه‌مه بوو ئه‌و خه‌ون و بینینه‌ی هاته ناو مێشکت:

29، «ئه‌ی پاشا، کاتێک تۆ له‌سه‌ر جێگاکه‌ت ڕاکشابووی، بیرت به لای داهاتوودا چوو، ئاشکراکه‌ری نهێنییه‌کان بۆی ده‌رخستی چی ڕوودەدات.30، سه‌بارەت به ئاشکراکردنی ئه‌م نهێنییه بۆ من، له‌به‌ر ئه‌وه نه‌بوو که من دانایه‌کی زیاترم هه‌بێت له پیاوه‌کانی دیکه، به‌ڵکو ئه‌مه له‌به‌ر تۆ بوو، ئه‌ی پاشا، تاکو لێکدانه‌وه‌که‌ی بزانیت و هه‌روه‌ها له بیرکردنه‌وه‌کانت تێبگه‌یت. 31، «ئه‌ی پاشا، تۆ ته‌ماشات کرد و

پەیکەرێکی گەورەت لەبەردەمت بینی، پەیکەرێکی زۆر گەورە و درەوشاوە، دیمەنی سەرسوڕهێنەر بوو.32، سەری پەیکەرەکە لە زێڕی بێگەرد بوو، سنگ و قۆڵەکانی لە زیو بوو، سک و ڕانەکانی لە برۆنز بوو،33، قاچەکانی لە ئاسن بوون و پێیەکانی بەشێکی لە ئاسن و بەشێکیشی لە قوڕی سوورکراوە بوو.34، کاتێک تەماشات دەکرد، بەردێک بڕایەوە بەبێ ئەوەی دەستی مرۆڤی بەرکەوێت، لە پێیەکانی پەیکەرەکەیدا کە لە ئاسن و قوڕی سوورکراوە بوون و ورد و خاشی کردن.35، ئینجا ئاسن و قوڕە سوورکراوەکە و برۆنز و زیو و زێڕەکە پێکەوە وردوخاش بوون و وەک پووشی سەر جۆخینیان[a] لێهات لە هاویندا، با هەڵیگرت بەبێ ئەوەی شوێنەواری بمێنێت. بەڵام ئەو بەردەی لە پەیکەرەکەیدا، بوو بە کێوێکی گەورە و هەموو زەوی گرتەوە[b] .

36، «ئەمە خەونەکە بوو، ئێستاش با بۆ پاشا لێکی بدەینەوە.37، تۆ، ئەی پاشا، پاشای پاشایانی. بەدیهێنەری ئاسمان پاشایەتی و دەسەڵات و توانا و ڕێزی پێ بەخشیویت.38، مرۆڤ و گیانلەبەری دەشتودەر و باڵندەی ئاسمان لەژێر دەستی تۆن، لە هەرکوێیەک بن، تۆی بەسەر هەموویاندا زاڵ کردووە. تۆ ئەم سەرەی کە لە زێڕە.

39، «پاش تۆ، پاشایەتییەکی دیکە هەڵدەستێتەوە، پایەی لە تۆ نزمترە، دوای ئەوە سێیەم پاشایەتی لە برۆنزە، بەسەر هەموو زەویدا زاڵ دەبێت.40، پاشان پاشایەتی چوارەم دێت، وەک ئاسن ڕەقە، چونکە ئاسن دەکوتێت و هەموو شتێک وردوخاش دەکات، وەک ئەو ئاسنەی تێکدەشکێنێت، ئەمیش هەموو ئەوانی دیکە وردوخاش دەکات و تێکیان دەشکێنێت.41، هەروەک بینیت پێیەکان و پەنجەکان بەشێکیان لە قوڕی سوورکراوە و بەشێکیان لە ئاسن بوون، پاشایەتییەکە بەم شێوەیە دابەشکراو دەبێت، بەڵام هەندێک هێزی ئاسنی تێدا دەبێت، هەروەک بینیت ئاسنەکە تێکەڵ بە قوڕی سوورکراوە بوو.42، هەروەک پەنجەی پێیەکان بەشێکیان لە ئاسن و بەشێکیان لە قوڕی سوورکراوە بوو، جا بەشێک لە پاشایەتییەکە بەهێز و بەشێکیش ناسک دەبێت.43، هەروەک بینیت ئاسنەکە تێکەڵ بە قوڕە سوورکراوەکە بوو، ئینجا ئەوان تێکەڵ بە وەچەی خەڵکی دەبن، بەڵام ئەمە بە ئەوەوە نانووسێت، هەروەک ئاسن تێکەڵ بە قوڕ نابێت.

44، «لە سەردەمی ئەم پاشایانەدا پەروەردگاری ئاسمان پاشایەتییەک دادەمەزرێنێت کە هەرگیز لەناو ناچێت، بۆ گەلی دیکە بەجێناهێڵدرێت، هەموو ئەو پاشایەتییانە وردوخاش دەکات و کۆتاییان پێدەهێنێت، ئەو هەتاهەتایە بە چەسپاوی دەمێنێتەوە.45، ئەمە واتای ئەو بینینەیە کە بەردێک لە چیاوە برا، بەڵام بە دەستی مرۆڤ نا، ئاسن و برۆنز و قوڕی سوورکراوە و زێڕ و زیوەکەی وردوخاش کرد.

«پەروەردگاری مەزن ئەوەی بە پاشا نیشاندا کە لە داهاتوودا ڕووەدات. خەونەکە ڕاستە و لێکدانەوەکەشی جێی متمانەیە».

46، ئینجا نەبوخودنەسر بەسەر ڕوویدا کەوت و کڕنۆشی بۆ دانیال برد، فەرمانیدا دیاری و بخووری پێشکەش بکەن.47، پاشا بە دانیالی گوت: «بەڕاستی پەرستراوی ئێوە پەروەردگاری هەموو پەرستراوەکانە و گەورەی پاشایانە و ئاشکراکەری نهێنییەکانە، چونکە تۆ توانیت ئەم نهێنییە ئاشکرا بکەیت».

48، ئینجا پاشا دانیالی لە پلەیەکی بەرز دانا و دیاری زۆری پێ بەخشی. دەسەڵاتی پێدا بەسەر هەموو هەرێمی بابل و کردییە سەرۆکی هەموو داناکان.49، سەرباری ئەمەش، لەسەر داوای دانیال پاشا شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆی دەستنیشان کرد بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی بابل، بەڵام دانیال خۆی لە دیوانی پاشا مایەوە.

سفری دانیال لە عهدی قدیمی کتابی مقدس، تەورات، لاپەرە 1105-1106).

لیکدانەوەکەی نبی دانیال زۆر جوان هاتۆتەدی، ئەوەی شانشینی زێڕینی نەبوخوزنەصرو بابلی ڕووخاند ئەخمینیە پارسەکان بوون کەوەك بابل بەهێز نەبوون، وە ئەوەی پارسەکانی ڕووخاند کە یۆنانی هەموو جیهانی کۆنی گرتەوە، شانشینی چوارەم کە ئاسنە و شانشینەکان لە ناو دەبا و پاشان خۆی دابەش دەبێ، ڕۆمانەکانن، ڕۆمانەکانیش پاش چەند سەدە ئەوانیش وەك خەونەکە دەڵێ، دابەشی دوو بەشی بیزەنتەی ئاسنەکە و ڕۆمای گلەکە بوون، یان بە پێچەوانە، گرنگ نییە کامیان گڵ و کامیان ئاسنن، بەردێك لە شاخێك کەوتە خوار، شاخ بەڵگەیە لە فترەت و خۆرسکی و جبلەی مرۆڤ، ئەم بەردە ئیسلامە کە هەموو ملکی ڕۆمان و بیزەنت و فارس و هیلین و بابلی پێچایەوە و شوێنەوار و کەلەپووریان با بردی، گەورە بوونی بەردەکە تا هەموو زەوی داگرت، ئەویش وابوو کە ئیسلام هەموو دنیای کۆنی داگرت و ئەوەندەی ئەسکەندەر و بابل حوکمیان دەکرد، ئیسلام بەزیادیش لەوان فراوان بوو، هەر لە سەردەمی سەرەتای مرۆڤایەتی تا سەردەمی دانیال و هاتنی محمد درودی خوای لەسەر بێت هیچ دینێك هێندەی ئیسلام بە کرداری دژی پەیکەر پەرستی نەبووە و ئەوەندەی ئیسلام پەیکەر و هەیکەلی نەشکاندوون، کەوتنە خوارەوەی بەردەکە بەبێ ئەوەی دەستی کەسی بەرکەوێ، بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەهاتنی ئیسلام ڕووداوێکی مرۆڤکرد نییە.

من ئێستا دەمەوێ لیکدانەوەی دووەم بۆ خەونەکە بکەم، لە ژێر ڕۆشنایی نەخشەی گۆی زەوی کە وەك پەیکەری مرۆڤە و ئەم جارە هەر بەتەنیا سێ کیشوەری جیهانی کۆن نییە و چوار کیشوەری تریشی هاتۆتە سەر، سەرە زێڕەکە ئەمریکایە و پرچەکانی درێژن، باڵەکان و سنگەکە کە زیوە و زۆربەی بە بەفری زیوین داپۆشراوە،

باکووری ئۆراسیایە، واتە ڕووسیا و ئەورووپان، زگ و ڕانە مسەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و کیشوەری هیندی چینییە، قاچەکان کە گڵکار و ئاسن تێکەڵاون، ئۆقیانیا و باشووری ئەفریقیان، بەردەکەی لە شاخ دەکەوێ، بە هۆی زیادەڕەوی و لادانی مرۆڤ لە فیترەت و ڕەسەنایەتی تووشی ئەو کارەساتە دەبێ، چونکە لە خەونەکە دیارە بەردەکە دەستی مرۆڤ نەبجوڵاند، واتە هۆکاری کارەساتەکە جەنگ نەبوو.

دەبینین ئەمڕۆ بەهۆی زیادەڕەوی و لەڕێ لادانی مرۆڤ لە ڕەسەنایەتی خۆی، بەردەکە بەبەر قاچەکانی ئۆقیانیا و ئەفریقیا کەوتووە، زیادەڕەوی مرۆڤ لە پیسکردنی ژینگە و زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی بۆ کەرەستە خاوەکان و ناو کۆڵکردنی زەوی بە شێوەیەکی سەر شێتانە و ئەو قڕی وپڕی و سووخۆرییەی کە هیچ سەردەمێك وەك ئەمرۆ نەبووە و ئەو نێربازی و زەواجی مسلی و رابواردن لەگەڵ مەیمون و سەگ و پشیلە و کەر و ئێستر و مریشك و قاز و مراوی و جۆرەها گیانەوەری تر و هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەندەسەی بۆماوە و گۆڕینی پێکهاتەی ڕەگەز و چەشنەکان بە شێوەیەکی دوور لە بەها ئەخلاق و دینی و تەندروستی و مرۆڤایەتییەکان و کۆپیکردنی زیندەوەر و مرۆڤەکان و درۆ و دەلەسە هەڵبەستن بەناوی ڕاگەیاندنی ئازاد و چەواشەو پڕوپاگەندەی تا سەر ئێسقانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و شەڕ و ئاژاوە و ئاشوب نانەوە بەناوی بریقەدار و چەواشەکەر بۆ پاکتاوکردنی نەژادی و گاڵتە کردن بە هەموو پیرۆزی و مقدسات و بەهادینییەکان و نکوڵیکردن لە ڕۆح و جیهانی نادیار، وە دروستکردنی سەدان ڕێکخراوی تیرۆریست و مرۆڤ قڕکەر و دژ بەهەموو دینەکان بەناوی دینداری و خەڵەتاندنی کەسانی دیندار لە ناو هەموو دینەکان و پاکتاو کردنیان لەناو ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستیانە، کە ئەم ڕێکخراوانە هەموویان بە هی ئیسلام و جولەکە و نصراني، هەمووی پێویستی بازار و فراوانخوازی و چاوبرسێتی و بازرگانی ناڕەوا و نەخۆشی دەروونی و سەر لێشێواوی و دەزگای هەواڵگری و سەربازی و سەرمایەداری دروستی کردون و باوەڕیان بە هیچ مقدساتێك نییەو تاکە مقدس کە ئەوان بیناسن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە و هیچی تر.

بۆیە دەبینین لەلای هەردوو پێیەکانی پەیکەری نەخشەی زەوی، کە ئۆقیانیا و ئەفریقیان کارەسات هەیە، چینی ئۆزۆن لە ئۆقیانیا کون بووە، دارستاکان ئاگریان گرتووە، تسۆنامی و بورکان و بوومەلەرزە و رۆچوون و لافاو و گەردەلول و زریانەکان ناپسێنەوە، لە قاچەکەی ئەفریقیاش وشکە سااڵی و برسێتی و بێ بارانی و قات و قڕی و بارانی ترشەڵۆك و نەخۆشی ئایدز و جۆرەها نەخۆشی و پەتاو دەردی تر و کارەساتی سروشتی تر ناپسێنەوە.

هەردوو قاچەکەی زەنگی مەترسی لێدەدەن و خەریکن دادەڕووخێن، مەنسەئەکەی سلێمانە و کرمێ بووە و خەریکە پەیکەری سلێمان دەڕووخێ. دەرد و پەتا و کارەساتە سروشتی و ناسروشتییەکان و دەردە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و سەربازی و هەواڵگری و راگەیاندن و چەواشەکارییەکان، قاچەکانی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە رانە مسەکان و کەمەر و حەوز و زگی پەیکەرەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری هیندی چینی و جارجارە بڵێسەی زەنگی ترسناکی لە سنگە زیوینەکەی باکووری ئۆراسیا و سەرە زێرینەکەی ئەمریکاش خەریکە ورد و خاش دەکا.

کەواتە بەم بورهان و بەڵگانەی بۆم باسکردن، دوور نییە کە بۆ جاری دووەم ئەم خەونە بەهۆی هەمان دەردی لادان لە ئەصالەت و رەسەنایەتی، بەردوچکەکەی جبلەت بکەوێتەوە خوار و دووبارە پەیکەری مرۆڤایەتی ببێتەوە کای سەر خەرمان و پوش و قانگەلۆشکی دەم ڕەشەبا و جارێکی تر با بیبا.

خەونی دووەمی سفری دانیال: خەونی بەران و نێریەکە:

لە ساڵی سێیەمی سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا بلشاصری کوڕی نەبوخزنصردا، من دانیال ئەم خەونەم بینی، لە خەودا دیتم کە من لە شاری شوشان – سوس، شوست- پایتەختی هەرێمی عیلام، لەخەومدا لە سەر رووباری ئەولای راوەستا بووم، چاوم هەڵبڕی و دیتم کە بەرانێك لە دەم رووبارەکە راوەستاوە، ئەم بەرانە دوو قۆچی هەیە، قۆچێکیانی بڵندترە لە ئەوی تریان، قۆچە بڵندەکە دوای قۆچەکەی تر رواوە، بینیم کە بەرانەکە لە گەڵ رۆژئاوا و باشوور و باکوور شەرەقۆچ دەکات، هیچ گیاندارێك نەیتوانی بەرامبەری راوەستێ و هیچ کەس لە بەری دەرباز بێ، بۆیە، ئەوەی ئەم بەرانە دەیەویست دەیکرد و زۆر بەدەسەڵات و پایەدار بوو، لەکاتێکدا کەمن چاودێری ئەوەم دەکرد داخۆ چ ڕوو دەدا؟ بینیم کە نێری بزنان لەلای رۆژئاواوە هات، هەموو زەوی داگرت و زۆر خیرا و خۆشڕەو بوو، بەشێوەیەك کە دەتگوت قاچی بەر زەوی ناکەوێ، ئەم نێرییە یەك قۆچي هەبوو لە نێو چاوانی، هات و بەرەو ڕووی بەرانە دوو شاخەکە بوەوەکە لەسەر رووبارەکە بوو، بەتوڕەییەکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر، سەیرم کرد هەردوو قۆچەکەی بەرانەکەی شکاند و بەرانەکە نەیتوانی خۆی لە بەرامبەری رابگرێت، بەرانەکەی لە زەویدا و خستیە ژێر قاچەکانی، کەس نەیتوانی لە ژێر دەستی دەربێنێ، بۆیە نێری بزنان زۆر بە شانو شەوکەت بوو، جا کاتێ فەخر و شانازی کرد قۆچەکەی نێو چاوانی شکا و لە ژێریەوە چوار قۆچ دەرکەوتن بەرەو چوار بایەکانی ئاسمان، وە لە لای یەکێك لە و چوار قۆچ و شاخە، شاخێکی بچوکی تر سەری دەرهێنا، پاشان زۆر گەورە بوو، بەرەو رۆژهەڵات و باشوور و زەوی مەجید – مەبەستی فەلەستین و سینا و زەوی ئیسرائیلی کۆن- ئەم شاخە لوت بەرزی هەتا لە

سەر سەربازەکانی ئاسمانیش دەکرد، تەنانەت هەندێ سەربازانی ئاسمان و ئەستێرەکانی ئاسمانی لە ئاسمان گلدایە خوارەوە و بە پێلاقە تێی هەڵدان، لوت بەرزی لەگەڵ سەرۆکی سەربازانی ئاسمانیش کرد، مەحرەقەی هەمیشەیی – شوێنی پەرستش و قوربانیەکان –لە ژێر دەستی سەرۆکی سەربازەکان دەرێنا، پیرۆزییەکەی ڕووخاند، چونکە خەڵك لەجیاتی قوربانیدان، سەرپێچی اللە یان دەکرد، دینی حەقیان لە سەر زەوی بەلانابوو، بۆیە ئەم قەرنی پێنجەمە، توانی هەموو ئەمانە بکات، گوێم لێ بوو کە ملاکێك –فریشتەیەك- بە مەلاك و فریشتەیەکی تری دەگوت: هەتاکو کەی ئەم روئیا و خەونە بەردەوام دەبێ؟ هەتاکو کەی سەرپێچی و تاوان بەردەوام دەبێ و محرقەی هەمیشەیی و قوربانی لە کار دەخرێ و هەرچی پیرۆزییە بێ ڕێزی پێ دەکرێ؟ ئەو مەلائیکەیەی تر وەڵامی دایەوە، هەتاکو هەزار و سەد و پەنجا بەیانی و هەزار و سەدو پەنجا ئێوارە، دوای ئەوە پیرۆزی دەگەڕێتەوە بۆ پاکژییەکەی).

جبریل علیه السلام ئەم خەونە لێکدەداتەوە:

(کاتێ من، دانیال، ئەم خەونەم بینی، داوام کرد تێم بگەیەنن،کەسێك لە سەرشێوەی پیاوێك لەبەردەمم وەستا، وەگوێم لەدەنگێکی وەك دەنگی ئینسانێك بوو کەلەناوەڕاستی ڕووباری ئەولایەوە هات، گوتی ئەی جبریل ئەو پیاوە لەو خەونە بگەیەنە، جبریلیش هات بۆ ئەو شوێنەی کەمن لێی وەستا بووم، من ترسام و یەکسەر سوجدەم برد، جبریل پێی گوتم. ئەی مرۆڤ تێ بگە کە ئەم خەونە لە بارەی کۆتایی جیهانە، وەکاتێ ئەو قسەی لەگەڵ دەکردم و من بەسەر ڕوودا کەوتبووم و خەوێکی قوڵ بردمیەوە، بەڵام جبریل گرتمی و خستمیە سەر پێیەکانم، وە پێی گوتم، ئێستا پێت دەڵێم چ ڕوو دەدات کاتێ تورەیی اللە دەگاتە چڵە پۆپە و ئەوپەڕی تورەیی، ئەم خەونە ئاماژەیە بۆ بەسەرهاتی زەمان، ئەو بەرانە دوو شاخەی دیتت، ئەوە شانشینی مادای و فارسە، ئەو نێری و بزنەش پاشای یۆنانە، بەڵام شکانی شاخی یەکەم و روانی چوار قەرنی تر، پاشایەتی یەکەمیان کۆتایی دێ و لە شوێنی چوار شانشین ئاوا دەبن، بەڵام وەك هی یەکەم بەهێز نابن، وە لە کۆتا ڕۆژەکانی ئەم دەوڵەتانە کە سەرپێچی و تاوان دەگاتە ئەوپەڕی، لەناو پاشاکانی خەڵکی پاشایەکی لوت بەرز دێ، هێزی زۆرە و بەتوانایە، بەڵام هێزەکەی لای خۆیەوە نییە، لەناوچوونی ترسناك بەسەر جیهاندا دێنێ و لەوەی کە دەیکات سەرکەوتوو دەبێت، گەورەکان و گەلی اللە لەناو دەبا، بە لێزانی و دانایی هەموو جۆرە چەواشە و تەڵەکەیەك لە ژێر دەستی خۆی کۆدەکاتەوە، وە لەدڵی خۆیدا خۆی زۆر لامەزنە، زۆرێك لە خەڵکی لەناو دەبا، ئەو بۆ خۆی لەوپەڕی دڵنیایی و ئاسایش دایە، بەسەر سەرۆکەکاندا زاڵ دەبێ، بەڵام شکانەکەی بە دەستی جگە لە مرۆڤ دەبێ، وە ئەو خەونەی لە بارەی ئێوارە و بەیانیەکان دیتت حەقە، تۆ ئەم خەونە بۆ کەس باس مەکە و مەگێڕەوە، چونکە ئەم خەونە لە دوای

رۆژانێکی زۆر دوور دێتە دی، من دانیال، لاواز و بێ هێز بووم، وە چەند رۆژ نەخۆش بووم، بەهۆی ئەو خەونەوە زمانم لاڵ بوو بوو وە نەم دەتوانی تێی بگەم). سفری دانیال 1115-1116.

ئەم خەونە هێماکانی یەکجا ر ڕوونن، ئەم خەونە، بەرانەکەی مادای و پارس بە زولقەرنەین داناوە، وە بەپێی ئەم خەونە کە مەملەکەتی پارس کە دووەم قۆچە، بڵندتر بوو لە قۆچی یەکەم، ئەم بەرانە دیار دەکا کە زۆری ململانێی مادد و پارس دژی رۆژاوای ئەورووپا و شام و عێراق -بابلی و ئاشوری و هیلینی و ڕۆمانەکان-و هێندەی باشوور کە یەمەن و توبەعەکانن، و دژی باکوور کە تورانیەکان بوون، تاکە سنوور کە ئەم بەرانە قۆچی لێ نەداوە لای رۆژهەڵاتە،کەلای پاکستان و ئەفغانستانە، بەرامبەر بەمەش کە نێرییەکە بەو پەلەپی کە رسول الله محمد بۆ هاتنی دەجالی کردووە، دێ، چونکە شارستانی هیلینی خاوەنی جەدەل و فەلسەفەیە، جەدەلیەتیش دەجالێکی گەورەیە، قەرنەکە تاکەکە کاتی ئەسکەندەرە، ئەسکەندەر و هیلینیەکان وڵاتی بابل و فارس و هیند و میسریان خستە بن پێیەکانیان، شاری پرسلیۆس و ئەستەخر و ئاقێستایان سووتاند، دین و بۆچوون و جیهانبینی خەڵکیان گۆڕی و فەلسەفەی گریک بووە بەشێک لە هەموو ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ڕۆشنبیری بەرانەکە بۆ هەتاهەتایەکەوتە ژێر پێ.

چوار قەرنەکەی تر ئاماژەیە بەدابەشبوونی دەوڵەتی ئەسکەندەر، بۆ دەوڵەتی ئەسکەندەریەی مصر و شام، دەوڵەتی ڕۆما و یۆنان و ئەوروپا و دەوڵەتی بیزەنتە لە ئاسیای بچوک و دەوڵەتی بابل تا سەر سنووری هیند، قەرنی پێنجەم، ئەوروپای دوای رێنیسانسە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ، کەتوانیان بچنە سەر ئەستێرەکان و ئەمڕۆ جیهان بەهەردوو لای رۆژهەڵات و ڕووسیا و رۆژئاوا و تەنانەت هیندستان و چینیش هەرلە بۆتەی رۆژئاوا لێنراوە، هەروەها شارستانێتی هەردوو ئەمریکا و ئوستورالیاش هەر ئەوروپییە و ئەم قەڕنی پێنجەمەیە، ئەم خەونە درێژترین خەونی رووداوە مرۆڤایەتییەکانی سەر زەوییە، بەڵام گرنگترین ئاماژە لەم خەونە ئەوەیەکە ئەم شارستانییە بەدەستی مرۆڤ لەناو ناچێ، بەڵکو دیارە بە کارەساتێکی گەردوونی لەناو دەچێ، ئەم ئاماژەیە لە خەونەکەی پاشا نەبوخوزنصریشدا هەبوو.

کەواتە چارەنووسی ئەم ژیار و شارستانییەتە بەپێی ئەم خەونە کە لە پێنجسەد ساڵ پێش زایین واتە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵی زیاتر بەسەردا تێپەڕیوە، لەو ماوەدا تاکە شارستانیەت کە توانی ئاڵای خۆی و ئامێرەکانی بنێرێ بۆ ئاسمان و ئەستێرەکان، ئەم شارستانیەتەی سەدەی بیست ویەک بوو، ئەم شارستانیەتە بۆتە هۆی سێ چوار جەنگی گەورەی جیهانی و کوژرانی ملیۆنەها کەس و بەتاڵانبرانی سەروەت و سامانی میللەتە هەژارەکان و سوکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی دین و مەزهەبەکان و

جێبەجێنەکران و لەکارخستنی ڕێوڕەسمە دینی و پەرستشەکان ، ئەمانە هەموو لەخەونەکە دیارن، وە ئاماژەی ئاشکرا هەیە کە ئەم خەونە باسی کۆتایی زەمان دەکا.

کەواتە ئەم شارستانیەتە لەوانەیە بەڕووداوێکی گەردونی و سروشتی لەناوبچێ، وەک لەهەردوو خەونەکە ئاماژەی لەم جۆرە هەیە.. وە جبریلیش لەکاتی لێکدانەوەی خەونەکەی ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوە کە گوتوویەتی: ئەم خەونە لە دوای ڕۆژانێکی زۆر دوور دێتە دی).

وە هەڵساندنەوەی دانیال لەلایەن جبریلەوە هێمایە کە ئەم پەیام و خەونەی دانیال و لێکدانەوەی جبریلە هەرچەندە بۆ ماوەیەک بزر دەبێ بەڵام دواتر هەڵدەستێتەوە و دەپارێزرێ..

جا چونکە خەونی یۆحەنا کەدوا سفری ئینجیلە زۆر گرنگ و دوور و درێژە و لەوێدا دەبێ باسی هەموو مەلاحم و داستانەکانی کۆتایی لای مەسیحی و جولەکە و مسوڵمانەکان بکەم و لەگەڵ یەک بەراوردیان بکەم بۆیە خەونی خەلیفە مەئمونی عەباسی و جۆرج واشنتۆنی دامەزرێنەری ئەمریکا پێش دەخەم و لە بەشی چوارەمی ئەم بابەتە باسی خەونی ڕوئیای یۆحەنا دەکەم..

خەونی چوارەم:

ئەم خەونەی چوارەم و پێنجەم وەک خەونەکانی پێشوو گرنگ و درێژخایەن نین بەڵام کاریگەرییان لە ژیانی پاشا و فەرمانڕەوایی و مێژوودا هەبووە.

خەونی چوارەم کە مەئمونی خەلیفەی عەباسی بینیویەتی و بۆتە هۆی وەرگێڕانی فەلسەفەی ئەرستۆ و دامەزرانی دار الحکمە لە بەغدای ڕەشید، ئیبن ندیم، محمدی کورِی ئیسحاق(؟-387 کۆچی)لە کتابی فەهرست دا دەڵێ: شەوێك مەئمونی خەلیفەی عەباسی لە خەونیدا پیاوێکی ڕەنگ سپی و سووری، نێو چەوانی پان و بژۆڵ پڕ و چاو ڕۆشن و بە هەیبەتی بینی، مەئمون دەڵێ خۆم لەبەردەستیا وەك قوتابی بینی و، زۆر ڕێزم دەگرت، گوتم تۆ کێی؟گوتی من ئەرستۆ تالیسم، منیش زۆر دڵخۆش بووم پێم گوت ئەی حەکیم پرسیارت لێدەکەم، وتی: بپرسە، گوتم چاکە و جوانی چییە؟ گوتی: هەرچی لای عەقل باش و جوان بێ،گوتم دوای ئەوە؟ گوتی: ئەوەی لە لای شەرع باش و جوان بێ، گوتم دوای ئەوە؟ گوتی ئەوەی لای جەماوەر باش و جوان بێ، گوتم دوای ئەوە؟ گوتی دوای ئەوە نییە، وە مەئمون دەڵێ: پێی گوتم ئەوەی ئامۆژگاری زێڕینی کردی با لات وەك زێڕ بێ، وە دەست بە تەوحیدەوە بگرە. ئەم خەونە هۆی وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی و میحنەتی زانایان بوو لە سەر دەستی مەئمون. (کتابی الفهرست: ابن الندیم، لاپەڕە 301).

ئەم خەونە لێکدانەوەکەی ئەوەیە، ئەو ڕێزبەندییەی ئەرستۆ بۆ باشی و جوانی کرد کە بەپلە یەک عەقڵ و پاشان شەرع و پاشان زۆرینەی خەڵک لە ژیانی مەئمون و ژیانی ڕۆشنبیری ئەو کاتی جیهان و تا ئێستاش لای چەندین ڕەوت و زۆرێک لە خەڵکی ڕەنگی داوەتەوە و پێوەری جوانی و باشی و پەسندی دیاردە و ڕووداو و بەهاکان ئەوەیە کە عەقڵی بن و شەرع لێیان ڕازی بێ و سوودیان بۆ جەماوەر هەبێ.

خەونی پێنجەم:

خەونی داهاتووی ئوممەتی ئەمریکای جۆرج واشنتن لە ساڵی 1777ز پێش شۆڕشی ئەمریکی: ئەنتۆنی شیرمان ئەم خەونەی لە خودی واشنتۆن بیستووە.

شێرمان دەڵێ: لە ڕۆژێکی زستانی ساڵی 1777ز کە ڕۆژێکی سارد و ئاسمان ساماڵ بووە ژەنەراڵ واشنتن بە تەنیا لە نووسینگەکەی بووە تا ئێوارەیەکی درەنگ، ماندوویی بەڕوویەوە دیاربووە، پاشان گوتی شیرمان حەز دەکەم چیرۆکی ئەمرۆت بۆ باس بکەم، واشنتن گوتی: نازانم ئەوەی من بینم ئەمڕۆ بەهۆی دوو دڵیمە لەداهاتووی وڵات یان هۆیەکی تڕە؟

من ئەم ئێوارەیە کە دانیشتبووم لە سەر ئەم مێزە و، خەریکی نووسینی نامەیەك بووم، بەڵام کە سەرم هەڵبڕی، بینیم کچێکی زۆر جوان لەبەردەمم وەستاوە، زۆر پەشۆکام، من فرمانم داوە کەس نەیەتە لام و خەریکم نەکا، ئەوەندە پەشۆکام کەتا ڕستەی تۆ بۆچی لێڕەی؟ زەحمەت بوو لەلام، چوار جار ئەم پرسیارەم لێکرد، هیچ وەڵامی نەدایەوە و تەنیا سەری بڵند کرد، وێستم هەستم یان پرسیاری تر بکەم، بەڵام نەمتوانی تەنانەت بیرکردنەوەشم نەما، هەستم بە شتێکی نامۆ کرد و سەیری ئەم کچە میوانەم دەکرد، بە شێوەیەك وەك مرۆڤێکم لێهات کە لەحاڵی گیانکێشاندا بێ.. لەم کاتەدا گوێم لە دەنگێك بوو گوتی: ئەی کوڕی کۆماری، ئەی ڕۆڵەی جەماهیریەت سەیرکە و فێربە: کچەکە باڵی بەرەو لای ڕۆژهەڵات ڕاکێشا – دەکاتە لای زەریای هادی- چاوم لێبوو کە هەڵمێکی سپی و گران لە دووڕەوە وردە وردە کۆدەبێتەوە، بەڵام پاش ماوەیەک نەما.

پاشان لە بەردەمم هەموو وڵاتانی جیهان دەرکەوتن، ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکا، چاوم لە شەپۆلەکانی زەریای ئەتڵەسی بوو کە لە ئەوروپا و ئەمریکای دەدا، وەسەیری زەریای هادیم کرد لەنێوان ئەمریکا و ئاسیا، دووبارە دەنگەکە هاتەوە: ئەی کوڕی جماهیریە سەیرکە و فێربە، ئا لەم کاتەدا سەیری بوونەوەرێکی سێبەرم کرد کەوەك مەلاك بوو،کە وەستابوو لەناو هەوا لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپادا، کەبەدەستی ڕاست ئاوڕشێنی ئەمریکا و بە دەستی چەپی ئاوڕشێنی ئەوروپای دەکرد.

هەورێك لەم وڵاتانە بەرز بۆوە و لە سەر زەریا کۆ بۆوە، بۆ ماوەیەکی کەم وەستا، پاشان بەرەو ئەمریکا کشاو دایپۆشی، تەمومژ و هەورە بروسکەی لێ پەیدا بوو. گوێم لەناڵەو هاوار و زریکەی گەلی ئەمریکی بوو، پاشان دووبارە مەلاکەکە ئاوەکەی ڕشاندەوە سەر لێوارەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و دووبارە سەر زەریا هەوری لێ پەیدا بووەوە و لە ناو شەپۆلدا مەلاکەکە لە چاوان بزر بوو.

بۆ جاری سێیەم دەنگەکە گوتی: ئەی کوڕی جماهیریە سەیرکە و فێربە، بینیم هەر لە کەناری ئەتڵەسی، تاکو کەناری هادی شار و شارۆچکە دەر کەوتن.

پاشان دەنگەکە گوتی: کۆتایی سەدەکەش دێ، بڕوانە و ببینە، ئالێرە مەلاکە سێیەرەکە ڕووی لە باشوور کرد و تارماییەکی خراپم لە لای ئەفریقیا بینی، ئەو تارمایی و شەبەحە، وردە وردە لە ئەمریکا نزیك دەبۆوە، بەهێواشی بەسەر هەموو شار و شارۆچکەکاندا دەهات، هاوولاتیان خۆیان ئامادەی جەنگ دەکرد و بەو هۆیەوە ناکۆکیان کەوتە نێوان، لەم کاتەدا مەلاکێکم دی، کە لەسەر سەری تاجێکی ڕۆشن و درەوشاوە و بە تیشك هەبوو، لە سەر نێوچەوانی نووسرا بوو: -یەکگرتوویی -ئالای ئەمریکای هەڵگرتبوو، بەسەر ئاپۆرای ناکۆکیدادا و بە ئالاکە دای پۆشین، گوتی: بیرتان نەچێ، ئێمە براین، بەم شێوەیە هاوڵاتیان چەکەکانیان فڕێدا و بوونەوە برادەر و لە ژێر ئالای نەتەوەیی کۆبوونەوە.

بۆ جاری چوارەم دەنگە نامۆکە گوتی: ئەی کوڕی جماهیریە بڕوانە و فێربە، ئا لەم کاتەدا مەلاکە سێبەرەکەی –ئەتڵەسی – بۆق و کەڕەنایەکی لە ناو دەمنا و سێجار فووی ناوازەی پێدا کرد و، بۆجاری سێیەم ئاوی لە زەریا هەڵگرت و بە ئەورووپا و ئاسیا و ئەفریقیایدا کرد، پاشان وێنەیەکی ترسناکم بینی، بینیم کە لەهەرسێ کیشوەرەکەوە هەوری ڕەش هات و پاشان هەورە ڕەشەکە بووە یەك هەور، پاشان بووە بارستەیەکی سوور، دیتم سەرباز و چەکدار لە م هەورانە بەرەو جیهان و ئەمریکای داپۆشراو بە هەور دابارین، وە دیتم کە چەندین شار و شارۆچکە سووتان، وە گوێم لە دەنگی تۆپ و شمشێر و هاوار و زریکە و نالەی خەڵك بوو.

بۆ جاری پێنجەم دەنگە نامۆکە گوتی، ئەی کوڕی جەماهیریە بڕوانە و فێربە، پاشان مەلاکە سێبەرە تەڵخەکە، ئەم جارە فوویەکی درێژی ترسناکی بە کەڕەناکەدا کرد، ئا لەم کاتەدا ڕۆشناییەك وەك رۆشنایی هەزار خۆر بێ لە سەر سەرم دەرکەوت، ئەم رۆشناییە، هەموو تاریکییەکان و هەورەکانی سەر ئەمریکای ڕەواندەوە، پاشان ئەو مەلاکەی کە وشەی ئیتحاد لەسەر نێوچاوانی نووسرابوو بەدەستێك ئالا و بەدەستێك شمشێری هەڵ گرتبوو، لە ئاسمان لەگەڵ چەندین رۆحی تری سپی دابەزی، ئەمانە لەگەڵ ئەو دەستە و تاقمانەی ئەمریکا تێکەڵ بوون کە سەرەتا بەزیو بوون، بەڵام

یەکسەر وڕەیان هاتەوەبەر و ڕێزەکانیان ڕێکخستەوە و دەستیان بە جەنگ کردەوە، لەناو ئەم هەموو دەنگەدا، دووبارە دەنگە نامۆکە بۆ جاری شەشەم گوتی: ئەی ڕۆڵەی جماهیریە سەیرکە و فێربە، ئا لەم کاتەدا مەلاکە سێبەرە تەڵخەکە دووبارە بۆ جاری چواردەم ئاوی بەسەر ئەمریکادا ڕشاند، بەڵام هەر زوو هەوڕەکە ڕەویەوە و خەڵکی زەوی سەرکەوتن، دووبارە دیتم چەندین گوند و شار و دێ دەرکەوتن و ئاوەدان بوونەوە، مەلاکە ڕۆشنەکە ئالایەکی شینی داکوتا و تاجەکەی لەسەری کردەوە و لەسەر ئالاکەی دانا و هاواری کرد: تا کو ئەستێرەکان مابن و ئاسمان سێبەر بنێرێ بۆ زەوی، یەکێتی و ئیتحاد دەمێنێتەوە و نەمر دەبێ، خەڵکەکە هەموو چەمانەوە و گوتیان ئامین، وردە وردە وێنەکە دیار نەما و بزر بوو، تەنیا ئەو مەلاکەی پێش دەمم مابۆوە و سەیرم دەکرد، بەهەمان دەنگ پێی گوتم کە: ئەی ڕۆڵەی کۆمار و جمهوریە، ئەوەی دیتت، تەفسیرەکەی ئەوەیە، کە سێ مەترسی بە سەر جمهوریەکەت دا دێن، سێیەمیان لە هەموویان مەترسدار تڕە، کە کۆمار مەترسی سێیەم بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنی، هەموو جیهان ناتوانێ بەسەربدا سەرکەوێ، بۆیە هەموو منداڵانی کۆمارەکەت فێر بکە کە بژین بۆ پەروەردگاریان و یەکێتییەکەیان و نیشتمان و وڵاتەکەیان، بەم وشانە خەونەکە کۆتایی هات و یەکسەر لە کورسیەکەم بازمدا و زانیم کە خەونم بینیوە و لەدایك بوون و پێشکەوتن و چارەنووسی وڵاتە یەکگرتووەکانم لە چوارچێوەی ئەو خەونەدا بینیوە]، دەقی خەونەکە تەواو بوو.

لەکتێبی خوارق الابداع لاپەڕە 161 تاکو 164 وەرگیراوە.

لێکدانەوەی ئەم خەونە:

ئەو کاتەی ئەم خەونە بینراوە، ئەمریکا موستەعمەرەیەکی بەریتانی بوو، پێکهاتبوو لە سێزدە ویلایەت لەو پەنجا ویلایەتەی ئێستا، دانیشتوانی ئەم سێزدە ویلایەتە تەنیا چوار ملیۆن بوون، ئەو سێزدە ویلایەتە تەنیا لە سەر لێوارەکانی زەریای ئەتڵەسی بوون، زۆر دوور بوون لە کەنارەکانی زەریای هادی.

سەرەتای جەنگی جۆرج واشنتن زۆر دژوار بوو، جاری وابوو هەندێ لەو سێزدە ویلایەتەش دەکەوتنە دەستی بەریتانیا، بەدرێژایی ساڵانی جەنگی بەریتانیا و جۆرج واشنتن لە 1775-1783.

بەڵام دوای کۆتایی شەڕ، بە پێکهاتن و کرین و دانووستان و یارمەتی، ئەم دەوڵەتە ساوایە بەدرێژایی سەدەی نۆزدە لە پەلکوتاندا بوو بۆ فراوان بوون، دەڵێن بەڵگەنامە هەیە کە جۆرج واشنتن پارەی داوەتە دەوڵەتی عوسمانی تا سوپای عوسمانیەکان لەکەنارەکانی ئەمریکای تازە دامەزراو نزیک نەبنەوە، چونکە ئەو دەیزانی لەوانە بوو کە بەریتانیا و ئیسپانیا و وڵاتە ئیستیعماریەکان یارمەتی نادەن،کەمی دانیشتوانی

دەوڵەتە ساواکە و زۆری ئیشوکاریان و گەورەیی وڵاتەکە نێچیرێکی گەورە بوو بۆ دەوڵەتێکی قەرەباڵغی وەک دەوڵەتی عوسمانی کە گوێی لەبەکوشتدانی سەدان هەزار کەس لە هاوڵاتیانی نەئەدا بۆ ئەم کارە.

بەهۆی بوونی هەڵی کاری باش، زۆرێک لەهاوڵاتیانی ئەورووپا و کیشوەرەکانی تریش ڕوویان لەو وڵاتە کرد، سەرەتا کۆمارییەکان کە دروشمیان ناوەندێتی و مەرکەزییەتی دەسەڵات بوو، لە ساڵی 1800 تا1825حوکمیان کرد، دیموکراتەکان دروشمیان پتەوکردنی دەسەڵات بوو، ئەم دەوڵەتە ساوایە بە جۆرەها شێوازی فراوانبوون، بەزۆریش بەکڕین لە وڵاتە ئیستیعماریەکانی ئیسپانیا و فەرەنسا، لە ساڵی 1845 گەیشتە کەنارەکانی زەریای هێمن و ژمارەی دانیشتوانیشی گەیشتە بیست و سێ ملیۆن و ژمارەی ویلایەتەکانی گەیشتە سی و یەک ویلایەت.

لەساڵی 1860لنکۆلن هەڵبژێررا و یاسای نەهێشتنی کۆیلایەتی لەوڵات ڕاگەیاند لە ئاکامدا شەڕی ناوخۆ بەرپا بوو ،یازدە ویلایەتی باشوور جیابوونەوەیان ڕاگەیاند، شەڕی ناوخۆ لەساڵی1861 تا1865درێژەی کێشا و هەردوولا ئازایەتی و جەربەزەیی زۆریان نواند، تا جەنگ بە بەزینی باشوورییەکان و سەرکەوتنی باکوور و ئازادکرانی کۆیلە زنجییەکان کۆتایی هات.

لە ساڵی 1867ئەمریکا ئالاسکای لە ڕووسیا کڕی، لەپاش سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر ئیسپانیادا لەشەڕی ئەمریکا و ئیسپانیا لەساڵی 1898دوورگەکانی هاوای بە ئەمریکاوە لکان، ئەمریکا دەسەڵاتی گەیشتە کوبا لە ساڵی1903 وەگەیشتە هایتی لە ساڵی1915وە نیکاراگوا لەساڵی 1917لە بەر چالاکی ئەمریکیەکان و فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و سەربازییان لەهەموو پێکهاتن و کۆنگرە گرنگەکان بانگ دەکران و بەشداری بڕیاردان بوون، هەر چەندە زۆر خۆشیان لادەدا، لەشەڕی یەکەم، ماوەیەکی باش ئەمریکییەکان خۆیان لەشەڕ بەدوور گرت و بێلایەن بوون، سەرەڕۆیی ئەڵمانیا پەلکێشی جەنگی کردن، هاتنیان بۆ ناو جەنگەکە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ تێشکانی ئەڵمانیا، ئەمریکیەکان خۆیان لە میراتەکانی شەڕ و پەیمانگای ڤرسای بەدوور گرت، لەسەردەمی ڕوزفلت هەوڵی کەنارگیری ئەمریکا لە پێکهەڵپژانە سەربازییەکان و گرنگیدان بە بواری ئابوریان پێ باش بوو، بەهۆی ئەم سیاسەتە ئەمریکییەکان وازیان لە کوبا و هایتی و نیکاراگوا و فلیپین هێنا، سەرەڕۆیی یابانییەکانیش لەجەنگی دووەم ئەمریکای پەلکێشی جەنگی دووەم کرد لە 1941ئەو کات بەریتانیا بەتەنیا لە ئەورووپا مابوو کە هیتلەر نەیگرتبوو، ئەویشی گەمارۆدا بوو.

لەو جەنگانەی ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەم تیایاندا بەشدار بوو، جەنگی کۆریا لەساڵی 1950-1954کە تا ئێستاش تەواو نەبووە، هەروەها جەنگی ڤێتنام لە ساڵانی

شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، وە شەڕی عێراق لە ساڵی 1991و2003 و شەڕی ئەفغانستان لە ساڵی2001لەو دوو دەوڵەتەش تا ئێستا بەتەواوی نەبڕاوەتەوە.

لەوەتی ناتۆ دامەزراوە لەساڵی 1950ئەمریکا بەهێزترین هێزی ناو ناتۆیە.

ئێستا کە بمانەوێ دیمەنەکانی خەونەکە لەم ڕووداوانەی مێژووی ئەمریکادا بخوێنینەوە، سەرەتا هەورێکی کەم لەشەڕی دژی بەریتانیا کۆبۆوە و دووجار ئەمە ڕوویدا، ئاوکردن بەکەنارەکاندا، پێشبڕکێی زلهێزانە بۆ دەستگرتن بەسەر کەنارەکان و ڕەوتی بازرگانیدا، بەڵام ئەم قەیرانە کۆتایی پێدێ بەڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا و دەرکەوتنی کەنارەکانی زەریای هادی هێمایە کەئەم دەوڵەتە ساوایە دەگاتە ئەوێ، دەرکەوتی دەوڵەتان و کیشوەرەکان هێمای داننانیانە بە دەوڵەتەکەی واشنتۆن و نیشانەی ئارەزووی کۆچکردنی هاوڵاتیان و سەرمایەکانیانە، لەجەنگی دژ بە ئیستیعمار و واشنتۆن گوێی لەناڵەی گەلی ئەمریکی بوو، بەڵام ئەوەندەی شەڕی ناوخۆ لەسەر دڵی واشنتۆن کاریگەر نەبوو.

بڕوانە ئاماژەی خەونەکە و تارماییە ئەفریقیەکە کە کۆیلە ئەفریقییەکانن دەبنە هۆی ناکۆکی ئەمریکییەکان و جەنگێک هەڵدەگیرسێنن دوای سەدەیەک لە دامەزرانی ئەمریکا، خەونەکە دەڵێ: [پاشان دەنگەکە گوتی: کۆتایی سەدەکەش دێ، بڕوانە و ببینە، ئالێرە مەلاکە سێیەرەکە ڕووی لە باشوور کرد و تارماییەکی خراپم لە لای ئەفریقیا بینی، ئەو تارمایی و شەبەحە، وردە وردە لە ئەمریکا نزیك دەبۆوە، بەهێواشی بەسەر هەموو شار و شارۆچکەکاندا دەهات، هاووڵاتیان خۆیان ئامادەی جەنگ دەکرد و بەو هۆیەوە ناکۆکیان کەوتە نێوان، لەم کاتەدا مەلاکێکم دی، کە لەسەر سەری تاجێکی ڕۆشن و درەوشاوە و بە تیشك هەبوو، لە سەر نێوچەوانی نووسرابوو: یەکگرتوویی و ئیتیحاد و ئالای ئەمریکای هەڵگرتبوو، بەسەر ئاپۆرای ناکۆکیدادا و بە ئالاکە دایپۆشین،گوتی: بیرتان نەچێ، ئێمە براین، بەم شێوەیە هاوڵاتیان چەکەکانیان فڕێدا و بوونەوە برادەر و لە ژێر ئالای نەتەوەیی کۆبوونەوە].

ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ شەڕی ناخۆی ئەمریکا و کۆتاییهاتنی بەیەکگرتنەوەی وڵات لەساڵی1865دا، ئەمە مەترسی یەکەمی سەر ئەمریکا بوو کە لە ڕوئیاکەی واشنتۆن باسکراوە.

مەترسی و هێرشی دووەم کە ڕوو لە ئەمریکا دەکا و سێ هەوری سێ کیشوەری دنیا یەک دەگرن و ئەمریکا گەمارۆ دەدەن و هەوری سووری جەنگن، ئەوە جەنگی یەکەمی جیهانە کە ئەویش سەری ئەمریکای گرتەوە، وەک لە خەونەکە هاتووە: [بۆ جاری چوارەم دەنگە نامۆکە گوتی: ئەی کوڕی جماهیریە بڕوانە و فێربە، ئا لەم کاتەدا مەلاکە سێبەرەکەی –ئەتلەسی – بۆق و کەڕەنایەکی لە ناو دەمنا و سێ جار فووی ناوازەی

پێدا کرد و، بۆجاری سێیەم ئاوی لە زەریا هەڵگرت و بە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیایدا کرد، پاشان وێنەیەکی ترسناکم بینی، بینیم لەهەر سێ کیشوەرەکەوە هەوری ڕەش هات و پاشان هەورە ڕەشەکە بووە یەك هەور، پاشان بووە بارستەیەکی سوور، دیتم سەرباز و چەکدار لە م هەورانە بەرەو جیهان و ئەمریکای داپۆشراو بە هەور دابارین، وە دیتم کە چەندین شار و شارۆچکە سووتان، وە گوێم لە دەنگی تۆپ و شمشێر و هاوار و زریکە و نالەی خەڵك بوو].

شەڕەکە سێ کەڕەنا، سێ هێز، سێ کیشوەر، هێمایە بۆ ڕووسیای قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا، ئەم مەترسیەش بووە هۆی کارەسات و پاشان سێ هەورە ڕەشەکە وبوە یەک هەوری سوور، هێمایە بۆ جەنگی سارد و گەرمی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ چەپەکان.

بەڵام مەترسی سێیەم ئەم ململانێیەی گەڵ چەپەکانی داپۆشی، مەترسی سێیەم جەنگی دووەمی جیهان و لێکەوتەکانی ئەو جەنگە بوو، ڕووناکییە بەهێزەکە کە بەئەندازەی چەندین خۆر ئاماژەیە بۆ داهێنان و بەکارهێنانی چەکی ناوەکی، داهێنانی ئەو چەکە مەعنەویات و وەری ئەمریکا و بەرەی بۆرژوا و سەرمایەداری داڕووخاوی بەرز کردەوە، بۆیە دوای سەرکەوتنیان بەسەر فاشیزم بەهۆی ئەو ڕووناکییە زۆرەی هێزی ناوەکی ئەتۆمی هەموو هەورەکانی فاشیزم و چەپ و کۆمۆنیزم ڕەوینەوە وەک لە خەونەکەدا هاتووە: [بۆ جاری پێنجەم دەنگە نامۆکە گوتی، ئەی کوڕی جەماهیریە بڕوانە و فێربە، پاشان مەلاکە سێبەرە تەڵخەکە، ئەم جارە فوویەکی درێژی ترسناکی بە کەڕەناکەدا کرد، ئا لەم کاتەدا ڕۆشناییەك وەك ڕۆشنایی هەزار خۆر بێ لە سەر سەرم دەرکەوت، ئەم ڕۆشناییە، هەموو تاریکییەکان و هەورەکانی سەر ئەمریکای ڕەواندەوە، پاشان ئەو مەلاکەی کە وشەی ئیتیحاد لەسەر نێوچاوانی نووسرابوو، بەدەستێك ئاڵا و بەدەستێك شمشێری هەڵگرتبوو، لە ئاسمان لەگەڵ چەندین ڕۆحی تری سپی دابەزی، ئەمانە لەگەڵ ئەو دەستە و تاقمانەی ئەمریکا تێکەڵ بوون کە سەرەتا بەزیو بوون، بەڵام یەکسەر ورەیان هاتەوەبەر و ڕێزەکانیان ڕێکخستەوە و دەستیان بەجەنگ کردەوە، لەناو ئەم هەموو دەنگەدا، دووبارە دەنگە نامۆکە بۆ جاری شەشەم گوتی: ئەی ڕۆڵەی جەماهیریە سەیرکە و فێربە، ئا لەم کاتە مەلاکە سێبەرە تەڵخەکە دووبارە بۆ جاری چوارەم ئاوی بەسەر ئەمریکادا ڕشاند، بەڵام هەر زوو هەورەکە ڕەویەوە و خەڵکی زەوی سەرکەوتن، دووبارە دیتم کە چەندین گوند و شار و دێ دەرکەوتن و ئاوەدان بوونەوە، مەلاکە ڕۆشنەکە ئاڵایەکی شینی داکوتا و تاجەکەی لەسەری کردەوە و لەسەر ئاڵاکەی دانا و هاواری کرد: تا کو ئەستێرەکان مابن وئاسمان سێبەر بنێرێ بۆ زەوی، یەکێتی و ئیتیحاد دەمێنێتەوە و نەمر دەبێ، خەڵکەکە هەموو چەمانەوە و گوتیان ئامین، وردە وردە وێنەکە دیار نەما و بزر بوو،

تەنیا ئەو مەلاکەی پێش دەمم مابۆوە و سەیرم دەکرد، بەهەمان دەنگ پێی گوتم: ئەی ڕۆڵەی کۆمار و جمهوریە، ئەوەی دیتت، تەفسیرەکەی ئەوەیە، کە سێ مەترسی بە سەر جمهوریەکەتدا دێن، سێیەمیان لە هەموویان مەترسدار ترە، کە مەترسی سێیەم بەسەر کەوتوویی تێپەڕینی، هەموو جیهان ناتوانێ بەسەریدا سەر کەوێ، بۆیە هەموو منداڵانی کۆمارەکەت فێر بکە کە بژین بۆ پەروەردگاریان و یەکێتییەکەیان و نیشتمان و وڵاتەکەیان، بەم وشانە خەونەکە کۆتایی هات و یەکسەر لە کورسیەکەم بازم دا و زانیم کە خەونم بینیوە و لەدایك بوون و پێشکەوتن و چارەنووسی وڵاتە یەکگرتوەکانم لە چوارچێوەی ئەو خەونەدا بینیوە].

مەترسی سێیەم هەمەلایەنەیە، فاشی و نازی و ڕەگەزپەرست و عەسکەرتاریە دکتاتۆرەکان لەلایەک و هێزە شۆڕشگێڕ و چەپ و کۆمەنیزم و سۆشیالیستەکان لە لایەکی تر، هەموویان ئاماژەیان پێ کراوە.

ئەم ڕووداوانە گشتیان هاتوون و چۆن لە خەونەکە بینرا ئاوا هاتنەدی، تاکە ڕووداوێ کە لە خەونەکە بەنادیاری مابێ و نەهاتبێتە دی، ئەوەیە کەمەلاکە ڕۆشنەکە تاجە درەوشاوەکەی لەسەر سەری خۆی هەڵدەگرێ، ئەو سەرەی کەلە نێوچاوانەکەی نووسراوە یۆنایتد=ئیتحاد،=یەکگرتن و یەکێتی، وە لەسەر ئاڵای شینی دادەنێ کە ئاڵای ئەمریکا زۆر شین نییە، دەبێ کەسێکی شارەزا لە فلاک بلو ناوی ژیار و سەرکێشی داهاتووی جیهان دەربهێنێ، ئەم ئاڵایە بەدەستی مەلاکە ڕۆشنەکەوەیە، دەستێکی شمشێری پێیە و دەستەکەی تر ئاڵا، تاجەکەی لەسەر شمشێر دانەناوە،کە هێمای هێز و کوشتنە، بەڵکو لەسەر ئاڵای داناوە کەهێمای سەروەری و شکۆ و وڵات پەروەرییە، هێمای دووەم کە ئەویش وەک لادانی تاجەکە وایە، ئەویش دابەزینی واشنتنە لە کورسییەکەی، ئایا ئەوە هێمایە بۆ ئەوەی تاجەکە و واشنتۆن لە سەرۆکایەتی و پایتەختی و سەروەری دوور دەخرێنەوە و دەبنە دەسەڵاتێکی تەشریفاتی؟ وەک ئاڵا و تاج هەر هێمان، ئایا ئەوە هێمایە کە پایتەخت و کورسی و سەر ئێستا نیۆرکە و واشنتۆن تەنیا هێمایەکە؟ ئایا سەرەکە گرنگە یان تاجەکە؟ واشنتن گرنگە یان کورسیەکە؟

هەر چۆنێک بێ هێمای گۆڕانێکە و نزاکەش ئامینی بۆ کراوە و چەمانەوە و ڕکوعیشی بۆ کراوە، دەبێ هەر بێت، لەوانەیە سەرەتاکانی هاتبن و هێشتا تەواو ڕۆشن نەبووبێتەوە.

هەر لە گوتەکەی واشنتن بۆ شێرمان ئەوە دەخوێنرێتەوە کە ئەو پیاوە زۆر متمانە و باوەڕی بە خەونەکەی نەبووە و پێی وابووە لە دەرەنجامی زۆر بیرکردنەوە لە داهاتووی ئەمریکا ئەو بینراوەی بینیوە.

سەرچاوەکانی ئەم بەشە :

اطلس الاديان :د.سامي مغلوث

اطلس الانبياء والرسل :د. سامي مغلوث

-الكتاب المقدس:العهد القديم

-الفهرست ابن نديم .

-خوارق الابداع:د. فريدة قرقلو.

-المقدمة :العلامة ابن خلدون.

-معجم البلدان :ياقوت الحموي

-البداية والنهاية :ابن كثير

موسوعة القرن الفرنسية

الموسوعة العربية الميسرة .د.محمد شفيق غربال

خوێندنەوەی پێنجەم :

وێستگەسەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەڕۆژەهەزاریە ئوممەتیەکاندا:

کۆکردنەوەی :محمد عزیز لۆتەری.

ساڵ ژمێرو تەمەن ژمێرو بەرنامەڕێژی جیهان لە ڕوانگەی سفری تکوینی تەورات وسفری ڤەندیادی ئاوێستا وپشت ڕاستکردنەوەی قورئان وفەرمودەدا:

لە سفری ڤەندیادی ئاڤێستا جیهان هەرلە بەدیهێنانی دوانەی ئاهورامەزدا و ئەهریمەن تا کۆتایی جیهان وسەرکەوتنی مەزدای ڕۆشنایی بەسەرتاریکی ئەهریمەنی براجمکەکەی دا دوازدەهەزارساڵە ، ئەو دوازدەهەزارساڵە ش دابەش دەکرێ بەسەر چوار قۆناغدا،هەرقۆناغەی سێ هەزار ساڵە بەم شێوە :

١- سێ هەزارەی یەکەم دروست بوونی روحەکانە کە ئەهریمەن لە تاریکی هاتە دەرو ڕوناکی بیزاری کرد ,ئاهورامەزدا ویستی لەگەڵی پێك بێ، بەڵام ئەهریمەن ڕەتی کردەوە,بۆیە دوای سێ هەزارساڵ لە بەدیهاتنیان جەنگ لە نیوانیان بەرپا بوو کە نۆهەزار ساڵ دەخایەنێ و سەرەنجام ئەهریمەن دەبەزێ.

٢-سێ هەزاری دووەم کەلەسێ هەزار تاشەش هەزارساڵی یەکەم بووە ، قۆناغی دروست بونی مادەیە ,ئاهورا مەزدا شەش هەمیشە ی یە سپیەکان وشایستەکان وئاسمان وئاوو گیانەوەرو روەك ومرۆڤی تیادا دروست کرد,ئەهریمەنیش دیوەکان و گیانە بەدەکانی تیدا دروست کرد.

واتە ئەوشازدە شوێنە یەکەمە پیرۆزەی ئاهورامەزدا وئەوشازدە دیاردەی ئەهریمەن دروستیان کردون کەلەبەشی یەکەمی ڤەندیاد باس کراون.

٣-لە خولی سێ ی هەزارەی سێیەم دا واتە شەش هەزار تا نۆ هەزار ساڵ ملانێی خیروشەڕ لە ناو مرۆڤەکان دا دەستی پیکرد هەرلە یەکەم مرۆڤ کیومەرد لە دوای شەش هەزار تاهاتنی زەردەشت وپەسند کرانی لەلای پاشای بەلخ لە کۆتایی هەزارەی نۆیەم.

٤-خولی سێ هەزارەی چوارەم لە هاتنی زەردەشتەوە لە نۆ هەزار تا رۆژی ژمارەکردن ولیپرسینەوە لە ساڵی دوازدە هەزار کە مرۆڤەکان زیندو دەبنەوەو ئاهورامەزدا سەر دەکەوێ .

بەدرێژایی هەزاران ساڵ مرۆڤ بە ئاوو گڵ و ڕەشەبا ئاگری کوژاندەوەو هەموو بوونەوەرانی قوڕین و ئاوی و هەوایی بڵێسەی ئیبلیسیان بەنەفرین کردو ودامراند وکوژاندەوە، بەڵام وابۆ سەدەیەکە خاک بووبە خەڵوزوبارود و بڵێسەی ئیبلیسی خۆش کردو بووبە خزمەتکاری، دواتر ئاویش لەشێوەی نەوت و شلەمەنیە گڕگرتووەکان ئەوانیش لەجیاتی ئاگر کوژاندنەوە

گڕ وبڵێسەی ئیبلیسی گەیاندە ئاسمان و ئاو کەئاگری دەکوژاندەوە کەچی هەردەرکەوت کەخۆی لە هایدرۆجینی گڕ گرتوو و ئۆکسجینی لکێنەرو توێنەرەوەی ئاسنە .

هەروەها ڕەشەباش کە ئاگری دەکوژاندەوە ئێستا بۆتە غازە گڕگرتووەکان وبۆمب و ڕۆکێت و فڕۆکەو کارەباو ئەلکترۆنی و چەکی کۆکوژ ی کیمیایی ..

لەوەیە ئەمە بێ کە زەردەشتیەکان دەڵێن ئاهورامەزداوڕۆشنایی بەسەر ئەهریمەنی تاریکی دا سەردەکەوێ ..

جاکە بە پێی دیاریکردنی ئیبن خلدون مەجوس=کێومەرد پێش یەزدەجەرد کەلە ساڵانی ٦٣١-٦٥١ز ژیاوە بە ٤٢٨١ساڵ دامەزرابێ واتە دامەزرانی مەجوس وسەرەتای کێومەرز یان کێومەرد ٣٦٥٠ پ ز بووە.

جاکە ئادەم لە تەوڕاتدا ساڵی5872 پ ز

دابه زیبێته سەرزەوی ،وەله 4942 پ ز ئادەم بەپێی گێڕانەوەی تەورات کۆچی دوایی کردبێ، کەواتە کێومەرد نابێتە ئادەم علیه السلام .

بەڵام نوح علیه السلام3900 پ ز - 2950 پ ز ژیابێ و تۆفانەکە لەساڵی 2900 پ ز ڕوی دابێ، ئەوەدەکرێ کە کێومەرز نوح بێ یان یەکێک لە کوڕەکانی نوح بێ.

هەڵبەت ئەو ئادەم وحەواو باوک وایکەی دینەکان ئاماژەیان پێ کردوە تەنیا بە پەیکەرو شێوەلاشەیان لە ئاژەڵانی تر جیاناکرێنەوە بەڵکو ئێمە بەملیاران بەڵگەی مێژوویی وتوێژینەوەی زانستیمان لە ملیۆنەها زانکۆی جیهانی لەبەردەستە کە:

-نوسین وخوێندن و یاساوڕێسا وسیستەم وشارستانی ودانا بوون کە لەجیاکەرەوەکانی باوکمانن لەساڵی ٣٥٠٠ پ ز لەسەرئەم زەویە دەرکەوتوون ، کەواتە باوکی مرۆڤایەتی کە یەکەم مرۆڤە لە نزیکەی شەش هەزار پێش زاین هاتوتە سەرئەم زەویە کە کۆمەڵێکی زۆر لەبونەوەری جۆراوجۆر ئاوەدان بووە، ئەم بوونەوەرانە لەشێوەو پەیکەر لەسەرشێوەی مرۆڤ بووبن یان نا، بەڵام وەک ئادەم الله فوی پیرۆزی لەڕوحی خۆی پێدانەکردوون ، وەبەدوودەستەکانی خۆی لەسەرجوانترین شێوە دروستی نەکردون وە هەموو ئیسمەکانی فێرنەکردوون ، بەڵکو تەنیا ئادەمی فێرکردوە ، باوکی ئێمە ڕۆژێک لەڕۆژان لەئەشکەوتان نەژیاوە ،ڕۆژێک لەڕۆژان نەبووە نوسین وخوێندن وئاخاوتنی نەزانیبێ ، لەقوڵایی گەردونەوە بەڕێزەوە دابەزیوەتە سەرزەوی تاکو ببێتە خەلیفەو جێنشینی پەروەردگار.

ئەوەتائەو ملیۆنان توێژینەوە شایەدی ئەوە بۆومرۆڤەدەدەن کەلەو چەندهەزارساڵەوە نوسینی جێ هێشتووە ، شریعەتەکان ویاساکانی تۆمارکردون، شارستانی دوای شارستانی ،داهێنان دوای داهێنان ،سیستەم و زانستەکانی کەڵەکە کردوە ،تاگەیشتۆتە ئەمڕۆ کە گەشتی قوڵایی گەردوون ودەریاکان وبۆشایی دەکا وهەرلەناخی گەردیلەوە تاناخی کەشکەشانەکان پشکنیویەتی ، باشە کە بەقسەی ئەو چەواشەکارانە بێ و تەمەنی ئادەمیزاد ملیۆن ساڵ بێ یان سەدان هەزارساڵ بێ ئەی کوا نوسین و شارستانیەکانیان ؟ کواداهێنانەکانیان؟ کواکەڵەکەبوونی زانستەکانیان؟ زانستی نوێ کاتێک تیۆری ئەزەلیەتی بوونەوەرو گەردوونی وازلێ هێنا چونکە زانی کە یاسای بەردەوامی گوازرانەوەی مادەبۆ وزە بووە بەڵگەی تەقینەوەی گەورەوبوونی سەرەتایەکە بۆ گەردوون، هەمان بەڵگەش بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو بۆچوونانە بەکاردەهێنرێ کەدەڵێ تەمەنی ئادەمیزاد سەدان هەزارساڵە ، چونکە بە ملیۆنان توێژینەوە سەلماوە کەتەمەنی مرۆڤی نوسەروخوێنەرو شارستانی ویاساوسیستەم پەروەرو قەڵاو قوللە دروستکەروداهێنەر چەند هەزارساڵێکە ، ئەو مرۆڤە داهێنەرە خوێنەرەنوسەرە باوەی ئێمەیە ،بەڵام ئەوشێوەپەیکەرو کەللەسەرانەی کەلەسەرشێوەی مرۆڤ بوون و بەڵام وەک مرۆڤ توانای داهێنانیان نەبووە ئەوانە بە ئادەمیزاد دانانرێن ، دینەکان و هەتاشارستانی وئەفسانەکانیش کێشەیان لەگەڵ ئەو

شێوەوپەیکەرانە نەبووە، بەڵکو کێشەکە لەگەڵ بوونی مرۆڤێکی نوسەری داهێنەرە کە ئادەمە ،ئەو ونەوەکانی بۆ بەگەڕخستنی شارستانیەت وشڵقاندنی گۆمی مەنگی ملیاران ساڵەی گەردوون و خێراترکردنی کاتژمێری هێنانی قیامەت و خێراکردن لەکۆتایی هێنانی ئەم شانۆگەریە ی سەرزەویە هاتوون ، ئەوەش بە ملیۆنەها بەڵگە ئەرشیفەکانی زانکۆکانی جیهان شایەتی بۆدەدەن کە ئادەمی نوسەروخوێنەروشارستانی وداهێنەر تەمەنی ناگاتە دەهەزارساڵ ، وەئەو وەک دین دەڵێ لەدواکاتژمێری ئەم گەردوونە دروستکراوە تاکو ئەوگۆمە مەنگە چەقبەستوە بشڵقێنێ وبەبەرەکەت وهێزی ئەوڕوح وزانستەی پێی بەخشراوە ، ئەم دۆخە دەقبەستوە چەقبەستوە کۆتایی پێ بێنێ و شێوازە کلاسیکیەکە ی ژیان وگەشەو پەرەسەندن کۆتایی پێ بێنێ ودەست لەیاساکانی سروشت وەردا و زنجیرەی ڕوداوەکان تێکداو ببێتەهۆی تێکدانی یاریەکەی دنیاو بەمەش ڕێ بۆقیامەت خۆشکا و دواپەردە لەسەرئەم شانۆگەریە ملیاران ساڵیە دابداتەوە.

بۆیە بوونی پەیکەروهاوشێوەکان لەئەشکەوت وزەندۆڵەکان لە پێش ملیۆنان وسەدهەزارساڵ هیچ لە ڕاستی مێژووی ئادەمیزاد وڕۆڵ وکاریگەریەکەی ناگۆڕێ و ڕۆڵ و کاری خۆی بیرناباتەوە.

ئەمڕۆ هەرئەو کۆمەڵگایانەی کە خەریکی چەواشەکردنی جگەلەخۆیانن بەوتیۆرە هەڵبەستراوو درۆیانە ودەیانەوێ کۆمەڵگای جیهانی سێیەم وا لێ بکەن کە خەریکیان بکەن بە ڕوداوی لاوەکی وشانازی کردن بەسەردەمی ئەشکەوت ، ئەوان خۆیان بە ملیاری زێڕین و کوڕانی خواو داهێنەرانی فەلسەفەویاساوشارستانیەت وتەکنەلۆژیا وئەلکترۆنیات وزیرەکی دەسکرد دەزانن وبۆچرکەو ساتێکیش ئامادەنین وازلە ماراسۆنی پێشکەوتن وداهێنانی تەکنەلۆژی و چەکسازی و گۆڕانکاری بێنن.

کۆمەڵگای پێشکەوتوی مرۆڤایەتی بیانەوێ ونەیانەوێ، باوەڕیان بە ڕاستیەکانی دین هەبێ یان نا بەڵام ئەوە ئەوانن شەودەدەن بەدەم ڕۆژەوەو خەریکی جێ بەجێکردن وخێراکردن وچەسپاندنی ئەوڕۆڵ وسیناریۆیەن کە دینەکان بە ئادەم وئادەمیزادیان سپاردوە کە پێی هەڵسێ ، ئەویش کارکردنە بۆخێراکردنی هێنانی کۆتایی جیهان .

خۆکە ئادەمیزادی نوسەروخوێنەروداهێنەر نەبوایە و دەستی قودرەتی پەروەردگار ئەم جیهانەی بۆ کۆمەڵێک بوونەوەروئاژەڵی کەڕولاڵ و نازیرەک وزانست کەڵەکەنەکەری ناو کەلێن وئەشکەوت و دەشت ودەری سروشت لێ گەڕابایە ئەوە بێگومان ئەم جۆرەزیندەگیە ملیۆنەها بگرە ملیارەها ساڵی تریش بەردەوام دەبوو ، بەڵام نەدەوڵەتێکی بەرهەم دێنا ونەشوێنەوارێک.

بەڵام مرۆڤە ئادەمیەکان هاتوون کە کاتژمێردابێنن و کۆنترۆڵی زەمان وکات وڕێڕەوی سروشت بکەن و ئەم جیهانە کۆتایی پێ بێنن..

ئەو تێگەیشتنە زۆرجارلە فلیم وسیناریۆ سینەماییەکان بە فلیم ڕادەنوێنرێ ،کە لەکۆتاییدا زنجیرەی بوونەوەران ئەو ڕۆڵە پەروەردەدەکەن و بەدی دێنن کە کۆتایی بە ڕەوتی ڕۆتینی بوونەوەران بێنێ .

ئێستا کات بۆ ئەوەنەماوە کە خۆمان خەریکی ملیۆنان ساڵ لەمەوبەربکەین ،نەتەوەکانی ئەم جیهانە کە ئەمڕۆ لەم سەرزەویە خاوەن نەتەوەوسەروەری وشکۆی نیشتمانین هەموویان شکۆوبوون وقەوارەی خۆیان لە ئادەم ونوح سام وحام ویافس و وئیبراهیم و ئیسرائیل و و موساوداود وسلێمان وبوزاو زەردەشت و مەسیح و محمد علیهم السلام دەبینن کەهەموو ئەم بەڕێزانە لە ماوەی شەش هەزارساڵ پێش زاین تا ئێستا ژیاون .

، ئەمڕۆ ببینن پانتایی جیهان یان بوزی وکۆنفیشیوسی وهیندۆسی وبەرهەمین ،یان مەجوسی وسابیئەوزەردەشتین، یان سامین ،یان حامی و ئاری و یافسین ،یان جولەکە وزایۆنین ،یان مەسیحی کاسۆلێک وئەرسدۆکس وپرۆتستانتن ،یان مسوڵمانی سونە یان شیعەن .

هەرنەتەوەو میللەتێک لەسەریەکێ لەم ئیعتبارانە مەزهەب وجیهانبینی وقەوارەو سەروەری وڕابردوو ومێژوو وشکۆیان بۆخۆیان دروست کردوەو لەسەرئەو ئاگردانە چێشتێکیان لێ ناوەو وڵات وقەوارەوسنورێکیان بۆخۆیان زەوت کردوەو لەبەربەرەکانێ ومل ملانێدان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەوروبەریان بۆ پاراستن وفراوانکردن ومانەوەی ئەو قەوارانەی کەهەیانە .

بۆچەواشەکردنی هەندێ نەزان وزیاتر سەرلێ شێواندنیان خەون وخەیاڵی ئەنتیکە وبێ سەروبەریش دروست دەکەن تاکو بازاڕی بەڕەواجتر بۆ کاڵاکانیان خۆشکەن و دوژمنەکانیان والێبکەن کەخۆیان بەناوەی دایناسۆرو سیمرخ و ئەفسانە وەهمیەکان بزانن ،دواتریش هەرخۆیان ئەونێزەکە دروستکەن کە گوایە دایناسۆر ودایناسۆرزادەکان کەشایانی مانەوە نین لەسەرئەم زەویە ونابێ هیچ بستێکیان لەم سەرزەویە هەبێ چ جای ئەوەی کە بانگەشەی خاوەندارێتی باشترین وپیرۆزترین وڵات بکەن کەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە وشوێنی دەرکەوتنی نوسین وخوێندن ویاساکان ودینەکانە ، ئەمانە دەبێ لەناوبچن وەکو باپیرە نیاندرتاڵەکانیان ، تاڵ مافی مانەوەی نیە وتەنیا کەسە زیرەکەداهێنەرشیرنەکان دەمێننەوەو مافی دەوڵەت بوون و خاوەندارێتیان هەیە..

ئێستا کە سەردەمی کێو مەرز=حاکم الارث یان حاکم الارض مان زانی کە ٣٦٥٠ پ ز ە وە پێش ئەو سێ هەزارساڵ جیهانی ماده و بونەوەران هەبوون ، کەواتە دەکاتە ٦٦٥٠ ساڵ پ ز . واتە هەشت سەد ساڵ پێش ئادەمی تەورات بونەوەروئاژەڵ

ودیاردەکان بەدی هێناون وشانۆی ژیان وەک لانکەیەک بۆ هاتن وحەوانەوەی ئادەم ئامادەکراوە .

وە پێش شەش هەزار و شەش سەدوپەنجا پێش زاین بەسێ هەزارسآڵ دوانەی ئاهورامەزدا وئەهریمەن پەیدابوون کە دەکاتە ٩٦٥٠ پ ز .

ئەگەر گوتەی ڕۆژهەآلت ناس و مێژووناسانی ئیسلام بۆ دیاری کردنی سەردەمی زەردەشت ڕاست بێ کە دەآڵێن زەردەشت لەسەردەمی نەبی ئارمیا و لە سآڵی 628 پ ز لە ئازربایجان لە دایك بووەو لە سآڵی 550 پ ز دا کۆچی دوایی کردوە.

کەواتە پەیدابوونی کێومەرز ٣٦٥٠ پ ز تا پەیدابوونی زەردەشت لە سآڵی 628 پ ز دەکاتە سێ هەزار سآڵ و بەمەش دەزانین کە دابەشکردنی ڤەندیاد بۆ ئەو دوو قۆناغە تەواوە .

بەآڵم هەربەو ڕیز بەندیە ئێمە دەتوانین بەرواری ڕۆژی پەسآڵن وسەرکەوتنی ئاهورامەزدا بەسەر ئەهریمەن ودەرکەوتنی سیاوەشی کوڕی زەردەشتیش بزانین ، چونکە دەقەکە دەآڵێ لە پەیدابوونی زەردەشتەوە کەدوای نۆ هەزار سآڵ لە دەرکەوتنی ئاهورامەزداو ئەهریمەن هاتوە تاکۆتایی جیهان وڕۆژی پەسآڵن سێ هەزار سآڵ ماوە کەواتە 628 پ ز+سێ هەزارسآڵ =٢٣٧٢ز کەواتە لە سآڵی دووهەزار وسێ سەد وحەفتاودووی زاینی بەم پێوەرە بێ ڕۆژی پەسآڵنە و ئێمە بەم حسابە ٣٥٠ سآڵێکمان ماوە ، بەآڵم دەبێ ئەوەبزانین کە حسابەکە کە بەسآڵی زاینی هەژمارکراوە ، تەواو ڕاست نیە چونکە سآڵی زەردەشتی ٣٦٠ڕۆژە بۆیە دوازدەهەزارسآڵەکەی زەردەشتیان زۆر زووتر لە سآڵی ٢٣٧٢ز دێ چونکە هەرسآڵێکی زەردەشتی پێنج ڕۆژی لە سآڵی زاینی کە مترە بۆیە دوازدەهەزار× پێنج ڕۆژ = شەست هەزار ڕۆژ دابەشی ٣٦٠ڕۆژی کەین کەسآڵی زەردەشتیە =

١٦٦سآڵ و هەشت مانگ بۆیە دەبێ ئێستا لە

628 پ ز کەسآڵی لەدایک بوونی زەردەشتە +سێ هەزار =٢٣٧٢ ز -١٦٦سآڵ بەهۆی جیاوازی ڕۆژەکانی سآڵی زەردەشتی لەگەڵ سآڵی زاینی =٢٢٠٥ و چوار مانگ بەم شێوە سآڵی ٢٢٠٥ز ڕۆژی پەسآڵنە لە ئاینی زەردەشتی دا واتە ١٨٠سآڵێکی تر مان ماوە .

بەآڵم لە تەوڕاتیش کە ماوەی جیهانیان بە حەوت هەزارسآڵ داناوەو لە سآڵی5872 پ ز دەست پێدەکەن کەلەتەوڕاتدا ئادەم لەو مێژووە دابەزیوە تاکو ئێستا بەهەموو سآڵ ژمێرە ناکۆک وجیاواز و دژبەیەکەکانیان ئێستا جیهان پێنج سەدەیە حەوت هەزارەکەی تەواوکردوەو هێشتا قیامەتیش نەهاتووە کە بەپێی حسابی جولەکەوتەوڕات بووایە دەبوو پێش پێنج سەدسآڵ قیامەت بەرپابوایە ..

بێ گومان لە گێڕدراوەی فەرمودەی لاواز وقسەی یاوەران وزانایانیش زۆر گێڕدراوە هاتوون کەباس لەوەدەکەن کە تەمەنی جیهان حەوت هەزارساڵە و ئیسلام لەهەزارەی شەشەم هاتووە ، زۆرێکیان دەڵێن جیهان پێش ١٥٠٠ی کۆچی کۆتایی پێ دێ کە ئێمە ئێستاڵە ساڵی١٤٤٥کۆچین و ئەو بەروارەی ئەوان دەیڵێن تەنیا ٥٥ساڵی ماوە.

بەڵام گێڕدراوەکان هەموویان لاوازن ، بۆیە من لێرەبەشوێن بەڵگەی تردا دەگەڕێم ،چونکە قورئان ئەوەی ڕەتکردۆتەوە کە کەس لە پەیامبەران کاتی هاتنی قیامەت بزانێ ، جابۆیە ئەوفەرمودانەی باسی دیاریکردنی ماوەدەکەن فەرمودە نین، بەڵکو لە ئیسرائیلیات ومەسیحیەکان وەرگیراون .

بەڵام ئێمە لەچەندین فەرمودەوگێڕانەوەی دروستدا بۆمان باس کراوە کە ئادەم لەدواساتەکانی ژۆژی جومعە دروستکراوەو هەرلەوڕۆژەش لەبەهەشت دەرکراوە.

وَخَلَقَ آدَمَ عليه السَّلَامُ بَعْدَ العَصْرِ مِن يَومِ الجُمُعَةِ، في آخِرِ الخَلْقِ، في آخِرِ سَاعَةٍ مِن سَاعَاتِ الجُمُعَةِ، فِيما بيْنَ العَصْرِ إلى اللَّيْلِ.

الراوي : أبو هريرة | المحدث : مسلم | المصدر : صحيح مسلم ،الصفحة أو الرقم: 2789

وەهەرلەفەرمودەش سەروەرمان علیه السلام بۆی ڕوونکردوینەوە کە ئەو لە ڕۆژی جومعە نێردراوە.

وە فەرموشیەتی بەیانی ڕۆژی شە ممەیە ڕۆژی دەسەڵاتداری جولەکەکانەو دووسبەی یەک شە ممەیە کە ڕۆژی دەسەڵاتی مەسیحیەکانە.

نَحْنُ الآخِرُونَ السَّابِقُونَ يَومَ القِيَامَةِ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الكِتَابَ مِن قَبْلِنَا، ثُمَّ هذا يَوْمُهُمُ الذي فُرِضَ عليهم، فَاخْتَلَفُوا فِيهِ، فَهَدَانَا اللَّهُ، فَالنَّاسُ لَنَا فيه تَبَعٌ اليَهُودُ غَدًا، والنَّصَارَى بَعْدَ غَدٍ.

الراوي : أبو هريرة | المحدث : البخاري | المصدر : صحيح البخاري | الصفحة أو الرقم : 876 .

ئەم ئاماژانە چەند ڕێنماییەکی وردی بۆ ڕابردوو وداهاتووش تێدایە کە بە وردبونەوە لە ڕۆژژمێری تەورَاتی و مێژوویی بۆمان ڕوون دەبێتەوە:-

١-لە تەورَاتدا ساڵی5872 پ ز دابەزینی ئادەم وحەوایە بۆسەر زەوی .

لەدوا سەعاتی هەینی وسەرەتای شەوی شەممە،کە ، ئادەم وحەوا علیهما السلام لە دوا سەعاتی ئێوارەی جومعە لە جەننەت دەرکراون .

کەواتە :

١-ڕۆژی شەممەی یەکەم -لەساڵی ٥٧٦٠-تاکو ٤٧٩٠پ زدەخایەنێ.

بۆیەش هەزارەکانم بە٩٧٠ساڵ دانا چونکە هەزارساڵی شەمسی ٩٧٠ساڵی قەمەریە، لە ڕۆژژمێری دینیدا ولەناوجولەکەو تەورَاتیشدا ساڵ ژمێرو ڕۆژژمێر بە قەمەری دەژمێردرێ نەک بە شەمسی بۆیە منیش بەو سەرژمێرەم پەیڕەوکرد.

٢- شەوو ڕۆژی یەک شەممەی یەکەم لە ساڵی ٤٧٩٠پ ز تاکو ساڵی ٣٨٢٠پ ز دەخایەنێ.

لە سەرەتای ئەم هەزارەشدا 4942 پ ز دا بە پێ ی گێڕانەوەی تەورات ئادەم علیه السلام کۆچی دوایی کردوە.

لە ساڵی 3900 پ ز بە پێ ی گێڕانەوەی تەورات نوح علیه السلام کراوەتە پەیام بەر .

٣-شەوو ڕۆژی دوو شەممەی یەکەم لە بەروارِی ساڵی ٣٨٢٠پ ز تاکو ساڵی ٢٨٥٠پ زدەخایەنێ.

بە پێ ی گێڕانەوەو شوێنەوارە کان و ڕۆژژمێری تەورات لە ساڵی 2900 پ ز تۆفانەکەی نوح ڕووی داوە

٤- شەوو ڕۆژی سێ شەممە لە بەروارِی ساڵی

٢٨٥٠-پ زتاکوساڵی ١٨٨٠ پ ز دەخایەنێ.

لە 2400هود علیه السلام نێردراوە بۆ ئەحقاف وهۆزی عاد.

٥- شەوو ڕۆژی چوارشەممە لە بەرواری ساڵی

١٨٨٠-پ ز ٩١٠ پ زدەخایەنێ.

لە ساڵی 1922پ ز ،واتە لەسەرەتای ئەم هەزارە ئیبراهیم وسارا ولوت علیهم السلام لە ئوور هوە کۆچیان کرد بۆکەنعان،لە بەرواری 1707 پ ز کۆڕانی ئیسرائیل ،یەعقوب علیه السلام کۆچیان کردوە بۆ میسرو430ساڵ لە میسر مانەوە چونە لای یوسف علیه السلام،لە ساڵی 1270 پ ز

موسی علیه السلام بەنو ئیسرائیلی دەربازکردولە میسر کۆچیان کرد و بەرەو قودس و زەوی پیرۆز گەڕانەوە،

موسی ویوشع علیهما السلام 1270 پ ز 1130پ ز فەرمانڕەواییان کردوە .

لە ساڵی 1050 پ ز کەنعانیەکان دەستیان بە سەر ئۆرشەلیم داگرت ودەستیان بەسە رتابوتی رەب داگرت.لەم هەزارەداسێ کۆچی گەورەوسێ بنچینەی گەورەی ئیبراهیمی ئیسرائیلی یەهودی دامەزراوە.

٦- شەوو ڕۆژی پێنج شەممە لە بەرواری ساڵی

٩١٠ پ ز هەتاکو ساڵی ٦٠ زاینی دەخایەنێ.

لەم هەزارەدا حوکمی داودوسلێمان علیهما السلام

لە ماوەی ساڵانی 1025 پ ز تاکو ساڵی 931 پ ز فەرمانڕەوابوون بە پێ ی گێڕانەوەی تەورات کە دەسەڵاتێکی زۆرسنوردار وناوچەیی بوەو لەبەشێک لەخاکی فەلەستین بوە.

هەرگیزئەو گێڕانەوە لەگەڵ ئەو داودوسلێمانە ناگونجێ کە خەلیفەی گشت زەوی بووە ..

كه دەفەرموێ :یاداود اناجعلناک خليفة في الارض.

وەئەوسلێمانەی كه پاشای گشت جیهان بوه.

٧- شەوو ڕۆژی جومعەی دووەم لە بەرواری ساڵی ٦٠ز تاكو ساڵی ١٠٣٠-زاینی دەخایەنێ.

كەواتە عیسی علیه السلام لەكۆتایی ڕۆژی پێنج شەم لەدایک بوو و هەرلەكۆتایی ئەوڕۆژەش بڵند كراوه.

ئەگەر هەرسەعاتێكی ئەوشەوو ڕۆژه هەزاریانه ٤٢ساڵ بێ وسەرەتای ڕۆژیش بەپێی ڕۆژژمێری قەمەری سەعات شەشی ئێواره دەست پێدەكا ئەوه ساڵی ٥٧١ز دەبێته ساڵی ٥٢٥ی هەزارەی ڕۆژی جومعه كه ١٢سەعات ونیو لەوڕۆژه ڕۆیشتوەوسەعات شەش ونیوی بەرەبەیانی جومعه سەروەرمان علیه السلام لەدایک بووەو لەسەعات هەشتیش كۆچی دوایی كردوەو سەعات ونیوێک لەڕۆژی جومعه ژیاوه.

،ئەم هەزاره تاكو ساڵی هەزاری زاینی كۆتایی ڕۆژی عروبه وبەسەرچونی چوارچاخی زێڕین و پێشینی ئیسلامه كەدەسەڵاتی زۆربەی جیهانی كۆن بەدەستی مسوڵمانانەوەبوو وهەمووشی بەزمانی عەرەبی زمانی فەرمی بوو..

مەبەستم لە ڕۆژی عروبه ، چونكه لە لای سەبەئیەكان ڕۆژەكانی هەفته ناوەكانیان بەم شێوەیه :

-شەممه شبار

یەک شەممه ئەوەل

دووشەممه ئەهوەن

سێ شەممه دبار

چوارشەممه جبار

پێنج شەممه ئەنیس

جومعه عروبه

وەک ئیبن حەجەر لە کتێبی -هدی الساری -هەدی ساری پێشەکی فتح الباری باسی کردووە.

٨-شەوو ڕۆژی شەممەی دووەم وگەڕانەوەی دەسەڵاتی یەهود لە ساڵی١٠٣٠ز تاکو-٢٠٠٠زاینی دەخایەنێ.

هەزاری زاینی تا ساڵی دوو هەزاری زاینی ،کە لەڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای ئیسلامی ونیمچە کیشوەری هیندی چینی جالوتی تورک فەرمان ڕەوا بوون،ئەو تورکانەی کەلە فەرمودە هاتوە ،واز لە تورک بێنن، ئەوەندەی ئەوان وازتان لێ دێنن، وەلە گێڕانەوەیەکی تر دەفەرموێ: هەرئەوەندەی بەنو قەنتورا هاتنە ئەم دینەوە،ئیدی هەمووکاروبارێکتان لە دەست دەردێنن و ئەسپەکانیان بە کۆڵەکەکانی مزگەوتەکەم دەبەستنەوە، وەلەزۆرفەرمودە هاتوە کە تورک بەشێکن لەیاجوج وماجوج، وەکە لەخەوندا دەی دیتن ،دەی فەرمو وەیل بۆ عەرەب لەو ڕۆژەی کەنزیک بۆتەوە، تێبینی بکەن نەی فەرموە وەیل بۆ مسوڵمانان ، چونکە زانیویەتی ئەم تورکانە مسوڵمان دەبن ،بەڵام وەیلن بۆ عەرەب چونکە دەسەڵات وهەژموون وسەروەریان لەدەست دەردێنن.

هاتنی ئەم تورکە عەلوجانە بەهاتنی سلجوقی کوڕی دوقاق لە ٩٦٠ز ولە ١٠٣٧دا وڵاتی بیوهیان ڕوخاند ودەوڵەتی خۆیان دامەزراند ولەساڵی ١٠٧١ شەڕی ملازکوردیان کرد و بەهۆی ئەوشەڕەوە جیهانی مەسیحی ناکۆکیەکانی خۆیان بەلاناو هاوپەیمانی خاچ پەرستیان گرێ دا، لەئەنجامدا لە١٠٩٧خاچپەرستەکان هاتن فەلەستین و لوبنان وبەشێک لەسوریاوئەنادۆلیان گرت. وە حوکمی سلجوقیەکان لە ساڵی ١١٥٧ کۆتایی پێ هات و پاشماوەکانیان بوونە جاش وگوێ لە مستی مەغۆلەکان.

خوارزمە تورکەکان لە 1077-1220 حوکمڕان بوون وجێگای سلجوقەکانیان گرتەوە ، بەڵام وەک چۆن سلجوقەکان بەڵای شەڕی خاچیان بەسەر وڵاتانی ئیسلام داهێنا، خوارزمەکانیش بوونە هۆی ئەوەی تەتەرومەغۆلەکان شەڕوناکۆکی ناوخۆیان وازلێ بێنن و یەک لەدوای یەک شارو وڵاتەکانی مسوڵمانان داگیربکەن لەساڵانی ١٢٠٦-١٣٦٣ ز دا بەئەوپەڕی دڕندەیی حوکم بکەن .

زەنکیەکان کە عماد الدین زەنکی لە١١٢٠ دای مەزراند تا مردنی نورالدین محمودلە١١٧٤ دەوڵەتی زەنکی تورکمانیان بەهۆی ناکۆکی سلجوقی و خوارزمی

وخاچ و ڕۆمەکان ڕاگرت بەڵام لەوەودوا لە١١٧٤ئەوانیش بوونەپاشکۆوجاشی خاچ و مەغۆل و خوارزمیەکان تا ١٢٥٨ز

ئەیوبیەکان ١١٨٠-١٢٥٠ز دوای خۆیان هەرئەوەندەیان پێکرا بۆ جیهانی ئیسلامی کە دەوڵەتی مەمالیکی بورجی وبەحریان پەروەردەکردن وئەم مەمالیکانە لە ساڵی١٢٥٠تاکو١٥١٧ خایاندی ومیسریان کردە پایتەخت وخەلافەتی عەباسیان دامەزراندەوەو سێ سەدە بەرامبەر چاوچنۆکیەکانی ئەوروپاو ومەغۆل و عوسمانیەکان ڕاوەستان، هەرچەند ئەمانە بەڕەچەڵەک تورک بوون بەڵام تورکایەتیان نەکردوەو بوونە بەشێک لە عەرەب و دواتر بەدەستی عوسمانیەکان دەوڵەتی مەمالیکیش کەپاشماوەی بنەماڵەی عەباسیەکانیشیان لەباوەش گرتبوونەوەوکردبوونیانەوە خەلیفە ئەویش کۆتایی پێ هات، کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی کۆیلە مەمالیکەکانی ئەیوبیەکان خەتای کوردیشی تێدابوو کەبە هۆی هەوڵەکانی مەلائیدریسی بەدلیسی ٤٦ئەمارەتی کوردی یەکیان گرت و بوونە بەشێک لە ئیمارەتی عوسمانی و ئیمارەتی عوسمانی کە لە

سەردەمی عوسمانی کوڕی ئارتغرول کە ٤٥ساڵ حوکمڕانی کر لە ١٢٨١ز تاکو١٣٢٦ز لەوماوەدا ئەمارەتەکە لە 4800 کم2، ی فراوان کرد بۆ 16000 کم2 .

ئەم ڕووبەرە لە ساڵی ١٣٨٩ز کە سوڵتان مرادی کوڕی ئۆرخان تیایدا مرد گەیشتە500.000 کم2.

بەڵام ئەو دەوڵەتە توشی نسکۆ بوو لەسەردەستی تەیموری لەنگ وزۆربەی ڕووبەرەکەی لەدەست داو ٢٠٨هەزار کم 2 لەئەنادۆڵ لەدەست دا و لەئەوروپاش زۆری لێ کەم بۆوەو ئەوی ماشەوە بوونە چەند ئەمارەتێک .

سوڵتان بایەزید لە١٤٠٣ کوژراو ئەمیرەکانی عوسمانی دوای ئەو ناکۆک بوون ، هەتا دوای هاتنی محمد فاتحیش کە بە بکوژی براکانی وبرازاکانی ناسراوە ، چونکە پێی وابوو کە ناحەزانی وڵاتی عوسمانی بوونی فرەئەمیری دەکەنە بیانو بۆ لەت کردنی ئەمارەتەکەونانەوەی پشێوی وناکۆکی .

محمد فاتح لەساڵی ١٤٥٣ز ئەستەمبوڵی گرت وکردیە پایتەخت ، دوای ئەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی بەنوگەرمیان هێنا کە دەگوترێ تورکمان بوون ، بەڵام کوشتنی براکان بنەماڵەی فاتحی لەناکۆکی ڕزگارنەکرد وهەردوای مردنی خۆی لەساڵی١٤٨١ ز هەردوو کوڕەکەی فاتح ناکۆک بوون و ئەمارەتەکەیان لەت کرد .

ئەم ناکۆکیە سەلیم یاوزی پاڵ نا کە کوڕە بچوکی بایەزید بوو کە شازدە لە برازاکانی کوڕی ئەحمەدی برای بکوژێ .

بەم شێوە بەهۆی ملا ئیدریسی بەدلیسی و چوونی ٤٦ئیمارەتی کوردی بۆناودەوڵەتی عوسمانی ، سوڵتان سەلیم لە ١٥١٤ز لەچاڵدێران بەسەر سەفەویە بەرەچەڵەک تورکەکان دا -هەندێک دەڵێن کوردبوون -سەرکەوت و دواتر لە شەڕی مرج دابووق لە ساڵی١٥١٧ ز بە هاوڕێیەتی ملا ئیدریس چووە میسر و کۆتایی بە دەسەڵاتی مەمالیکی میسرو شام وحجاز و عیراق ویەمەن ومەغریب هێناو لەکاتی مردنی سەلیم یاوز ڕووبەری سوڵتان نشینی عوسمانی گەیشتە

1,494,000 کلم2 واتە بەڕێژەی 70% زیادی کرد.

خۆش ئەوەیە کتێبە مێژوونووسەکان هیچ باسی ئەو ڕۆڵەی مەلا ئیدریس ناکەن ، ئەگەر کورد لەوسەردەمەدا پاڵی دابایە بەلای مەمالیکەکانەوە ،هەم وەفایەک بوو بۆ هاوپەیمانی مەمالیک و ئەیوبی وعەباسیەکان وهەم لەڕووی شەرع ونەتەوەییش بۆ کورد باشتر بوو ، نەک خلافەت لە ئال وبەیتی پێغەمبەر علیه السلام بستێنرێتەوەوبدرێتە کوڕانی بەنوقونتوراویافسیەکان.

بەڵام ئەوەی مەلا ئیدریسیشی پاڵ دا بۆ ئەوکارە چونکە دوای گرتنی قوستەنتینیە وای زانی کە محمد فاتح ئەو باشترین ئەمیرەیەو سوپاکەی باشترین سوپایە کەلە فەرمودە باسیان کراوە ، بەڵام لەڕاستیدا ئە و باشتیرین ئەمیروسوپاودوازدەسوارانە کە خێرترینی خەڵکی سەرزەوین لە پێش هاتنی دەجالدایە وزانایان دەڵێن ئەمیرەکە محمدی مهدیە و سوپاکەش سوپای ئەوە ، چونکە ئەوان بە الله اکبر قوستەنتینیە فەتح دەکەن و ڕوبار ودەریا بۆ ئەوان دەکشێتەوە وەک لەفەرمودەهاتووەو ئەو فەرمودانە باسی گرتنی تورکە عوسمانیە یافسیەکان نیە کەبەجەنگ وکوشتارێکی زۆر ئەوشارەیان گرتووە، هەتافەرمودەکە لەهەندێ گێڕانەوەی دەفەرموێ ئەوسوپایەی لە گەڵ ئەو میرە باشترینەن لە بنەماڵەی ئیسحاقن واتە ڕۆمن ، چونکە مێژووناسان ڕۆم بە نەوەی عیص ی کوڕی ئیسحاق دەزانن .

هەرلە تورانیەکان لەڕۆژهەڵاتیش تەیمورلەنگ دەوڵەتی تەیموری دامەزراند لە ١٣٦٣ز تاکو١٥٠٧ز .

دەوڵەتی عوسمانی ئەرتوغرۆڵی کەلە١٢٩٩-١٩٢٢ درێژەی کێشا ولە ڕۆژهەڵاتیش دوای تەیموریەکان دەوڵەتی سەفەوی تورکمانی

١٥٠١-٦٣١٧ز ودواتر قاجاری تورکمانی ئاذری

١٧٩٤-١٩٢٥ز .

وەتائێستاش هەژمونی ئەتاتورکە تورانیەکان لەتەواوی ناوەڕاستی ئاسیاو ئێران و ئاسیای بچوک بەردەوامە و ئەوەبۆهەزارساڵ دەچێ ئەسپی دەسەڵاتی تورکان بەکۆڵەکەی پەیام بەری ئاخرزەمان بەستراوەتەوەوخۆیان بەو هەڵواسیوەو وەک

مەسیحی دەجال کەسەروەرمان علیه السلام لەخەونی دابینی ،لەتەوافی بەیت دا دەستیان لەسەرشانی ئەوداداوەو وادەردەخەن ئەو مەسیخە دەجالانە شوێن کەوتەی ئەون ،بەڵام ئەوانە جالوتی دەجالن ،خودا واللە یان لێک داوەو سەریان لە خەڵکی تێکداوە بۆتە خود ئال ، گەد ئال دەجال ،وەلە ڕوی زەمەنیش خەونەکەی پەیام بەر علیه السلام واتە دوای ئەوو چوارسەدسالّە عروبیەکەی ،بۆهەزارسالّ ئەمانە بەناوی ئیسلام وشوێن کەوتنی محمد تەوافی کەعبەو وهەم تەوافی هەرسێ کیشوەری جیهانی کۆنیان کردوبەناوی ئیسلامەتی خێروبێری ئاسیاوئەوروپاوئەفریقیایان چنیەوە.

ئەمەش هەندێک لەفەرمودەکانە لەسەر هەواڵ دان بەڕۆڵی خراپی تورک:

روى الحاكم عن بريدة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: يجئ قوم صغار العيون، عراض الوجوه كأن وجوههم الحجف، فيلحقون أهل الإسلام بمنابت الشيح كأني أنظر إليهم، وقد ربطوا خيولهم بسواري المسجد، قيل: يا رسول الله، من هم؟ قال: الترك. وروى ابن أبي شيبة والشيخان وأبو داود والترمذي ومحمد بن ماجه والنسائي عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: لا تقوم الساعة حتى يقاتل المسلمون، وفي لفظ: حتى يقاتلوا الترك، صغار الاعين، حمر الوجوه، ذلف الانوف، كأن وجوههم المجان المطرقة. وفي لفظ: قوما وجوههم كالمجان المطرقة، يلبسون الشعر، ويمشون في الشعر. وفي لفظ: لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا قوما نعالهم الشعر، وليأتين على أحدكم زمان لأن يراني أحب إليه من أن يكون له مثل أهله، وماله وروى الإمام أحمد والبزار والحاكم بسند صحيح عن بريدة قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: ان أمتي يسوقها قوم عراض الوجوه صغار الاعين، حتى كأن وجوههم الحجف ثلاث مرات، حتى يلحقوهم بجزيرة العرب، أما السابقة الاولى فينجو من هرب منهم، وأما الثانية فينجوا بعض ويهلك بعض، وأما الثالثة فيصطلمون من بقي منهم. قالوا: يا رسول الله، من هم ؟ قال: الترك والذي نفسي بيده ليربطن خيولهم إلى جنب سواري المسلمين.

وروى أبو يعلى عن معاوية رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: لتظهرن الترك على العرب حتى تلحقها بمنابت الشيح والقيصوم. وروبالطبراني وأبو نعيم عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: اتركوا الترك ما تركوكم، فان أول من يسلب أمتي ملكهم وما خولهم الله بنو قنطوراء. وروى الطبراني والحاكم عنه قال: كأني بالترك قد أتتكم على براذين محدمة الاذان حتى تربطها بشط الفرات.

ئەم هەواڵانە دەقاودەق هاتوونەدی، هیچ گەڵێک نەیانتوانی خەلافەت لەدەست عەرەب بستێنن تورک نەبێ، کەس دوای هاتنی ئیسلام نەیانتوانی عەرەب وعەرەبی وەک نەتەوەوزمان پەراوێزبکەن وسوکایەتیان پێ بکەن و یاری بەخەلیفەکان بکەن وچاویان دەرێنن ولێیان بخەن وبیانگرن وبیان کوژن وکێیان ویست دای بنێن تورک نەبێ، ئەوان هەرلەسەردەمی موعتەسەم کەهەشتەم خەلیفەی عەباسیەکان بوو لە 179ک لەدایک بووەلەسەردەمی مائمون والی میسروشام بوو، ٢١٨بۆتەخەلیفە لە٢٢٧ک مردووە.

دایکی موعتەسەم تورک بوو ناوی ماردبوو خەڵکی شاری سەغدبوو،موعتەسەم وداروودەستەکەی بوونەهۆی سوکایەتی بە ئیمام ئەحمەد وزانایانی مسوڵمان وچەوساندنەوەی خەڵک وئیجبارکردنیان لەسەر بەجەهەمی بوون.

لەسەردەمی سلجوقیەکان دەسەڵاتیان زیادی کرد وئەوان لەشەڕی ملازکورد بوونەهۆی بەرپاکردنی جەنگی خاچ پەرستی ونەشیان توانی بەرگری لە قودس وشام بکەن.

تاسەلاح الدین وئەیوبیەکان ئەم شکانەیان لەکۆڵ مسوڵمانان کردەوەوهەناسەوسە روەریان گێڕایەوە بۆ خەلیفەی عەباسی.

بەڵام هەرزوو تورکە خوارزمی وتەتەری وتەیموری وقازانی ئەم دەسەڵاتەیان لە عەباسیەکان ستاندەوەوخۆیان بوونە فەرمانڕەوای ڕەهابۆسەدان ساڵ.

دواترعوسمانیەکان سیناریۆیەکەیان تەواوکرد.

ئەوئەوسێ قۆناغەیە کەفەرمودەکە باسی دەکا کەئەوان لەسەردەمی موعتەسەم تا کۆتایی سلجوقیەکان شەتی فوراتیان داگیرکرد.

قۆناغی دووەم مەغۆلەکان وتەیموروقازان دەسەڵاتی عەرەبیان وەک فەرمانڕەوای جیهان کۆتایی پێ هێناوتەنیالەجزیرەی عەرەب عەرەب مابوون.

قۆناغی سێیەم لەسەردەمی عوسمانیەکان تورک ئەسپەکانیان ودەسەڵات وقەڵەمڕەویان لەجیهاندابەکۆلەکەکانی مزگەوتی پێغەمبەرعلیه السلام لەمەدینه بەستەوه..

وەهەرلەم هەزارەی ڕۆژی شەممەدا لەئەوروپاوجیهانی کۆن ونوێ ،سەردەمی ڕێنیساسنسی تالوتی ئیتالیاوپیشەسازی داودی بەریتانی و سلێمانی ئەمریکی دامەزران.

داود و سلیمان علیهما السلام لەنێوان تەوڕات وقورئان وفەرمودەدا:

———

کەله قورئان دا باسیان هاتوه که زمانی تەیرو تو ر دەزانن,ئەوه ئەوەیه که ئەوان دەتوانن هەزاران تەن وەك بالنده به ئاسماندا بفرینن, زمانی شاخ دەزانن,دەزانن خەلوزی و زێڕ و مەگنیسیۆم وسەدان جۆره کانزای تری له کوێ یه؟ ,

لەوانەیه خوێنەر سەری له ناوهێنانی داود وسلیمان علیهم السلام لەگەڵ بەریتانیا وئەمریکا سوڕبمێنێ ،بڵێ که ئەم دووپاشایەی جولەکه بەرله سێ هەزارساڵ پێش ئێستا پاشا بوون وچ پەیوەندیەکیان به ئێستاوه هەیه ؟،بۆیەبەکورتی دەڵێم ،ئەوپاشایەیەتیەی داودو سلێمانی قورئان وفەرموده که باس دەکرێن که ئەوان:-

-خەلیفه وجێنشینی هەموو زەوین وهەموو زەوی له ژێردەستیانه .

يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ (ص 26)

وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ (نمل16)

گێڕدراوەکان ئەوەباس دەکەن کە داود سولەیمان علیەما السلام پاشای گشت زەوی بوون،بەتاییەت سولەیمان کەیەکێکەلەوچوارپاشایەی حوکمی هەمووزەوی کردوە .

-چیاکان لەگەڵ داودتسبیحات دەکەن وکانگاوکانزاو مەنجەڵی زەبەلاحی کانزاکاری وچاوگی نەوت وغاز وعین القتر دەردێنێ وقەڵغانی ئاسنین دروست دەکاو شۆڕشی پیشەسازی بەرپادەکا.

-سلێمان غەواسی ژێردەریا دروست دەکاو سامانی ژێردەریا دەردێنێ وزمانی باڵندەوفڕین دەزانێ وڕێگای یەک مانگی ئەسپ ،واتا مەسافەی دیمەشق بۆ مەکە ، بەنمونە بۆئەو دەبێتە یەک کات ژمێر ی رەواح یان غدا،کات ژمێرێکی بەیانی تا خۆر دەرکەوتن.

جاکە زانیمان کەچوار پێوەربۆ ڕاکردنی ئەسپ هەیە کەجیهانین.

-بڕینی چوارمیل -شەش کیلۆمەترونیو-لەکات ژمێرێک بەڕۆیشتنی ئاسایی.

-گورگەلۆقە لە١٣-١٩کم لەکاتژمێرێکدا دەبڕێ.

-نەرمەغار کە١٩-٢٤کم دەبڕێ لەکاتژمێرێکدا.

-ڕاکردن کە٤٠-٤٨کم دەبڕێ لەسەعاتێکدا.

بەڵام خێراترین ئەسپ لەجیهانداتائێستا ٨٨کم لەکاتژمێرێک تۆمارکردوە.

جائێمە بۆ تەفسیری ئایەتەکە خێراترینیان وەرناگرین، بەڵکو ئەوئەسپەوەردەگرین کە ٣٠کیلۆمەتری بڕیبێ لەکاتژمێرێک وەدەڵێین کە ڕووبەری شانشینی سلێمان علیه السلام =٢٤کاتژمێر×٣٠کم=٧٢٠کم/٢٤کاتژمێر.

٧٢٠کم×٦٠ڕۆژ=٤٣٢٠٠کم ئەمە ئەوپانتاییەیە کەسلیمان علیه السلام لە بەیانیان دەبیبڕی.هی ئێوارانیشی بەهەمان شێوەبوو.

جاکە ئەوەمان زانی کە ڕووبەری هەموو چواردەوری زەوی =چل هەزار کیلۆمەتر بەپێی پێوەری پێوانەی فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی.

کەواتە بەم پێوەرەش بێ شانشینەکەی سولەیمان هەژمونی لە ئەوروپاوئاسیاوئەفریقیاو

هەردووئەمریکاوئوستراليادابووە، هەموو زەوی هەر چل هەزارکیلۆمەترە.

کەواتە چیرۆکەکانی قورئان ناکرێ هەرتاییەت بکرێن بەڕابردووەوە،قورئان کتێبێکە کات وشوێن تێدەپەڕێنێ..

- ئەم سوڵتان ودەسەڵاتە کە بەسلێمان دەدرێ ،دوعای کردوە کە دوای خۆی بەکەس نەدرێ.

- سلێمان یەکێکە لەوپاشایانەی حوکمی گشت جیهان دەکا،کیشوەری نەدۆزراوە لەسەردەمی ئەودانیە.

-بەڵام ئەوداودوسلێمانەی مێژوو ،کە لە ساڵی ٩٠٠پێش زانین حوکمیان لە فەلەستین کردوە، کەناکاتە سەدایەکی جیهان وزەوی.وەنیوەی زەویش نەدۆزرابۆوە کە

کیشوەرەکانی ئەمریکای سەروو وخوارو ئۆقیانیا ودوورگەکانی باکوروباشوری زەوی دەگرێتەوە.

-داودوسلێمانی مێژووی جولەکە وەک سەرچاوە مێژوویەکان وتەوڕات باس دەکەن،نە چیا یان بۆ ژێردەست کراوەو نەنەوتیان دەرهێناوەو نەژێردەریایان هەبوونەفڕۆکەیان هەبوە کەڕێ ی مانگێک بەسەعاتێک ببڕێ.

-بوونی ئەم دەسەڵاتانە کە لە قورئاندا بۆ داودوسلێمان دانراوەو ئێستاش لای ئەوروپاوئەمریکایە ،دەری دەخاکەئەوان داودوسلێمانن ،چونکە ئەم دەسەڵاتانە لە مێژووی مرۆڤایەتی یەک جاردەدرێن ودواییش لەبەردوعاکەی سلێمان ،بۆشارستانی تردوبارە نابنەوە،وە ئێستا کەلەدەست ئەم شارستانیەی ئەم سەردەمەن،ئەمە یەکەم جارەولەوەوپێش مرۆڤایەتی ئەو تەکنەلۆژیایەی نەبوە، کەواتە ئەمانە داودو سلێمانن.

چونکە کەئەمانە داودوسلویمان نەبن کەواتە دەبێ بڵێین دوعاکەی سلویمان قبوڵ نەبوەو ڕەتکراوەتەوەئەمەش پێچەوانەی هەواڵی قورئانە کەدەفەرموێ دوعاکەی گیرابوەودەسەڵاتێکی پێدراوەکەنەلە ڕابردوو بەکەس دراوەونەلەداهاتووش بەکەسی تردەدرێ، ئەی چۆن دەبێ ئێستا بە ئەمریکا بدرێتەوە لەم سەردەمەدا؟؟

-رسول الله ی هەواڵ پێدراو لەو سەردەمەی خۆی هەواڵی ئەو هەزارەی ئەو تیای دا لەدایک بووەو دوو هەزارەی دوای خۆشی پێداوین ،فەرمویەتی ئەو هەزارەی ئەو تیای دا نێردراوە بۆ ئیسلام وعەرەب دەبێ، کەئەوەش وابوو لە ساڵی ٦٠٠ تا کو١٠٠٠ی زاینی دەسەڵاتی ئیسلام وعەرەب بوو، پاشان فەرمویەتی:هەزاری دوای هەزارەی ئێمە هەزارەی سەبتی یەهودە ،واتە لەساڵی هەزاری زاینی کە تیای دا سەلجوقی ، سەی جولەکە دەرکەوتن وپاشان عوسمانی و دواتری ئیتالیای تالوتی وو بەریتانیای داودی ١٦٠٠ز-هەتا ئێستا بەردەوامە کە جالوتی ئیسپان وئالی عوسمانی کوشت .

سلیمانی ئەمریکی کەتائێستا میراتگری داودی بەریتانیای باوکیەتی لە ١٧٧٦ز دامەزراوەوتا ئێستا بەردەوامە ،ئەمانە هەمویان پاشاکانی جولەکەن.

ئێمە ئێستا لەسەرەتای ڕۆژی سێیەمین کە ڕەسولی ئەکرەم هەواڵی پێداوین ،کە هەزارەی دوای هەزارەی شەممەی جولەکە ،هەزارەی نەسارایە، دەبێ گۆڕانکاری لەم هەزارەشدا بکرێ ودەسەڵاتی سلێمان وداودی جولەکە کە لەسورەتی ئیسرا هەواڵ دراوە کەجولەکە دووجار فەسادی گەورە لەزەوی دەنێنەوە ،ئەوەی ئێستا جاری دوەمیانە ، وە شانشینی سەبەئی خۆرپەرست کۆریاویابان وئۆقیانیاومالیزیاوئەندەنوسیان کە شانشینی خۆرناسراون،ئەمریکا هەژمونی لەهەموویانداهەبوو وبوە میراتگری باوکی وموستەعمەرەکانی باوکی وەک بێوەژن مارەکردەوە..

ئەمەش دەقی فەرمودەکانە:

اخبرنا الرسول صلى الله عليه وسلم في صحيح مسلم وغيره :

855) وحَدَّثَنَا قُتَيْبَةُ بْنُ سَعِيدٍ، وَزُهَيْرُ بْنُ حَرْبٍ، قَالَا: حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: نَحْنُ الْآخِرُونَ الْأَوَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَنَحْنُ أَوَّلُ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنَا، وَأُوتِينَاهُ مِنْ بَعْدِهِمْ، فَاخْتَلَفُوا، فَهَدَانَا اللهُ لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ، فَهَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ، هَدَانَا اللهُ لَهُ - قَالَ: يَوْمُ الْجُمُعَةِ - فَالْيَوْمَ لَنَا، وَغَدًا لِلْيَهُودِ، وَبَعْدَ غَدٍ لِلنَّصَارَى .

21 - (855) وحَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَافِعٍ، حَدَّثَنَا عبدالرَّزَّاقِ، أَخْبَرَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ هَمَّامِ بْنِ مُنَبِّهٍ، أَخِي وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ، قَالَ: هَذَا مَا حَدَّثَنَا أَبُو هُرَيْرَةَ، عَنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللهِ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: نَحْنُ الْآخِرُونَ السَّابِقُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنَا، وَأُوتِينَاهُ مِنْ بَعْدِهِمْ، وَهَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي فُرِضَ عَلَيْهِمْ فَاخْتَلَفُوا فِيهِ، فَهَدَانَا اللهُ لَهُ، فَهُمْ لَنَا فِيهِ تَبَعٌ، فَالْيَهُودُ غَدًا، وَالنَّصَارَى بَعْدَ غَدٍ.

22 - (856) وحَدَّثَنَا أَبُو كُرَيْبٍ، وَوَاصِلُ بْنُ عبدالْأَعْلَى، قَالَا: حَدَّثَنَا ابْنُ فُضَيْلٍ، عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْجَعِيِّ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، وَعَنْ رِبْعِيِّ بْنِ حِرَاشٍ، عَنْ حُذَيْفَةَ، قَالَا: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: أَضَلَّ اللهُ عَنِ الْجُمُعَةِ مَنْ كَانَ قَبْلَنَا، فَكَانَ لِلْيَهُودِ يَوْمُ

السَّبْتِ، وَكَانَ لِلنَّصَارَى يَوْمُ الْأَحَدِ، فَجَاءَ اللهُ بِنَا فَهَدَانَا اللهُ لِيَوْمِ الْجُمُعَةِ، فَجَعَلَ الْجُمُعَةَ، وَالسَّبْتَ، وَالْأَحَدَ، وَكَذَلِكَ هُمْ تَبَعٌ لَنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، نَحْنُ الْآخِرُونَ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا، وَالْأَوَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، الْمَقْضِيُّ لَهُمْ قَبْلَ الْخَلَائِقِ وَفِي رِوَايَةٍ وَاصِلٍ الْمَقْضِيُّ بَيْنَهُمْ.

جاکە باوکمان ئادەم لەکۆتایی جومعەوسەرەتای شەممەدابەزیبێ وڕۆژیش هەزارسآڵ بێ،وەمحمد علیه السلام لە ڕۆژی جومعەنێردرابێ، ئەوەلەنێوان ئادەم تاهاتنی پێغەمبەرعلیه السلام حەوت هەزارسآڵە،ئێستا ئێمە خەریکە دەچینە هەزارەی نۆیەم کەسەرەتای دەسەڵاتی نەسارایە.

جالەسەرەتای ئەم ڕۆژە زۆر دوورنیە دابەتی زەوی و ورچی زەوی کەڕوسیایە داردەستەکەی سلێمانی ئەمریکی لەئەوروپابخواو عەمۆسام دوای داڕوخانی داردەستەکەی لەنکاو دابڕمێتە خوار، ئەوجنە چینیانە کە ئەمریکا بۆبەرژەوەندیەکانی ژێرباری خستوون هێشتانەیانزانیوە کە دابەو ورچەکەی زەوی داردەستەکەی سولەیمانی لەئەوروپاخواردوە،هاکابینیت لەنکاوهەرەسی هێنا.

چیرۆکەکانی قورئان وکەسایەتی وڕوداوەکانی هەموو هێماوڕەمز وداتان ،دەبێ خەڵکانێک زۆریان لێ ورد ببنەوە تا تێیان بگەن...

ئەوە 1450ساڵە ئەم مسولمانانە هەر لە ئەوپەری ئاسیا تا ئەوپەری ئەفریقیا,ئەم قورئانە دەخوینن, بە پیرۆزی ڕادەگرن و بە ئاوی زیرو زیوو وزەعفەران و بەخوین وفرمیسکی خۆیان دەی نوسن ,بە پەرۆی ئاوریشم وحەریر بەرگی دەکەن,بە هەزاران ئاوازو مقامات دەی خوینن ,کە چی نەیان زانی وەك داودو سلیمان بەکاری بینن ..

ئیمە چەندە پیمان خۆشبی ڕاستی و نەهینیەکان بزانین ,دەبێ دەئەوەندەش پیمان خۆش بێ کە بە هیز بین ,چونکە کە ڕاستیەکەت زانی و بەڵام دەستەوستان بووی لە خۆپاراستن لە کاردانەوەکانی ,جگەلە خەفەت و حەسرەت چی ترت بۆ نامینیتەوە, بەڵام کە هیزت هەبوو ,ئەگەر نەهینیەکەش نەزانی ,هەر سەڵامەت تری لەوەی کە بیزانی وهیزی ڕوبەڕوو بونەوەت نەبێ, زانین کە ی دەتوانرێ بکرێ بەهیز ؟ ئالیرە گرنگی بەسەرمایەکردنی ڕۆشنبیری ,وەك نەوت و سامانی سروشتی یە وبگرە

بەنرختریشە ,تۆ هەموو پیزانینی جوگرافیات زانی ,سودی چیە کە ئەم زانینە وەرنەگیردرایە بواری کارو لە دەریاو روبارو زنجیرە چیاکانت رەنگی نەدایەوە,؟ رۆشنبیری دەبێ بگاتە ئاستیك کە لە زمانی سروشت تێ بگەی ,داودی بەریتانی و سلیمانی ئەمریکی کەلە قورئان دا هاتوە کە زمانی تەیرو تو ر دەزانن,ئەوە ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن هەزاران تەن وەك بالندە بە ئاسماندا بفرینن, زمانی شاخ دەزانن,دەزانن خەلوزی و زێڕ و مەگنیسیۆم وسەدان جۆرە کانزای تری لە کوی یە ..

٩- شەووڕۆژی یەک شەممەی گەڕانەوەی سەروەری نەسرانیە کان لە ساڵی دووهەزاری زاینەوە بۆ ساڵی سێ هەزاری زایینی،مەلاحم وجەنگ وئایەت ونیشانەکانی ساعەت وڕۆژی دوایی لەم هەزارەدا پێ دەگەن،لەسەرەتای ئەم هەزارە دەجال نامێنێ ،لەسەدەکانی یەکەم یاجوج وماجوج تەنگ بە ئیمانداران وپەیڕەوانی مەسیح علیه السلام هەڵدەچنن،دوای کۆتایی ئەوانیش،ماوەیەک مرۆڤایەتی بە ئاسودەیی دەژین،بەڵام کۆتایی ئەوانیش بە بایەک کە هەموویان دەمرێنێ، پێدەچێ ئاماژەبێ بۆ چەکێکی کیمیایی، لە فەرمودەی زۆر ئاماژە بە ڕوداوەکانی ئەم سێ هەزارانەی دوایی کراوە.

بەپێ ی فەرمودەی محمد ی رسول الله صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموی الیوم – الجمعة العروبة- لنا وغدا –السبت –لليهود وبعد غد – الاحد- للنصاری. ئەم فەرمودە لە زۆربەی کتێبەکانی فەرمودە بەگێڕانەوەی هەمەچەشن هاتوە.

خوێندنەوەی داهاتوو لە دەلاقەی مێژوو و ستراتیژ ودەقەکانەوە..

-لەڕووی بەرژەوەندی و مێژووییەوە:

بەراوردی جەنگ وهەرای هەرمجدۆن لەنێوان دەق ولێدوانەکاندا:.

هەرمجدۆن لای جولەکەومەسیحیەکان:

لەسیحاحی شازدەهەمی سفری روئیا ی ئینجیل هاتوە:

[[مەلاکی شەشەم کاسەکەی لەناو ئاوی فورات کردو ئاوەکەی وشك کرد,تاببیتە ڕێرەو بۆ پاشاکانی ڕۆژهەلات,بینیم کە سێ روحی پیس لە شیوەی بۆق لە دەمی تنینیك دەرچوون,ئەمانە روحی شەیتانی بوون,معجزەیان دروست دەکرد تاپاشاکانی زەوی کۆبکەنەوە بۆ جەنگی ڕۆژی گەورە,ڕۆژی الله ی قەدیرو بەتوانا,خۆشی بۆ ئەوکەسەی کە جلەکانی دەپاریزێ و لەورۆژە رووت نابێ, ,لەو ڕۆژەدا هەموو کۆدەبنەوە لەوشوینەی پێ ی دەلین هەرمجدۆن]]

باسی وشک بوونی ئاوی فوڕات ودەرکەوتنی کێوی زێردەکرێ ،دەگێڕدرێتەوەکەلەشام لاشەکان وەک گرد کەڵەکە دەبن وکەس نامێنێ بیان نێژێ وباڵندە لە ئاسمانەوە لەبەربۆنی ناخۆش دەکەوێتە خوار،لەسەد کەس نەوەدونۆ دەکوژرێ وهەمووشی بۆ زێڕەکەی فوڕات وگەنجینەکەی کوڕە خەلیفەکانە ،ئەم کوشتارە نەهی لێ کراوە کە ئیماندار تیای دا هەوڵی بەشداربوون بدا.

لە چەندین فەرمودەدا هاتووە لەوانە بوخاری وموسلیم و ئەبوداود وتورموزی و عبدالرزاق وئیمام ئەحمەد وئیبن ماجە و نەعیمی کوڕی حەماد وئیبن کەسیر لە چەندان سەحەبایەوەوبەچەندین ڕێگا ئەم فەرمودەیان گێڕاوەتەوە بۆ دڵنیابیتان ئاماژە بە بەناوبانگترینیان دەکەم .

١- أبو هريرة رضي الله عنه دەڵێ : قال رسول الله ﷺ: «لا تقوم الساعة حتى يُحْسَر الفرات عن جبل من ذهب يقتتل الناس عليه، فيقتل من كل مئة تسعة وتسعون، فيقول كل رجل منهم: لعلي أكون أنا أنجو»

واتە:قیامەت بەرپانابێ تاشاخێکی زێڕبەری ڕووباری فوڕات نەگرێ،خەڵکی هەموو لەسەرئەوزێرە یەکتردەکوژن،لە سەدکەس نەوەدونۆیان دەکوژرێن،هەریەک لەم سەد کەسە دەڵێن:بەڵکوئەوەی لەکۆتایی دەمێنمەوەمن بم.

ئیمامی بوخاري له صحیحه کەی له کتاب الفتن (8 / 100)بەشی خروج النار گێڕاویەتیەوە، وەمسلم له کتاب الفتن (ژماره 2894) بەشی لا تقوم الساعة حتى یحسر الفرات عن جبل من ذهب،گێڕاویەتەوە.

٢-فەرمودەی دووەم:

قال رسول الله ﷺ: «یوشك الفرات أن یحسر عن كنز من ذهب فمن حضره فلا یأخذ منه شیئاً»

نزیکە گەنجینەیەک لەزێر بەری فوڕات بگرێ هەرکەس لەوسەردەمە لەوێ بوو باهیچی لێ هەڵنەگرێ.

أبو داود (به ژماره 4313) گێڕاویەتیەوە والترمذي (به ژماره 2572) گێڕاویەتیەوە.

٣-فەرمودەی سێیەم:

عبد الله کوڕی الحارث کوڕی نوفل رضي الله عنه دڵێ : لەلای أبي بن كعب ڕاوەستابووم، گوتی: هەتائێستاش خەڵک هەر چاویان چڕدارگرتووەومل ملانێیانە بۆ دەستکەوتنی دنیا؟؟ گوتم بەڵێ.

گوتی : من گوێم لێ بوە کە رسول الله ﷺ دەیفەرموو: یوشك الفرات أن ینحسر عن جبل من ذهب، فإذا سمع به الناس ساروا إلیه، فیقول من عنده: لئن تركنا الناس یأخذون منه لیذهبن به كله، قال: فیقتتلون علیه، فیقتل من كل مئة تسعة وتسعون.

له أبي هريرة رضي الله عنه دەڵێ: قال رسول الله ﷺ: لا تذهب الدنيا حتى ينجلي فراتكم عن جزيرة من ذهب، فيقتتلون عليه، فيقتل من كل مئة تسعة وتسعون.

مسلم (بە ژمارەی2895)گێڕاویەتیەوە.

حنبل کوڕی إسحاق له کتابی الفتن (ل 216) به سەنەدی صحیح. گێڕاویەتیەوە.

عبدالرزاق لەمصنفه کەی (11/ 382) له أبي هريرة، گێڕاویەتیەوت وئیمام أحمد له مسنده کەی بەسێ ڕێگا:

- (2 / 306) له معمر.

-هەرواله (2 /332) له ڕێگەی زهير

-هەروەها (5 /139 140) لەڕێی کعب.

گێڕاویەتیەوە

وەأبو داود له سنن کەی(4/ 493) وترمذي له سنن کەی (4 / 699)، وابن ماجة له سنن کەی (2 / 1343). گێڕاویانەتەوە.

هەروەهاکما أبي عمرو الداني له کتابی السنن بەچەندین ڕێگاگێڕاویەتیەوە.

وەشێخی بوخاری الإمام الحافظ نعيم کوڕی حماد لەکتێبی الفتن لەچەندان شوێن گێڕاویەتیەوە.

هەروەها ابن كثير لە كتابى النهاية في الفتن والملاحم گێڕاویەتیەوە.

زانایانی مسوڵمان ئەم نیشانەیان بەیەکێ لەنیشانە بچوکەکانی هاتنی قیامەت داناوە.

زۆری کوژراوەکان وکەمی ڕزگاربوەکان ئاماژەدانەبەوەی چەندکەسێکی کەم لە مرۆڤەکانی بەشدارلەم جەنگە بەشداریان دەبێ و تەنیا یەک لەسەرسەدی خەڵکی شام دەمێنننەوەو لەسەدانەوەدونۆیان دەکوژرێن ولەناودەچن.

نەوەوی لەشرح صحيح مسلم (18 / 98).

دەڵێ لەوەیە بەهۆی وشک بوونی ئاوی ڕوبارەکە ،یان لادرانی ڕێڕەوی ئاوی فوڕات ئەم شاخەزێرە دەرکەوێ.

ئیبن حجر لەالفتح (13 / 80).دەڵێ :

لەهەندێ فەرمودە کەنزوگەنجینەیە ولەهەندێ شاخی زێڕ، پێش دەرکەوتنی زێڕەکە گەنجینەیە،دوای دەرکەوتنی لەبەرزۆریەکەی شاخی زێڕە.

قورتوبی و حەلیمی کە باسی ئەو ڕۆژگارەدەکەن کە کەس زێڕ وزیو وەرناگرێ ،دەڵێن دوای دەرکەوتنی ئەوشاخە زێڕەوکەم بونەوەی خەڵکی ودابەزینی عیسی علیه السلام پەردەی ڕاستیەکان لەسەرچاوی خەڵک هەڵدەماڵرێ وکەس دڵی بەدنیاخۆش نامێنێ چونکە دەزانن ئیدی جیهان کۆتاییەتی وسەردەمی کەڵەکەکردنی ماڵ وسامان نەماوە.

بەڵام بەرزنجی لە اشاعه دەڵێ کە وشک بوونی فوڕات و دەرکەوتنی ئەوزێڕە پێش هاتنی مەهدیە.

لە ماڵپەڕی معرفە داهاتووە:

درێژی ڕووباری فوڕات 2 780 کیلۆمەترە،بەرزی سەرچاوەکەی لەڕووی دەریا 4500 مەترە وڕێژەی818 متر^3/چرکە یە وڕووبەرەئاویەکەی 673 000 کم^2

شوێنی هەڵقوڵینی تورکیاوسوریاوعیراقن،دەڕژێتە کەنداوی عەرەبی.

فوڕات یەکێکە لەڕووبارە گەورەکانی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا ،لەتورکیا دوو بەشە، بەشی ڕۆژهەڵات پێی دەگوترێ ئاوی موراد ئەم ئاوی مورادە لە نێوان چیای ئارارات و دەریاچەی وان لە وڵاتی ئەرمینیا هەڵدەقوڵێ.

بەشی ڕۆژئاوا پێی دەگوترێ ئاوی ڕەش لەباکوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ هەڵدەقوڵێ،ئەم دوو ڕووبارە سەرەتاهەردووکیان بەرەوڕۆژئاوا دەڕۆن،پاشان یەک دەگرن و بەرەوخواردەکشێن وزنجیرەچیای نۆرۆس بەجێدێڵن، پاشان ڕووبارەکە بەرەوخواروی ڕۆژهەڵا دێ وزۆر لقی دیکەی دەڕژێنەناوپاشان لەشاری جەرابلوس دێتەناوسوریاوە، لەوێ ڕووباری بەلیخ ی تێ دەڕژێ، پاشان ڕووباری خابوری تڕ دڕژڕ، پاشان بەشاری ڕقە دا تێدەپەڕێ وبەرەوپارێزگای دێر الزوڕ دەڕواولە شاری بوکەمال لەوپارێزگایەدەردەچێ ولەلای شاری قائیم دێتە نوعیراقەوەوزۆرفراوان دەبێ تاهۆرەکانی ناوەڕاستی باشوری عیراق پێک دێنێ،دواترلەگەڵ ڕووباری دیجلە یەک دەگرێ وشەتی عەرەب پێک دێنن وبۆ نەوەد میل بەیەکەوەدەڕۆن ودەڕژێنەکەنداوی عەرەبەوە.

درێژی فوڕات 2700 کم (1800 میل) دەبێ،پانیەکەی لە نێوان 200 بۆزیاترلە 2000 مەترە لەکاتی ڕژانی بۆکەنداوی عەرەب ..

فوڕات لە زمانی عەرەبی واتە ئاوی شیرین ،لەقورئانیش ناوی هاتووە

{وأسقيناكم ماء فراتاً }

ووشەی فرت لەئارامی کۆندا بەواتای گەشەسەندن بوو.

ئەم ڕووبارە لە زمانی عەرەبی فرات ولەئەکەدی پورات ولەئارامی فرۆت ولە ئەرمەنی یاپرات ولەگریکی ئیۆفرتس لەعیبری پێرا ولەکوردی فەرات ولەفارسی فۆرات ولەسامری بورانون ولەتورکی فیرات ی پێ دەگوترێ.

لەهەزاران ساڵ لەمەوبەراوە لەدامێنی ئەم ڕوبارە یەکەم گوند-گوندی حەسونە- دروست بووە، جێگای ڕاوو بازرگانی ودەریاوانی وکشتوکاڵ بوو.

هەزاران شاروگوندوبەندەری لە لە کەنارەکان دروستکرا.

فوڕات لەکۆندا سنوری سروشتی جیاکەرەوەی نێوان ئاشوریەکان وبابلیەکان بووە،هەروەها جیاکەرەوەی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات بووە.وەلەسەردەمی گریکەکان جیاکەرەوەی دەوڵەتی سلۆقیەکان بوو،لەسەردەمی فارس ڕۆمانیش سنوری نێوان فارس وڕۆم بوو.

پایتەختی حیسیەکان کرکمیش لەسەرئەوڕوبارەبوو.

لەکەناری ئەوڕوبارە نەبوخوزنەسر ی بابل بەسەر فرعەون نخۆی میسردا سەرکەوت لەساڵی ٦٠٥ پ ز دا.

لەیەکەم سفری تەورات دائەم ڕووبارە لەسفری تەکوین داولەسفری ڕوئیای ئینجیل کە کۆتاسفری ئینجیلە باس کراوەو وشک بوونی وەک نیشانەی کۆتایی ونزیک بوونی دابەزینی مەسیحی ڕزگارکار دانراوە.

وەلەفەرمودەش بە یەکێک لە ڕوبارەکان بەهەشت هەژمێردراوە وەک لەبوخاریداهاتووەکەلە شەوڕەوی سەروەرمان فەرمویەتی :

«رفعت إلى سدرة المنتهى منتهاها في السماء السابعة نبقها مثل قلال هجر وورقها مثل آذان الفيلة فإذا أربعة أنهار نهران ظاهران ، ونهران باطنان . فأما الظاهران : فالنيل والفرات ....».

وەلای موسلیم یش گێڕدراوەتەوەکە: «سيحان وجيحان والفرات والنيل كل من أنهار الجنة ».

دیارە مادام ئەم ڕووبارە بەهەشتی بێ دەبێ لەکۆتایی جیهانیش وەک حجرالاسود وکەعبە و قورئان دەبێ لەسەرزەوی نەمێنێ.

لەم سەدەی دوایی دا لەتورکیا 22بەربەست / سەدی ئاوگل دانەوەو و 19 وێستگە کارەبای لەسەردروستکراوە. کە817 کم^2 ئاوی خەزن کردوە.

لەسوریا پێنج بەربەستی لەسەردروستکراوە کەسێیان زۆرزەبەلاحن ولەشەستەکانی سەدەی بیست بەربەستی شۆڕش وبەربەستی ئەسەدی لەسەردروستکراوە کە11.6 ملیار متر مکعب لەخۆدەگرێ.

تائێستاش سوریا پرۆژەوبەربەستی تری هەیە وهێشتاتەواونەبوون.

لەعیراق 7 بەربەستی لەسەردروست کراوە لەحەفتاکانەوە تا هەشتاکان.

هەرسێ دەریاچەی (الثرثار، والحبانية، والرزازة) بـ 11.6 ملیار متر مکعب هەزار هیکتار دانرابوو، ئێستا زیاتر لەنیوەی ووشک بووە.

ئاوی عیراق کە 77 ملیار متر مکعبە ولەوبڕەش 29 ملیار متر مکعب هی ڕوباری فوڕاتە ، پێش بینی دەکرێ بە پێی دوو ڕاپۆرتی ڕێککخراوە نێودەوڵەتیەکان ئامادەیان کردوون کە هەردوو ڕووباری دیجلەوفوڕات بەهاتنی ساڵی 2040

ووشک دەبن،ئەوەش بەهۆی بەردەوامی کردنەوەی بەربەست لەوڵاتانی دراوسێ وکەمبونەوەی باران وبەردەوام زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و....هتد.

باسی ئەم ڕۆژە لەتەوڕاتدا:

یۆئیلی نەبی لەبارەی ئەم ڕۆژە گوتویەتی:

فوبەکەڕەناداکەن لە زایۆن،هاوارکەن لای شاخی موقەدەس وپیرۆز،گشت دانیشتوانی زەوی ڕاچڵەکن،ڕۆژی ڕەب بەڕێوەیە،زۆرنزیکە،ڕۆژی تاریکی وئاوابوونە،ڕۆژی هەوروتەم وموژانە.

هرمجدون (دەربڕاوێکی گریکی یۆنانی و : Ἁρμαγεδών) Harmagedōn,[1][2] لاتینیە: Armagedōn[3])

بە پێ ی بۆچوونی نوسەرەوانی کتێبی پیرۆز،ئەو جێگایەدەبێ کە لەشکرەکانی جیهان بۆ جەنگی کۆتایی جیهان لەسەری کۆدەبنەوە،جاری واشە بۆ ئاماژەکردن دێ بۆ سیناریۆی کۆتایی جیهان.

ئەم ووشە تەنیا یەک جارلە ئینجیل دا هاتوە،لە

.Revelation 16:16

ووشەکە بەم شێوە کراوەتە یۆنانی لە زمانی عیبریەوە. har məgiddô (הר מגידו),

هار قویة، - H2022 - واتە حەڕە ،بەشاخەکەی تەنیشت مەدینەش دەڵێن حەڕڕە،بۆ گردو زنجیرە گرد دەگوترێ،قەویە، کەلە زمانە هیندوفارسیەکان دەبێتە کێو،دیارە بنچینەی کێو لە قەوی عبری وسامی وەرگیراوە،وشەی کێومەرد،قەوی مەرد،کەهەندێ دەڵێن ئادەمە، بەڵام ئەو لەڕاستیدا قایین وقەوی وبەهێزوکێوی دارو ماڵی ئوم ودایکیەتی ،واتە ئەوەی پێ ی دەڵێین قابیل ی کوڕی ئادەم.

کەواتە حرە بۆ کێوو بەقوەت وحەڕڕەو گرد وتەپۆلکە وبەرزایی هاتوە، "

الجبل. -تلة، جبل". 'مجدو' '- قوي מְגִדּוֹן H4023 /ميج آی دی- / مجدون يان مجدو، شوێن وگۆڕەپانی کۆبونەوەی لەشکر") "جبل "گردی مجدو لەڕاستیدا گرد نیە،بەڵکو تەپۆلکەیەکە کە دروست کراوەو نەوە دوای نەوە ئەم بەرزاییە نوێ کراوەتەوەلەسەرهەمان شوێن،،قەڵاکان لەکۆندا لەسەر بەرزاییەکانی کە بەسەرڕێ بازرگانیەکاندا دەڕوانن دروست دەکران،بۆپاسەوانیکردنی ڕێگەی دەریاکە ڕێ یەکی بازرگانی بوو کە شارستانی میسری گرێ دەدا بە ئیمپراتۆریەکانی شام وئەنادۆڵ و وڵاتی دووڕوبار.

ئەم شوێنە جێگای جەنگێکی گەورەبووە لە پازدە سەدە پێش زایین ،هەروەها جەنگێکی ترلەهەمان شوێن لەساڵی 609 پ ز ڕووی داوە.

مەجدۆ شارۆچکەیەکە چل کم لە باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی تەبەریە یە،لەناوچەی ڕووباری کیشون..

ئەم شوێنە دەکەوێتە مێرگی ئیبن عامرلەنزیک شاری جەنین،ستراتیژی ئەم بەرزاییە لەوەدایە کە دەکەوێتە سەرڕێگای بەیەک گەیاندنی باکوری فەلەستین بە باشوری فەلەستین..

55 میل لە باکوری تەل ئەبیب و20میل لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری حەیفاوبە دووری 15میل لە کەناری دەریای ناوەڕاست،ئێستا لای عەرەبەکان ئەم گردە،بەگردی مستلم ناسراوە.

لە فەرهەنگی یانگی کتێبی پیرۆزدا هاتوە کە.

ناوی شوێنێکە کەجەنگی ڕۆژهگەورەکە ،ڕۆژی پەروەردگاری بەتوانا،هەمووان کۆدەکاتەوە لەهەرمجدۆن،شاخی لای شاری مەجدۆن کە جەنگە گەورەکانی ڕابردوو تیایدا ڕووی داوە،لەداهاتوش جەنگی گەورە لەو دۆڵەی یزرعیل دەبێ، بەرزایی یزرعیل دەشتێکە لە حەیفاوە بەرەو دەریای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە،کەبەلای شاری مەجدۆدا تێدەپەڕێ وبە یزرەعیل دا شۆڕدەبێتەوە بەرەو بیت شان کەلە لە دۆڵی ئەردەن دالە ئاستی دەریا نزم تر،ئەم دۆڵە ناوچەی شاخاوی جەلیل لەباکورو بەرزایی ناوچەی ڕیف وگوندەکان لە ناوەڕاست وباشور جیادەکاتەوە.

ئەم شارە یەکێک بوە لەشارە گرنگەکانی سلێمان علیه السلام.

هەریەک لە یەهودی ومەسیحیەکان ئەم بەشەی کەلە روئیای یوحەنا هاتوە بۆ سەرکەوتنی داهاتوی خۆیان بەکاردێنن،هەرئەم روئیایە وای کردوە کەدوای دەیان سەدە دوژمنایەتی ئێستا ببنە یەک،چونکە وادەزانن خەونی داهاتویان یەکە،هەردوکیان باوەڕیان وایە کە مەسیح سەرکردایەتی ئەم جەنگە دەکا،بەڵام مەسیحی یەهود بۆیەکەم جارەو مەسیحی کریستیان بۆ دووەم جارە،جولەکەکان چونکە بێ قەوارەیی زۆریان چەشتوە ،لە خەڵکانی دی زیاتر چاوەڕوانی ئەو ڕوداوەن،پێ ی دەڵێن ڕۆژی اللە ،ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فەڕەنسا لەکا تی جەنگی کەنداو لەساڵی 1991 دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ حاخام مناحیمسیزمونای پێشەوای

ڕوحی بزوتنەوەی بێ لایەنی جولەکە کردوەوناوبراو پێ ی وایەئەم جەنگەی کەنداو پێشەکیە بۆ هاتنی مەسیحی چاوەڕوانکراو،.

تیودۆرهرتزلی دامەزرێنەری بزاڤی جولەکە لە سەدەی نۆزدەدا دەیگووت(من لە ڕوئیادا مەسیح،لەسەرشێوەی پیرەمێردێک، خۆی پیشان دام وپێ ی گوتم ،:بڕۆهەموو جولەکەکان ئاگاداربکە،من لەمەولا بەم نزیکانەدێم ،موعجیزەو دەستەوستان کەری زۆرگەورە وکرداری زۆرمەزن لەبەرچاوی گەلەکەم وگشت جیهان دروست دەکەم.)

جەنگی هرمجدۆن ،ئاماژەیە بۆ جەنگ ملانێ ی کۆتایی لە نێوان حکومەت ودەسەڵات دارە کانی مرۆڤایەتی واللە ،چونکە ئەو حکومەتانە دژایەتی اللە دەکەن وڕەتی دەکەنەوە کە مل کەچ بن بۆ دەسەڵاتی اللە،هەروەک لە مەزامیری داود دا هاتوە،،هەربۆیە جەنگی هەرمجدۆن دوا لاپەڕەی مێژووی فەرمانڕەوایی مرۆڤایەتی دەپێچێتەوە ،وەک لە سفری دانیال ئاماژەی پێ کراوە.

جەنگی هرمجدۆن جەنگێکی جیهانیە،چونکە هەموو فەرمانڕەواکانی جیهان تیایدا بەشدارن وهەموویان لە سوپاولەشکرکێشیەدا هێزەکانیان دەنێرن،لەو ڕۆژەدا یەسوع ودەستەیەک لە مەلائیکە جەنگ لەگەڵ دوژمنانی اللە دا دەکاوبەسەریان دا سەردەکەوێ، ئەم دوژمنانە کە دژایەتی حوکمی اللە دەکەن ،وەک لە سفری ڕوئیا ئاماژەی پێ کراوە.

جیاوازی تێڕوانینی مەسیحیەکان لە تێڕوانینی جولەکە ،لەوەدایە کە مەسیحیەکان پێ یان وایە کە جەنگەکە شوێنێکی دیاری کراوی نیەو هەموو زەوی دەگرێتەوە.

بەپێ ی یەکێ لە تەفسیرە مەسیحیەکان بۆوڕوئیایە کە ڕاڤەی بریمیلینیالە،دەڵێ: یسوع لەمەولا دەگەڕێتەوە سەرزەوی ودەجال -وەحش ودڕندە- دەبەزێنێ وبەسەر نەبی وپەیامبەری درۆزن وشەیتان دا سەردەکەوێ لەجەنگی هرمجدۆن، پاشان شەیتان بۆماوەی هەزارسالّ دەخرێتە ناو هاویەوهەزارەی قیامەتی بچوک دەست پێ دەکا.

پاش ئەم هەزارەش ،شەیتان ئازاد دەکرێ ویاجوج وماجوج لە هەرچوارلای زەوی بانگ دەکاو شاری خۆشەویستی قودس گەمارۆدەدەن،بەڵام ئاگرێک لەلای اللە دێ وهەموویان دەسوتێنێ،لەوکاتە ئەو ئاگرە شەیتان ویاجوج وماجوج وئەوانەش کەناویان تۆمارنەکرابێ لە کتێبی ژیانداهەموویان دەسوتێنێ وفڕێ دەدرێنە جەهەنەم ودەریاچەی ئاگرەوە.

ئەمەی باس کرا عەقیدەو بیروباوەڕێکی مەسیحیە،جولەکەش باوەڕیان بەبەشێکی هەیە،هەردووکیان کۆکن لەسەر هاتنی ڕۆژێک کە تیایدا خێروشەڕ لێک دەدەن ،جەنگی هەرمجدۆن دەبێ ولەشکرێکی دووسەدملیۆنی تیایدا بەشداردەبێ.

مال لیندیسێ نوسەر، لە کتێبی ئەستێرەی مەزنی زەوی دا دەڵێ:ناپلیۆن کەهاتە سەربەرزایی هرمجدۆن وسەیری دۆڵەکەی کردوگوتی،هەموو سوپاکانی جیهان دەتوانن مانۆڕبکەن،بۆئەو جەنگەی کەلەم شوێنەدا بەرپادەبێ.

لەساڵی 1984دا ڕاپرسیەک کراەلایەن ڕێکخراوی بانکلۆفینش ،دەرکەوت کە ٣٩٪ی ئەمریکا ،باوەڕیان بە وەیە کەڕوئیای ئینجیل بەجەنگێکی ناوەکی وێران کەر دەبێ ،پێش هاتنی قیامەت .

خانمە نوسەری ئەمریکی جریس هاسل لە کتێبی پێشبینی وسیاسەت دا دەنوسێ:ئێمەی مەسیحی ئیمانمان بەوەهەیە کەمێژووی مرۆڤایەتی کۆتایی پێ دێ لە جەنگێکدا کە هەرمجدۆنی پێ دەگوترێ،ئەم جەنگە بەگەڕانەوەی مەسیح تەواودەبێ،وەکە گەڕاشەوەفەرمانڕەوایی بەسەرهەموو مردوو وزیندوانی جیهان دادەکا.

ڕۆناڵدڕێگانی سەرۆکی ئەمریکا لە 1980-1988دەڵێ:ئەم نەوەی ئێستا بەدیاری کراوی ئەو جیلە یە کە هەرمجدۆن دەبینێ.

جیری فولویل ی سەرۆکی مەسیحیە ئوسولیەکان دەڵێ:هەرمجدۆن ڕاستەقینەیە،،ڕاستەقینەیەکی داڕێژراوە،بەڵام ئێمە سوپاسی اللە دەکەین کە کۆتاییەکی گشتی دەبێ.

قەشە بیلی گراهام لە ساڵی 1977گوتوویەتی:

ڕۆژی مەجدۆ ،والە پێشمانە،گشت جیهان زۆربەپەلە بەرەو جەنگی مەجدۆ دەڕوا،بۆیە ئەم نەوەی ئێستا کۆتایی نەوەیە لە ژیان ،ئەم جەنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکا.

هەربەم واتایەش سەرۆکی قەشە ئەنگلیکانەکان دەڵێ:مەسیح پاشا کەهاتەوە ،بەملیۆنان لە هێزەکانی دیکتاتۆری شەیتانی لەناودەبا.

هەرمجدۆن ،نهێنی گەورەی هەڵبژاردنەکان وکێ بەرکێکانی ئەمریکایە،بەشی هەرەگەورەی هەیە لە بانگەشەکان،هەریەک لە جولەکەو مەسیحیە کان بۆ گەیشتن بەپۆستەباڵاکان بەکاری دێنن،

جریس هالسل لە کتێبی پێشبینی وسیاسەت دەنوسێ: (پێشبینیەکانی تەورات لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا،بۆتە ژێدەرێک کە دەیان ملیۆن کەس بیروبۆچون وبنەماکانیانی لێوە دادەڕێژن،لەناوئەمانەش کەسانێک کە خۆیان بەربژێردەکەن بۆسەرۆکی ئەمریکا،ئەمانە هەموویان باوەڕیان بەوەهەیە کە کۆتایی هاتنی جیهان نزیکە،ڕودانی جەنگی هەرمجدۆن لەبەردەرگایە،،هەربۆیەش هەردەم لەپێشبڕکێ دان بۆ خۆپڕچەک کردن،ودروست کردنی چەکی ناوەکی وزۆربەپەلەن بۆ ئەوەی ئەم جەنگە ڕووبدا ،چونکە پێ یان وایە ئەم جەنگە هاتنی مەسیح نزیک دەکاتەوە).

لەساڵی 1980دا سەرۆکی ئەمریکا ڕونالد ڕیگان لەچاوپێکەوتنی لەگەڵ پێشکەشکاری ئینجیلی جیم بیکر،گوتبوی:

-ئەم نەوە دیاری کراوە کەنەوەی بینەری هەرمجدۆن بێ.

-ئێمە ئەونەوەین کە هەرمجدۆن دەبینین.

هەروەهاسەرۆکی ئەمریکی جۆرج دەبلیو بۆش لەساڵی 2008بۆگۆڤاری دێرشبیگلی ئەڵمانی گوتبووی:لەوساتەوەی کەبۆش بووبەیەکێ لەوشەست ملیۆنەی کە باوەڕمان بە لەدایک بوونەوەی دووەم هەیە بۆ مەسیح ،بۆیە کە پێم وایە مەسیح گەورەترین فەیلەسوفی سیاسی هەموو سەردەمەکانەچونکە ئەویارمەتی دام کەواز بێنم لەمەی نۆشین.

ڕاپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤ کەلەساڵی 1990لە قوبروس دەرچوە نوسیویەتی:

(چەندین دامەزراوگروپی سیاسی وئوسولی هەن لە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاوزۆرێک لەوڵاتانی جیهان ،کە هەموو کۆکن لەسەرئەوەی کە کۆتایی جیهان نزیکە،ئێمە ئێستالەڕۆژانی کۆتایی دا دەژین،کە جەنگی هەرمجدۆنی تێدادڕوودەدا،ئەوجەنگەش جەنگی یەکلاکەرەوەیەولەوەوە دەست پێ دەکا کە هەموو جیهان جەنگ دژی ئیسرائیل ڕاگەیەنێ،جادوای تێشکانی جولەکە مەسیح دێتە خواربۆ لێپێچینەوە لە دوژمنانی ئیسرائیل ودەست خستنی سەرکەوتن،پاشان مەسیح فەرمانڕەوایی جیهان دەکابۆماوەی هەزارساڵ بەئەوپەڕی ئاشتی وخۆشەویستی)

ئەم ئاڕاستە هەربە دینە بەناوبانگەکانەوە نەوەستاوە، ئەوتا تایفەی بەهائیەکان پێ یان وایە کە ڕۆڵی سەرەکیان لەو جەنگەدا هەیە، کارلۆتاجیزن،نوسەری بەهائی لە کتێبی جەنگی هەرمجدۆن دەنوسێ:

جولەکەکان بانگەشەی ئەوەدەکەن کە پەیامبەری چاوەڕوانکراومەسیح کەتائێستا نەهاتوە دێ،بۆ لەناوبردنی سێ دڕندەکە،سێ دڕندەکە سەدام حسێن وسەرۆکی ئەمریکان وپەیامبەرەدرۆزنەکەش سەرۆکی تایفەی بابیە ،بۆیە ئەم بەهائیە پێی وایە کە شەڕی 1990لەوچوارچێوەدایە، ئەو144000کەسە ئەوانەن کە لە بۆچوونی بەهائیەکان لەجیهان دا تێ گەیشتوون وهەرئەوان شایانی مانەوەن ،پاش ئەوەی کەجەنگ هەموو جیهان لەناودەبا،چوار دڕندەی ڕوئیای یۆحەنا ئەمانەن،بەریتانیا،فەڕەنسا،ڕوسیا، ئەمریکا،ئەم چوار دڕندە دەبنە بەهائی ،وپاش جەنگەکە مەحکەمەی رب لەجیهاندا پێک دێنن..

بڵاوبونەوەی ئەم جۆرەبۆچونانە بوو کەوای لەشوکری مستەفای سەرۆکی بزوتنەوەی هجرەوتکفیرکرد،کەدایکی بزوتنەوەکانی قاعدە وتالیبانە ،پێ ی وابێ کە کۆمەڵەکەی ئەو کەشتی نوحە وئەوی باوەڕی بەبنەماکانی کۆمەڵەکەی ئەونەبێ بەهۆی جەنگی سۆڤیەت وئەمریکا لەناودەچێ تەنیا ئەوان لە جیهاندا دەمێننەوە.

هەربۆیەش کاتێ ئەم ئاڕاستە لەسەرئاستی کۆشکی سپی هەبێ ،بۆیە زۆرێک لە چاودێروشڕۆڤەکاران وادەبینن کە قاعیدەوتاڵیبان وداعش وجەنگی تیرۆروبەرەی شەڕو ئەو هەموو دەوڵەتانەی لەدژیان کۆدەکرێنەوە ،هەمووی سیناریۆی فیلمێکی ئەمریکیە تا ئەو خەونەیان بێننە دی، وەک ئەوەی اللە لەبەدی هێنانی سیناریۆی کۆتایی دەستەوستان بێ وهەموو ڕۆڵی دەرهێنان ونمایشی دابێتە ئەو دەوڵەتانە، ،بێگومان ئەم بەهەدەردانی سامان وکەرەستە خاووژیانی ملیۆنەها کەسانە، تاوانێکی گەورەیە وگاڵتە بەخۆ کردنە ویاری کردنە بەچارەنوسی مرۆڤایەتی ،لە شانۆگەری جەنابی موفەتیش دەچێ ،کە پێش هاتنی موفەتیشی حەقیقی ،ئەوان قومارچیەکیان لێ ببوبە موفەتیشی گشتی وهەموو پارەکانیان دایە.

ئەم یاریەش هەروایە ،چونکە نهێنی هاتنی قیامەت ونیشانەکانی ،وەک لەکۆتایی سورەی ئەعراف هاتوە ،نهێنیەکە ئاسمانەکان پێ یان گرانە ودادوبێدادیانە لەدەستی،هەروەها لەسوڕەی تەها اللە بەموسی دەفەرموێ ،باوەڕت بەساعەوقیامەت هەبێ کە هەرخەریکم دەیشارمەوە.

نهێنیەک اللە هەرخەریکی شاردنەوەی بێ وئاسمان دادوبێ دادی بێ لەدەستی وەک لەکۆتایی سوڕەتی ئەعراف هاتووە:

يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (187)

(ئەی محمد(صلى الله عليه وسلم) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی قیامەت: کەی بەرپا دەبێت؟ پێیان بڵێ: بەڕاستی زانینی کاتی بەرپا بوونی هەر لای پەروەردگارمە،

لەکاتێکدا کەس لە سات و کاتی خۆیدا دەری ناخات و بەرپای ناکات پەروەردگار نەبێت، بەرپا بوونی قیامەت زۆر گرانە و زۆر دەکەوێت لەسەر دانیشتوانی ئاسمانەکان و زەوی (چونکە شیرازەی هەمووی تێکدەچێت و لێکهەڵدەوەشێت) ڕۆژی قیامەت بەرپا نابێت کوتوپڕ نەبێت، لە پڕ یەخەتان پێدەگرێت، وا پرسیارت لێدەکەن هەر وەک تۆ زۆر عەوداڵی زانینی هاتنی ڕۆژی قیامەت بیت و پرسیاری زۆرت لە بارەیەوە کردبێت!! پێیان بڵێ: بەڕاستی زانینی بەرپا بوونی قیامەت تەنها لای اللە یە، بەڵام زۆربەی خەڵکیش (ئەمە) نازانن.

وەڵەسوڕەتی طە دەفەرموێ:

إِنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَىٰ (15)

بێگومان ڕۆژی قیامەت بەڕێوەیە و هەر دێت، نزیکە بیشارمەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بە گوێرەی کارو کردەوە و هەوڵ و کۆششی پاداشت بدرێتەوە.

بێگومان بەیاری وتێگەیشتنی سلێمانی ئەمریکیش نازانرێ ،چونکە هودهود یش لەو زیرەکتربوو..

باسی مهدی لە دووتوێ ڕاپۆرتێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکادا:

ئەم ڕاپۆرتە کە شیخ سامر ئیبراهیم بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ ، ئەم ڕاپۆرتە هی پێش چەند ساڵ لەمەوپێشە ، بەڵام دیارە تازە پارێزبەندی لەسەرهەڵگیراوەو ئاشکراکراوە بە مەبەستی پێوانی لێدانی دڵی مسوڵمانان.

ئەم پیاوە لە ڕاپۆرتەکەدا مەسیحی دەجاڵ کە داوای خوایەتی دەکا بە مەسیحی حەق دەزانێ ، چونکە لای وان مەسیح خوایە وکوڕی خوایە ، ئەو زۆر بەترسەوە باسی مهدی دەکا کەدێ دەوڵەتی ئیسلامی دروست دەکاوحەوت ساڵ هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل دەبەستێ ، وەکە باسی مەسیحی حەق دەکا دەڵێ ئەوە مەسیحی مسوڵمانانە بۆ پشتگیری مەهدی دێ و پرۆژەی مهدی تەواودەکا و مەسیحە خواکەی کریستیانەکان دەکوژێ و خاچەکەیان واتە دەسەڵاتی کەنەسیان لەناودەباوتێک دەشکێنێ و ئینجیلەکەیان و بیروباوەڕی هەزارساڵەیان بەدرۆدەخاتەوەو دەیسەلمێنێ کە ئەو خوانیەوەهەڵ نەواسراوەولەپێناوی هەڵەی ئادەم قوربانی نەداوە ،بەکورتی

ئەودینەمەسیحیەی هەزاران ساڵە هەیە لێکدانی سفری دەکا ودەوڵەتێکی ئیسلامی بەرپادەکا کە پایتەختەکەی قودس دەبێ.

دیارە ئەوان بەم ڕاپۆرتە هەموو شتێک دەزانن بۆیە شێتگیرانە هەوڵی لەناوبردنی هەموو بەڵایەکی ئیسلامیان داوە، نەک لەبەر ناشیرنی وناتەواوی ئیسلام بەڵکو لەبەرئەوەی ئیسلام هەرچەندە حەق وجوان وڕاست بێ مادام بوون و قەوارەی ئەوروپاوئەمریکالەناودەبا ومادام ڕیسی هەزاران ساڵەیان دەکاتەوە خوری ، هەرچەند حەقیش بێ دەبێ لەناوچێ ، هەرچەن خێزانداری وڕەوشت باش بێ دەبێ پەرەبەجێندەرونێربازی بدرێ، هەرچەند دادوەری جوان بێ دەبێ پەرە بەقڕی وپڕی بدرێ ، هەرچەند ئازادی وسەربەخۆیی جوان بێ دەبێ ڕەگەزپەرستی و ستەم و جینۆسایدی فکری وکۆمەڵایەتی وشارستانی بەزۆری بسەپێنرێ.

ئەوان وەک موسەیلەمەی درۆزن ،وەک ئەبوجەهل ، دەڵێن مادام حەق وڕاستی و داد وماف وڕەوشت ، درۆودەلەسەو کەڵەکی چەواشەکاری وداوێن پیسی و گومڕایی ئەوان لەناودەبا ئەوان دەبێ بەهەموو شێوەیەک دژی بوون و مانی ئەو ڕوناکی حەقە بوەستن وهەوڵی لەناوبردنی بدەن بەڵام یمکرون ویمکر الله والله خیر الماکرین ....

مەلاحم وداستانەکانی کۆتایی جیهان،

لای مسوڵمانەکان:

یەکیك لەو بابەتانەی پیویستی بە لیکۆلینەوەو بەدواداچونی ئەکادیمی ورد هەیە ,ئەو دەق وفەرمودانەن کە باسی داهاتوو وئاخرزەمان ومحمدی مهدی ومەلاحم وڕوداوەکانی پێش ڕۆژی قیامەت وهەڵسەنگاندن وهەڵسانەوە دەکەن ,ئەم دەقانە دەبێ ئاراستە بکرین و لەگەڵ

یە ك بەراورد بکرین وبزانرێ کامیان پیش کامیان دەبێ ,هەروەها لەگەڵ واقع وروداوەکانیش کە تائیستا ڕوویان داوە یان نا، وە لەگەڵ هەواڵەکانی کتیبەکانی تەورات و ئینجیل و کتیبەکانی تریش بەراورد بکرین ,ئەم دەقانە زۆربەی جاران بونەتە هۆی پشیوی وسەر هەلدانەکان,لە پیناوی دەقي چەند فەرمودە لە سەر ئالای ڕەش هەر لە سەردەمی شۆڕشی عەباسی یەکان لە خۆراسان دژی ئەمەویەکان ئالای ڕەشیان هەڵکردن وخەڵکیش بەوئالا ڕەشانە هاوسۆزیان بوون، عوسمانیە کانیش هەمان شێوازیان بەکار هێنا لەدەست گرتن بەسەر وڵاتاندا،دەوڵەتی

مەهدی بیوهی ومەهدی فاتمی ومەهدی ئیبن تۆمەرتی موەحدینی مەغریب وئەندەلوس ودەوڵەتی مەهدی لە سودان کەهەریەکێک لەم دەوڵەتانە سەدان ساڵی خایاند ودەیان ویلایەتیان حوکم کرد،دامەزرێنەرانی هەموویان دەیانگووت کە محمدی مهدین، تا ئەمرۆ هەر سەد سال جاریك مەهدیەك دروست دەكەن و بە ئالاڕەشەکان دەبیتە خونکاری ناوچەکە ,بۆیە کەسانی وەك ئیبن خلدون و محمدڕشید رەزا وزۆر لە زانایانی تریش بۆئەوەی ئەم دەرگای موزایەدەو گاڵتەبازاڕیە بەدین وفەرمودەوئالوبەیتی رسول الله داخەن ،هەموو فەرمودەکانی کە باسی مەهدی دەکەن بەلاوازوبێ بنەمای دەزانن وبەدەست نێژو هەڵبەستراوی کۆمەڵێک گێرەشێوێنی دەزانن بۆگەیشتن بەدەسەڵات ، ,لە دوای ئیبن خلدونیش لەرۆژئاواو رۆژ هەلات ئەم یاری بە هەست ونەست وسۆزی دینی خەلك کردنە تائیستا بەردەوامە,هۆکەشی پشت گوێ خستن و نەبوونی لیکۆلینەوەی پیویستە بە ئەو روداوو ملاحمانە,شۆڕشی محمد عبدالوهابی تەمیمی و رەشیدیەکانی قەسیم لەسەردەمی خۆیاندا خۆیان بەقەحتانی ودژە دەجالی تەمیمی دەزانی ودواتر جوهەیمان وئوسامە بن لادن بە قەحتانی دەزانران ،ئەسەدوسەدام و موبارەک و شاحسێن وزۆربەی شاوسەرۆکەکانی ناوچەکە ناونرابوون سوفیانی،تائێستاش ئەمە سەدان ساڵە ئەم سوفیانی وقەحتانی ومەهدیانە ملیۆنەها کەسیان بەکوشت داوەو هێشتاش تەواونەبوون.

داعش و قاعدەش بەم ئالارەشانة خەلکیان فریودا , بەلام کە مسولمانان لە فەرمودەکان باش ورد ببنەوە ,مەبەستی ئەم جارەی دروست کەرانی داعش دروست کردنی دەجال بوو،ئەوان هاتن لە موسڵ ودێر الزور،ئەوشوێنەی فەرمودەکان ئاماژەی پێ دەکەن کە دەجالی لێ دەردەکەوێ لەخلە و سەرسنوری نێوان شام وعیراق دەوڵەتی خلافەی ئیسلامی ،دخ، یان دروست کرد ،ئەم دخە مەبەستیان فەرمودەکەی ئیبن سەیاد بوو کە دخ ی تێدایە، ئەم حوجەتیانەی شیعە و هەواڵگری وڵاتانی ناوچەکە بەم یاریە ،مەبەستیان ئیستفزازکردنی پەروەردگار بوو ،کە مادام تۆ نە دجال دەنێری ونە مەهدی ،ئێمە خۆمان ئەو یاریە دروست دەکەین،فەرمودەکان باس لەوەدەکەن هێزی ڕۆم بنکەکەی دابقە،ئەوان چون دابقیان دایە دخە کانی داعش و ڕۆژنامەی زمانحاڵی دخی دەوڵەتی خیلافە - داعش ،دابق بوو کە لەفەرمودەکاندا هێمای گەلەکۆمەکی ڕۆمە دژی ئیسلام ،ئەوان غۆتەی دیمەشق ودەوروبەریان دایە جیش الاسلامی زەهران عەلوشی سەربە سعودیە و هێزەکانی جمال معروف وفەیلق الرحمن وسوپای ئازاد لەوناوە بوون کە گوایە ئەمانە سەربە ئەمیری مەدینەن، تائێستا چەسپاندنی لەوشێوەیاری وچەواشەکاری لەوشێوە لەلایەن پاشاوسەرۆکەکانی ئیسلام بەدەقە وفەرمودەکان نەکراوە،هەروەک ڕۆژئاواییەکان سەدساڵ لەمەوبەر وێنەی نیشتمانی

عەرەبیان لەسەرشێوەی بەراز داناوەو دەوڵەتی ئیسرائیلیان وەک چەقۆ لە پشت ملی بەرازەکە ناوە ،گوایە ئەوە ئەوبەرازەیە کە عیسا هاتە خوار سەری دەبڕێ .

جاری وایە ئەو رووداوانە باسی هێماو ڕەمزین ,بەڵام ئێمە نامانەوێ دان بەمەدا بنیین,بۆ نمونە ئەو فەرمودەی کە دەفەرموێ :من زەویم بۆ وێك هینرایەوەو ڕۆژهەلات ورۆژئاوام بینی ,دینەکەم دەگاتە ئەو شوینەی کە بۆم وێك هینراوەتەوە,وە اللە دینەکەی خۆی دەگەیەنیتە ڕۆژهەلات ورۆژ ئاواوا بە عزی عەزیز ,یان بە زللی زەلیل ,عیزەتیك کە اللە دینەکەی پێ بلند دەکا و زەلیلەك کە اللە دوژمنانی پێ زەلیل دەکا,

ئەگەر لە لایەنی ئاشکرای فەرمودەکە رامێنی دەڵێی ئەمە ڕاگەیاندنی جەنگە لەگەڵ جیهان هەمووی, بەڵام تۆ وەرە ئەم فەرمودە لەچوار چێوەی ئەم فەرمودەی خوارەوە ببینە:

ڕسول اللە دەفەرموێ :من بەریم لەهەر مسولمانیك کە جێنشین بێ لەناو خاکی مشرکان ,مالەکانیان ببینێ و ئاگرۆچکەو بەرئاگردانیان ببینێ,وەفەرمویەتی :سەفەر بە قورئان مەکەن بۆ ناو خاکی دوژمن,

کەواتە کە فەرمودەکە دەفەرموێ :ما زوی لی منها:کەواتە هەموو زەوی نیەو بەشێک لە زەویە ,چونکە ما لە عەرەبی بۆ بەشێکە لەگشتی وبۆ تبعیزە,ئەوەی ئیسلامەتی بە عزیزی دەگاتێ ئەوە ئەو سنورە دیاری کراوەیە کە اللە بۆ ئەم دینەی دیاری کردوە,بەڵام بەشە سەرشۆری وزەلیلیەکە ئەو بەشە یە کە اللە ورسول نەهیان لێ کردوە کەچی هەندێک سەرەڕۆو و چاوچنۆك و مغامر چی فەرمانەکە دەشکێنن و دەچنە ناو ولاتی مشرکان و بە بیانوی بانگەواز وبازرگانی و خویندن وهتد دەمیننەوە,ئەمانە دوژمنی خۆیانن چونکە رسول لە وان بەریە ,کەواتە اللە ش لێ یان بەریە ,یان ئەوانەی قورئان دەبەنە ناو خاکی دوژمن,چونکە کە مسولمان چوو,حەتمەن فاتیحا ومصحەفیش لەگەڵ خۆی دەبا بەوشیوە ئەم دوژمنی خۆی و اللە یە لەوێ سەرشۆڕ دەبێ,

یان فەرمودەیەکی تر دەفەرموێ :اترکوا الترك ما ترکوکم, واتە واز لە تورك بینن ئەوەندەی ئەوان وازتان لێ بینن, واتە بانگیان مەکەن بۆ ناو ئیسلام و وهیرشیان مەکەنە سەر تا ئیسلامیان کەن,وەفەرمویەتی :هەرئەوەندەی ڕۆڵەکانی قەنتورا هاتنە ناو ئەم دینە,ئیدی هەموو شتیکتان لە ژیر دەست دەردینن,راناوەستین تا ئەسپو ولاخەکانیان بە کۆلەکەکانی مزگەوتەکەی من دەبەستنەوە,

کاتێ سولتانەکانی ئەمەوی بۆ تەماعی زێڕو پارەو سامان وتاڵان دەست کەوتن و غەنایم وجەواری ,فەرمانی ئەم فەرمودەیان شکاند وچونە ناو زەوی تاخارستان و ئەو دیو ڕوبار- ما وراۀ النهر-لە لایەکیش کوری کچی رسول الله ونەوەکانی و کوری حەواری رسول الله یان سەر بری و لە خاچ دا و کەعبەو مەکەیان بەر مەنجەنیق دا ,بۆ خۆهەلکیشان و پەردەپۆشی تاوان ئەو سنوری نەهیەو یاساغەشیان بەناوی جیهاد بەزاند و ئیسلامەتیان گەیاندە ئەو شوینەی نەهی لەگەیاندنی کرابوو, ئەوە واقع شاهیدی راستی ئەم فەرمودەیە کە هەر لە سەردەمی سامانی و سبکتکی و بیوهی وسلجوقی و تۆلۆنی و ئەخشیدی وئەرتەقی وئەتابەکی و زەنکی و ئەیوبی ومەمالیکی بەحری وبورجی و خوارزمی و تاتاری ومەغۆلی و عوسمانی وصفوی و قاجاری وکمالی و خومەینی وئۆردۆگانی, ئوممەتی ئیسلامی هەر لە تورکیك نەجاتی دەبێ وبەسەر یەکی تردا دەکەوێ ,

الله کە ئەم دینەی لە بەر ڕێزی ئیبراهیم ومالەکەی دایە گەلیکی پەرتەوازەو نەخوێندەوارولە نەفامی ڕۆچوی وەك عەرەب ,کە لە هەموو نەتەوە یەك مشرکتر بوون ,سێ سەدوشەست پەرستراویان تەنیا لە دەوری کەعبە دانابوو،نە حیکمەتی یۆنان وهندو فارس و نەهێزی تورك ونە فەلسەفەی ئەوروپا یان هەبوو ,بۆ کۆ کردنەوەو ئاراستە کردنیان ئەم دینەی لە ڕۆژی عروبە دا بۆ ناردن ,کتابیکی بۆ ناردن کە تیای دا 11 جار دەفەرموێ کە ئەم کتابە و حوکمە حوکمیکی عەرەبیە ,وەلە راستیشدا ئەوەی بە فراوانی لە عەرەبی شارەزانەبێ لە قورئان و سونەت تێ ناگا و لەناو غەیری عەرەب ،ئیسلام وەك شەریعەت وعبادەت بە زاراوەو کەلیماتی ئەصلی خۆی قابیلی تەتبیق وچەسپاندن نیە ,هەربۆیە ئەو سەدەوقەرنەی رسول وسەحابەوسێ

سەدە دوای ئەو ،لەو چوارسەدساڵە کە لە ڕۆژی عروبە مابوو بەسەدە باشترین وبە پێشینە ئەوەڵ وچاکەکان ناسراون ، ئەمەش بە پێ ی فەرمودەی کە دەفەرموێ:(الیوم –الجمعة العروبة- لنا وغدا –السبت –لليهود وبعد غد – الاحد- للنصاری). جا کە مەسیح علیه السلام لە سەرەتای ڕۆژی عروبەوجومعە لە دایک بووبێ ،ساڵی یەکی زایین بەرەبانی ڕۆژی جومعە یە کە مەسیحی تێدا لە دایک بوو،لە ناوەڕاستی ڕۆژەکەو کاتی نوێژی جومعە لەساڵی 571دا محمد المستەفا لە دایک بوو،لە چوارسەدساڵی دوای 600-1000 کە تەواوکەری ڕۆژی عروبەو قەرن وسەدەچاکەکانی ئیسلام و پێشەنگە کان بوو ،وەک لەفەرمودەدا هاتوە -خير القرون قرني ،ثم الذين يلونهم ،ثم الذين يلونهم ،ثم الذين يلونهم، ثلاث مرات..

واتە ، باشترین سەدەئەوسەدەیە کە پەیامبەری تێدابوو وەسێ سەدەی دوای ئەویش.

دوای ئەوچوارسەدەی عروبە ،لە فەرمودەکان دا هاتوە کە کۆمەڵێک دێن ،داوای شاهیدیان لێ ناکرێ ،شاهیدی دەدەن وداوای سوێندیان لێ ناکرێ سوێند دەخۆن ،ئەوانە بانگەوازکەرانن لەدەروازەی جەهەننەم،.

هەروا لە فەرمودەی تر هاتوە کە لە اللە دەخوازم کە ئوممەتەکەم نیوڕۆژ بتوانێ لەسەر ئیسلامەتی پابەندبێ ،کەنیو ڕۆژ پێنج سەدساڵە.

کە اللە بۆ ملیارەها کۆرپەلە کە دەگەنە 120 ڕۆژ لە سکی دایکیان دوو ملائکة بنیرێ، بۆ دیاری کردنی تەمەن ورزق و چارەنوسی بەختەوەری ونابەختەوەریان, بێ گومان دیاری کردنی تەمەنی ئوممەتان و زمان وشارستانی و ژیارو شەرعەکان و سنوری جوگرافیان لەبیر ناکا وپشت گوێ ناخرین و تەمەن وئەجەل وسنوری کاتی وشوێنی بۆ هەموویان دیاری کردوە کە نەسەعاتیك لە و ئەجەل وکات وشوێنە دیاری کراوە پاش وپێش ناکەن,

ئەوەتا رسولی ئەکرەم ,شەوو ڕۆژ،بیری لە هیلانەی داهاتوی ئیسلام دەکردەوە,هەربۆیە جەعفەری ئامۆزایی و ڕوقیەی کچی وعوسمانی زاوای بەڕێ کرد بۆ حەبەشە ,وەباشترین صحابیەکانی تا سالی حەوتی کۆچی هەر لە حەبەشە

بوون,وەکەنەجاشی مرد نویژی لە سەر کرد ,وەکاتێ نامەی بۆ نەجاشی نوێ نارد ،نەجاشی نامەکەی خستە سەر سەری وماچی کردو لەسەرتەختەکەی هاتەخوارو ئەوسانامەکەی خویندەوە, بەلام دوای ئەم هەموو سابقانە وکارئاسانیە، هەوالی پیدرا کە –اترکو الحبشە ماترکوکم, وەزانی کە فەتحی حەبەشە ،واتە ڕوخانی کەعبە،وە ئەوەی لە ئاخر زەمانا کەعبە دەروخینێ قاچ باریکي حەبەشەیە ناوی جەهجاهە وخەلکی حەبەشەیە,وەدەفەرموێ: چاوم لێ یەتی کە باریەکەی لە خشتەکانی بەیت گیر دەکاو خشتی بەسەر خشتیەوە ناهێڵێ ,

هەربۆیە نەلەسەردەمی راشدی ونەئەمەوی ونە عەباسی ونەفاتمی وموەحدی ونەعوسمانی ونە ئیستاش هەولیان نەداوە کە حەبەشە بکەنە ویلایەتیکی ئیسلامی ,دەولەتی فارس ورۆم پێچرانەوە,کەزۆر لە حەبەشە بەهیزترودوورتر بوون ,بەلام لە کۆتایدا ئەو سنورەش دەشکینرێ,کاربەدەستێکی ئیسلام ئەوگەوجیەی ئەمەوی وعەباسیەکان دووبارە دەکاتەوە کەلەگەڵ سنوری تورک کردیان،حەبەشە دەگرێ و دەرگای روخانی کەعبة دە کاتەوە ,بۆیەش ئەم گرتنی حەبەشە دواکەوتوە ,چونکە سونەتی کەونی الله وایە کە کەعبە تادوای کوژرانی دەجال بمێنێ وعیسا علیه السلام حەجی کەعبە بکا.

هەر وەهائەو فەرمودەی کە فەتحی قوستەنتینیەو دەرکەوتنی دەجال بەیەکەوە گرێ دەدا ,ئاماژەیەکە بەوەی کە پەلە لە فراوان خوازی مەکەن لە فەتحی قوستەنتینیە چونکە فەتحی ئەو،دەرگای گەورەترین ئاشوب وفتنە لە مسولمانان و لە تەواوی مرۆڤایەتیش دەکاتەوە کە لەوەتی مرۆڤایەتی هەیە ئاشوبی واگەورە ڕووی نەداوە، ئەویش هاتنی دەجالە,وە ئەو فەرمودەی باس لەوە دەکا کە فەتحی بیت المقدس –قودس-ویران بوونی مەدینەیە ,فەتحی قودس دەسپێکی مەلاحم وداستانەکانە،داستانەکان فەتحی قوستەنتینیە و ,وێران بوونی قودسە ,فەتحی قوستەنتینیەش هاتنی دەجالە،،

لە ڕوداوەکانیش وابوە,لەو کاتەی بنکەی خلافەت لەشام لەو پەڕی هیزی دا بوو,لە پانتایی دورگەی عەرەب حاجیەکان قەتل وعام و ڕووت دەکران و کەعبة بە مەنجەنیق لێ ی دەدرا و بە هەزاران کچە صەحابی پەردەی کچینیان بە دەستی سەربازەکانی یەزید لە جەنگی حەرادا دڕینراو بە کۆرپەی زۆڵ ئاوس کران و دەیان هەزار صحابە کوژران،وەحەجەر الاسود لە مەککە هەڵقەنراوبۆدەیان ساڵ لە ئیحسابوو،.

,هەروەها كە فەتحی قوستنتینیە بوو ,ئیدی دەرگای شەرو پشیوی سولتانەكانی عوسمان زۆر بوو,سلیمانی قانونی پینج جار لە ئەستەمبولەوە تا تەوریز مافی دا بەسەربازەكانی كە تالانی بكەن ,ئیدی فتوحاتیك لەو جۆرە چ خێرێك بۆ دین ودنیای خەلك دێنێ؟

ئەمە ئەگەر دەجال بەو هێمایانە لێک دەینەوە كە ئاماژەم پێ كردن.

بەڵام كە پێمان وابێ كەتائێستا دەجال نەهاتووەو مهدی نەهاتووە و هێشتا ئەوان زۆریان ماوە ، ئەوەكەواتە ئەوفەتحەی قوستەنتینیە كەلەفەرمودەكان باس كراوە ئەویش هێشتا ڕووی نەداوەو ئەوەی تورکەكان لەسەردەمی سوڵتان محمد موڕاد كردویانە فەتحی قوستەنتینیە نەبوو .

كەواتە محمد فاتح ئەو باشترین ئەمیرەنیەو سوپاكەی باشترین سوپانیە كەلە فەرمودە باسیان كراوە ، بەڵام لەڕاستیدا ئە و باشتیرین ئەمیروسوپاودوازدەسوارانە كە خێرترینی خەڵكی سەرزەوین لە پێش هاتنی دەجالدایە وزانایان دەڵێن ئەمیرەكە محمدی مهدیە و سوپاكەش سوپای ئەوە ، چونكە ئەوان بە اللە اكبر قوستەنتینیە فەتح دەكەن و ڕوبار ودەریا بۆ ئەوان دەكشێتەوە وەک لەفەرمودەهاتووەو ئەو فەرمودانە باسی گرتنی تورکە عوسمانیە یافسیەكان نیە كەبەجەنگ وكوشتارێكی زۆر ئەوشارەیان گرتووە، هەتافەرمودەكە لەهەندێ گێڕانەوەی دەفەرموێ ئەوسوپایەی لە گەڵ ئەو میرە باشترینەن لە بنەماڵەی ئیسحاقن واتە ڕۆمن ، چونكە مێژوونا‌سان ڕۆم بە نەوەی عیص ی كوڕی ئیسحاق دەزانن .

چونكە فەرمودەكە دەفەرموێ فەتحی قوستەنتینیە هاتنی دەجالە ، كەچی ئەوە ٦٠٠ساڵە تورکەكان قوستەنتینیەیان گرتووە وكەچی هێشتا دەجال نەهاتووە .كەواتە فەتحەكەی ئەوان ئەوفەتحە نیە كەباسكراوە..

هەر لە سەرەتای ساڵی هەزارەوە تا ئێستا ،بنەماڵە وسوڵتانە تورکەكان فەرمانڕەوای ئەم ئوممەتیان كردوەو وەک فەرمودەكە فەرموی ڕۆڵەكانی قنتورا هیچ ڕۆڵێكیان بۆكەس نەهێشتوتەوە.

لە یەكی لە دایک بوون تا ساڵی شەش سەد ی لەدایک بوون كە دەكاتە پازدە سەعات لە بیست وچوار سەعاتەكەی ڕۆژی جومعە كە هەر ڕۆژەی چل ودوو ساڵە.

لە سەعات نۆی شەو ،سەردەمی ئیسلام دەست پێ دەكاو قورئان بەشەو ولە لیلە القدر دابەزیوە.

رۆژی یەهودیش کە شەممەیە کە لە سالی1000 ی لەدایک بوون دەستی پێ کردوە،ئەم هەزارە تورک لەناو مسوڵمانان دەوری باڵاوبگرە تاکەڕۆڵی هەیە،لە ئەوروپاش ئیتالیای ڕێنسانسی تالوتی شارستانی دەست پێ کردو پاشان ئاڵای شارستانی دایە داودی بەریتانی کە شۆڕشی پیشەسازی کردوجالوتی عوسمانی کوشت وبەڵام لە حوکم دا هەڵەی کرد، بۆیە ئێستا سلێمانی ئەمریکی لە بەڕێوەبردنی جیهاندا تێگەیشتوترەو الله سلێمانی تێگەیاندوە.

لە شۆرشی پیشەسازی و کانزاکان و خەلوز و شەمەندەفەرودەرهێنانی عینی قیترونەوت، و بەدوای ئەویش دەسەلاتی سلیمانی ئەمریکی هات کە ڕێ ی مانگیکی بۆکرایە سەعاتیك بە فرۆکەو هەر لەناخی زەوی و قولایی دەریا تا سەرمانگو بۆشایی هەمووی پشکنی و ئەو مولکەی بەو دراوە بەکەس نەدراوەو نادرێ ,

بەڵام سلێمانیش چەندهەڵەیەک دەکاوجارێکیان هودهود وجاری دوەم مێرولەو جاری سێ یەم زانای کتاب وجاری چوارەم مۆرانەو دابەی زەوی وەهای بۆڕاست دەکاتەوە کەهەرەس بە ژیارو دەوڵەتەکەی دەهێنێ .

جیاکەرەوەکانی سەردەمی پێ ش هاتنی مەهدی.

١- نەمانی خەلافەت وحوکمی ئیسلام و بەلانرانی شەریعەت وبڵاوبونەوەی بێ سەرەوبەرەیی وبێ یاساوڕێسایی وحوکمی جەنگەڵ وپارچە پارچە بوونی کۆمەڵگا ودەسەڵاتی میلیشیاو دەستەوچەتەکان وبڵاوبونەوەی ڕاووڕووت وتاڵان وڕێبڕی ونەمانی ئاسایش وئەمن ونەمانی عەدالەت ونەگەیشتنی خەڵک بەمافەکانی وداگیرکرانی مافەکان وکەس نابێ ستەم لێ کراو سکاڵای لەلا بکاو هێزێک ودەسەڵاتێک نابێ مافەکانی ستەم لێ کراو بستێنێتەوە لەستەم کار.

٢-بڵاو بوونەوەی دیاردەی کوشتن وبڵاوبونەوەی کوشتاری زۆر،کوژراونازانێ بۆ کوژراوەو وبکوژنازانێ بۆچی کوشتویەتی،جەنگ وشەڕزۆردەبێ وکارەساتی سروشتی ومرۆڤ کردو وێرانکاری زۆردەبن.

٣- زۆربوونی درۆو چاوبەستەکی وچەواشەکاری وخەڵەتاندن وکەم بونەوەی ئەمین وئەمانەت، شەست دەجال ودرۆزن لەپانتایی جیهاندا دێن وهەموویان بانگەشەی زانستی غەیب وشاراوەو زانینی داهاتوودەکەن،ودەڵێن ئێمە پەیامبەرین .

٤- زۆربوونی مل ملانێ وکوشت وکوشتار لە سەر پلەوپایەکانی دنیاو خۆشیەکانی ،کورەخەلیفە ومیرەکان هەموولە دەوری گەنجینەکان دەکوژرێن وغەدروناپاکی وڕووپامایی ودووڕوویێزۆردەبێ.

٥-بەهاکان هەموو دەبنە ڕووکەش،مزگەوت دەڕازێنرێنەوە،کتێب وقورئان دەڕازێنرێنەوە،قورئان خوێن بۆ شانازی ودەنگ خۆشی وبە ئاوازی گۆرانی دەگوترێ وزۆربەی قورئان خوێنەکان دووڕوودەبن وفێربوونی زانست هەربۆلوت بەرزی دەبێ،پێنوس زۆردەبێ ،خەڵک خوێندەواردەبن،بەڵام نەزان دەبن، بازاڕ لێک نزیک دەبن وسیلەی ڕەحم نامێنێ،ڕێزلە گەورەکان ناگیرێ ،بەکورتی ،هەموو بەها ڕەوشتی وپەرستنەکان تۆپکڵی بێ کاکڵ وبێ ناوەرۆک دەبن .

٦- کارەساتی سروشتی هەرچەندزۆردەبن ،کەس پەندیان لێ وەرناگرێ، لەوانەش ،هاتنی بومەلەرزەی زۆر،بورکان ولافاوو ڕۆچوونی زەوی وتسۆنامی زۆر، ئاگرکەوتنەوەی زۆر، دەرکەوتنی نەخۆشی نائاسایی وزۆربوونی مردنی لەنکاو، ڕۆچوون لە ڕۆژئاواوڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن، خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەوکارەساتانە دەمرن و ئاوارەو بێ سەروشوێن دەبن .

٧-زۆربوونی ژن وکەم بوونی پیاو،ژنان جلی شەرم وشکۆ فڕێ دەدەن،زۆربوونی زیناو شەڕواڵ پیسی و ،کەزینازۆربوو منالّی زۆڵ وبێ سەرپەرشت زۆردەبێ ومتمانەی خێزانی نامێنێ ، وجۆرەهانەخۆشی بڵاودەبنەوە ،زۆربوونی ژنی چاوەش وسەماو بێ ڕەوشتی ،لەکارکەوتنی زەکات دان ودەست گرۆیی هەژاران ونەمانی گرێنتی کۆمەڵایەتی ،بڵاوبونەوەی قڕی وپڕی وکەمێکی زۆڵ وبێ بنەچە وپێخواس

وڕووتەڵە دەبنە خاوەن کۆشک وتەلارو کەسانی نەجیبزادەو خاوەن ڕەوشت کۆستیان دەکەوێ،.

٨- زۆر زانستی وەک میرات بەشکردن لەکاردەکەون ،چونکە مەرجەکانی نامێنن،ڕاووڕووتی پەرستگاو کاروانی حاجی وشوێنە پیرۆزەکانیش دەگرێتەوە ،تەنیا بەهێزەکان دەتوانن بازرگانی ودنیاداری بکەن .

٩-تورک دەبنە دەسەڵات دارو ئەسپەکانیان بەکۆڵەکەکانی مزگەوتی مەکەومەدینەوە دەبەستنەوەو دین وەک کاڵاو بابەتی بازرگانی بۆ هەژموونی خۆیان بەکاردێنن ،ئەمەش چونکە ئەوسنورەی فەرمودە بەزێنراوە،.

١٠-ڕوداوی سروشتی سەرسوڕهێنەر زۆردەبن هەم لەزەوی ،وەک زریان وبومەلەرزەوتسۆنامی وبورکان وخۆڵ باران وزەوی وشاروگوند ڕۆچوون،،هتد،،هەروا دیاردەی ئاسمانیش لەزۆری خۆرومانگ گیران ودەرکەوتنی ئەستێرەو وکلکدارو کەوتنە خوارەوەیان .

لەفەرمودەدا لە نوێژی خۆرومانگ گیران دا پێشوامان محمد علیه السلام ،باسی ئەوەی کردوە کە اللە غەیورە وئەم دیاردە پەیوەندی بەزۆربوونی دیاردەی زیناوە هەیە ،بۆیە لەو گوتارە باسی زینای کردوە، ئەم دیاردە کە لەنێوان خۆروزەوی ومانگە کە دایک وباوک وخوشک وبران ،سێیەری هەندێکیان ،ئەوی تردادەپۆشێ، لەڕاستی دا ئاماژەیەکی هێما ئامێزە بۆ زیادبوونی زینا وداوێن پیسی لەنێوان نێرومێ نامەحرەمەکان لەو پارچەی کە دیاردەکەی لێ ڕوودەدا، بۆیە اللە بەئەدەب وشەرمەوە ئاگادارمان دەکاو پەیامبەریش لەگوتارەکەی کنایە ودرکە وئاماژەیەکی بەشەرمەوە ئاگاداری کردوینەوە.

١١-دەرکەوتنی چەند دەستەو باندو خونکارێکی دژبەیەک لە ڕۆژهەڵات وڕۆژئاواوشام وعیراق وحجازو یەمەن وخۆراسان باس کراون کە لەنێوان خۆیاندا شەڕدەکەن ولەشام لاشەکان وەک گرد کەڵەکە دەبن وکەس نامێنێ بیان نێژێ وباڵندە لە ئاسمانەوە لەبەربۆنی ناخۆش دەکەوێتە خوار،لەسەد کەس نەوەدونۆ دەکوژرێ وهەمووشی بۆ زێڕەکەی فوڕات وگەنجینەکەی کوڕە خەلیفەکانە ،ئەم کوشتارە نەهی لێ کراوە کە ئیماندار تیای دا هەوڵی بەشداربوون بدا.

لێرەدا دەقێک دەگوازمەوە کەزۆرێک لە کتێبەکان باسیان کردوە:

ئەم دەستنوسە لە کتێبخانەی ئەستەمبوڵ ،ئەمین جمال لە دەستنوسی هەرمجدون گواستویەتیەوە،ئەو دەست نوسەش لە کتێبخانەکە بەژمارەی 3664 وناوی دەست نوسەکە-اسمی المسالک لایام المهدی الملک لکل الدنیا بامرالله المالک:واتە باشترین ڕێ وشوێن بۆ ڕۆژگاری مەهدی کامڵ بۆگشت دنیا بەفەرمانی الله ی خاوەن .

نوسەرەکەی ناوی کلدە ی کوڕی زەیدی کوڕی بەرەکە بوەولەساڵی سێ سەدی کۆچی ئەم دەست نوسەی لە شاری مەدینە نوسیوەتەوە.

لە گێڕانەوەی ئەبوهوڕەیڕەدا ،کە لە پێش مردنی دا ترسابەوەی بەشاردنەوەی زانست تاوانباربێ ،بۆیە ئەم هەواڵەی باس کردوە:

لەباسی هیتلەروجەنگی دووەمی جیهانی دەڵێ :

((وفي عقد الهجرة بعد الألف وثلاثمائة واعقدوا عقودا یری ملك الروم أن حرب الدنیا کلها یجب أن تکون ، فأراد الله له حربا. ولم یذهب طویل زمن، عقد وعقد فسلط رجلا من بلاد اسمها (جرمن) له اسم الهر ، أراد أن یملك الدنیا ویحارب الکل في بلاد ثلج وخیر، فأمسی في غضب الله بعد سنوات نار أراده قتیلا سر الروش أو الروس .))

واتە:

لە دەیەی کۆچی هەزاروسێ سەدودە، یان بیست۱۳۱۰-۱۳۲۰ک/۱۸۹۲-۱۹۰۳ز ،پاشای ڕۆم وای پێ باشە جەنگی هەموو دنیا ڕووبدا،الله ویستی لەسەرئەم جەنگە بوو،دوای دوو دەیەی ترلەساڵان،پیاوێک ناوی هڕی تێدابوو،بەسەر وڵاتێک داپاشابوو کەناوی جەرمەن بوو،ویستی دەست بەسەرهەموودنیادابگرێ وجەنگی وڵاتی بەفروخێری کرد،بەڵام توشی توڕەیی الله بوو ،دوای چەندساڵان بە ئاگری ڕوش ،یان ڕوس بەکوژراوی دۆزرایەوە،.

دیارە سەرەتای ۱۳۱۰ئاماژەیە بۆ لەدایک بوونی هیتلەر کەلە ۱۸۸۹ز لەدوویک بووە ، وە سەرەتاکانی بیروبۆچونە نازیەکانی هیتلر لە ساڵی ۱۹۱۰ز دەستی پێ کرد .

لە باسی سادات وعبدالناسر وسەدام لەودەست نوسە دا دەڵێ :

وفي عُقود الهجرة بعد الألف وثلاثمائة، عُد خمسا أو ستا يحكم مصر رجل يكنى (ناصر) يدعوه العرب (شجاع العرب) والله في حرب وحرب وما كان منصورا ، ويريد الله لمصر نصرا له حقا في أحب شهوره ، وهو له ، فأرضى مصر رب البيت والعرب بأسمر سادا ، أبوه أنور منه ، لكنه صالح لصوص المسجد الأقصى بالبلد الحزين .

لە دوای پێنج دەیە لە دوای هەزاروسێ سەدی کۆچی واتە دوای ساڵی ١٣٥٠ک تاکو ١٣٦٠ک /بەرامبەر ١٩٣٢-١٩٤٢،پیاوێک لە میسر فەرمانڕەوایی دەکا ناوی ناسرە،عەرەب بەئازای عەرەب ناوی دەبەن،چەندجەنگی کردن ولەهیچیان سەرکەوتوونەبوو،اللە سەرکەوتنێکی بۆ میسرهێنا لە مانگێکی پیرۆزدا،کە میسری خاوەن ماڵ وعەرەب ی ڕازی کردن بە ئەسمەری سادا،باوکی ناوی ئەنوەرە ولەوڕوناکترە،بەڵام لەگەڵ داگیرکەرانی مزگەوتی ئەقسا پێک هات لە وڵاتی خەمبار.

جمال عبدالناسر لەساڵی ١٩١٨ز لەدایک بووە، لەوساڵەی ئاماژەی پێکراوە ١٣٥٠ک دا کە ١٩٣٣ز ئەوساڵەیە کە عبدالناسر وەک بچوکترین خۆپیشاندەر بریندار بوو وە وێنەکەی ڕۆژنامەنوسەکانی میسری پڕ کردبوو ، ساڵی ١٣٦٠ک کە ساڵی١٩٤٢ز ساڵی هاتنی ئەفسەری بەتوانا عبدالناسرە بۆناو ڕێکراوی ئەفسەرانی ئازاد و ئیخوان المسلمین .

پاشان لەباسی سەدام دەڵێ:

روي أبو داود في سننه بسنده عن عبد الله بن عمر قال (كنا قعودا عند رسول الله صلى الله عليه وسلم فذكر الفتن فأكثر في ذكرها .. الى أن قال " ثم فتنه (السراء) دخنها من تحت قدمي رجل من أهل بيتي يزعم أنه مني وليس مني..")

وفي عراق الشام رجل متجبر ..... و..... سفياني، في إحدى عينيه كسل قليل، واسمه من الصدام وهو صدام لمن عارضه، الدنيا جمعت له في كوت صغير دخلها وهو مدهون، ولا خير في السفياني إلا بالإسلام، وهو خير وشر، والويل لخائن المهدي الأمين.

وحرب في بلد اصغر من عجب الذنب يجمع أهل الدنيا لها كأنها أغنى بلد أولم عليها الوالمون وأمير فيها سلم رايته لزعيمه الشر الأتيه من الشواطىء البعيده الغريبه بدايه اخر الزمن فتجمع له صريخها من كل الدنيا وترد له عرش الملك ويخرب عراق في ملاحم بدايه اخر الزمن ويحارب امير الذنب الصغير جيوش المهدي وحان خراب البلد مره اخرى لان اميرها سر الفساد المهدي يقتله ويعود الذنب الى جسد.

واتای فەرمودەکە:..ئاژاوەوئاشوبی دەوڵەمەندی وخۆشگوزەرانی دێ،دوکەڵەکەی لە ژێر پێ ی منە،-واتە بەناوی نەوەی پێغەمبەرەوە ئاژاوەگێڕی دەکرێ-پیاوێک لە ئەهل وبەیتی من ،بانگەشەی ئەوەدەکا کەشوێن کەوتەی منە،بەڵام ئەو شوێن کەوتەی من نیە،،

لە عێراقی شوم فەرمانڕەوایەکی خۆسەپێن هەیە،...و....سوفیانیە وچاوێکی تۆزێک کزە،ناوەکەی لە سیدام وبەریەک کەوتنەو لە سیدام ولێکدان دایە بۆهەرکەسێک کە دژایەتی بکاونەیاری بێ،...دنیا گشتی لە کوت ێکی بچوک بۆی کۆبۆوە،بە چەوری چوەناوی ،ئەم سوفیانیە خێری پێوەنیە ،مەگەربە ئیسلامەوە نەبێ ،ئەوهەم خێروهەم شەڕە،واوەیلا بۆ ناپاکی کەر لە مەهدی ئەمین.

جەنگێک لەوڵاتێکی بچوکتر لە ئێسکی کلێجە بەرپادەبێ،هەموو لەشکری دونیای بۆکۆدەبێتەوە،وەک ئەوەی دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان بێ،خەڵک وەک پێشبڕکێ بۆهاتنەسەرخوانی وەلیمە بکەن ،دێنە ناو ئەو ئاژاوە،ئەمیری ئەوشوێنە ڕێشمەی خۆی داوەتە دەست پێشەنگی هێزێکی بەدکارکە لە وڵاتێکی دووری ناو دەریالوشەکانەوەهاتوەو نامۆیە،ئەم ڕوداوە سەرەتای ئاخیرزەمانە،هاواری ئاژاوەگێڕی گشت دنیای بۆکۆدەبنەوە،حوکم وتەخت بۆو وڵاتە دەگێڕنەوە،عیراق وێران دەکەن لەسەرەتای داستانی ئاخرزەمان دا،ئەمیری وڵاتی ئێسکی عەجبی زنب وکلکەکە جەنگ لەگەڵ سەربازەکانی مەهدی دا دەکا،چونکە ئەمیرەکەی سەری هەموو بەڵاوبەدکاریەکانە،بۆیە جارێکی تر وڵاتەکەی وێران دەبێ،بەدەستی مەهدی دەکوژرێ و کلکەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ لاشەکەی.

واتە جارێکی تر لەسەردەمی مەهدیدا عیراق کوێت دەگرێتەوە بە پێی ئەم دەست نوسە .

دیاری کردنی ساتی دەرکەوتنی مەهدی لەم دەست نوسەدا :

(وفي عقود الهجرة الإلف وأربع مائة ، واعقد اثنين أو ثلاثا..... يخرج المهدي الأمين ،[24] ويحارب كل الكون يجمعون له الضالون والمغضوب عليهم ،والذين مردوا على النفاق في بلاد الإسراء والمعراج عند جبل مجدون ، وتخرج له ملكة الدنيا والمكر زانية اسمها (أمريكا) تراود العالم يومئذ في الضلال والكفر ، ويهود العالم يومئذٍ في أعلى عليين يملكون كل القدس والمدينة المقدسة . وكل البلاد تأتي من البحر والجو إلا بلاد الثلج الرهيب وبلاد الحر الشديد.ويرى المهدي ان كل الدنيا عليه بالمكر السيئ، ويرى الله أشد مكرا، ويرى أن كل كون الله له، إليه المرجع والمصير، وكل الدنيا شجرةٌ له أن يملكها فرعاً وجذرا (.....) فيرميهم الله بأكرب رمي ويحرق عليهم الأرض والبحر والسماء وتمطر السماء مطر السوء، ويلعن أهل الأرض كل كفار الأرض، ويأذن الله بزوال كل الكفر))

لە دوای دوویان سێ دەیە لەدوای هەزاروچوارسەد١٤٢٠-١٤٣٠ک٢٠٠٠-٢٠١٠ز ،مەهدی ئەمین دەردەکەوێ،جەنگی هەموو گەردوون دەکا،هەموو مەسیحیە گومڕاکان وجولەکە غەزەب لێ گیراوەکان و دووڕووە دەغڵەکان هەموو لە وڵاتی شەوڕەوی وئیسراومیعراج لەلای چیای مەجدوون، ،گەلەکۆمەکەی لێ دەکەن ،پاشای دنیای شەڕواڵ پیس کەناوی ئەمریکایەخڵکی پەلکێش دەکابۆ گومڕایی وبێ باوەڕی،جولەکەی جیهان لەوکاتەدا لەترۆپکەی دەسەڵات دان ،قودس ووڵاتی پیرۆزیان بەدەستەوەیە،هەموو جیهان لەم جەنگە بەشدارن، تەنیا وڵاتە بەفراویە زۆرساردەکان ووڵاتە زۆرگەرمەکان نەبێ.

مەهدی کە دەبینێ کە هەموو جیهان بەفێڵ وتەڵەکە لەدژی ڕاوەستاون،باڵام فێڵ وتەڵەکەی الله پتەوترە،چونکە هەموو بونەوەروگەردوون بەدەست ئەوەوچارەنوسی گشت شتێک لای ئەوە،جیهان هەمووی درەختێکەو ڕەگ ولقەکانی بەدەستی ئەون..... الله بە مەکری خراپ گیرۆدەیان دەکا،دەریاوئاسمان وزەویان لێ دەسوتێنێ،بارانی خراپ بەسەریان دادەبارێ،خەڵکی زەوی هەموو کافرانی زەوی بەنەفرەت دەکەن،الله مۆڵەت دەداکە هەموو کوفر لەسەر زەوی نەمێنێ وبپێچرێتەوە.))

بە پێی ئەم دەقە دەرکەوتنی مەهدی لە دەوروبەری قودس وچیای مەجدوون ، حەماس کەلەساڵی١٩٨٧ ز دامەزراوە و بزاڤە هاوپەیمانەکانی لە جیهاد ولیواکانی ئەقساوسەلاح الدین لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ز لەهەڵبژاردن سەرکەوتن و لە ساڵی٢٠٠٥ز هەرێمی کەرتی غەزەیان کۆنترۆڵ کرد ، زۆر گەلەکۆمەکی جیهانیان لێ کرا ، بەڵام هەر بەخۆڕاگری مانەوە، لەتۆڵەی ئەم گەلەکۆمەکیانەی دەوڵەتانی کوفرومل هوڕی چەندان دەردوبەڵای ئایدز و ئەنفلەوەنزاوکۆرۆنا وچەندان

بومەڵەرزەو تسۆنامی وزریان وچەندان قەیرانی وەک قاعیدەوتالیبان وداعش ڕووبەڕووی ئەو وڵاتانە بۆتەوە.

بە پێی ئەم دەقەبێ هێزی گەلەکۆمەک لەدواجاردا بەڕۆداوی سروشتی لەناو دەچن .

مێژوو وناوەکانی ئەم دەست نوسە زۆر بەجوانی هاتونەدی ،هەرلەجەنگی یەکەم ودووەم وهیتلەرو ئەڵمان وڕوسیا،تا عبدالناسرو ئەنورساداتی میسرو ئیسرائیل وئەمریکا، هەرلەسەدام وشەڕی کوێتەوە تادەگاتە شەڕەکانی گەلەکۆمەکی،بەڵام گەلەکۆمەکیەکە تەنیا لەسەر هرمجدۆن وفەلەستین نەبوو،ئەم دەقە هەر تێکستەکەی تەورَاتە وئینجیلە وبەڵام مەسیحەکەی ئینجیل و یەهودی تەورَات کراونە مەهدی،لە تێکستەکەی ڕوئیای یۆحەننا دا مەسیح سوپایەک لە مەلایکە دێنێ،دژی هەموو خەڵکی زەمین کە بوونی حوکمڕانی اللە ڕەت دەکەنەوە دەجەنگێ .

لە شیکردنەوەی ڕوداوەکانی روئیای یۆحەنا کەکۆتا سفری ئینجیلە باسی بەشێک لەو ڕوداوانە کراوە .

ئەم نبوئە وپێش بینیە کە مەسیحیەکان لەهاتنەدی بێ ئومێدبوون ،ئەم دەستنوسەیان لە کرداریَکی هەواڵگری دا ئاخنیوەتە ناوکتێبخانەی ئەستەمبوڵ.

پێشبینیەکە بە داڕشتنی سیناریۆی موفەبرەک وپەلەکردن نایەتەدی، ئێستا ئەوان پێشبینیە ئینجیلەکەیان کردۆتە ئیسلامی ،لەدەست نوسەوە کردویانەتە کتێب وبڵاوکراوە،پاشان سیناریۆی ئەم نەخشەیان داناوە ،ڕێکخراوەکەیان لە فەلەستینەوە هێناوەتە عێراق وسوریا،تائیسرائیل لەو کوشتاروپشێویە دووربخرێتەوە ،هەرمجدۆن بوە عیراق مجدۆن،گەلە کۆمەکیەکەی جیهان بەڕۆژهەڵات وڕۆژئاواوە لە سەدامی سوفیانی وزەرقاوی وابو ئەیوب وئەبوبکری بەغدادی مەهدی گەیشتە ئەوپەڕی ،شەست وڵاتی ڕۆژئاواوپەناویەک وڵاتی ئیسلامی وڕوسیاوهاوپەیمانانی هەموویان گەلەکۆمەکیان کرد،بەڵام ئەم ڕێکخراوانە لەهەموو قۆناغەکان تێک شکان ونەسوپای مەلائیکەومەسیح هاتن ونەئاگری ئاسمان وزەمین ودەریا.

بەڵام هەرچەندە ئەوان ویستیان گەلەکۆمەکیەکان بێننە عیراق وئەفغانستان وسوریا بەڵام سیناریۆی ڕاستەقینە هەر گەڕایەوە فەلەستین و وابۆ ساڵێک دەچێ جەنگی گەلەکۆمەکی زلهێزان لە دژی موجاهیدانی حەماس لەچڵەپۆپەدایە ، ان شا اللە کۆتایی ئەو دەست درێژیە ناڕەوایەش وەک دەست نوسەکە ئاماژەی پێ کردووە:

((فيرميهم الله بأكرب رمي ويحرق عليهم الأرض والبحر والسماء وتمطر السماء مطر السوء، ويلعن أهل الأرض كل كفار الأرض، ويأذن الله بزوال كل الكفر)) واتە :الله بە مەکری خراپ گیرۆدەیان دەکا،دەریاوئاسمان وزەویان لێ دەسوتێنێ،بارانی خراپ بەسەریان دادەبارێ،خەڵکی زەوی هەموو کافرانی زەوی بەنەفرەت دەکەن،الله مۆڵەت دەداکە هەموو کوفر لەسەر زەوی نەمێنێ وبپێچرێتەوە.))

ئەم تەحریف ولاڕێ کردنە لە پێشبینی ودەقەکان لە دینێکەوەبۆ دینێکی تروله وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ولە سەدەیەکەوەبۆسەدەیەکی تر، وادەکا کە تێکستەکان متمانەی خۆیان وبەهای دیکۆمێنتی وبەڵگەنامەی مێژوویان لەدەست بدەن وئیمانداران تووشی دڕدۆنگی ودووددڵی ببن لە بەڵێن وپێشبینیەکان ،ئامانجی هەموو ئەمانەش گاڵتە کردنی زلهێزانە بەدین وتێکستەکان ،،ئەم گاڵتە کردنە تائەوکاتە بەردەوام دەبێ کە وەک ئایەتەکە دەفەرموێ ،،یحیق بهم ماکانوا به یستهزئون،،،،

٢-ئاشوبی یاجوج وماجوج واتە ی بنەبڕبوونی مرۆڤایەتی ومانەوەی ئەوچەندسەدکەسەی لەگەڵ عیسی علیه السلام لەکێوی تور پەنادراون..

شاخی موسا یان شاخی توری سینا دەکەوێتە باشوری نیمچەدوورگەی سینا لە میسر بەرزیەکەی لەڕوی دەریا 2285 مترە

دێرێک ومزگەوتێکی بچوکی لەسەرکراوە،گەشتیارانی هەرسێ دینەکە سەردانی دەکەن وبەپیرۆزی دەزانن،تەوڕات ودەڕاسپاردەکە لێرە دراونە موسی ولای جولەکەکان ومەسیحیەکان پیرۆزە ،

لەقورئانداچەندجارباسکراوە، وەلەفەرمودەش دا ئەم چیایە پەنای ئیماندارانە لە ئاشوبی یاجوج وماجوج، وەک لە سەحیحی موسلیم هاتووە:

«أخرجت عبادا لي لا يدان لأحد بقتالهم فحرز عبادي إلى الطور»

کەواتە کەس ناتوانێ بەرگەی یاجوج وماجوج بگرێ ،بۆیە تور بۆ ئیماندان دەبێتە پەنا بەم فەرمودە قودسیە..

ئایا ئەم شاخە جێی چەندکەسی لێ دەبێتەوە تاکوتیای دا بحەوێنەوە؟

لە ڕوئیاکەی یۆحەننا وادەخوێنرێتەوە کە پاش ئەوەی هەزارساڵ بەسەردەچێ لەژیانی مەسیح ئەوجار یاجوج دێن،وەک لەسیحاحی بیستەم دا دەڵێ:[سیحاحی بیستەم:هەزار ساڵ:

پاشان مەلائیکەیەك هات کلیلی هاویەی پێ بوو ,هاویەی کردەوەو تەنینەکۆنەکە – ئیبلیسی-خستەناو هاویەو کلیلی دا بۆماوەی هەزار سال,بۆی نیە تا هەزار ساڵ خەلك گومڕا بکاو پاشان بەردەدرێ ,بینیم کە ئەوانەی سوجدەیان بۆ وەحشەکە نەبردبو، وەشم وتاتۆی دڕندە وەحشەکەیان لە خۆیان هەڵ نەکەندبوو ,ژیانیان بۆماوەی هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیح پێ بەخشرا,بەڵام مردوەکانی تر لەم هەزارە زیندونابنەوە,ئەمە قیامەتی یەکەمە, جاکاتێ هەزارەکە تەواو بوو ,ئیبلیس بەردەبێ تا گەلانی یاجوج وماجوج لە کەنارەکانی زەوی گومرا بکا, وە ئامادەی جەنگی کردن,ژمارەیان وەك لمی دەم دەریا بوون,هاتن گەمارۆی شاری مەحبوبە -خۆشویستن -یان دا بەلام ئاگریك لە ئاسمانەوە هات و هەموی لەناو بردن,پاشان ئیبلیس لەودەریاچە هاویژرا کە پەیامبەری درۆزن و وەحشەکەی تێ هاویژرابو تاکو بۆ هەمیشە بسوتین,

هەروەها لەسیحاحی نۆزدە دەڵێ:[پاشان بینیم ئاسمان کرایەوە,ئەسپێکی سپی سوارەکەی پێ ی دەگوترێ (ئەمینی صادق) ,بە عەدل فرمان دەکاو جەنگ دەکا,چاوەکانی وەك بلیسەی ئاگرن و تاجی زۆری لەسەرە و نوسراویکی لێ نوسراوە، بیجگەلەو کەس نازانێ بیخوینیتەوە, ,جلێکی لە خوین هەلکیشراوی لەبەرەو ئەم سواڕە ناوی (کلمە اللە) یە,چەندین ئەسپی سپی لە دواوەن سوارەکانیان کەتانی سپیان لەبەرە,ئەمانە سەربازی ئاسمانن,لەدەمی سوارەکەوە شمشیریکی تیژ هەیە بۆ لیدانی ئومەتەکان ,بە گۆچانی ئاسن شوانی گەلان دەکا پێ لە معصرەوگوشەری مەیی توڕەیی اللە دەنێ,

مەلائیکەیەکی تر هاوار لە بالندەکان دەکا تابێن بۆ وەلیمەی اللە و لە گۆشتی پاشاو میرو سەرۆك و دەسەلات دارەکا ن بخۆن ,دیتم پاشاکانی زەوی بۆ جەنگی سوارەکە

کۆ بونەوە, بەلام سوارەکە و سوپاکەی هەمویان دیل کردن ,وەحشە درندەکەو درندەی دوەم کە پەیامبەری درۆزن بوو فڕێ درانە ناو دەریاچەی کبریت,ئەوانی تریش بە شمشیری دەمی سوارەکە کوژران و تەیروتور لە گۆشتیان تێر بوون,]]

کەواتە مسیحی قافیەی پێغەمبەران کلمە اللە و محمدی خاتمی النبیین هەوالّدەران سادقی ئەمین یەک کەسن لەورۆژەدا...

ئەمەش ئاماژەیە بۆ یەککەوتنی ئیمانداران بەسەرۆکایەتی مەهدی و مەسیح علیهما السلام .

بەڵام لە فەرمودەکانی پێغەمبەر علیه السلام بە پێچەوانەیە هەردوای کوشتنی دەجال و درندەکە یاجوج وماجوج دێن،بۆیە فرمان بەعیسا دەکرێ بەندە ئیماندارەکان ببابۆ کێوی تور،لەفەرمودە هاتووە کەمەکەومەدینە پەنان کاتێ دەجال دێ،وە کێوی تور پەنایە لەبەڵای یاجوج وماجوج.

ئایاکێوی تور جێی چەند کەس دەبێتەوە؟ ئایا ڕاستە کەوەک لەهەندێ فەرمودە هاتووە کەژمارەی ئەوئیماندارانەی کەلەتور گەمارۆ دەدرێن هێندەی مسولّمانانی شەڕی بەدرە کە٣١٣کەس بوون؟؟ وەوەک لە فەرموودەکان دەردەکەوێ یاجوج وماجوج جگەلەوگەمارۆدراوانە هەموو خەڵکی سەرزەوی دەکوژن وقەتڵ وعام دەکەن، ئایایاجوج وماجوج هەرهندوچین وکۆریان وەک هەندێ وا نیشان دەدەن؟ یان یاجوج وماجوج شاراوەن ولەناوناخی زەوین وزەوی کلۆرە وگۆزەیەکە وئێمەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەنیانەخشەی سەرڕوکاری گۆزەکەین وئەوەی ناوگۆزەکە یاجوج وماجوجن کە نەوەدونۆجار لە ئێمە زۆرترن، وەتەمەندرێژن و تانەوەی نەوەش نەبینن نامرن و نەوەو وەچەیان زۆرەوشێوەیان جۆراوجۆرە؟؟

دەقەکان ی قورئان وسونەت وئینجیل وتەورات ودەقە پیرۆزەکان وهەندێ ئاماژەو دۆزراوەی تازەش پشتگیری ئەوەدەکەن کە ئێمە تائێستا زەویمان نەناسیوەوئەوەی زانست لێی کردوینە یەقین کەزەوی هەرئەو چەندکیشوەرو ئۆقیانوسەیەو هەمووی دۆزراوەتەوەو پشکنراوەوهیچ کون وکەلەبەرێکی نەماوە ڕاست نیەو خۆچەواشە کردنە وخۆخەڵەتاندنە..

کەواتە دەقەکان باسی کارەساتێکی وەک کارەساتی نوح دەکەن ،زەوی لەلایەن یاجوج وماجوج پاک ماڵ دەکرێ وکەس ناهێڵن، ئایا یاجوج وماجوج دیاردەن وەک

لافاوەکەی نوح ؟؟ ئایا ئەوان دارودرەخت وڕوەکن چونکە لەفەرمودە هاتوە کە دوای مردنیان ئاژەڵە شیردەرەکان دەیانخۆن؟؟

هەرچیەک بن ئەوان هەموو مرۆڤایەتی لەناودەبەن وجگەلەو٣٠٠کەسە گەمارۆدراوەی ناوکێوی تور کەس ناهێڵن، ئایا کێوی تور جێگای ژیان وبژێوی وحەوانەوەی ٣٠٠کەسی تێدادەبێتەوە یان وەک کەشتیەکەی نوح ئامادە دەکرێ؟ بێگومان عیسی علیه السلام ئامادەکاریەک دەکا، ئایا کێوی تور هەرهەمان ئەوکێوە مێژوویەیە یان ناوی کێوی تور هێمایە بۆئەوەی کە ئەوەی لە کارەساتی ئەم جارە دەربازی دەبێ سێ سەدکەسن کەپەنادەبەنەبەرچیا؟ ئایا دەکرێ بڵێین کەئەم سێسەدکەسە لەپانتایی هەموو جیهانی کۆن ونوێ هەرلە ئەمریکاکان وئۆڕاسیاوئەفریقیاوئۆقانیا پەنادەبە نەبەرچیاکان وپاشان دەبنەوە دووبارە ئاوەدانکەرەوەی زەوی بۆ هەزارساڵی مەسیح؟ یان مەرجە کە ئەمانە لەشاخێک لەشاخەکان ولەوشوێنەی تور بەیەکەوەبن؟؟ ئەوەی دەقەکان دەیڵێن ئەمانە هەموو لەیەک شاخن وبەیەکەوەن وعیسایان لەگەڵەو برسێتی وتینوێتی وترسی زۆریان لەسەرە، پاش لەناوچوونی هەموو خەڵکی سەرزەوی وپاشان لەناوچوونی یاجوج وماجوج بەدوعای موسی ئەم سێسەدکەسە بۆماوەی هەزارساڵ لەگەڵ عیسی ولەژێر فەرمانڕاوای دادگەروعەدالەت دەژین وئەوکاتە دنیاپڕدەبێ لەدادوعەدالەت وفەڕوبەرەکەت بۆ ئەم کۆمەڵگا بچوکە وئەمانە وەک هەشتاکەسەکەی گەڵ نوح باوکێکی تری مرۆڤایەتین ،ئایا دوای ئەو هەزارساڵە یەکسەر مرۆڤایەتی لەناودەچێ؟ بێگومان نەخێر،لەوەیە دوای ئەوەش هەزاران ساڵی تربەردەوام بێ بەڵام کارەسات ئامێزدەبێ ودیاردە سروشتیەکان تەنگ بەژیان هەڵدەچنن..

چونکە دوای هەزارساڵەکە ئیمانداران دەمرن، کەواتە ئەمن وئاسایش لەسەرزەوی نامێنێ...

لە هەندێ گێڕدراوە هاتووە کە عیسی علیه السلام چل ساڵ دەمێنێتەوە،پاشان بایەک دێ وڕوحی ئیمانداران دەکێشێ ،دەڵێن لەگەڵ ئەوبایە ئیمان وقورئان لەسەرزەوی نامێنێ،،،

پێم وایە کە دوای ئەوەی کە تەنیالەسەرزەوی کۆمەڵێکی ئیماندارەمێنن ولەسەریانە زەوی ئاوەدان کەنەوە دەبێ هەزارساڵەکە ڕاستربێ ،چونکە کە پەروەردگارهەموو

مرۆڤایەتی بۆ ئەوانە لەناوبردوە ،نابێ دوای چل ساڵ خەڵکی بێ ئیمان پەیدابینەوە،بەهەزارساڵ ئەوجار خەڵک دووبارە توشی لادان ولاڕێ بوون دەبن ،هەروا قیامەت وساعەت لە ڕۆژی یەک شەم هەڵناستێ چونکە فەرمودە دەفەرموێ کە قیامەت ڕۆژی جومعە هەڵدەگیرسێ،وەبەدەقی فەرمودە ئێستا سەرەتای ڕۆژی یەک شەممەیە ،تابگەینە ڕۆژی جومعە پێنج هەزارساڵی ماوە ...

ئەگەر یاجوج وماجوج یافسیەکان بن کە بنەچەتورک وچین وهند وسلافی وئاری وئەوروپیەکان بەگشتی دەگرێتەوە ئەوانە زیاتر لە پێنج ملیاری سەرزەوی پێک دێنن، سامی وحامیەکان کەمترلەدوو ملیارن، ئەم ئاریانە پێش ئەوەی بەدوعاکەی عیسی لەناوبچن دووملیارە حامی وسامیەکە لەناودەبەن تەنیائەوچەندسەدکەسە دەمێنن کەلە لەوەوپێش لەدەجال پەنادرابوون ولە ئاشوبی یاجوج وماجوجیش پەنادەدرێن ،جگەلەوان بە پێی دەقەکان هەموو مرۆڤایەتی لەناودەچێ، ئەم دەقانە هەم لە ئیسلام ولەناو مەسحیەت ولەناو جولەکەو دین وڕۆشنبیریەکانی تریش باوەڕپێ کراون وباسیان هەیە،ئایا دەوڵەتە پێشکەوتوەکان کە خاوەنی تەکنەلۆژیان وحسابی هەموو شتێکیان کردوە، بیریان لەوکارەساتە نەکردۆتەوەونەخشەیان بۆ نەکێشاوە؟؟

ئیسرائلیەکان ومیسریەکان بۆ هێندە بە دەستەوستانی ولاوازی دەجوڵێنەوەو ئەوناوچەی توری سینایان بۆحەماس و ئەنساری بیت لمقدس وازلێ هێناوە؟

ئایا کە یاجوج وماجوج بێ چۆن زلهێزەکان دێڵن ئەو سێسەدکەسەی تور لە ئیمانداران بن؟ عیسی چۆن ئەم بابەتە یەکلا دەکاتەوە؟

کەعیسی هات وڵامی ئەم پرسیارانە بەکردەوەدەداتەوە،بەڵام زۆر گەل ونەتەوەودین بێ ئومێد دەبن چونکە عیسی وەک نوح جیهان لەناودەباو لەچەند کەسێکی کەمەوە مرۆڤایەتی دەست پێ دەکاتەوە.

ئەوەی ئەم چەند مانگەش موجاهیدانی حەماس توانیان لە تۆفانی ئەقسا بۆ جیهانی مل هوڕانی بسەلمێنێ کە ئەوان موعجیزەو دەستەوستاکارێکی ڕەبانین و ئەو ان ئەو دەستەو تائیفەئیماندارەی گەڵ مەسیحن کەهەموو جیهانی یافسیە یاجوج و ماجوجە ئاریەکان بەجەنگی سەربەزی و ئابوری و بازرگانی و پیشەسازی لە ووشکانی ودەریاو اسمانەوە گەمارۆی ئەو ئیمانداراندەیان داوە ، کۆتایی ئەم گەمارۆیە بە گررابوونی دوعاکەی مەسیح دێ ، بەڵام ئەوان عەرەبەکان و ئەفریقیەکان لەناودەبەن

، ئینجا خۆیان بەکارهساتێکی ئاسمانی بەهۆی دوعاکەی مەسیح لەناودەچن بە وەرەمێک کەلە قوڕگیان دەردەکەوێ هەموو وەک مردنی کەسێک دەمرن وەک لە فەرمودەکان هاتووە .

سەرچاوە کانی ئەم بەشە :

قرآن الكريم .

تيسير كريم الرحمن لعبدالرحمن السعدي

الكتاب المقدس :العهد القديم والجديد.

هدي الساري .مقدمة فتح الباري . ابن حجر العسقلاني.

الموسوعة الحديثية .كتب التسعة .صالح ال الشيخ.

.موسوعة المسند الشامي

-هيرودوت، تاريخ هيرودوت، ترجمة: عبدالإله الملاح، أبو ظبي، هيئة أبو ظبي للثقافة والتراث، الطبعة الثانية.

-د.على فەهمى لە كتێبى (الاكدية العربية)

-ف. دياكوف / س . كوفاليف/الحضارات القديمة/ترجمة نسيم واكيم اليازجي منشورات دار علاء الدين

-نيلز ب. هيسل: "كتابات العلماء الأوائل في الشرق الأدنى القديم ومصر وروما واليونان." ترجمة النصوص العلمية القديمة، تحرير: أنيت إمهاوزن وتانيا بوميرينغ، 2010

-حضارة العراق /نخبة من الباحثين العراقيين ; Publisher, دار الحرية للصحافة والطباعة والنشر, 1985.

-ا. د .محمد بيومي مهران/المدن الكبرى في مصر والشرق الأدنى القديم ج١دار المعرفية الجامعيةمصر

-أ.م.د محمد علي عبد الامير حسن جامعة بغداد - كلية اللغات/الحياة الاقتصادية في عصر المملكة

المصرية الحديثة ١٥٨٥ ق م- ١٠٨٠ق م)

-ت . ج . جيميز /الحياة أيام الفراعنة مشاهد من الحياة في مصر القديمة. ترجمة د . أحمد زهير امين

مراجعة د . محمود ماهرطه الهيئة المصربية الصناعة المكينة ١٩٩٧م

- دكتور عبد العزيز صالح/الشرق الأدنى القديم

الجزء الأول/مصر والعراق .مكتبة الأنجلو المصرية القاهرة

-زامى موراست ودر رمضان عبده على/حضارة مصر القديمة منذ أقدم العصور حتى نهاية عصور الأسرات الوطنية الجزء الثالث.وزارة الثقافة المجلس الأعلى للآثار .مصر.

- مجموعة من الكاترة هم كل من :

الدكتور عبد النعيم حسنين والدكتور ابراهيم احمد رزقانه والدكتور محمد انور شكرى والدكتور عبد المنعم أبو بكر والدكتور حسن محمو

/حضارة مصر والشرق القديم

مكتبة مصير.دار معير للطباعة

-قاسم محمد سويدان/ تاريخ ملكات الشرق .

داركنان للطباعة والنشر والتوزيع. دمشق - سوريا -

الطبعة الأولى 2014

-هاشم الجبالي/موسوعة مصر،العصر الذهبي .مكتبة المعارف ١٩٩٤

-سليم حسن /موسوعة مصر القديمة

الجزء الأول . ٢٠٠٠ مكتبة الأسرة

-د.محمد على سعد الله

دراسات في تاريخ مصر والشرق الأدنى القديم

مركز الاسكندرية للكتاب .اسكندرية

-الدكتور محمد أبو المحاسن عصفور .استاذ بجامعة بيروت العربية /معالم تاريخ الشرق الأدنى القديم

من أقدم العصور إلى مجئ الاسكندر.النهضة العربية

ماڵپەڕی ویکیپیدیا/گۆڵگامێش ی یەکەم داستان

فەرهەنگی لسان العرب . ابن منظور

قاموس المحيط .فيروزابادى

-فەرهەنگی ئۆکسفۆرد

فەرهەنگی مورد

-فەرهەنگی کتێبی پیرۆز لە ئیسکلۆپیدیای مەسیحیەکان

-سفری دانیال 1: 20).

-سفری ئینجیل.

(أع 13: 4- 8). (أع 8: 9)

-ئینجیلی مەتتا /مت 2: 1، 7، 16). و

(مت 2: 1، 2)

-سفری عدد 24: 17؛ / سفری إشعیا 60: 1- 3)

صحيح مسلم

-صحيح البخاري .

- مقدمة ئیبن خەلدون

-شانامە /فیردەوسی شاعر (935–1020 ز

-ئەبوحامیدی غەزالی (نصائح الملوك)

-دکتۆر خلیل عبدالرحمن /افیستا الکتاب المقدس للدیانه الزردشتیه،

-: كتاب الفنديداد، نقله من الفرنسية: الدكتور داود الجلبي، قدم له: جرجيس فتح الله، اربيل، دار ئاراس، الطلعة الثانية، 2001م، مقدمة المترجم

-ڕۆژهەڵات ناس تۆماس هاید له ساڵی ١٧٠٠

دینی مەجوسی وئاڤێستاوزەردەشت نوسیوەو پێشکەش به دانشگای ئۆکسفۆردی کردوه،

-له ماڵپەڕی ڕیشه ناسی ووشه

-المسعودي. أبو الحسن على بن الحسين بن على المسعودي (المتوفى: 346 هـ)/مروج الذهب ومعادن الجوهر. دار الهجرة - قم 1409 هـ

-مەسعودی کتیبی – التنبیه والاشراف

الطبري.أبو جعفر، محمد بن جرير الطبري (٢٢٤ - ٣١٠ هـ)/تاريخ الطبري = تاريخ الرسل والملوك

الناشر: دار المعارف بمصر الطبعة: الثانية ١٣٨٧ هـ - ١٩٦٧ م

-شهرستانی/الملل والنحل

--ماڵپەڕی مێژووی کورد

-میتۆلۆژیای زەردەشتی و شوینەواری له کوردستاندا ساڵی 2006 / -عەبدولخالق سەرسام

-لەماڵپەڕی مێژووی کورد مامۆستاهامنۆ هەورامی لەبابەتێک لەسەر مێژووی ئاینی زەردەشت

- دراسات في تاريخ الزرادشتية وعقائدها/. أ.د. فرست مرعي.

-طه باقر وزملاؤه، تاريخ ايران القديم، بغداد، رئاسة جامعة بغداد، 1980، ص60.

-طه باقر، تاريخ ايران القديم، المرجع السابق، ص60.

٣٢- موسوعەی میسرە ی نەدوەی ئیسلامی .

ينظر: هيرودوت، تاريخ هيرودوت، ترجمة: عبدالإله الملاح، أبو ظبي، هيئة أبو ظبي للثقافة والتراث، الطبعة الثانية،

ص29 وما بعدها، ص132 وما بعدها، ص217 وما بعدها، ص293 وما بعدها،ص373 وما بعدها... الخ.

ر. س. زيهنير، المجوسية الزرادشتية الفجر- الغروب، نقله الى العربية وقدم له: سهيل زكار، دمشق، التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، 2005م، ص32 – 33.

ابو القاسم امامي) كه تەحقیقی کتێبی مێژووناسی بەناوبانگ (أبو علي ابن مسكويه ی کردوه که ئیبن مسکویه لەساڵی المتوفی 421کـ مردوه

". الجزء الاول، ص86 – 87.

.خوێندنەوەی شەشەم :

ئامادەکردنی:محمد عەزیز لۆتەری.

خوێندنەوەی ئایندە لە دەلاقەی خەون وڕوئیای سفری یۆحەناوە:

سفری (روئیا یۆحەنا – سفری 27 لە سەردەمی نوێ ی کتابی مقدس –ئینجیل)دا

پوختەی 11 بەشەکەی ئەم سفرە:ئەم سفرە لە دورگەی بتمس کە دورگەیەکی بچوکە لە دەریای ئیجە، نوسراوە,دەولەتی رۆمانی نەیارەکانی دوور دەخستەوە بۆ ئەو دورگە,یوحنای نوسەرو بینەری ئەم روئیایەش یەکیك بوە لە دوورخراوانی ئەو سەردەمەی سەدەی یەکەمی زاینی:

دەقی ڕوئیاکە:

[[درود وسەلام و ژیان لە یۆحەناوە بۆ حەوت کنیسەکانی ئاسیا،بەهرەو سەلام لەوەی هەیەو لەوەی بوەو لەوەی دەبێ,درود لەو حەوت روحەی لەبەردەم عەرشەکەیەتی,وەسەلام لە یەسوعی مەسیحی شاهیدی ئەمینەوە ,لەوروحەی کە دێ لەسەر باڵی هەورو هەموو چاوەکان دەیبینن, دەڵێ منم الف ویا ,

من یوحنا ,براو بەشدارتان لە خۆشەویستی و محبەت و مەلەکوت و ئیمان چەسپاوی بە یەسوع ,من لە دورگەی بتمس بووم لە پیناوی گەیاندنی کەلیمەی الله و گەواهی یەسوع ,لەوێ روح بۆچەند ساتێ فڕاندمی و پێ ی گوتم:

ئەوەی دەیبینی لە کتاب بینوسە,وبینیرە بۆ حەوت کنیسە کان ,بینیم کە حەوت بلندگۆی لە زێڕ دەورەی مەسیحی کوڕی ئینسانیان گرتوە,یەسوع کراسیکی ئاودامانی لە

بەردایە,تاکو سەرقاچەکانی,لەسەر سنگی کەمەرەیەکی زێڕ هەیە,قژی سەری وەك خوری سپی یە ,چاوەکانی وەك مەشخەلی داگیرساون,پێ یەکانی وەك مسی درەوشاوەن,دەنگی وەکو دەنگی سۆلاوە ریژنەی ئاوە,لە دەستی راستی حەوت ئەستیرە هەن,نێزەیەکی هەردوولاتیژ لەدەمیەوە دەرچوە,ڕووی وەکو خۆری درەخشانە,کاتێ بینیم خۆم هاویشتە بەرپێ یەکانی وەك مردو ,ئەو بەدەستی راست هەلی ساندمەوە,و گوتی مەترسە، ,من ئیستا زیندوم بۆهەتا هەتایە,کلیلی مردن و شوینی حەوانەوەی مردوان هەمووی بەدەست منە, بۆیە، ئەوەی لەم روئیایە دیتت بینوسە ,ئەوەی ئیستا دەبێ و لەمەودوادەبێ,بەلام نهێنی ئەو حەوت ئەستیرەی دەیبینی,وە ئەو حەوت منبەرانە,ئەوە حەوت مەلائیکەی نوینەرو سەرپەرشتیاری حەوت کنیسەکانن,و منبەرەکانیش کنیسەکانن,]]

خویندنەوەی هیماو رەمزەکان:

گوتەی مەسیح :من الف ویام:ئەم الف تایائە، نەلە یۆنان و نەلە ڕۆمان و تەنانەت سریان وفینیقي و ئارامی وقبتی و ئەرمەنیش کەسیان ڕیزبەندی ئەلف و بایان بە یا کۆتایی نایە,ئەم ئەلف تا یا داهینراوە دوای ئەو روئیایە بە600 سال لەلایەن مسولمانانەوە,چونکە تا کۆتایی ئەمەویەکانیش ئەم تەرتیبی (ا.ب,ت،ث،ج،ح،خ،د،ذ،ر،ز،س،ش،ص،ض،ط،ظ،ع،غ،ف،ق،ك،ل،م،ن,هـ,و,ي) باش دەرنەکەوتبو ,ئەم شیوە پۆلێن کردنە لە سەردەمی عەباسیەکاندا زیاتر دەرکەوت,ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ –الله اعلم- کەمەبەستی مەسیح کەئەو دەگریتەوە,ئەم روئیایەش زیاد لە 300 سال پێش هاتنی ئیسلامە ,مەبەستی هاتنەوەی مەسیح، هاتنی ئیسلام و قورئانەو ریزبەندی زنجیرەی نوری ئەلف ،تاکو ،یای ئیسلامیە.

-مەسیح شمشیری لەدەمدایە,محمدیش دەفەرموێ: من پیش هاتنی ساعە بە شمشیر نیردراوم,کەواتە لیرە مەسیح بوەتە رسالەونامەو کەلیمەی الله لە قورئاندا بۆ مسولمانان و شمشیرەکەش شمشیری محمد وئیسلامە, وەدوور نیە کەمحمد واتای میتو مردوی محی وزیندو بۆوە-محی میت- بگەیەنێ کە هەر ئەو مەسیحەو زیند بۆتەوەو دوبارە نیردراوەتەوە, یان ئومیدی محیی وزیندو کراوەیە,ئەگەروانەبێ بوون وکۆبونەوەی دوو پەیامبەری ئولو العزم لە دینێکدا هەرئەوە دەگەیەنێ.

هیمایەکی تر کە یەکیك لە ئایەتەمشکلو ئالۆزەکانی قورئان لە کۆتایی سورەی نیسایە کە الله دەفەرموێ کە هەموو ئەهلی کتاب پیش مردن ئیمان بە مەسیح دینن کە ئەو عبدالله یە وئیین الله نیە,تەفسیر وڕاڤەکەران هەموو دەڵێن: پیش مردنی مەسیح ,بەلام پیش مردنی مەسیح سەدان نەوەی مەسیحی وملیونەها وملیاران خەڵک مردون و ئەو هیشتا نەهاتۆتە خوار ,کەواتە ناگونجێ .

راستیەکەی لە م روئیایە زۆر جوان دیارە کە کلیلی مردن لەو سەردەمە بە مەسیح دراوەو ئەو قابزی روحەکانە و مەسیحیەکان، کاتێ عیسا دێ وروحیان دەکیشێ،

دەزانن کە ئەویش مەلاکیکە و روحیکەو کوڕو رۆلەی اللە نیە,بەڵکوئەو فریشتەی ڕوح کێشانە.

منارەهیمای کنیسە و ئەستیرە هیمای ملائیکەن لە خەوندا، پێدەچێ ئەم حەوت کنیسە هێمای حەوت کیشوەرەکانی جیهان بێ ،کە لەسەردەمی ئەم روئیایە سێ کیشوەر دۆزرابونەوە،پاش هەزارساڵ لە و روئیایە کیشوەرەکانی تردۆزرانەوە.

[[نامە ی یەکەم بۆ کنیسەی ئە فسس:

بنوسە بۆ مەلاکی کەنیسەی ئەفسس ,ئەوەی کە حەوت ئەستیرەکانی بەدەستەوە گرتوەو لە نیوان حەوت بلندگۆ ئالتونینەکە را دەروا,,من کردەوەکانت دەبینم و کۆشش و ئارام گرتنت دەبینم,وەدەزانم تۆ زۆربیزاری لە بەدکارەکان ,وەدەزانم کەئەو کەسانەت تاقی کردەوە کەدەیانگوت رەسولین و کەچی درۆیان کرد ورەسول نەبوون,تۆ زۆر بە ئارامی,کۆششت کرد لە پیناوی روح اللە و ماندو نەبووی ,بەلام گلەیی ئەوەم لیت هەیە کە محبەتی جارانت نەماوە,بیربکەوەبزانە لە کوێ کەوتوی و بگەریوە بۆ کارەکانی پیشوت, ... هەرکەسی دوو گوێ ی هەن باگوتاری روحی گوێ لێ بێ,وابکە کە غالبی زال لە درەختی ژیان وزیندەگی بخوا لە فردوسی اللە دا,

نامەی دووەم بۆ کنیسەی سمیرنە:

بنوسە بۆ خاوەنی کنیسەی سمیرنە,من دەزانم کەتۆ بەدەستی هەژاری گیرت خواردوە,لەگەڵ ئەوەی کەتۆ زەنگینی,وەدەزانم کە ئەوانەی بەدرۆ خۆیان بەیەهود دەزانن چیان بۆ هەلبەستوی, لە ئازارەکانی داهاتو سڵ مەکەوە,ئیبلیس هەندیکتان دەخاتەبەندیەوەتا تاقیتان بکاتەوە,تەنیا دەڕۆژلە تەنگژەدا دەبن,هەر ئەمین و دەست پاك بن تا مردن ,,,هەرکەسێ دوو گوێ ی هەیە باگوتاری روح بۆ کنیسەکان ببیستی,غالب و زال مردنی دووەم ئازاری نادا,

نامەی سێ یەم بۆ کنیسەی برغامس:

بنوسە بۆ خاوەنی کنیسەی برغامس ,خاوەنی شمشیری هەردولاتیژ پیت دەڵێ,دەزانم لە کوێ نیشتە جێ ی ,وەدەزانم کە بارەگای شەیتان نزیکتە ,گومانم لە ئیمانت نەبوەو نیە ,, هەرکەسێ دووگوێ ی هەیە باگوێ ی لە گوتاری روح بێ,هەرکەسێ سەرکەوتو بێ ,مەن وگەزۆی شاراوەی دەدەمێ وبەرد وچەوی نەخشکراوو نوسراو بە ئیسمی نوێ کەتەنیا ئەو کەسە دەزانی کە دەستی دەکەوێ,

نامەی چوارەم :بۆ کنیسەی سیاتیرە,

بنوسە بۆ خاوەنی کنیسەی سیاتیرە,من ئاگام لە کردەوەو ئیمان و ئارام و خزمەت گوزاریەکانتە,وەدەزانم کە کارەکانی ئیستات زۆر زیاترە لە هی پیشو,بەلام گلەییم لەوەیە کە چاوپۆشی لە و ژنە دەکەی کەناوی ئیزابیلە ,کە بانگەشەی نبوەت و هەوال

زانی دەکا ودرۆ دەکا هەواڵدەرونبیە نیە, بەڵکو پەیرەوان گومرا دەکاو هانیاندەدا لەسەر زینا و خواردنی گۆشتی بۆ ئەصنام سەربراوەکان,ماوەیەکم دابویە تا تۆبە بکاو واز لە زینا کردن بینێ و بگەریتەوە,بەڵام دیارە تۆبە ناکا, بۆیە فر ێ ی دەدەمە سەرجیگای تلانەوە بە ئیش و ئازار ,وە ئەوانەی زینای لەگەڵ دەکەن دەیانخەمە تەنگژەی سەختەوە,وە منالەکانیشی دەکوژم,دەبێ هەموو کنیسەکان بزانن کەمن جەرگ و دلەکان دەپشکنم وو هەریەکی لە ئیوە بە کردەوەکانی ڕێزی هەیەلام,

نامەی پینجەم :بۆ کنیسەی ساردیس:

بنوسە بۆ خاوەنی کنیسەی ساردیس :من دەزانم تۆ هەربەناو زیندوی ,بەڵام مردوی,ببوژێوەو شەونخونی بچیژە پیش ئەوەی مردن بت گاتێ ,من دەبینم کە کارەکانت لە بەردەم اللە دا ناتەواوە,بزانە چ فیربووی و چۆنت وەرگرت,بگەڕیوەو کاری پێ بکە,کە شەو نخونی نەچیژی ,دیم وەکو دز ,نازان لە چ کاتیکدا بەسەرت دا دەدەم,

نامەی شەشەم بۆ کنیسەی فلادیفیا:

بنوسە بۆ خاوەنی کنیسەی فلادیفیا ,خاوەنی کلیلەکانی داود پیت دەڵێ کە من کارەکانت دەبینم,ئەوامن دەرگایەکم بۆ کردیەوە کە کەس ناتوانی دای بخاتەوە,چونکە تۆ لە گەڵ ئەو لاوازیەشت کەلیمەی منت پاراست و نکولیت لێ نەکردم,ئەو مەجمع وکۆمەلەی کە خۆیان بە یەهودیەوە هەلاوەسیوەو درۆ دەکەن ,وایان لێ دەکەم لە بن پیکانت سوجدەببەن,وەدەبێ بزانن کەمن تۆم خۆش دەوێ,چونکە تۆ بە ئارام بوی لە سەر ڕاسپاردەکان,بەم زوانە دێم,تۆ ئیمانەکەت بپاریزە باکەس تاجەکەت نەدزی,چونکە کەسی ئیمان زال دەبیتە کۆڵەکەی پەیکەری اللە و هەرگیز لەو کۆڵەکە دەرناکەوێ,وە ئیسمی اللە لەسەر نەخش دەکرێ و وەهروەها ئیسمی شاری نوێ ی ئۆرشەلیمی لەسەر دەنوسرێ ,کە لە ئاسمانەوە دادەبەزی,هەروەها منیش ئیسمی نوێ ی خۆمی لەسەر دەنەخشینم,

نامەی حەوتەم:بۆ کنیسەی لا ودکیە:

بنوسە بۆ خاوەنی کنیسەی لاودکیە :شاهدی ئەمینی صادقی سەر ی دروستکراوەکانی اللە پێت دەڵێ :کە ئاگام لە کردەوەکانت هەیە, تۆ نە ساردی ونەگەرمی ,خۆزگە یان سارد یان گەرم بوایەی,لە ناو دەمم دەت تفمەوە چونکە تۆ فاترو سڕی,دەڵێ ی من دەولەمەندم,تۆنازانی تۆ چەند فەقیرو دەستەوستانی,پیت دەلیم وەرە زێڕی تاقیکراوەی ناو ئاگرم لێ بکڕە تا زەنگین بی,وە جلی سپیم لێ بکڕە تاخۆتی پێ داپۆشی ,وەرەکلم لێ بکڕە تا چاوەکویرەکانت بیناییان بۆبگەڕێتەوە ,من تەنیا گلەیی لەو کەسانە دەکەم کە محبەتم بۆیان هەیە,وەرە گەرم وگوڕبەو بگەڕێوە,]]

هیماکانی ئەم بەشە:لەم نامانەش ئەوە زیاتر دەسەلمێ کەمەسیح سولتانی کیشانی روحی پیدراوە,ئەوەتا بەژنەکەدەڵێ، منداڵەکانی دەکوژم,بەخاوەنی کنیسەکە دەڵێ، وەك دز دێم ودەت ڕفێنم,بە یەکێکی تردەڵێ ،لەناودەمم دەت تفمەوە، چونکە مەسیح تەواوکەری بیست وچوار دەمژمێری زەمان وکاتە، هەموو ڕوداوەکان لە چوارچێوەی ئەو بیست وچوارسەعاتانە ڕووددەن ،مەسیح پێشەنگ وئیمامی دەمەکان وزەمانە ،ئەوەی ئەو لەدەم وکاتی دەرکا ،لە دەسەڵاتی زەمەنی بێ بەش دەبێ.

وەلەم روئیایە مەسیحیەکان زۆر لە فەرمانەکانی شەریعەتیان وەر گرتوە,وەك حەرامی زیناو گۆشتی سەربڕاو بۆ صەنەم و گەلیك کارو کردەوەی تر ,دور نیە حەوت کنیسەو منارەکە حەوت کیشوەری دنیا بن,

[[یۆحنا دەڵێ پاشان دەرگایەك لە ئاسمان کرایەوە,دەنگیك بانگی کردم,وەرە ئەو روداوەت پیشان بدەم کە ڕەت بونەوەی نیەو دەبێ روبدا, سەیرم کرد کە عەرش وبارەگایەکەو ئەوەی لەسەرئەو عەرشەیە وەك یەشب وعەقیقی سورە,وەلە دەوری عەرشەکەش کۆلکەزیرینەبە رەنگی زومەرد.

لە دەورەی ئەم عەرشە بیست وچوار عرشی تر هەیە,کە 24 بەسالا چوی لەسەر دانیشت وون تاجی ئالتونیان لە سەرە,لە عەرشی ناوەندەوە هەورو بروسکەو دەنگی سامناکە,وەلەبەرمبەریشدا حەوت مەشخەل هەن کە حەوت روحانیەکانن, وەلەبەردەم عەرشیش ئاویکی صاف ورون وزەلالی وەك بلور هەیە,لەدەورەی عەرش چوار بونەوەری زیندو هەن کە لە پیشەوەو دواوە چاویان هەیە,یەکەمیان لەشێوەی شێرو دوەمیان لە شیوەی گۆلك و سێ یەمیان سەری وەك سەری مرۆڤەو چوارەم لە سەرشیوەی نەسروهەڵۆیە,وەهەریەك لە بونەوەرانە شە ش بالیان هەیەو لە دیوی دەرەوەو ناوەوی بالەکانی چاویان هەیە و شەو ڕۆژئەمانە لە زکر کردندا بە قدوس یاقدوس الرب الاله القدیر ,بەردەوام هەبوەو بەردەوام هەیەو لەمەولادێ, ئەم چوارە هەردەم تمجیدی الله دەکەن و بیست وچواردانیشتوەکەش هەموویان تاجەکانیان دادەنێن وبۆدانیشتوی سەرعەرش سوجدە دەبەن دەڵێن،تۆ هەموشتیکت خەلق کردوەوبە ویستی تۆ هاتۆتە دی و پەیدابوە,]]

هیماکانی ئەم بەشە:

چوار بونەوەرە زیندوەکە، هیمای چوار توخمەکەی زەوین ،کە زەوی لە چوار ئەیام و چوار ناوەند پیك هاتوە,شێرەکە پیك هاتەی ئاگری و تیشکی و وزەیە,گۆلکەکە وشکانیە,نەسرەکە بەرگەهەوایە ,مرۆڤەکە ئاوە کە سەری بەستەلەکی باکور لە مرۆڤ دەچێ ,

چۆنێتی دابەش بوونی 24سەعەتەکانی زەمان:

ئەگەر هەزار ساڵ کە ڕۆژێکە لە مەلەکوتی پەروەردگار بەسەر 24سەعاتەکانی دابەش بکەین دەکاتە42ساڵ ، کەواتە پەیامبەرانیش کە 24دانە ناویان لە قورئانی کتێبی ئەلف ویادا اتوە هەریەکی کاتژمێرێکی 42ساڵیان لەهەر هەزارساڵێک بەردەکەوێ کە ئەوانیش وەک سەعاتەکان لە ڕۆژئاوابوونەوە سەعاتەکان دەست پێ دەکەن کە ساتی دابەزینی ئادەمە وهەربە ئێوارەش کۆتاییان پێ دێ بەم شێوە :

سەعاتی یەکەم: ئادەم وئاماژەیە بۆ دوادەم وکات وزەمان ودواساتی نوێژی عصر کە ئەویش هەر مانا ی کات دێ ,هەرلەو ساتەدا ئادەم لە جەننەت هاتە سەرزەوی،لە جەننەت ئاوابوو ولە زەوی دەرکەوت و غروب وغوربەتی ئادەمیزاد دەستی پێ کرد.١-٤٢

ساتی دووەم: لە شەش بۆحەوت ٤٢-٨٤ ئیدریس علیه السلام.

ساتی سێ یەم:نوح تاکو هەشت . لە ساڵی٨٤-١٢٦

4- هود تاکو عیشای یەکەم ١٢٦-١٦٨

5- صالح تاکو دە سێ یەکی یەکەم ١٦٨-٢١٠

6-یونس تاکو یازدە ٢١٠-٢٥٢.

7-شعیب تاکو سەعات دوازدەی نیوەشەو ٢٥٢-٢٩٤

8-ئیبراهیم تا سەعات یەك کاتی وەتر و باوکی تاقانە پەرستی سێ یەکی دووەم ٢٩٤-٣٣٦

9-لوت تا دووی شەو کاتی دەربازبونی پارشیوی سەحەر ٣٣٦-٣٧٨

10-ئیسماعیل تا سێ ی شەو کاتی وترو باوکی وتری پەیام بەران محمد.٣٧٨-٤٢٠

11-ئیسحاق تا چواری بەربەیانی سێ یەکی کۆتایی- فەجری یەکەم.٤٢٠-٤٦٢

12-یعقوب باوکی دوازدە سبتەکە تا پینجی بەربەیان فەجری دووەم ٤٦٢-٥٠٤.

13- یوسف کە سیانزە ئەستیرە سجدەیان بۆ برد تا شەشی بەیان فەجر و صبحی صادق وهە ربە فەرجیش موبتلابوو .٥٠٤-٥٤٦

14- بدری پەیام بەران موسی تا حەوتی شروق بەیانی ئەو کاتەی دەریای بۆ شەق بوو و فرعەونی تیاخنکا ٥٤٦-٥٨٨

15- هارون تا هەشتی سەرلەبەیانی ٥٨٨-٦٣٠

16-داود تانۆچیشتەنگاو نوێژی زوحا ٦٣٠-٦٧٢

17-زولکفل تا ده ی قەیلوله.٦٧٢-٧٠١٤

18- ئەیوب تا سەعات یازده وکاتی پیش زەوال.٧١٤-٧٥٦

19-سلیمان تا سەعات دوازدەی نیوەرۆ کاتی زەوال.٧٥٦-٧٩٨

20 -ئەلیاس تا سەعات یەکی پاش نیوەرۆ ٧٩٨-٨٤٠

21-الیسع تا دووی پاش نیوەرۆ ٨٤٠-٨٨٢

22- زەکەریا تا سێ ی دوای نیوه رۆ ٨٨٢-٩٢٤.

23- یەحیا سێ تا چواری پاش نیوەرۆ ٩٢٤-٩٦٦

24 –عیسی روح الله چوار تا پینجی ی پاش عەسر دواکاتی نو یژی عەصرو تەواوی 24 سەعاتەکەی عه صر وزەمان بەعەرەبی پێی دەڵێن -رەوحە-قافیەی پێغەمبەران .-قفینا علی اثارهم بعیسی ابن مریم.٩٦٦-١٠٠٨.

ئەم بیست وچوار پەیامبەری سەعاته کان هەریەکەی چل ودوو ساڵیان له هەرهەزارەیەک بەردەکەوێ ،که 42×24=

1008ساڵ.

ئەم بیست وچوار ساتانه که له سەردەمی هەزارەی سەبت هاتن ،بەهەمان شێوه له سەدەی بیست ویەکەمەوه بەشێوەیەکی هێمایی وڕەمزی دووباره دەبنەوه .

[[بەشی پینجەم:کتێب و کاوڕ:

یوحنا دەڵێ :لەلای راستی ئەو کەسەی دانیشتبو له سەرعه رش نوسراوێکم بینی که له دەرەوەو ناوەوەی نوسرابو-کتێبی ئەوسەردەمه وەك بابۆڵه لول دەدران- ئه م کتێبه به حەوت مۆر وختم مۆر کرابوو,بینیم که ملاك-فریشتەیەکی جبار و بەتوانا هاوار دەکا به دەنگیکی بلند,کێ مافی ئەوەی هەیەو دەتوانێ نوسراوەکه بکاتەوەو مۆرو ختمەکانی بدڕێنێ؟,هیچ کەس نەبوو نەله ئاسمان ونەلەسەر زەوی ونەلەژیر زەوی ،بتوانێ کتێبەکەبکاتەوەو سەیری بکا,یوحنا دەڵێ – زۆر گریام ،کاتێ بینیم کەس نیەنوسراوەکه بکاتەوە,یەکێ له شیخەکانی سەر 24کورسیەکه پێ ی گوتم:مەگری,ئەو شێرەی کەله بنەماڵەی یەهوزاو نەوەی داوده زاڵ بووەو سەرکەوتوه, تەنیا ئەو کتێبەکه دەکاتەوەو حەوت ختمەکانی دەدڕێنێ,بینیم که لەنیوان عەرش وچوار بونەوەرەکه کاوڕێك هەیه دەڵێ ی سەری بڕاوە,ئەو کاوڕه حەوت شاخ و حەوت

چاوی هەن کە حەوت روحەکانی اللە ن ,کە اللە ئەم حەوت روحەی بۆگشت جیهان نارد،کاوڕەکە هات و نامەکەی لە دەستەراستی کەسە دانیشتوەکەی سەر عەرش وەرگرت,کاتێ کەوەری گرت,هەرچوار بونەوەری زیندوو و هەر24شێخەکە سوجدەیان بۆ کاوڕەکە برد,هەریەکیك لەم کەسانە گیتاریك و کاسێکی پڕلە بخوریان لابووکە ئەمانە نویژی قدیس و پیرۆزەکان بوو, ئەوان ئەو سرودەیان دەگوت:تۆ مافی ئەوەت پێدرا کە نوسراوەکە بکەیەوەو ختمەکانی بدڕێنی,چونکە تۆ سەربڕایی و کرایە قۆچی قوربانی بۆهەموو زمان وگەل و نەتەوەکان, وەلەناو هەمو مرۆڤایەتی کەهەنوت و ملکوتت دانا بۆ اللە کە بە ئیسمی ئەو لەزەویدا حوکم بکرێ,بینیم هەزاران هەزار فریشتە بە دەوری عەرش وبیست و چوار شیخەکەو چواربونەوەرەکە دەسورینەوەو بەدەنگی بەرز دەلین:کاوڕی سەربڕاو شایانی پێدرانی هیز وشیان وزەنگیني و حیکمەت و ڕێز لێ نانە,وە بینیم هەموو بونەوەرەکان لە گەردوندا بەزمان هاتون دەڵێن:ستایش وسوپاس بۆ ئەو کەسەی لە سەر عەرشە و بۆ کاوڕە سەر براوەکەی و مەجد و دەسەلات هەربۆ ئەوان, چواربونەوەرەکە گوتیان ئامین و 24 شێخەکە رکوع وسجودیان برد,]]

هێماکانی ئەم کۆپلە:

اللە فەرموی کە عیسا لە خاچ نەدراوەو سەلب نەکراوەو ئەم پەیام بەرە سەعاتیانە کە عیسا ئیمامی هەمویانە تقلبات لە ناوی ئیناوبۆشایی ورەحم وبوعد ودووری محمدی یەکەم شوێن ویەکەم عابدی اللە دا دەکان و بەپێشەنگی مەسیح هەموویان ماسح ومالّەروپێوەری بۆشایین، تەنیا محمد لە خاچ وخەدیجە دراوو پەیامەکەی لە مالی خاچی خەدیجة دابەزیو ەو و مەکان و بەلەدە حەرامەکەی کە محمدتیایدا حەلالی ئەو بەلەدە بو وەک قورئان پێی دەفەرموی :وانت حل بهذا البلد.

، عبداللە ی کوڕی زبیر برازای خەدیجە وکوڕە پورزای محمد کە حەواری محمدە لە خاچ دراوە کە هەرئەو قورئانی ئیمامی چاخ وزەمکانی لەسەر ئەم ریزبەندیە بۆ عو سمان ریزبەند کردوە.ئەم عبد اللە یە یەکەم منالی مهاجرین بوو کەلەمەدینە لە کاتی کۆتایی هاتنی سەبت وپەراوێزبوونی بونی ئیسلام دا لە دایك بوو,بەمنالی کاتێ پیغەمبەر سەری چاك دەکرد,تۆزیك خوین لەسەری هات سەرچاکەرەکەگوتی عبداللە برۆ بیرێژە,بەلام عبداللە خوینەکەی خواردەوە,کەواتە دەمو سەعاتەکەی محمد بوەهی عبداللە وەبلدو شارەکەی محمد،کە مەککەیە بوە پایتەختی خلافەتەکەی عبداللە , دیارە کەمەکە ومالّی لەحم کە ئاماژەن بۆ مەکان نەك بۆ زەمان بۆ عبداللە ی شەبیهی عیسان بۆیە عیسا بوە سەعاتی زەمانی ,وە شەبەهو بۆشاییەکە بۆمحمدوئوممەتی محمدمایەوە کە ئەوان لەخاچ دراوو سەلب کراوو فیداکاری ڕاستەقینەن،ئەوان کوڕی ئیسماعیلی فیداکراوو سەربڕاوو قوربانی پێدراون , راو بۆچون ودەقی جیاوازلەنێوان سێ دینەکەدا هەن کە سەربراوەکەی ئیبراهیم ئیسحاق بوو یان ئیسماعیل ؟ ,جاکە

ئیسماعیل بێ ئەوە محمدە و کە ئیسحاق بێ ئەوە عیسایە ,هەڵبەت یەك لەو دوانە حەمل وکبش و زەبحە زەبەلاحەکەیە،بەبەڵگە سەلماوە کە محمد حلیم ووەچەی غولامە حەلیمەکە وحەملی سەربراوە،ئەودینەکەی بەزەبح وسەربڕین ولەوڵاتی قوربانی سەربڕین لە مەککە،نێردراوەو ئەو سەربڕینە قیبلەو ڕوگەیەتی،ئەو نەبی وهەواڵدەری مەلحەمەیە،سورەتەکەی محمدی قتال وکوشتارە،لە ناودەستەکانی سەعات وزەمان بە شمشێر ڕەوانە کراوە،کەواتە محمد شوێن و عیسا وپەیام بەرانی تر زەمانن وبیست وچوارسەعاتەکەن کە عیسا کۆتایی وسەرواو قافیەیانە، وەمحمد کە بۆشایی بێ دەبێتە خاتەم وئاڵقەو شوێن وباوەش وپانتایی وبازنەی دەوردەری هەموو پێغەمبەران کە ئەوان هەموو سەعات وزەمانی ومۆقەت ودیاری کراون، تەنیا محمد وئوممەتەکەی گشتگیری هەموو جیهانن ودیاری نەکراون.

[[بەشی حەوتەم:حەوت مۆرەکە:

بینیم کە کاوڕەکە یەکەم مۆری کردەوە, یەکێ لە بونەوەرە زیندوەکان بانگی کردم,گوتی وەرە ببینە, -یوحنا دەڵێ – چوم,بینیم کە ئەسپێکی سپی یەو سوارەکەی کەوانیکی پێ یە ,چەپکیکی پێ داو بە غالبی و سەرکەوتوویی ڕۆی بەرەو سەرکەوتن,

کە کاورەکە دووەم مۆری کردەوە, دووەم لە بونەوەرە زیندوەکان بانگی کردم,گوتی وەرە ببینە, -یوحنا دەڵێ – چوم,بینیم کە ئەسپێکی سوور ەو سوارەکەی شیرێکی پێ دراو توانای نەهێشتنی ئاشتی پێدرا لە زەوی دا تا خەلك جەنگ لەگەڵ یەکتر بکەن ,

کە کاورەکە سێ یەم مۆری کردەوە, سێ یەم لە بونەوەرە زیندوەکان بانگی کردم,گوتی وەرە ببینە, -یوحنا دەڵێ – چوم,بینیم کە ئەسپێکی ڕەشەو سوارەکەی تەرازویکی پێ یە ,یەکی لە بونەوەرە زیندوەکان گوتی :کیلۆی گەنم بە دیناریك وسێ کیلۆ جۆ بە دیناریك,بەلام زەیت و مەی خراپ مەکە وتیکیان مەدە,

کە کاورەکە چوارەم مۆری کردەوە, چوارم لە بونەوەرە زیندوەکان بانگی کردم,گوتی وەرە ببینە, -یوحنا دەڵێ – چوم,بینیم کە ئەسپێکی سەوزی ڕەنگ تێرەو سوارەکەی بانگ دەکرێ بە مردن و مەرگ و مەنزلگای مردوەکان بە دوای دەکەوێ,ئەم دوانە توانیان کەبەسەر چواریەکی دانیشتوانی زەوی دا سەرکەون تابیانکوژن,بە شمشیرو برسیتی و مەرگ و درندەکانی سەر زەوی,

کە کاورەکە پینجەم مۆری کردەوە,بینیم لە ژیر شوینی قوربانی دان سەربراوەکان لە پیناوی کەلیمەی الله و شەهادەی حەق هاواریان کرد, ئەی قدوسی حەق تکا دەکەین کە هیچی تر تۆلە لە دانیشتوانی زەوی مەستێنە بۆ خوین وتۆڵەی ئیمە, هەریەکێ لەم سەربراوانە پۆشاکیکی سپی پێ دراو پێ یان گوترا بێ دەنگ بن تا ژمارەکەی ئەوانەی پیویستە وەك ئەوان بکوژرین تەواو ببێ.

كه كاورەكه شەشەم مۆرى كردەوه, لەم كاتەدا بومەلەرزەيەكى بەهيز دێ,رەنگى رۆژ رەش هەلدەگەرێ وەك رەنگى پرسەدارى,مانگ سور دەبێ وەك خوين,ئەستيرەكانى ئاسمان وەك هەنجير دەكەونه خوار كاتێ بايەكى بەهيز دار هەنجيرەكة رادەوەشينێ, ئاسمان وەك بابۆڵه لول دەدرێ,شاخ و دورگەكان هەموويان لە شوينى خۆيان دەترازين,گەورەو بچوك ونيرو مێ لە سەر زەوى هەموو پەنا دەبەنه بەر ئەشكەوتەكان و بە شاخەكان دەڵين بەردمان بەسەر دادەو با لە چاوى دانيشتو لەسەر عەرش و كاورەكەى بزر بين چونكه ئەمرۆ رۆژى تورەبونى ئەوانه.]]

هيماكانى ئەم بەشه :

ئەم كتيبه نوسراوه ،وەک حەوت ڕوحەكانى پێشو ئاماژەيان پێ كرا ،ڕوح ونوسراو ،قورئانه، قورئان لە بەش كردنى صەحابەدا حەوت جزم بوو,جزمى يەكەم سێ سورەت بوو كه بقرة و نيساو العمران بوون,جزمى دووەم,لەمائده تا يونس,جزمى سێ يەم لە يونس تا بنى ئيسرائيل ,بەشى چوارەم لەبنى ئيسرائيل تاشعرا,بەشى پينجەم لە شعرا تاصافات,بەشى شەشەم :صافات تا قاف,بەشى حەوتەم قاف تا ئاخيرى قورئان: بە ڕستەى (فمى بشوق)كورتيان دەكردەوە,كه فا فاتحةو ميم مائيدةو يايونس وبا بنى ئيسرائيل و شين شعراو واو والصافات قاف سورةتى قاف بوو, هەربۆيه لە روئياكه يوحنا عبدالله عيسى دەبينێ كه شمشيرى لەدەم دايه كه ئاماژەيه بۆ فمى بشوق ,ئەم حەوت جزمه عبدالله ى كورى حەوارى و لەخاچ دراو بە دەستى خۆى دوو جار لە ژير سەرپەرشتى زەيدى كورى سابت ئەم قورئانەى كۆ كردەوەوڕيزبەندى و تەرتيبى يەكەمى كۆنى گۆڕى كه كۆتاى يەكەى سورەتى تەوبه بوو بەتەرتيبى ئيستا,لە سەردەمى عوسمان دا,ئەم فمى بشوقه ختمه نوێ ى يەكانن و ختمەكۆنەكانى لابردن,حەوت چاوو روحەكەش ئەو حەوت نوسخەن كەلە بەر مصحفى ئيمام گيران ورەوانەى هەموو ويلايەتەكانى جيهانى ئيسلام كران وتائيستاش قورئانەكانى دنيا بە هەموو قرائاتەكانيان لەم حەوت روحه وەر دەگيرين ,بيگومان كەلام وقورئان روحه ,روحى هەرئومەتيك كتابەكەيەتى, نوسخەكانيش بريتين لە نوسخەى مەدينة مصحفى ئيمام و نوسخەى مەككةو نوسخەى كوفةو نوسخەى بەصرەو نوسخەى شام و نوسخەى مصرو نوسخەى يەمەن.

جا كه قورئانيش بەرامبەر بە كاكيشان راگرى ,دەبينى كه كه خۆر لاى چەپى مەجەدەى كاكێشانەلە نەخشەى فەلەكى،وە سورەى شمس لە جزمى عم لاى چەپى قورئانه,لاى راستي مەجەرەى كاكێشان فەلەك ناسان دەڵين غوباريكى پچر پچرى گەورەيه,لە لاى ڕاستى قورئانيش سورەى بەقەرە سەربراوەكەى موساو بەنو ئيسرائيله . كەواته كاكيشان هيلكەدانى منداڵدانى گەردونه,قورئانيش ڕەحم وڕەحمەتە لە جيهان.بە دابەزينى هێلكه ى منداڵدان ووپاک بونەوەشى لەهێلكه

هەردەگوترێ قورئ،بە هاوبەندی هاوسەرگیریش دەگوترێ قیران وئیقتیران،بۆیە قورئان پەیوەندی بەڕەحەم و ڕەحمان و ڕەسولی نێردراو ڕەحمەتەن للعالمین هەیە،باسی ئەوەمان کردکە محمد یەکەم عابدین بێ ،چونکە ئەو بۆشایی ودووری وپانتایی ومندالّدانی هەموو ڕوداوو جوڵەو داهێنانەکانە ،قورئانیش دوای الرحمن عەلەم وئالّاو ناسنامەو ناونیشانە،پێش بوونی مرۆڤ وئینسان وزەمین وئاسمان وڕۆژو مانگ قورئان هەبوە، وەک لەسورەتی رحمن باسی هاتوە، کەواتە قورئان کەتەلۆک ونەخشەی ئەم گەردونەو فەلەک وکەشکەشانانەیە پێش دروست کرانیان..

الرحمن*علم القران*خلق الانسان*علمه البيان*الشمس والقمربحسبان*والنجم والشجر يسجدان*والسماء رفعهاووضع الميزان*..

ئەمەش ڕیزبەندیەکی تری دەرکەوتن وبەدیهاتنی بونەوەرانە،کە ئەویش هەروەک ڕۆژەکانی تەورات،لە هەرئایەتێک باسی جۆرێک لە دروست کراوەکان دەکا.

الرحمن، واتە ڕحمانی الله، ڕحمانی الله ،بریتیە لە ئیناودەفروبۆشایی ولەوح وڕەحمەتی الله ،رحمەتی الله کە یەکەمینی دووریەکانە،یەکەم پانتاییە،اول العابدینە،ڕەحمەتە بۆ جیهانیان ،خاتەمو ئەڵقەی بۆشایی گشت ڕوداوەکانە، ئەمانە هەموو جیاکەرەوەو پایەکانی محمدی ساحب وخاوەن وخوای مسوڵمانانە،ئەو بۆشایی وخەووایە،کەرەستە خاوی ئەم بونەوەرەیە،ئەگەرخاتم بەمانای کۆتایی بێ،الله لەدوای ئەو هیچ دەفرێکی تر دروست ناکاو پڕی ناکا لە دروست کراو، جا ئەم رحمانە میهرەبانە زاڵە بەسەردە بونەوەرەپەی پێ براوەکانی گەردون، علم القران، ئەو بۆشایی خاوی ڕحمان ،قورئانی کردە،عەلەم وئالّاو نیشانە،ئەو لەوحێکی خاڵی بوو،سەرسنگی خۆی کردە ناوەرۆک وتەرخان کراو بۆ قورئان خوێندرانەوە،لە دیاردە ئاسمانیە کان یەکەم دێڕی خوێنراوەو قورئان دانرا،کەڕۆژومانگ وئەستێرەوهەسارە وکلکداروئاسمانی پڕ هاوسەنگی بوو،لەدێڕی دووەمیش زەمین و میوەو درەخت وڕوەک ودیاردە جیاوازەکانی بوون،پاش هەموو ئەمانە جن وپەری هێنرانەبوون ودوای ئەوانیش مرۆڤەکان دروست کران.

ئەگەر محمدوئومەتەکەی کۆش ومندناڵدان وبۆشایی بن،عیساو پەیام بەرانی تری زەمانی، قورئان و روح و وشەو کەلیماتن ،هەربۆیە نوسراوەکە ی روئیای یۆحەنا قورئانە ،قورئان حەوت جزمە، حەوت قیرائەتی متەواتری هەیە، بەحەوت حەرف دابەزیوە،کە حەوت مۆرەدڕاوەکان حەوت حەرفەکەبن کە قورئانیان پێ دابەزی و لەناوبران،قورئان بە حەوت شێوە هاتۆتە خوارەوە وەک لەبوخاری و موسلیم لە عومەرەوە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەر علیه السلام فەرموی :

إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ أُنْزِلَ عَلَى سَبْعَةِ أَحْرُفٍ، فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ. رواه البخاري ومسلم.

واتە: فەرمووی، ئەم قورئانە لەسەر حەوت پیت دابەزیوە، ئێوەش ئەوەندەی بۆتان دەکرێ بیخوێننەوە.

[[بەشی حەوتەم:پاراستنی بەندەکانی اللە:

یوحنا دەڵێ:پاشان بینیم کە چوار مەلائیکە لەچوار کەناری زەوی راوەستان,هەرچوار بایەکانی یان راگرت ونەیان هیشت باکان بەسەر وشکانی و دەریاکان و درەختەکاندا هەل بکەن,پاشان مەلائکەیەکی ترم بینی کە لە رۆژهەلاتەوە دەرکەوت و مۆری اللە ی زیندوی پێ بوو,بە دەنگی بەهیز هاواری دەکرد لە وچوار مەلائیکەی شیانی زیان گەیاندنیان پێ دراوە، کە هیچ زیانیك دانەبەزینن ,تا نیو چاوانی بەندەکانی اللە مۆر نەکەین, وە بیستم کە ژمارەی نیو چاوان مۆر کراوان سەدو چلو چوار هەزار کەسە لە هەر دوازدە بەرەبابەکەی ئیسرائیل ,دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی یەهوزا, دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی رائوبین, دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی جاد , دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی ئەشیر , دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی نفتالی , دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی منەسسەی, دوازدا هەزارکەس لە بنەمالەی شەمعون, دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی لاوی, دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی یە سسا کیرا, دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی زەبوللون, دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی یوسف , دوازدە هەزارکەس لە بنەمالەی بە نیامین.

پاشان بینیم جەماوەریکی زۆر لەجۆرەها گەل ونەتەوەو زمان و رەنگ راوەستاون لەبەرامبەر عەرش وحەمل ,هەمو جلی سپیان لەبەر کردوەو چڵە داری خورمایان بەدەستەوەیە,هەمو دەلین نەصرو سەرکەوتن بۆ اللە ی دانیشتو لە سەر عەرش و کاوڕوحەملەکەی ,لەم کاتەدا مەلائیکەکان سوجدەیان بۆ اللە برد و گوتیان حەمد وستایش وسوپاس و مەجد وسەرداری وسەروەری وحیکمەتو ریز و هیزو شیان وتوانا بۆ اللە هەتاهەتایی ئەبدی دهوروڕۆژگارەکان ,ئامین,

یە کیك لە شیخەکان لێ ی پرسیم ,ئەم جل سپیانە لە کوێ بوون ولە کویوە هاتون؟ گوتم سەیدی من ئەوە تۆ باشتر دەزانی, شیخەکە پێ ی گوتم:ئائەوانە ن کە دەربازیان بوە لە محنەت و تاقی کردنەوەی گەورە,جلەکانیان سپیە چونکە شوشتویانە بە خوینی کاورەکە,هەربۆیە ئەوانە لەناو هەیکەل وپەیکەری اللە ن و شەوو رۆژ پەرستشی دەکەن, وە دانیشتوی سەر عەرشیش بە سیبەری خیوەتەکەی سیبەریان بۆ دەکا,ئەوانە نەبرسی دەبن و نەتینو ,نەتیشکی خۆر لێ یان دەدا,چونکە کاوڕوحەملی ناوەراستی عەرش سەرپەرشتیان دەکاو بۆچاوگ و سەرچاوەی ژیان رینمایی یان دەکا, اللە فرمیسکەکانی چاوەکانیان دەسریتەوە.]]

ئەگەر بەشی پێشووی ڕوئیاکە ئاماژەبوبێ بۆ سەدەی یەکەمی ئیسلام،ئەم بەشە ئاماژەیە بۆ سەدەی دووەم ،چوارمەلاک چواربا‌کانیان پێدرا،چورئیمام وپێشەواکەن ،کە لەوسەدەی دوەمە بێ کەوان کەس پەنجەی بەئاودا نەکرد،ئەم دوازدە بەرەبابی ئیسرائیلیش ئاماژەیە بۆ دوازدە ئیمامی شیعەومەلاکی پێنجەم ئاڕاستەومەزهەبی پێنجەمی شیعەیە، ئەوبەرگە سپیانەی دارخورمایان بەدەستەوەیە ئاماژەیە بۆ بوژانەوەی ژیاروزمان وڕێزمانی عەرەبی لەسەدەی دووەمی ئیسلام دا،هەردەڵێ ی باسی ئەوفەرمودەی حەوت دەستەکەدەکا کەلە مەحشەردا لەژێرسێبەری عەرش دا دەحەوێنەوە لەوڕۆژەی کەهیچ سێبەرێکی تربوونی نیە.

[[بەشی هەشتەم:مۆری حەوتەم:

کاتی کە حەملە کاورەکە مۆرو خەتمی حەوتەمی کردەوە,ئارامیەك بۆ ماوەی نیو کاتژمیر باڵی بەسەر ئاسماندا گرت,پاشان دیتم کە حەوت مەلائیکە لەبەردەم الله دا وەستاون ,هەریەکەو کەرەناو بۆقیکیان پێ درا,مەلائیکەیەکی تر هات کە بخوردانیکی ئالتونی پێ بوو,بخوردانەکەی لە ئاگری سەربڕین خانەو مەزبەحەکە پڕ کرد ,پاشان فڕێ ی دایە سەرزەوی,بەمەش هەورەتریشقەو زەمین لەرزە ی دروست کرد,مەلائکەکان ئامادەبوون کە فو بە کەرەناکاندا بکەن,مەلائیکەی یەکەم فوی بە کەرەنادا کرد,تەرزەو ئاگرو تیکەل بەخوێن بەسەر زەوی دا کەوتن,سێ'یەکی زەوی و سێ یەکی درەختەکان و هەموو سەوزەو روەکەکان سوتان, مەلائیکەی دووەم فوی بە بۆقەکەدا کرد,شاخیکی هەلایساو وەك مەشخەل بەسەر زەوی دا کەوت,سێ یەکی دەریاو زەریاکان گریان گرتو سێ یەکی بونەوەرانی دەریاکان و سێ یەکی کەشتیەکان سوتان, مەلائیکەی سێ یەم فوی بە کەرەناکەدا کرد ,ئەستیرەیەکی گەورەی وەك بلیسە ئاگر کەوتەناو روبارو سەرچاوە ئاوەکان کە ناو ی گوژالك بوو,ئاوی روبارو سەرچاوەکانی کردە زەقنەموتی تاڵ ,وەزۆر بەهۆی تاڵی ئاوەکە مردن,مەلائیکەی چوارەم فوی بە کەرەناکەدا کرد,سێ یەکی رۆژو مانگ وئەستیرەکان پیکران,تاریکی سێ یەکی بونەوەری گرتو رۆژگارو شەوگار سێ یەکی روناکیەکەیان لە دەست دا, لەم کاتە سەیرم کرد کە نەسریکی فڕیو لە ئاسمان دەڵێ :وەیل بۆ خەلکی سەرزەوی بۆ ئەو کەرەنایانەی ماون.

بەشی نۆیەم:

مەلائیکەی پینجەم فوی بەکەرەنادا کرد,ئەستیرەیەك لە ئاسمانەوە کەوتە خوار کە کلیلی دۆزەخی هاویەی پێ درابوو,کاتێ کە ئەستیرەکە ئەو بیرەی کردەوە دوکەلیکی وەك دوکەلی رەشی حەمامی لێ دەرچو,هەموو زەوی تاریك کرد,لەم دوکەلە کوللە هاتە دەر ,کە رووی هەموو زەوی داپۆشی,ئەم کوللە دەسەلاتی دوپشکەی زەوی پێ درا,وەبەو کوللانە گوترا کە هیچ زیان بە سەوزایی و روەك و درەخت نەگەیەنێ ,تەنیا ئازاری ئەوکەسانەبدا کە نیوچاویان مۆر نەکراوە,وەپێ ی یان گوترا کەنەیان

کوژن بەلکو بۆماوەی پینج مانگ بە ئازاری پیوەدانی دوپشك ئازاریان بدەن, لەم ماوەدا خەلك چاوەڕێ ی مردنیان دەکردو بەلام مردن نەبوو,کووللەکان دەتگوت ئەسپن ,دەم و چاویان وەك مرۆڤ وکلکیان وەك کلکی دوپشك بوو,پرچیان وەك پرچی ژنان بوو,ددانیان وەك کەلبەی شێرو سەرکردەکەیان ناوی ئەبو دون یان ئەپۆللۆن بوو, ئەمە وەیلی یەکەم بوو,

مەلائیکەی شەشەم فوی بەکەرەنادا کرد دەنگیك لە چوار کەرەنازیرینەکەی مەزبەح و قوربانیگا دەرچوو,دەنگیك بە مەلائیکەی شەشەمی گوت کە ئەو چوار مەلائیکە بەستراوەی لە کەناری فرات بەستراونەوە بەربدە,ئەم چوار مەلائیکە ئامادەکرابوون بە دەم ژمیرو رۆژو مانگ وساڵ,ئەمانە سێ یەکی مرۆڤایەتی دەکوژن ,ژمارەی سوپای ئەم جەنگە دووسەد ملیۆن سەربازە,ئەسپ سوارەکان زریکانیان لە ئاگربوو,یان لە کبریت ویاقوتی سووربوو،,سەری ئەسپەکان وەك سەری شێر بوو,لە دەمیانەوە ئاگرو کبریت ودوکەل دەردەچوو,کە سێ یەکی مرۆڤایەتی بەم سێ بەلایە لەناوچوون,هەروەها کلکی ئەسپەکان وەك ماربوو کە پیوەی دەدا,بەلام ئەو مرۆڤانەی لەم هەمو بەلایانە دەرباز بوون ,وازیان لە بەدکاری وسوجدەبردن بۆ شەیتانەکان و ئەصنامی زێڕو زیو و مس و بەردو تەختە نەهینا کەنەتوانای بیستن وبینین ورۆیشتنی هەیە,تەنانەت وازیان لە کوشتن وسحرو زیناو دزینیش نەهینا,]]

ئەم بەشە هێمایە بۆ چەرخی سێ یەم وتا ساڵی نۆسەدی زاین، ئەو سێ یەکانە ئاماژەن بۆ ئەوەی سێ یەکی جیهان بەدەست دوو ئیمپراتۆری ئەندەلوس وبەغدای ئیسلامی یەوەبوو، ئەوکوللانە ئاماژەن بۆ زۆری سەربازەکانیان ،ئەو وەیل ووێرانکاریانەئاماژەن بەجەنگ وکوشتارو دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی زنج وخەوارج وخۆراسان وشەڕەکانی نێوان فەرەنگ وبێزنەتەو ئەندەلوس وبەغدا کە هەرچواریان لە ئەوپەڕی دەسەڵات دابوون.

[[بەشی دەیەم: مەلایکەو کتابە بچکۆلەکە:

بینیم کە مەلائیکەیەکی جەبار لە ئاسمان هاتە خوار کە هەوریکی لەبەر کردبوو,کۆلکە زیرینەی لە سەر سەربوو,رووی وەك خۆر و قاچەکانی وەك دوو کۆڵەکەی ئاگرین بوون,کتیبیکی بچوکی کراوەی بەدەستەوەبوو,قاچی راستی لەسەر بەحرو هی چەپی لە سەر بەر بوو,بەدنگیکی وەك شێر نەراندی و حەوت هەورەکە دەنگەکەی ئەویان دوبارە کردەوە, یۆحەنا دەڵێ کاتێ ویستم دەنگی حەوت هەورەکە بنوسم ,دەنگیك لە ئاسمان پێ ی گوتم مەی نوسە-

بەلام مەلایکەکە م دیت کە دەستی بۆ ئاسمان بلند کرد,سویندی خوارد بە هەمیشة زیندوی حەی هەموو سەردەمەکان,کە خالقی زەوی و دەریاو ئاسمان و ئەوی لەناویاندایە,کە نابێ سستی هەبێ,هەرکاتەی مەلاکی حەوتەم فوی بەکەرەنادا کرد سرو نهینی اللە تەواو دەبێ، هەروەك بەندە پەیامبەرەکانی هەوالیان پیداوە,

یۆحەنا دەڵێ:دوبارەدەنگەکە بانگی کردم کەبچم ئەو کتابە بچوکە لە دەستی مەلاکەکە وەربگرم,منیش چومەلای وگوتم ئەو کتابەم بدەیە,گوتی ئەو کتابەوەرگرەو قوتی بدە،دەبینی لەدەمت هەنگوینەو لەناو هەناوت تاڵە ,منیش وەرم گرت وقوتم دا بینیم کەلەسەر زمانم شیرین ولەزگمدا تاڵ بوو, پیم گوترا کە دەبێ دووبارە لە ناو زۆر لە گەلان و نەتەوەو پاشاکان پەیامبەرو هەوال دەربی,]]

ئەمە دوا سەدەی عروبەو تەواوکەری چوارسەدسالّی ئیسلام وهەزارسالّی زاینە، ئەو کتێبە بچوکە مەتن وزانست وهونەرێکە کە لەسەربنچینەی ئەوکتابە دەوڵەتێک وئیمپراتۆریەک دادەمەزرێ کە نیوەی لە وشکانی ونیوەی لەدەریادایە،هەرچەندە ئیمامی غەزالی کە یەکێکە لەدامەزرێنەران وگەشە پێدەرانی زانستەکانی کەلام وفەلسەفەوتەسەوف وئوسولّی فقە وڕێساکانی فقە ،،،هتد لەم سەردەمە ژیاوە،بەڵام پێدەچێ ئەوکتێبە بچوکە ،لەبارەی زانست وعلمی عەقیدە بێ ،مەتنێکی پتەوی عەقیدەیی بێ، کە لە هەزارەی دووەم دەوڵەتەکانی زەنکی،ئەیوبی ،سلجوقی، خوارزمی،،،فاتمی،،موحدین ،مەغۆلی ،،تەیموری ،عوسمانی ،، ،،هتد هەمویان لە سەربنچینەی عەقیدەو بیروباوەڕدامەزران..

[[بەشی یازدەهەم:دوو شاهیدەکە:

یەکیك قامیشیکی وەك لولەی دامێ وپێ ی گوتم:هەستە ،پەیکەرو هەیکەلی الله و مەزبەح وشوێنی قوربانی بپیوەو بگەڕیوە بۆلای سوجدەبەران ,بەلام مەیدانی دەرەوەی هەیکەل وازلێ بینەو پێوانەی مەکە,چونکە ئەوە جێ هیلراوە بۆ ئوممەتەکان,

لەمەولا بۆماوەی 42 مانگ شارە پیرۆزەکە دەخەنە ژیر پێ یەکان ودەی شێلن,دوو شاهیدحال لە لای خومەو دەنیرم کە مسوحیان پۆشیوە,بۆماوەی 1260 رۆژ پەیام دەدەن وهەوال دەدەن,ئەم دوو شاهیدانە ئەو دوو دار زەیتونەو دوو منارەن ,کەلەبەر دەم پەروەردگاری زەمینن,هەرکەسێ هەولی دا ئازاریان بدا,ئەوە لەناو دەمیانەوە ئاگر دەردەچێ و دوژمنەکانیان دەسوتینێ,ئائەوا هەرچی ویستی ئازاریان بدا لەناوبچی,دەسەلاتی داخستنی ئاسمانیان پێ دراوەلە رۆژانی پەیامداریەکەیان باران نابارێ,دەتوانن ئاو بکەنە خوین وجۆرەها بەلابەسەر زەوی دا بینن,جا کە ماوەی پەیامەکەیان تەواو کرد درندەی ناو هاویە دەردەکەوێ وملانێ لەگەڵ ئەو دو شاهیدە دەکاو بەسەریاندا سەر دەکەوێ و دەیان کوژێ,دوو لاشەکەیان بەجێ دەمینێ لە گۆرەپانی شارەگەورەکە کە پێ ی دەلین سەدوم ,یان میصر کە خاوەنی ئەم دوو شاهیدە لەو شوینە لە خاچ دراوە,بۆماوەی سێ ڕۆژ خەلکی لەگەلان و هەموونەتەوەکان پۆل پۆل دێن وسەیری لاشەکانیان دەکەن, نایەلن بنیژرێن,دلیان بە لە ناوچونیان خۆشەو لە خۆشیانا دیاری دەبەشنەوە,چونکە ئەودوو پەیامبەرە سزایان بەسەر خەلکی زەوی دا هینابوو,بەلام پاش سێ رۆژونیو زیندو دەبنەوەو لەسەر پێ کانیان دەوەستن ,ترسیکی زۆر باڵ بەسەر شارەکە دەکیشێ,دەنگیك لە ئاسمان بانگیان

دەکاو بەبەرچاوی نەیارەکانیان سواری هەور دەبن و بەرز دەبنەوە ئاسمان ,لەو کاتەدا بومەلەرزەیەك لە شارەکە دەداو دەیەکی شارەکە لەناو دەباو ئەوانەی ماونەوە باوەر بە اللە ی ئاسمانەکان دینن و دەگەڕینەوە,

وەیلی دوەمیش تەواو بوو ,ئیستا کاتی وەیلی سێ یەمە,]]

ئەم دوو شاهیدە مەسیح ومحمدو هەردوودینی نەسرانی و ئیسلامن،تاسااڵی 1260 ئەم دوو دینە لەسێ کیشوەری جیهانی کۆن دەسەاڵت داربوون ،هەموو پەیڕەوو دینەکانی ترلە ژێردەستی ئەم دوو دینەدابوون،هەرکە دینەکانی ترگەلەکۆمەکیان لە م دوو دینە بکردایە سەرکەوتو نەدەبوون، مانای گیرانەوەو دەرگاگرتنی باران ،واتە هەواڵ ودەنگ وباسی ئاسمان لەوسەردەمە قەدەغەبوو وەک لەسوڕەتی جن وئەحقاف وسافات و،،زۆرسورەتیترباس کراوە کەهەواڵی ئاسمان وچونی جن ومارەیاخیەکان سنوردارکرابوو،دوای 1260 وەحشی هاویە،مەغۆل دەرکەوت ووڵاتی ئەودوو شاهیدەی پێچایەوەو وادەزانرا کە ئیترشارستانی ئیسلام ومەسیحیەت کۆتایی دێ ،بەم شێوە ،سێ ڕۆژونیو هێمایە بۆئەو ماوە مەینەتیەی کەئەودووشەهیدە کەوتبوون و دینەکانی تر ی جگەلە ئیسلام ونەسرانی دڵیان خۆش بوو، بەڵام دوای سێ ڕۆژەکە ئەم دووشەهیدە زیندوو بوونەوە ،شەهیدی نەسرانی بە بەرپابوونی شۆڕشی ڕێنیسانس وبوژانەوە ی تالوتی و زیندووبونەوەی ئیسلامیش بە دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانی جالوتی ، ئیدی ئەم دوودەوڵەتە ماوەیەکی زۆربەیەکەوەژیان ،تا تەنگی بەتالوت هەڵچنی ،ئەوەبوو داودی بەریتانی شۆڕشی پیشەسازی کردوهات جالوتی عوسمانی کوشت.ئەمە ئەوخەونەبوو کە محمد علیە السلام بینیبوی کەتەوافی دەوری کەعبەدەکاو دەجالیش هەردوو دەستی داناوەتە سەردووشانی و ئەویش بەدوای دا تەواف دەکا،لەخەونەکە دوعا دەکاکەلەکۆڵی بێتەوە،لە واقیعیشدا داودی برای علیە السلام لەکۆڵی دەکاتەوە.

[[کەرەنای حەوتەم: کە مەلاکی حەوتەم فوی بە کەرەنا دا کرد ,دەنگێك هاوار دەکا :ئیستا مولکی جیهان بۆ پەروەردگارو بۆ مەسیحەکەیەتی,لەم کاتەدا هەر24 شیخەکە بە سەر ڕوودا کەوتن و سجدەیان بۆ اللە برد, گوتیان ئیمە سوپاس و حەمدی تۆ دەکەین کە تۆ پەروەردگاری قەدیرو تەوانا ی،مولك هەرهی تۆیەو هەربۆ تۆ دەبێ هەتا ئەبەد, ئیستا کاتی پاداشت دانەوەی پەیام بەران وقدیسانت هاتوە ,کاتی ئەوەهاتوە کە ئەوانە لەناوبەری کە زەوی لەناو دەبەن,

یکەلی اللە لە ئاسمان کرایەوەو تابوتی عەهد دەرکەوت,هەورەبروسکەو هەورەتریشقەو زەمین لەرزەی زۆر هات و تەرزەی گەورەوزۆر باری,

بەشی دوازەهەم:ژنەکەو تنینەکە:

ئایەت ونیشانیکی سەر سورمین لە ئاسمان دەرکەوت,ژنیك خۆری لەبەرە و مانگ لە ژێر قاچەکانیەتی ,لەسەر سەری تاجیکی دوازدە ئەستیرەی لە سەرە,ئاوسەو لە ژانی مندال بوندا دەقیژینێ,هەر لە ئاسمان ئایەتیکی تر دەرکەوت,تەنینیکی سور وەك ئاگر حەوت سەری هەبوو,دەشاخی هەبوو,لەسەر هەر حەوت سە رەکەی تاج هەبوو,بە کلکی سێ یەکی ئەستیرەکانی ئاسمانی تەقاندەوەو هەلی وەراندنە سەر زەوی ,تەنینەکە لەبەردەم ژنەکە راوەستا ,چاوەڕێ بو تاکەی منداڵەکەی بوو قوتی بدا,ژنەکە کوریکی بو,ئەوە ئەو کوڕەیە کە حوکمی خەلکی زەوی دەکا بە داردەست و عەسای ئاسنین,منالّەکە فڕێنرا بۆلای اللە و ژنەکەش هەلات بەرەو بیابان, اللە پەناگەیەکی بۆ ماوەی هەزارو دوسەدو شەست رۆژ بەشی بژیوی دەکا,

میکائیل و مەلائیکەکانی بوە جەنگیان لەگەڵ تەنینەکەو مەلائیکەکانی ,بەلام لایەنی تەنینە شکان و تەنینەکە لە ئاسمان دەر کراو فڕێ درایە سەر زەوی, ئەو تنینە یة کە ناوی ئیبلیسە و شەیتانە ,کە هەموو دنیای هەل خەلەتاند وئەوو مەلایکەکانی کەوتن,

دەنگیکم بیست لە ئاسمانەوە کە دەڵێ,ئەمرۆ دەسەلات و توانا بۆ اللە و بۆ مەسیحەکەی ,چونکە ئەوەی هەردەم براکانمانی تاوانبار دەکرد ودوزمانی دەکرد لای اللە ئەمڕۆ بە خوینی حەمل وکاوڕ بەسەریدا سەرکەوتین و لە ئاسمان دەر کرا,دەی خەلکی ئاسمانەکان دڵ خۆش بن, بەلام وەیل بۆ ئەهلی بەڕو بحر،دانیشتوانی زەوی، کە تەنینی بۆچوە,

تەنینەکة دەستی بە ئازار دانی ژنەکە کرد کە کوڕەکەی بو,بەلام ژنەکە بەدوو باڵی نەسری پێ دراو فڕی بۆپەناگەکەی لە بیابان,تەنینەکە لە دەمیەوە روباریکی نارد تا ژنەکە لە بیابان هەلگرێ وبیهینێ بۆلای,بەلام زەوی دەمی کردەوەو روبارەکەی قوت دا,تەنینەکە دەستی کرد بەکوشت وبری وەچەکانی ژنەکە کە کاریان بە راسپاردەکانی یەسوع دەکرد, تەنینەکە لەسەر لمی رۆ خ دەریا وەستا,

بەشی سیازدەهەم:دوو دڕندەکە:بینیم کە درندەیەك لە دەریا دەرچوو,حەوت سەرو دەقۆچی بە تاجی هەبوو,بە پلنگ دەچوو,قاچەکانی قاچی ورچو دەمی دەمی شێر بوو,تەنین هەموو دەسەلات وهیزەکەی رادەستی ئەم درندە کرد, درندەکە بەوهۆیە وە لە دەردەکوشندەکەی دەربازی بوو,خەلکی سەر زەوی هەمویان سوجدەیان بۆ تەنین ووەحشەکە برد,درندەکة کوفری گەورەی دەکردن,بۆماوەی 42 مانگ دەسەلاتی پێ درا, ئەم درندە دژایەتی ئیسمی اللە و قدیس وپیرۆزیەکانی اللە ی دەکردو بەسەریاندا زال دەبوو,هەروا دەسەلاتی بەسەر هەموو زمانەکان و گەلەکان و ئوممەتەکاندا هەبوو,زەوی هەموو سوجدەیان بۆ دەبرد,ئەوانە ئەوکەسانە بوو ن کەناویان لە ناو کتابی ژیان وکاوڕو حەملی سەربراودا نەبوو, هەرکەسێ دوو گوێ ی هەیە با ببیستێ,هەرکەسێ لە چارەنوسی نوسرابێ کە بۆ ئەسیری ودیلی پال بدرێ ,هەر پاڵ

دەدرێ بۆ دیلی,وە هەر کەسێ لە چارەی نوسرابێ کە بە شمشێر بکوژرێ دەبێ هەربەشمشیر بکوژرێ,ئیمان و ئارامی قدیسان ئالیرەدایە,

پاشان دیتم کە وەحشیکی تر لە زەوی دەرکەوت,دوو قۆچی وەك قۆچی کاوڕی هەبوو,ئەویش هەمان کارە بەدەکانی تنینەکەی دەکرد لە قسەو کردەوە, ئەم درندەی دووەمە خەڵکی زەوی هەڵنا کە سوجدە بۆ وەحشی یەکەم ببەن,معجزەی زۆر سەرسورهینی ئەنجام دەدا,ئاگری لە ئاسمانەوە دینایە زەوی,فەرمانی کرد کە وینەی درندە کۆنەکەی یەکەم دروست بکەن و پەیکەری بۆ بتاشن,ئەویش فوی لە وینەی درندەکە کردو وای لی کرد کە بجوڵێ وبڕواو قسە بکا, هەرچی سوجدەی بۆ وینەی وەحشی یەکەم نەبردایە وەحشی دوەم دەی کوشت,هەروا خەڵکی ئیجبار کرد کە تاتۆو وەشمی وەحشی یەکەم لەسەر نیوچەوان و دەستی راستیان بکیشن ,خەڵکی بەگەورەوبچوك ونیرومێ ناچاری ئەمەبوون,ئەوەی ئەو نیشانەی نەبوایە نەی دەتوانی نەبکڕل ونەبفرۆشێ, یان بەئەندازەی ژمارەی درندەکت, کە ئمارەکەش وەك ناوی مرۆڤ بوو کە 666 بوو,]]-دیارە بەپێ ی پیتەکانی ئەبجەد ناوی مرۆڤ =666.

لێکدانەوەی هێماکان:

کرانەوەی ئاسمان ودەرکەوتنی تابووتی عەهد ،هێمایە بۆ بوژانەوەی ئەوروپای تالوتی ئیتالی وڕێنیسانس.

لێرەش ئاماژەیەک هەیە بە 1260ساڵەکەی دووشاهیدەکە،ئەم ژن ومنداڵە ڕوویەکی تر بۆ ئاماژە کردن بە هەردوو پەیامی ئیسلام ونەسرانیەت ،محمدی ومەسیحی لەسەرشێوەی دایکێک ومنداڵێک، منداڵە فڕێندراوەکە بۆئاسمان مەسیح وئوممەتی کریستیانن، دایکە هەڵاتوەکە بۆ بیابان ئوممەتی ئیسلامە، تنینەکە چین ومەغۆلە ،دوو درندەو وەحشە گەورەوبچوکەکەش دەوڵەتە تورکی زمانەکانن هەرلە تەیموری وعوسمانی وسەفەوی ودەوڵەتانی چین وهند ،ئەم شارستان وژیارانە ،بەدین داروبێ دینیان لە فەرهەنگی ئەم ڕوئیایە ولەزۆردەق وفەرمودەی تریش ،بە دیندارانانرێن ودینداریەکان کۆپی کراوە، چونکە ئەوان دەیانەوێ دینەکان ودەقەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن وشەرع وئیسم وسیفاتی الله ی ئایل ی سامی بدەنە خوداو گەد وجادووی ی مەردۆخی پەرستراوی غەیومەکان ،هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەم ڕوئیایە زۆربەی دانیشتوان وشارستانی وژیارەکانی ڕۆژهەڵات بەدەرێژایی چەندین سەدە کە قەرن وشاخاکانیان ئاماژەن بەسەدە کان وبەومیللەت ونەتەوەوزمانانەی ئەو ژیارە تنینی ودڕندانە بەڕێوەدەبەن ،کەهیچیان لە مەلکوتی لاهوتی الله بە چاوی ڕەحمەت سەیریان ناکرێ،

تنین ئیبلیسە, چین وئەودەوڵەتانەی لێ ی دەرچون لەتورانی ومەغۆلەکان، ڕوس و سۆڤیەت ،هیندۆ ئێرانی وئەوروپی و ئەمریکایەکان وپایتەختەخەکەیان واشنتۆنی

شەیتان،لەوێ وزەی کارەبا دۆزراوەتەوە,وە بەرمۆدا عەرشی شەیتانیس نزیك لەوێ یە, ئیبلیس بڵیسەی الله یە، ژمارەی 666 هەرئاماژەیە بۆ کەوتنی بەغدا و وڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ومەسیحی بەدەستی مەغۆل .

هەربۆیە ئەم هەزارەی سەبتی یەهودیە لە 1000-2000ی زاین لەدەقەکانی ئیسلام ومەسیحی دانی خێری پێدا نەنراوە.

تەواوکردنی لێکدانەوەی هێماکانی ڕوئیای یۆحەننا.

[[بەشی چواردەهەم:

بینیم کاوریك لە سەر شاخی زایون –صهیۆن- 144 هەزاری تری لەگەڵە ,ناوی ئەوو باوکی لە سەرناوچەوانیان نوسراوە,ئەوانە سروديك دەلین کە کەس وەك ئەوان ناتوانێ ئەو سرودەبڵێ,ئەوانە بە دوای ئەوکاورە دەکەون بۆ هەر کوێ یەك بڕوا,ئەوانە کوڕن وژن پیسی نەکردون, زمانیان بە درۆ نەگەراوەوە هیچ کەم و کوریەکیان نیە ، پاشان مەلایکەیەکم بینی کە دەفری و مژدەی ژیانی ئەبەدی پێ یە ,مژدە دەداتە گشت گەلانی سەر زەوی,و بەدەنگیکی بلند هاوار دەکا,لە الله بترسن و مەجد بۆ الله بریار بدەن ،کاتی سەعاتی دەینونە یە سجدە بۆ خالقی زەوی وئاسمان ببەن.

مەلائیکەیەکی تریش بەدوای ئەمدا دێ ودەڵێ:بابل کە هەموو گەلانی توشی نۆشینی کاسی مەی زیناکەی کرد وا ڕوخاو هەرەسی هینا,

دوای ئەمانیش مەلاکیکی تر هاتو هاواری کرد بە دەنگیکی بلند:هەرکەسێ سجدەی بۆ وەحشەکە بردبێ و وینەکەی لە سەر نیوچەوان و دەستەراست کوترابێ ,دەبێ لە کاسی توڕەیی الله بنۆشێ,و سزای ئاگرو کبریتی مەلائیکەکان ببینێ, پیرۆزبێ ئارام گرتنی قدیسەکان لەسەر ئیمان بە الله و پاریزەرانی راسپاردەکانی یەسوع, خۆشنودی بۆ ئەوانەی لە پیناوی پەروەردگار مردن و کوژران, لەهەموو ماندو بونیك پشویان داو کارەچاکەکانیان شوینیان کەوتن,

دروینەی زەوی:لە سەر هەور وەك کوڕی ئینسان دانیشتبو تاجیکی زیری لەسەر بوو ,داسیکی بە دەستەوبوو,مەلائکەیەك لە هەیکەلی الله وە هاواری لێ کرد,بڕۆ دروینە بکە ,دانەویلەی زەوی پێگەیشتوە.

دانیشتوەکەلەسەر هەور هاتە سەر زەوی دەستی بە دروینە کرد,پاشان مەلائیکەیەکی تر بە داسی تیژەوە لە هەیکەل دەرچو,مەلائیکەی ئاگر پێ ی گوت بڕۆ میوەو هیشوە ترێ کانی زەوی پێ گەیشتوە,مەلائیکەکە هات و میوەو تریکەی دروینە کردو لە ناو معصرەوگوشەری کرد ,پاشان گوشەرەکەی لە دەرەوەی ئاوەدانی ڕشت ,هەتا دووری دوسەد میل و بەبەرزی هاوساری ئەسپ تەنیا خوین لە معصرەکە دەرچو,

بەشی پازدەم:مەلائیکەکان و دوانسکۆکان:

پاشان حەوت مەلائیکە بە حەوت نسکۆ هاتنە سەر زەوی کە تورەیی الله بەمە تەواو دەبوو, بینیم دەریایەك لە بلوری تێکەڵ بە ئاگر,بینیم کە ئەوانەی کە بەسەر ناوو هیما ژمارەی وەحشەکەیان هەلینابوو لە سەر ئەو بلورانە,گیتاریان بەدەستەوەو ئەم سرودەی موسی دەلینەوە:

کارو کردەوەکانت مەزن و سەرسوڕمێن

ئەی الله ی پەروەردگاری پڕ شیان

پایەدارەو راست و دروستە ڕێ و شوینت

ئەی مالکی ئوممەتان ,کێ هەیە لیت نەترسێ؟

کێ هەیە مەجد بۆ ئیسمی تۆ بریار نەدا؟

بەتەنیا هەرتۆ قدوسی,

گشت ئومەتان دین و سوجدەت بۆ دەبەن

چونکە کارە پڕدادوەریەکانت بۆ هەموو کەس دیارن

پاشان خیوەتی پەیکەری شهادەی ئاسمان کرایەوەحەوت مەلائیکەی نەکبە بەجلی کەتان و کەمەرەی زێڕین دەرچون,یەکی لە بونەوەرە زیندوەکان حەوت کاسی پڕ لە تورەیی الله ی دایە ئەم حەوت مەلائیکة, هەیکەل پڕ بوو لە دوکەلی مەجد ,کەس نەی توانی بیتەناو هەیکەلەوە تا ئەم حەوت مەلائیکە ی نسکۆ نسکۆکانیان بەسەر زەوی دا نەرشت,]]

ئەم بەشە ئاماژەیە بۆساڵانی بیست وسیەکانی سەدەی بیست ،سەدوچل وچوارهەزارەکەی زایۆن ئاماژەیە بە سەرەتاکانی دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل،دروێنەی زەوی ئاماژەیە بەجەنگی دوەمی جیهان وجەنگەکانی تر،کەلەو ماوەڕویان داوە، سواربوونی هەور ،ئاماژەیە بۆداهێنانی فڕۆکەوهێزی ئاسمانی لەجەنگ وئاشتی دا، معساروگوشەرئاماژەیە بەچەکی ناوەکی، سرودی موسی وڕشتنی کاسی نەکبە وگلان بۆ عەرەب و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلە،،لە م روئیایە ولەهەموو ئینجیل هەست بە پیرۆزی وهەڵبژاردەیی نەوەکانی ئیسرائیل دەکرێ، هەست بەوەناکرێ کە ،مەسیح ومەسیحیەکان ڕقیان لە یەهودوئیسرائیلیەکان بێ،یان یەهود دەستیان لە خاچ دانی مەسیح هەبێ، تەنانەت هە ست بەوەناکەی کە مەسیح لەخاچدانی لەبیربێ ،بەپێچەوانەی سەحاحەکانی سەرەتای ئینجیل.

[[بەشی شازدەهەم:کاسەکانی تورەیی اللە:

دەنگیکی گەورەم گوێ لی بوو لە هەیکەل هاواری لەحەوت مەلائیکەکە کرد:خیرابڕۆن کاسەکانی تورەیی اللە بریژن بەسەر زەوی دا,مەلاکی یەکەم کاسەکەی لە وشکانی رشت بوەهۆی بلاو بونەوەی دەردوبەلاو نەخۆشی کەتوشی ئەوانە دەبوکە سوجدەیان بۆ وەحشیەکە بردوەو تاتۆکەیان لە سەر لاشەیان وینەکردوە,ملاکی دوەم کاسەکەی لە دەریاکرد وئاوەکە هەموی بوبەخوین و هەرچی بونەوەری زیندوو بوو لە دەریادا هەمووی مرد,

ملاکی سێ یەم کاسەکەی لە ئاوی روبارو سەرچاوەکان کرد ,مەلاکی ئاو گوتی هەرتۆعادلی لە فەرمانەکانت چونکە ئەوانە خوینی پەیامبەرو قدیسەکانیان خواردۆتەوە بۆیەدەبێ ئەم خوینە بخۆنەوە,مەلاکی چوارەم پەرداخەکەی بە خۆر داکرد تا خەلکی بسوتێن بەگەرماکەی ,بەلام خەلکی هەر بێ ڕێزیان بە ئیسمی اللە کردو ستایشیان نەکردتا مەجدی بدەنێ، مەلاکی پینجەم کاسەکەی بەسەر عەرشی وەحشەکەدا کرد و شانشینەکەی تاریك کردو خەلکەکەی زمانیان کرۆشت لە بەر ئازار ,بەلام هەرتەوبەیان نەکرد.

مەلاکی شەشەم کاسەکەی لەناو ئاوی فورات کردو ئاوەکەی وشك کرد,تابیتە ریرەو بۆ پاشاکانی رۆژهەلات,بینیم کە سێ روحی پیس لە شیوەی بۆق لە دەمی تنینیك دەرچوون,ئەمانە روحی شەیتانی بوون,معجزەیان دروست دەکرد تاپاشاکانی زەوی کۆبکەنەوە بۆ جەنگی رۆژی گەورە,رۆژی اللە ی قەدیرو بەتوانا,خۆشی بۆ ئەوکەسەی کە جلەکانی دەپاریزێ و لەورۆژە رووت نابێ, ,لەو رۆژەدا هەموو کۆدەبنەوە لەوشوینەی پێ ی دەلین هرمجدۆن,مەلاکی حەوتەم کاسەکەی لە جەو – هەوا- کرد لەم کاتەدا دەنگیك هات لە هەیکەلەوە,کە فرمانەکە بریار درا,لەم کاتە زەمین لەرزەیەکی بەهیز هات کەلەوەتی مرۆڤ لە سەرزەوی دروست کراوە زەمین لەرزەی وانەهاتوە,شارە گەورەکەی دنیا بوە سێ بەش و شارەکانی جیهان هەرەسیان هینا,لەم ساتە اللە بریاری دا کە کاسی مەیی تورەیی خۆی بە بابل بنۆشی,دورگەکان خۆیان شاردەوە,شاخاکان رایان کرد,تەرزەیەکی زۆر گەورە بە سەر خەلك دابارى ووای کرد خەلکی زەوی زیاتر یاخی ببن لە اللە,]]

ئەم کاسانە ئاماژەن بۆ داهێنانی چەکی بایۆلۆژی و میکرۆبی وکیمیایی وچەکی ژێر دەریا، خەڵک ،سەرەڕای ئەو پێشکەوتنی زانستە ،زانستەکانیان پاڵ نەدانە لای اللە ،بەڵکو نکولیان لە هەبوونی هەموو شتە نادیارەکان ولە بوونی ڕوح کرد،کاسی چوارەم ،ئاماژەیە بۆجەنگی ئەستێرەکانی سەردەمی ڕێگان وبۆشی باوک،کاسی پێنجەم بەسەرلاشەی وەحشە کۆنەکە ،بوژانەوەی بیروباوەڕی ڕابردو وسیحروجادوو وتەریقەکانی سۆفیایەتی وشیعەگەری ومەزهەبەکانی دینی وئولی بونە بەرپابوونی چەندین جەنگ لە دنیادا هەرلە پەنجاکان تا هەشتاکان،کاسی شەشەم

کاسی جەنگەکانی دەوڵەتانە لەسەرسامانی ئاوی،جەنگی عیراق وئێران ،لەسەرشەتی عەرەب،وەزۆرجەنگی تریش، جەنگی هەرمجدۆن،کەلەبەرگرنگی ئەوجەنگە لەبەشی هەشتەم باسی دەکەم،.

بەڵام گۆڕان وکارەساتی گەورە لەشەڕی هەرمجدۆن دانیە بەڵکو دوای ڕژانی کاسی حەوتەم ولەنابردنی بابل ودابەش بوونی جیهانە بەسەرسێ بەرە دا، ون بوونی دوورگەوشاخەکان ئاماژەیە بەگۆڕانی گەورە لە زەویدا، کە زۆرێک لە دوورگەکان ژێرئاو دەکەون،زۆرێک لە شاخەکان بەبۆرکان وبەریەک کەوتن ولێک ترازانی کیشوەرو پارچە تەکتۆنیەکان دادەڕمێن وڕۆدەچن وبەبۆرکان دەبنە ئاگرپژێن، وەشاخە بەفرینەکان دەتوێنەوە،دەنگی گەورە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنان وتەقینەوەی چەکی ئەتۆم ،ئەمانە بابەتی چەند خوێندنەوەی داهاتوو دەبن.

[[بەشی حەڤدەهەم:درندەکەو ژنەداوین پیسە مەزنەکە:

یەکیك لە مەلاکەکانی خاوەنی کاسەکان گوتی وەرە با سزای ژنە زیناکەرەگەورەکەت نیشان بدەم,لەسەر لیواری ئاوە زۆرەکت کە هەمو شاکانی جیهان زینایان لەگەڵ کردوە,و خەلکی زەمینی بەمەی زیناکەی سەرخۆش کردوە, روحی بردم بۆ بیابان,بینیم لە کەناری دەریا لەسەر درندەیەکی قرمزی دانیشتوە کە درندەکە بە ئەسمائی تجدیف داپۆشراوە,-تجدیف واتە ئیسمی کوفرو بی ریزی کردن بە اللە ومقدساتی دین ,یەهود بەوتاوانە مەسیحیان سزا داکە دەیانگوت تجدیفی کردوە- ئەم وەحشە دەقۆچ وحەوت سەری هەبوون,ژنەکە ڕەنگی ئۆرجوانی وقرمزی لەبەربوو بە زێڕو دڕو مرواری خۆی رازاندبۆوە,لە سەر نیوچەوانی هیمای بابل هەبوو,کاسیکی زێڕی بە دەستەوە بوو کە پڕ بوو لە پیسایی زیناکەی,ژنەکە سەرخۆش بوو بە خوینی قدیس و پیاوچاکان,مەلاکەکە پێ ی گوتم :ئەو وەحشە بەم نزیکانە نامینێ,بەلام حەوت سەرەکان حەوت گردن ,وە حەوت پاشای سەرزەوین,پینجیان رابردون ومردون شەشەم تا ئیستاش پاشایەو حەوتەم هیشتا نەهاتوەو نەبوە بەپاشا,ئەم دە قۆچەش هەروا دەپاشان کە هیشتا هیچیان نەهاتونو نەبونە پاشا,ئەوانیش دین قوت ودەسەلاتی خۆیان دەدەنە ئەو درندە ,هەمویان دەیانەوی شەری کاوڕەکە بکەن و بەلام بەسەریاندا سەر دەکەوێ, ئەو ئاوەش کە ژنەکەی لەسەرە ،ئەوە ئومەتان ونەتەوەو زمانەکانن, ئەو دەپاشایە هەر خۆیان رقیان لەو ژنە دەبیتەوەولە کۆتایدا روتی دەکەنەوەو بە ئاگر دەی سوتینن,ئەو ژنە ,ئەو شارە گەورەی دنیایە کە دەسەلاتی بەسەر دانشتوانی سەر زەوی هەیە,]]

ئەم بەشە هەندێکی وەک فلاش باک ،گەڕاوەتەوە پێش شەڕی هەرمجدۆن، ئەم پاشاو خونکارانە بەشێکن لەوانەی کەلە جەنگەکانی پێش هەرمجدۆن وهەرمجدۆن ودوای هەرمجدۆن لەناو دەچن،لەدوای شەڕی هەرمجدۆن شارستانی بابل وژنە داون پیسەکە لەناودەچێ ،لەناوچوونی ئەو سەرەتای گۆڕانکاریە گەورەکانە.

بەراوردی هێماکانی ئەو گەشتە لە گەڵ هێماکانی ڕوئیای یۆحنا و فەرمودەکانی ئیسراومیعراج:

لە فەرمودەی سەحیحی موسلیم هاتووە کە پێغەمبەر علیه السلام مەسیحی دەجالی لە ئاسمان لەگەشتی ئیسراو میعراجدا بینیوە ، ئیمە دەبێ باوەڕمان بەوەبێ کە جیهان لە داهاتوەوە بۆ رابردوو لە زەوی صفاتی الله بۆ ئەسمای ئاسمانەکان, لە زەمینەوە بۆ ئاسمان لە زبڵ وخاشاکی خاک و ئاخرەوە بۆ ئەوەل ,لە پەرتەوازەیی وئالۆزی و فرەیی و وردی وتەمەن کورتی و زۆر هەستەوەری و گەرمی بەرەو پێچەوانەکانی دەروا ,تەنانەت زانستی جوگرافیاش سەلماندویەتی کەزەمین بەرەوئەوەدەڕوا کە هەمووی ببێتەوە یەک کیشوەرو یەک دەریالوش.

کەواتە گەشتی میعراج هێمای سەفەرێکی ئوممەتی محمده به کات وزەمەندا ، هێماکانی سفری یۆحەناش لەگەڵ هێماکانی ئیسراومیعراج ڕێک دێنەوە.

جا ئیمە لەو بەردە بازە و سەر ئەم سەکۆیە کە لە داهاتوەوە هاتوین و بریك لە حکمەت و دانایی و ڕێ وشوینی ئەو مامۆستا ڕابر دوانەمان بۆ جێ ماوەو لە بەردەستمانەو هەول دەدەین تۆزیك بەوان بچین و وەك چۆن لە جیهان مامۆستا بوون با لە داهاتوی ئەوەندەی لە بەردەبازەکە ماومانەو تا دەمرین دەبینە رابردوو ئەو بڕە تەمەنە کەمە بە باشترین و جوانترین و هاوسەنگترین شیوە ریك بخەین, ,با سەدەو چاخ و و ئەسمای الله کەلە رابردوان فیربوین ئەوەندە داهاتوە ماوەی پێ ڕۆشن کەینەوە .

جا موحەمەدیش وەک پەیامبەروڕەوانەکراو ،واتە قورئان وسونەتەکانی وڕەوشتەکانی ،ئەو بەهاوڕەوشتانەش واتە ئوممەتەکەی ،نەک ئەولاشەی لە مەدینە نێژراوە،چونکە پەیام بەرێتی،

وەتا محمدی بەرجەستەبوو لە ڕێ وشوێنەکانی دا ،لە دین وڕێنمایی وسونەت وپەرستش وڕەفتارەکانی دا بمێنێ ،ئەوە نەمردوە ،چونکە هەندێ کەس بۆئەوە لە دایک دەبن کە بۆ هەزاران ساڵ بەنەمری بمێننەوە ،یەکێ لەوانەش رسولی سەروەرە کەتائەوکاتەی قورئان وسونەتی ڕاڤەکەری قورئان لە ناودڵ و کتێبەکان هەڵ دەگیرێ ئەو هەرزیندوەو کە هەڵگیرا ئەوکاتە ،ساتی وەفاتی ڕاستەقینەی محمده،وەک دین هێنەروپەیام هێنەر.

زیندوویی وهەستیاری کەس ناگاتە زیندوو مانی ڕسول الله علیه السلام ،چونکە پەیامی ئەو لە لایەن الله وە پارێزراوەو ملیۆنان مرۆڤی وابەستە وخولیا

کراوە، کە بەهەمیشەیی هەموو کردەوەوڕفتارو فەرمان وڕەوشت وپەرستش وسەوداو ئاکارەکانی پەیام بەرەکەیان زیندوو ڕادەگرن،هەرزیندوو وپایەدارو بەرقەراربێ محمد وەک پێغەمبەرو ڕێ پیشاندەر لە جیهاندا..

جا ئەم ئوممەتە یە کە شەوڕەوی دەکا و عروج دەکا وبەرز دەبێتە وە،هەرئاسمانێک بە حەفتا ساڵ دەبڕێ ،ڕوحی ئومەتی محمد وژیاروشارستانیەکەی لەگەڵ ژیاروشارستانی وپەیام وشوێن کەوتوانی پەیام بەران بەیەک دەگا وپێکەوە ژیان دەکاو هەندێ جار مل ملانێ دەکاو پاشان تێک گەیشتن دروست دەبێ، وەک چۆن لەگەشتە هێماییەکەی محمد کەسواری بەرق وتیشک بوو وبە خێرایی تیشک گەردوونی بڕی و ئێستاش ئەوزەویە وشاروشارستانی مرۆڤایەتیەی کە محمد حل وئاوێتە بوە پێ ی بەم شێوە ئاسمان لە دوای ئاسمان وپەردە لەدوای پەردە پێچاویەتیەوەو دەی پێچێتەوە،وەک لە فەرمودەکان هاتوەکە ئیبن ماجە لەعەباسی گێڕاوەتەوە کەسەروەرمان فەرمویەتی هەر دووئاسمانێک حەفتا ویەک یان دوو یان سێ ساڵە .

لەحەوتەمیش تا هەڵگرانی عەرش هێندەی نێوان دووئاسمانە باڵای هەریەکی لەهەڵگرانی عەرشیش هێندەی نێوان دوو ئاسمانە ، ئەوجارلەسەرو ئەوان عەرش هەیە کە ئەویش ئەستوریەکەی هێندەی نێوان دوو ئاسمانە .

کەمۆرەکان وکاسەکان و کەرەناکان و....هەموو حەوت هێماکانی ڕوئیای یۆحەناش بە بڕینی حەوت ئاسمانەکان لیك بدەینەوە,لە سەفەری میعراج ,ئەم سەفەرە لە سەرەتای ئیسلامەتی ،بگرە لە هەندێ گێڕانەوەدا لە بیابانی بەنی سەعدو لای حەلیمەی سعدیە لەکاتی سنگ شەق کردنی محمدی دووسێ ساڵان دەستی پێ کردوە، پاشان لە سەرەتای پێغەمبەرێتی دا،سەرەتا وەك روئیا نیشانی پەیامبەر دراوەتەوە، چەند جار تا ئامادەی ئەم سەفەرە بکرێ,پاشان بەراستە قینەیی رەمزی رووی دا,نەوەوی و چەند زانای تر دەلین زیاد لەسێ جار ئیسراو معراج بۆ پیغەمبەر کراوە, بەلام زۆریك لەزانایان ئەمە رەت دەکەنەوە و دەلین چۆن دەبێ هەموو جارێ 50 نویژ فەرز بکرێو پاشان بکریتەوە 5 نویژ ,خۆ ئەمە گالتە پێ کردن نیە,بەلام راستیەکەی محمد هەرلە بیابانی بەنی سەعد بە چوار سالی کە سنگی شەق کرا ,لە م رحلەی ئیسراو معراجە دابووتا ئەو رۆژەی وەفاتی کرد,وە ئومەتەکەشی کە پاش خۆی بەرجەستەو سیبەری ئەوپێغەمبەرەیە لە سەر زەوی و ئاسمان، ئەوە بۆ اهەزاروپێنج سەد ساڵ دەچێ هەر لە ئیسرای بڵندبونی روحی دایە و هیشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی معراج و تدحرج و خلۆربونەوەو گەرانەوە لە عەرشەوە بەرەو معاد و مەرجەع,و لەسەر زەویش و لەمیژوشدا ,رەنگی دایەوە, سەرەتای ئەم گەشتە بە سورەتی ئیقرا کە واتای تەرقیەو بلند بوون دەگەیەنێ، وەك خەتف وفڕاندنیکی

رووحی , وەمحمد سێ جار ئەم تەرقیەو بلند بونەی رەت کردەوە بە بیانوی نەخویندەواری ,تا ئەوەبوو جبریلی حەمل سێ جار محمدی گوشی ,لە شوینیکی تری ئەم گوتارانە باسمان کرد کە گوشینی یەکەم گوشینی سەردەمی صەلیبیەکانی ئومەتەکەی بوبێ و گوشینی دوەم هاتنی تەتارو پەراویز بوونی ئومەتەکەی بووبێ و گوشینی سێ یەم هاتنی ئیستعماری نوێ وکۆتایی دەولەتی عوسمانی بووبێ, وە هەرواگوتمان کە عوزرو بیانوەکەی پەیامبەر راستە,چونکە هەریەك لە عەرەب و فارس و تورك وکورد,بەنەخویندەوار دادەنرین ,چونکە بنچینەی خویندەواری ئەو سێ گەلە ونەتەوە هی خۆیان نیە,جاری چوارەم کە جبریل سورەتەکەی بۆ دەخوێنێ و دەولەتی ن,ئەم فراندنە لەگەڵ محمدی بەلاشە لە زەوی و بەروح لە ئاسمان بەردەوامە تا لە سورەتی نجم لە سالی پینجەمی ناردنی دەگاتە ئەو پەری,, لە سالی نجم تا سالی ئیسرا کە سالی یازدەی پێغەمبەریە کە سورەتی ئیسرا دابەزی و ئاماژەی گەرانەوەی پەیامبەر بوو لە پەراوێزەوە بۆ قۆناغی هجرەت وشارستانی مەدینە.

قۆناغی ساڵی یەکەمی پەیام بەری ئیقرا تا ساڵی پێنجەمی نەجم ،ڕۆژی عروبەوچوارسەدساڵی یەکەمی ئیسلامەتی دەنوێنێ،لە دوای نجم تا کۆچ کردن بۆ مەدینە قۆناغی ئیقساوپەڕاوێزبوون و بەرکەنارکردن وگەمارۆی شەعبی ئەبوتالب دەگەیەنێ کە لەساڵی هەزار تادووهەزاری زاینیە وڕۆژی شەممەی جولەکەیە، لە دوای کۆچ کردن تا کو وەفاتی ڕوسول ،قۆناغی ئەنسارو ڕۆژی یەکشەممەی نەسارایە ولە ساڵی دووهەزار تاسێ هەزار دەگەیەنێ.

ئەم هەزارەی سەبتی لەساڵی هەزار تادووهەزاری زاینی کە هەریەک لەسلجوقی وتەتەری وعوسمانی حوکمیان کرد،ئەم دەسەڵاتە ئەوقۆناغی ئیقساو لاچەپ بوون وپەراوێزبوون وبێ ئیرادەبوون وئەو قۆناغی دەجەلی ودەجالیەیە کەلە ساڵی پێنج تا کۆچی بۆ مەدینە لەشیوی ئەبوتالیب گەمارۆ درابوون ،ئەو قۆناغە هەرچەندە دەستەکانی لەسەرشانی محمدن وبەناوی ئەوەوە تەواف دەکەن لەم دنیایە وبەڵام مۆری هەتک بەری شەرمەزارین بە نێوچاوانی دین وڕێبازەکەی ئەوەوە،ئەوەش نهێنی بوونی دەجالە لە شەوڕەوی پێغەمبەردا.

وەبە 72 سالیەکەبێ کە دووری ئاسمانەکان لە یەکتر بە ریوایەت وگیرانەوەی 72 سال یا73 سال وەرگرین, دەبیتە 1008 سال یان 1036سال کە یەك ڕۆژە ,بە مە دەتوانین بلیین کە فەترەی نەبەوی وراشدی و ئەمەوی وعەباسی و ئاسمانی یەکەمی میعراجی رسول الله بوو کە ئادەمی بینی ,وە مەلائکەی بەرپرس لە ئاسمانی یەکەم ئیسماعیلە و بۆیەش:

١- ئەو 144(610-754 ز) ساله ئوممەتی محمد هەمووی به علم وزانستی سماعی خەریك بوون,هەلبەت مەبەستم 144 واته 132 کۆی سەردەمی مەککەش که قورئان تیایداهات و معراجی تیدا رووداو ,که زیاد له 13 ساله ,له روئیاکەی یۆحەننناش یەکیك له بونەوەرەزیندوەکان=چوارتوخمی باوئاووئاگروگڵ. بانگی یوحنا دەکا تا سواره سپیەکەی فەتحی ئیسلامی به خیرایی تیر ببینێ که سێ کیشوەری دنیای کۆنی وەك کەوانیك گرتەوە,سپیتی ئەسپەکه بەلگەیه لەسەر زالبونی روحی ئاشتی وبەسەر خوین ریژی لەم فراوانبونەدا,

,ئاسمانی دووەم تاسالی288 ک-ز 798 قۆناغی یەکەمی عەباسی یه و خەلیفه بەهیزەکانی عەباسی لەو سەردەمه بوون وسەردەمی فقه و تیگەیشتن و ترجمه و وەرگێڕانی حکمەت وفەلسەفەی میللەتان و تەصەوف و ئصولی فقهه,له ئاسمانیش رسول به یەحیا وعیسا گەیشت که بەلگەی سەعی وکۆشش و ئیحیا وبوژانەوەی ئوممەتەکەی بوو به و بابەتانەی باس کران,له روئیاکەش سواری ئەسپی سور و شمشیردەلالەته لەسەر شەری دەستەو یەخەو به بن بەست گەیشتنی فراوانی فتوحات ،که دەوڵەتی ئیسلامی بوه دووبەشی ئەندەلوس وبەغداوناکۆک بوون، چونکه شمشیر وەك تیر خیرا نیه.

له (٢٨٨-٤٣٢ک)(٧٩٨-٩٤٢ز) سالی ئاسمانی سێ یەم ماوەی دوەمی عەباسی و سەردەمی زیرینی زانستی فەرمودەو زانستی قورئان و قرائاتەکان و نەحوو صرف بوو,ئەم ماوه که یوسف له ئاسمانی سێ یەمه و له قورئانیش سورەتەکەی ئەحسەن الحدیسه وجوانترین گفتوگۆیه و بۆیه ئەو قۆناغەش فەرمودەو فەرمایشتەکانی رسول الله و صەحابەکان و زمانەوانی ونەحوو صرف و قرائاتی تیادا دامەزرینرا,هەروەها روئیاکەش ئەسپی ڕەش دەلالەته لەسەر زالبوون وسەروەری و تەرازو هێمای دادو عەدل و سەوداو مامەڵەو کڕین وفرۆشتن وبوژانەوەی بازرگانی و وەستانی جەنگە,یەکێ لەبونەوەرەکان ،ئەمەی بەدڵ نیەو حەزی له جەنگە,بۆیه دەڵێ زەیت و مەی تێك مەده ,واته دەسەلاتت ناگاته ولاتی مەی وزەیت کەوادەزانم ئەوروپاو چین بن,گەنم وجۆ ئەو ولاتانەن که بەزۆری ئەو دوو دانەویلەی لێ دەکرێ که دەولەتی عەباسی حوکمی لێ دەکرد,

له(٤٣٢-٥٧٦ک)(٩٤٢-١٠٨٦ز) ئاسمانی چوارەمی ئیدریسی ,شەریفی ئیدریسی له زەوی نەخشەی به زیو درو ست کرد,ئەم سەردەمه سەردەمی میژوو جوگرافیا و رەحەلات و گەشتیارەکان بوو ,الف ليلة وليلة وسندباد ویاقوتی حەمەوی و وئیبن بەتوته ونوسراوه بەناوبانگەکانیان،هەرواکتێبەکانی تەفسیرو میژوو وزمانەوەنی نمونەی ئەم کاتەن,له روئیاکەش ئەم سواره سەوزه که دەردەچێ و مەرگی له گەڵه دەلالەتەلەسەر سەرەتای دەرکەوتنی صەلیبیەکان و شەش هیرشه گەورەکەنیان

بۆسەر قودس و لەناو بردنی چواریەکی خەلکی لەوجەنگانەدا و کارەساتە ویرانکاریەکانی ئەوجەنگانە.

٥-(٥٧٦-٧٢٠ک)(١٠٨٦-١٢٣٠ز) ئاسمانی پینجەم ,سەردەمی هارونی و دەستپیکی رۆژی جولەکە بوو,ئیدی ئومەتی محمد بونە رەهن وبارمتەی تورکەکان لە سەلجوقی وزەنکی ومەمالیکی ئەیوبیەکان، وەك چۆن درع وقەلغانەکەی لە کاتی مردن ووەفاتی بارمتەی چەند ربە جۆیەك بوو لای جولەکەیەك,شەڕی ناوخۆو شەڕی خاچەکان تەنگی بەخەڵک هەڵچنی بوو وەلەو بارمتەو تێشکانەدا هونەر لە دایك بوو ,سەرەتای هونەری نەخش وبیناسازی و خەت خۆشی و گلکاری دەولەتە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی کە زۆر پەرتەوازە بوون،وەسەرەتای جەنگی مەغۆل بوو, لە روئیاکەش کە شەهیدەکان هاوار دەکەن کوشت و بڕ بوەستینرێ ,مەبەستیان هیرشی تەتارو صەلیبە خاچ پەرستەکانە,کە دنیای هەراسان کردبوو.

٦- (٧٢٠-٨٦٤ک)(١٢٣٠-١٣٧٤ز) کە ئاسمانی شەشەم بوو ,محمدو موساعلیهما السلام بەیەك گەیشتن ,جولەکەو ئیسلام وەك دوو دین وشەرعی دژایەتی کراو لە ئەوروپاو رۆژئاوا لەو سەردەمەدا ,ئەم لیك نزیك بونەوە بێ جەنگ نەهات ،مەغۆل شارەکانی وێران کرد ،مەمالیک وعوسمانی دەرکەوتن،هاوکاری جولەکەی دۆنمەو عوسمانی ، وای کرد عوسمانیەکان ئەوروپاو ئەفریقیا ورۆژهەلاتی ناوەراست کێومال بکەن, لە روئیاکەش دا ئەو توڕەیی و راکردنەی دەبینی تەنگ هەلچنینی مەغۆل وعوسمانیەکانە بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا,هەروەها هاتنی تەیموری لەنگە کە ئەویش ویرانکاری زۆری کرد,لە ڕوئیاکە مۆر کرانی بەرەبابە کانی ئیسرائیل و پاریزەرانی بەندانی اللە و خاوەنی جلە سپیەکانی خاوەن چڵە خورما کان دەلالەتە لە سەر بوژانەوەی دوو گەلی یەهودی و شیعە ی دوازدە ئیمامی وپارێزرانی دوورگەی عەرەب ویەمەن لەوپشێویانەی مەغۆل وخاچ وتەیموروسەلجوقی وتەنانەت لە عوسمانیەکانیش کە دەسەڵاتیان لەناوچانە لەکەنارئاوەکانی تێپەڕنەدەکرد.

٧-(٨٦٤-١٠٠٨)(١٣٧٤-١٥١٨) ئاسمانی حەوتەمە و محمد و ئیبراهیم علیهماالسلام و بەیتی مەعمور بە یەك گەیشتن ,لە سەرزەویش هەموو زەمینی ئاوەدانی کۆن و نوێ دۆزرایەوە,,لەم سەردەمەدا سەردەمی جیهانی ونوێ و پەل هاویشتنی گەلان بوو ,لەناو ئومەتی محمدیش کاتی تەریقەت و وتەزکیەی نەفسی و گەشەی بازرگانی بوو, لە روئیاکەش ,کەرەنای مەلەکی یەکەم,دەستپێکردنی سەرەتای ڕێنیسانس وبوژانەوەی ئەوروپای هیلینی -ڕۆژهەڵاتی بوو ،سەرەتا لە ئیتالیادەستی پێکرد.

کەرەنای دووەم بۆ دەریاکان فراوان خوازیەکانی ئیسپانیا و هۆلەندا و پرتوگال و دەولەتە نوێ یەکان بوو,کەرەنای سێ یەم کەوتنی ئەستیرە بۆناو دەریا سەرەتای

دۆزینەوەی ئەمریکا بوو,کەرەنا ی چوارەم فەتحی قوستەنیتینەکە بەلابوو بۆ سەر ئەورو پاو جەنگ وپشیوی بوو ,کەرەنای پینجەم سەرەتای چاکسازی دینی بوو لە ئەوروپا،کەرەنای شەشەم ،جەنگ ومل ملانێ یە بەردەوامەکانی نێوان ئەم داگیرکەرانە بوو لە هەموو وڵاتی کیشوەرە کۆن ونوێ یەکان.

لەم سەردەمە سوڵتان سەلیمی عوسمان بەهاوکاری مەلائیدرسی بەدلیسی کوردی و 46 میرنشینی کوردی توانی لە چاڵدێران ئێران و لە مرج دابوق مەمالیک وعەباسیەکانی کۆتایی پێ هێناو بووبە یەکەم خەلیفەی عوسمانی ودەستی بەسەر میسر و حجازدا گرت .

٨-(١٠٠٨-١١٥٢) (١٥١٨-١٦٦٢)دوای ئاسمانی حەوتەم دەریاوبەحری موحیت و ئەو هەشت مەلائیکە ئەوعالەن کە لە فەرمودەکە باس کراون وعەرشیان هەڵگرتوە ،ئەوە سدرەی کوتای ومونتەهایە ،کە پەیام بەر فورات ونیل وحەوزی کەوسەرو شەهیدان ومیوەی جەننەتی لەوێ بینیون,بەلام لەم سێ ناوەندە ی هەشتەم ونۆیەم ودەیەم کەلەسەرو ئاسمانەکانن ,حەملەکە ،جبریل، ناچێ و تەنیا پەیامبەر دەچێ,ئەمەش دەلالەتەکە بەرواوەکانی کۆتایی هاتنی دەولەتی دینی مەسیحی و کنیسەو بەردەوامی دەولەتی دینی ئیسلامی لە ئەستەمبول و یەمەن ومصرو ئیران وهند وگەلیك شوینی دیکە,,ئەم سەردەمە کە شۆرشی پیشە سازی بەریتانی –ئەو مەلەکەی قاچیکی لە سەر بەرووشکانی و قاچەکەی تری لە سەر دەریا بوو,ئەو کتابەش کە بە دەستیەوەبوو پیدەچێ کتابی مکافلی یان ئادەم سمس بێ, و چاپخانەو زۆریك لە داهینراوە زانستیەکان دەرکەوتن , دۆزینەوەی باروتو تەلەسکۆب وزانستی فەلەکناسی بوو کە ئاسمانی لە شوینی مقدساتەوە گۆری بۆ تاریکستانیکی نەبوو، هەرلەم سەردەمە چاکسازی دینی گەرم وگوڕبوو،وڵاتی ئەڵمانیاو پڕوسیا ڕۆڵیان هەبوو.

٩-(١١٥٢-١٢٩٦)ی کۆچی (١٦٦٢-١٨٠٦) کە بدەینە نۆیەم ومالکی خەزینەداری جەهەنەم,کە کورسیە ,علم وزانستە ،ئیبلیس ولباس وحجاب وپەردەوڕووپۆش وئیزارو بەرکۆشی الله یە ،وەک لە فەرمودەهاتوە حجاب ولباسی الله نور ،یان نارە ،ئەگەر ئەو ئاگرە لباسە نەبێ ڕووی الله هەموو بونەوەر دەسوتێنێ ودەکا بەقەرەبرووت،لەم سەردەمەدا، زانستی فیزیا،کیمیا،زیندەوەرزانی، پزیشکی وتەکنەلۆژی، هەنگاوی یەکجارگەورەیان نا،داهێنانی گەورە کران،کۆمەڵگا بەرەو بۆرژوابوون وبەشارستانی بوون ڕۆیشت، شۆڕشی پیشەسازی بەریتانی وشۆڕشی چاکسازی دینی گەیشتنە لوتکە،شۆڕشی فەڕەنسی وشۆڕشی ئەمریکی بەرپابوون وشوێنەواری گەورەیان بەجێ هێشت ،هەرچەند کەلە باربران ،تەراتێنی دەولەتە داگیرکاروپیشە سازەکان بۆ گەڕان بەدوای کەرەستە خاوی هەرزان ودەستی کاری

هەرزان وبازاڕی کاڵاساغ کەرەوە لەئەوپەڕی دابوو،زۆریك لە ولاتان لە ژیر دەستی عوسمانی وتەتەروئیمپراتۆرە کلاسیکیەکان دەرهینران و ئەم دەولەتانە وردە وردە بەرەو لاوازی چوون ,خەزینەداری جهنم بارود ودینامیت و جۆرەها چەکو جبە خانە دەمی بە رووی جیهاندا کردەوەو تا ئیستاش هەر بەردەوامە,لە روئیاکەش وردە وردە دەسەڵاتی وەحشەکە وتنینەکا لاوازدەبێ ،.

١٠-(١٢٩٦-١٤٤٠ک)(١٨٠٦-١٩٥٠) ,ئەوە سەردەمی دەیەم و عەرش ودەجال ودەجار ودوماهی مەهدی وهیۆرکەرەوەو موخەدیروبەنج کەر وهۆش بەرو هادمی مەهدەوڕوخێنەری هێلانەی مرۆڤ،ئەگەر دەجالی جالوت ،-وەک لە فەرمودەکان هاتوە-بە چاکە خوازو ونوێ کەرەوەی دین ،لە هەزارساڵ پێش ئێستا دەستی پێ کردبێ، وەکە ڕۆژانی سلجوقی بەساڵێک تێپەڕیبێ چونکە هێشتا سەردەمی خێرایی نەهاتبوو، ئەوە سەردەمی مەغۆل ڕۆژی مانگی بوو کە خێراتربوو، ڕۆژی تەیموورحەفتەبوو، ڕۆژی ئیستعمارە جۆراوجۆرەکان کە ٣٧جۆرە داگیرکاری وبەڕێوەبردنن، دواقۆناغیان ڕۆژی سۆڤیەتە کەلە دوای نەهامەتیەکانی سەفەربەرلگ وگرانی وبێ بارانی وچەندان جەنگی کاولکەری گەورە ،خێروبەرەکەتی ڕژێمی هاوبەشی جەدەلی دیالیکتیک ،خەونی هەژاران ونەداران وجوتیاران وکرێکاران وەک چارەسەرێک بۆ ستەم وبێ دادی وڕاووڕووت لەدایک بوو، گەنجینەی نەوت وغازوکانزاکان وتەکنەلۆژیای لەبەردەست بوو وڵاتانی کۆمارەکانی ناو یەکێتی شۆڕەوی وچین ووڵاتانی بێ لایەن ووڵاتانی جیهانی سێ یەم وهەموو شۆڕشە نیشتمانیەکان دژی دەگیرکاری ڕۆژئاوای داودی سلێمانی، هەموو لەگەڵ ئەم دەولەتەدابوو بۆیە ئەم دەولەت وڕژێمە هەموو کون کەلەبری دنیای حوکم کرد،تەنیا مەکەومەدینە مابوو، ئەگەرنازۆربەی وڵاتانی سەرمایەداریش حزبی کرێکاریان هەیە ،بەم شێوە تائێستا هاوپەیمانی وەحش وتنینی ڕوس وچین و وەحشە بچوکەکەی ئەمریکای لاتین هەرماوە ,

لە روئیاکەشدا ژنەکەی ڕۆژهەلات ,ئاوسە و منالەکەی بەرەو مەلەکوت دەرفینرێ,تەنینەکەو وەحشەکان تەنینەکە دەسەڵاتی جالوتیەولە مەنغۆلیای چین دەستی پێ کرد،چەند شاگردو وەحشی هەبوون ،دایکەکە شارستانی ئیسلامی بیابان نشینە ,وەحشەکەی کە سولتانەکەی لی وەر دەگرێ,عوسمانی ودەولەتە تورکیەکانی دوای مەغۆلن کە بۆیەی دینیان لەخۆهەڵسو، و وەحشە دوقۆچەکەش ڕوسیای سۆڤێتیە, دوا قۆناغی دەجالی ودماهیکی مەهدی هیۆرکەروتریاکی بێ هۆشکەری مخەدیرە،.

عە رشەکەش هیمایە بۆ ئەو دە پەی پێ براوەی کە مرۆڤایەتی پەی پێ بردون کە بریتین لە:

یەکەم دووەم وسێ یەم وچوارەم چوار دۆخەکانی تەن، واتە رەقی وشلی وغازی و بڵێسەی پلازما.

پینجەم ئیناو ماعون وبۆشایی گەردون، ئەوەی کە مرۆڤ پەی پێ بردوە , واتە سێ دوریەکان وشەش لاکان وئاراستەکان ولاکانی قیبلە نما،ئەم لوح وتابلۆو بۆشایی یە کە اللە لە تەقینەوەی بیك بن پیش بیست ملیار سال دەستی پێ کردوەو بەتاییەتیش درب التبان ی کاکیشان کە کۆمەلەی خۆر بیست ویەك جار ئیدراکی هەمووی کردوەو پەی پێ بردوەو بەناویا گەڕاوە .

شەشەم :دەم وکات و زەمەن ,هەلبەت ئەو زەمەنەش کە دەکەویتە بەرپەی پێ بردن ،ئەو زەمەنەیە کەلە جیهاندا لە رابدوو ئیستاو داهاتوی باس کراوو تویژراوە وپەی پێ براو خۆی دەنوینێ ,کە ئەوە فکری لی دەکەیەوەو مەهێلّە کە دیلت بکا بەلکو دەبێ تۆ ئەو دیل بکەی وبیکەیە پەیژەو پیای دا سەرکەوە بۆ دەرچون لە باطنی پرواو بۆ جیهانێك کە زەمان ومکان لەوێ داناوەشێ ,هەلبەت کە پەیام بەرەکان وەك هیماکانی سەعاتی 24سەعاتەکە وبیستووچوارکورسیەکەی روئیای یۆحەنان کە باسمان کردن،چواربونەوەرەکەش چواربنەماڵەی ئادەم ونوح وئیبراهیم وعمرانن،وەچوارتوخمی هەواو ئاووئاگروگڵن،

حەوتەم : جۆری حەوتەم کەبەشیکە لەودە توخمەی عەرش ئەو لایەنەی کە دەبێ بەفکرو پروواندن دای پۆشین وکافربین پێ ی ئەو دوو یا سێ جۆرە ژیانی ئۆرگانی روەکی وفتریە کە لەناو باتنی دون لە بەردەستمان وجودی هەیە ,جا وەك چۆن کە ئەو ژیانە کە دەمری بەگل دای دەپۆشین و بۆ هەزاران سالی تر دەبیتە خۆلی بەرپێ ی ئەوان کلما جاءت امة لعنت اختها ، کردیەنعل لەپێ ی کرد ,لەهەمان کاتدا کافربوون بە ئەم ژیانە مۆقەت وکاتیە بکەبە ئاوینەی باوەربوون بە اللە کە حي وزیندوە بە حیاتیکی ئەبە دی و ئەویش لە پاش قۆناغی کۆتایی ئەم کەشکەشانی تبانە ژیانیکی سەرمەدی بە مؤمنین بە ئەو تواناکانی ئەو دەبەخشێ,

هەشتەم:مواصفاتەکان وئاوەلناوەکان وتاییەتمەندیەکان وبەهاکان وسونەت ونەوامس و سروشت وخو ورەوشتەکان وپیرۆزی وهیماو دلالات ومعانی واتای دەستەواژەکان ,لایەنی بەردەستی دیاری کراو لە ناو دونی تدوین کراوی باتن دا لەم بابەتە وپەی پێ براوو لی کۆلراوە و تویژراوە ئەو لایەنەیە کە مؤمن فکری لی سەرف دەکاو دەیکاتە پەیژەو ئاوینەش تاکو خالق واهب ودانەرو وداریژەری ئەو بەهاو وتاییەتمەندیانە کە بەشیوەی سنوردار بۆ ئیمەی ناردون بەڵام دەبی ئیمانمان بێ کەبەبێ سنوری لای اللە لەژیانی دوارۆژدا بونیان هەیە بەڵام بە نەبڕاوەیی,

نۆیەم:هەول وکۆشش وجولەو هەلینجان وتەقەللاوئەزمون وتاقي کردنەوەکان وشارەزایی وزانستە مرۆڤایەتیەکان ,ئەم دیاردانە عەوارزو لایەنی وەرگێڕانی خالی هەشتتمن لە تیۆری بۆ کرداری بۆ پاراستن وهیشتنەوەوپەرەپیدانی لایەنی هەشتەم

وبه ئامانجی چاك كردن وهەموارکردنی خالی حەوتەم، ژیان نەك بەنیازی هەمیشە مانەوە، بەڵکو بۆ باشتر هەول دان بۆ ناردنی تیشو بۆ مالی دوای مردن ,

دەیەم:هەستیاریەکان ودروشم وپەرستش وکارلیك ودەستورو دەرەنجام وهەڵینجانەکان ودەسکەوت وگریمانەو تیۆری و ریبازگەو بیرە زەمینە بۆ خۆشکراوو گەڵالت کراوەکان وپیوەرو کیشانەو یەقینیە سەلمینراوەکان ویاساوریساو بریارو قانونەکان, وە هەر هاوبەندیەك کەلە نیوان توخمی حەوتەم –ژیان-وپیکهاتەکانی هەشتەم-بەهاکان-ونۆیەم-جیببەجی کردنەکان- دا بەرپابێ , کەواتە خالی دەیەم هەموو بوارەکانی ویژەو ئەدەب وهونەربەهەمو لقەکانیەوەو پیشەکان بەهەمو لقەکانی لە خۆ دەگرێ, واتە دەیەم بریتیە لە کۆئەندامی هەستیاری ئەم جیهانە و قسەکەرو گوتە بیژو پرسگەی ئەم دەولەت ورژیم وقوتابخانەودین وفەلسەفەو تیروانین وجیهانبینیانە.ئەم دەیەمە نیوەند گیر لەنیوان باتن وزاهرو دراو وەرگیراو لەنیوان غەیبو نادیارو ئاشکراودیارداو وگوزەرە لەنیوان دەستەوستان و تواناداراو و پرسیارکەرە لەنیوان هەلوەریوی کاتی وبی کۆتاداو ونوینەرە لەنیوان مخلوق وخالقدا و ویستگەیە کە لەنیوان هەمیشەنەگۆراو ی هەموو شت گۆڕەر وبەردەوام گۆڕاودا.

جا ئەم دەیانە خودە ومغفری سرو نهینی وخوو نەریتی خاوی خوای پەروەردگار ن,دەجارو موهدیئ و لایەنە پەی پێ براوەکانی ئەم دەیە دروستە کە بیانکەیە بواری فکری رۆژو شەوانت و فەرك وپروین ودامالەرو لیدەرو دڕێنەروپەرت کەرو پۆلین کەرو لەبەرگرتن وکۆپی کرددن ,هەمو ئەمانە دەچنە خانەی فکر وکوفر بەتاخوت واتە بروابوون بەتاغوت چونکە بروا کە زۆر کە س وادەزانن مرادفی ئیمان کەچی بروا پروانەنە ومرادفی فرك وکوفرە ,جابۆیە من باوەرم بە خودای ملك الموت هەیە واتە کافرم بە خودا ,هەروا باوەرم بە اللە نیە چونکە اللە قابلی باوەر وپروان نیە ودەبێ ئیمان بە اللە بێنی ,هەمو ئەم پەیی پێ براوانەبکە پەیژەی لایەنی ئیمانی وە

دابەش کرانی ئەم دەیانەی عەرشە ،کە چوار ڕۆژو وئەربع ئەیامی کە زەوی لێ پێک هاتوە بەچوار ناوەندودەریای ئاوی و گڵی وبەرگەهەوایی وبڵێسەی لێک دابۆوە، دوو یومەکەی ئاسمانیش بۆشایی وزەمەن وکات.

ئەم شەشانە ڕەحمان وڕەحمی نەفس وئەهریمەن ئیستوای کردن وگەیاندنیە دە وبونە عرش، رحمن لە لێکدانی ئەلکترۆنەکانەوە خانە ئۆرگانی وزیندەکانی وەک مرۆڤ ولەخانەی ناوک وپرۆتۆن ژیانی قارچکی دەرهێنا ،ئەم دوو ژیانی قارچکی وئۆرگانیە جۆرەکانی گەیاندنە هەشت ،وەلە ئۆرگانیەکان مرۆڤایەتی ولەقارچکەکان ڕوەک ودرەخت دەرکەوتن ،ئەوە بوونە دە وعرشەکەی کە رحمان لەکاڵی وناتەواویە وئیستواو پێ گەیاندنی پێ کرد...

بەدرێژایی هەزاران ساڵ مرۆڤ بە ئاوو گڵ و ڕەشەبا ئاگری کوژاندەوەو هەموو بوونەوەرانی قوڕین و ئاوی و هەوایی بڵێسەی ئیبلیسیان بەنەفرین کردو ودامراند وکوژاندەوە، بەڵام وابۆ سەدەیەکە خاک بووبە خەڵوزوبارود و بڵێسەی ئیبلیسی خۆش کردو بووبە خزمەتکاری، دواتر ئاویش لەشێوەی نەوت و شلەمەنیە گڕگرتووەکان ئەوانیش لەجیاتی ئاگر کوژاندنەوە

گڕ وبڵێسەی ئیبلیسی گەیاندە ئاسمان و ئاو کەئاگری دەکوژاندەوە کەچی هەردەرکەوت کەخۆی لە هایدرۆجینی گڕ گرتوو و ئۆکسجینی لکێنەرو توێنەرەوەی ئاسن .

هەروەها ڕەشەباش کە ئاگری دەکوژاندەوە ئێستا بۆتە غازە گڕگرتووەکان وبۆمب و ڕۆکێت و فڕۆکەو کارەباو ئەلکترۆنی و چەکی کۆکوژ ی کیمیایی ..

لەوەیە ئەمە بێ کە زەردەشتیەکان دەڵێن ئاهورامەزداوڕۆشنایی بەسەر ئەهریمەنی تاریکی دا سەردەکەوێ ..

هەرمجدۆن لای جولەکەومەسیحیەکان:

لەسیحاحی شازدەهەمی سفری روئیا هاتوە:

[[مەلاکی شەشەم کاسەکەی لەناو ئاوی فورات کردو ئاوەکەی وشك کرد,تابیتە ریرەو بۆ پاشاکانی ڕۆژهەلات,بینیم کە سێ روحی پیس لە شیوەی بۆق لە دەمی تنینیك دەرچوون,ئەمانە روحی شەیتانی بوون,معجزەیان دروست دەکرد تاپاشاکانی زەوی کۆبکەنەوە بۆ جەنگی ڕۆژی گەورە,ڕۆژی الله ی قەدیرو بەتوانا,خۆشی بۆ ئەوکەسەی کە جلەکانی دەپاریزێ و لەورۆژە رووت نابێ, ,لەو ڕۆژەدا هەموو کۆدەبنەوە لەوشوینەی پێ ی دەلین هرمجدۆن]]

یۆئیلی نەبی لەبارەیئەم ڕۆژە گوتویەتی:

فوبەکەڕەناداکەن لە زایۆن،هاوارکەن لای شاخی موقەدەس وپیرۆز،گشت دانیشتوانی زەوی ڕاچڵەکن،ڕۆژی رەب بەڕێوەیە،زۆرنزیکە،ڕۆژی تاریکی وئاوابوونە،ڕۆژی هەوروتەم وموژانە.

هرمجدون (دەربڕاوێکی گریکی یۆنانی و : Ἁρμαγεδών) Harmagedōn,[1][2] لاتینیە: [3]Armagedōn)

بە پێ ی بۆچوونی نوسەرەوانی کتێبی پیرۆز،ئەو جێگایەدەبێ کە لەشکرەکانی جیهان بۆ جەنگی کۆتایی جیهان لەسەری کۆدەبنەوە،جاریواشە بۆ ئاماژەکردن دێ بۆ سیناریۆی کۆتایی جیهان.

ئەم ووشە تەنیا یەک جارلە ئینجیل دا هاتوە،لە

.Revelation 16:16

ووشکە بەم شێوە کراوەتە یۆنانی لە زمانی عیبریەوە. har məgiddô (הר מגידו),

هار قویة، - H2022 - واتە حەڕە ،بەشاخەکەی تەنیشت مەدینەش دەڵێن حەڕەرە،بۆ گردو زنجیرە گرد دەگوترێ،قەویە، کەلە زمانە هیندوفارسیەکان دەبێتە کێو،دیارە بنچینەی کێو لە قەوی عبری وسامی وەرگیراوە،وشەی کێومەرد،قەوی مەرد،کەهەندێ دەڵێن ئادەمە، بەڵام ئەو لەڕاستیدا قاایین وقەوی وبەهێزوکێوی دارو ماڵی ئومم ودایکیەتی ،واتە ئەوەی پێ ی دەڵێین قابیل ی کوڕی ئادەم.

کەواتە حرە بۆ کێوو بەقوەت وحەڕڕەو گرد وتەپۆلکە وبەرزایی هاتوە، "

الجبل. -تلة، جبل". 'مجدو' '- قوي מְגִדּוֹן H4023 /میج آی دی- / مجدون یان مجدو، شوێن وگۆڕەپانی کۆبونەوەی لەشکر") "جبل "گردی مجدو لەڕاستیدا گرد نیە،بەڵکو تەپۆڵکەیەکە کە دروست کراوەو نەوە دوای نەوە ئەم بەرزاییە نوێ کراوەتەوەلەسەر هەمان شوێن،،قەڵاکان لەکۆندا لەسەر بەرزاییەکانی کە بەسەرڕێ بازرگانیەکاندا دەڕوانن دروست دەکران،بۆپاسەوانیکردنی ڕێگەی دەریاکە ڕێ یەکی بازرگانی بوو کە شارستانی میسری گرێ دەدا بە ئیمپراتۆریکانی شام وئەنادۆڵ و وڵاتی دووڕووبار.

ئەم شوێنە جێگای جەنگێکی گەورەبووە لە پازدە سەدە پێش زایین ،هەروەها جەنگێکی ترلەهەمان شوێن لەساڵی 609 پ ز ڕووی داوە.

مەجدۆ شارۆچکەیەکە چل کم لە باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی تەبەریە یە،لەناوچەی ڕووباری کیشون..

ئەم شوێنە دەکەوێتە مێرگی ئیبن عامرلەنزیک شاری جەنین،ستراتیژی ئەم بەرزاییە لەوەدایە کە دەکەوێتە سەرڕێگای بەیەک گەیاندنی بکوری فەلەستین بە باشوری فەلەستین..

5 میل لە باکوری تەل ئەبیب و20میل لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری حەیفاوبە دووری 15میل لە کەناری دەریای ناوەڕاست،ئێستا لای عەرەبەکان ئەم گردە،بەگردی مستلم ناسراوە.

لە فەرهەنگی یانگی کتێبی پیرۆزدا هاتوە کە.

ناوی شوێنێکە کەجەنگی ڕۆژەگەورەکە ،ڕۆژی پەروەردگاری بەتوانا،هەمووان کۆدەکاتەوە لەهەرمجدۆن،شاخی لای شاری مەجدۆن کە جەنگە گەورەکانی ڕابردوو تیایدا ڕووی داوە،لەداهاتوش جەنگی گەورە لەو دۆڵەی یزرعیل دەبێ، بەرزایی

یزرعیل دەشتێکە لە حەیفاوە بەرەو دەریای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە،کەبەلای شاری مەجدۆدا تێدەپەڕێ وبە یزرەعیل دا شۆڕدەبێتەوە بەرەو بیت شان کەلە لە دۆڵی ئەردەن دالە ئاستی دەریا نزم ترە،ئەم دۆڵە ناوچەی شاخاوی جەلیل لەباکورو بەرزایی ناوچەی ڕیف وگوندەکان لە ناوەڕاست وباشور جیادەکاتەوە.

ئەم شارە یەکێک بوە لەشارە گرنگەکانی سلێمان علیه السلام.

هەریەک لە یەهودی ومەسیحیەکان ئەم بەشەی کەلە روئیای یوحەنا هاتوە بۆ سەرکەوتنی داهاتوی خۆیان بەکاردێنن،هەرئەم روئیایە وای کردوە کەدوای دەیان سەدە دوژمنایەتی ئێستا ببنە یەک،چونکە وادەزانن خەونی داهاتویان یەکە،هەردوکیان باوەڕیان وایە کە مەسیح سەرکردایەتی ئەم جەنگە دەکا،بەڵام مەسیحی یەهود بۆیەکەم جارەو مەسیحی کریستیان بۆ دووەم جارە،جولەکەکان چونکە بێ قەوارەیی زۆریان چەشتوە ،لە خەڵکانی دی زیاتر چاوەڕوانی ئەو ڕوداوەن،پێ ی دەڵێن ڕۆژی الله ،ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فەڕەنسا لەکا تی جەنگی کەنداو لەساڵی 1991 دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ حاخام مناحیمسیزمونای پێشەوای ڕوحی بزوتنەوەی بێ لایەنی جولەکە کردوەوناوبراو پێ ی وایەئەم جەنگەی کەنداو پێشەکیە بۆ هاتنی مەسیحی چاوەڕوانکراو،.

تیودۆرهرتزلی دامەزرێنەری بزاڤی جولەکە لە سەدەی نۆزدەدا دەیگووت(من لە ڕوئیادا مەسیح،لەسەرشێوەی پیرەمێردێک، خۆی پیشان دام وپێ ی گوتم ،:بڕۆهەموو جولەکەکان ئاگاداربکە،من لەمەولا بەم نزیکانەدێم ،موعجیزەو دەستەوستان کەری زۆرگەورە وکرداری زۆرمەزنلەبەرچاوی گەلەکەم وگشت جیهان دروست دەکەم.)

جەنگی هرمجدۆن ،ئاماژەیە بۆ جەنگ ملانێ ی کۆتایی لە نێوان حکومەت ودەسەڵات دارە کانی مرۆڤایەتی والله ،چونکە ئەو حکومەتانە دژایەتی الله دەکەن وڕەتی دەکەنەوە کە مل کەچ بن بۆ دەسەڵاتی الله،هەروەک لە مەزامیری داود دا هاتوە،،هەربۆیە جەنگی هەرمجدۆن دوا لاپەڕەی مێژووی فەرمانڕەوایی مرۆڤایەتی دەپێچێتەوە ،وەک لە سفری دانیال ئاماژەی پێ کراوە.

جەنگی هرمجدۆن جەنگێکی جیهانیە،چونکە هەموو فەرمانڕەواکانی جیهان تیایدا بەشدارن وهەموویان لە سوپاولەشکرکێشیەدا هێزەکانیان دەنێرن،لەو ڕۆژەدا یەسوع ودەستەیەک لە مەلائیکە جەنگ لەگەڵ دوژمنانی الله دا دەکاوبەسەریان دا سەردەکەوێ، ئەم دوژمنانە کە دژایەتی حوکمی الله دەکەن ،وەک لە سفری ڕوئیا ئاماژەی پێ کراوە.

جیاوازی تێڕوانینی مەسیحیەکان لە تێڕوانینی جولەکە ،لەوەدایە کە مەسیحیەکان پێ یان وایە کە جەنگەکە شوێنێکی دیاری کراوی نیەو هەموو زەوی دەگرێتەوە.

بەپێ ی یەکێ لە تەفسیرە مەسیحیەکان بۆوڕوئیایە کە ڕاڤەی بریمیلینیالە یسوع لەمەولا دەگەڕێتەوە سەرزەوی ودەجال -وەحش ودڕندە- دەبەزێنێ وبەسەر نەبی وپەیامبەری درۆزن وشەیتان دا سەردەکەوێ لەجەنگی هرمجدۆن، پاشان شەیتان بۆماوەی هەزارساڵدەخرێتە ناو هاویەوهەزارەی قیامەتی بچوک دەست پێ دەکا،

پاش ئەم هەزارەش ،شەیتان ئازاد دەکرێ ویاجوج وماجوج لە هەرچوارلای زەوی بانگ دەکاو شاری خۆشەویستی قودس گەمارۆدەدەن،بەڵام ئاگرێک لەلای الله دێ وهەموویان دەسوتێنێ،لەوکاتە ئەو ئاگرە شەیتان ویاجوج وماجوج وئەوانەش کەناویان تۆمارنەکرابێ لە کتێبی ژیانداهەموویان دەسوتێنێ وفڕێ دەدرێنە جەهەنەم ودەریاچەی ئاگرەوە.

ئەمەی باس کرا عەقیدەو بیروباوەڕێکی مەسیحیە،جولەکەش باوەڕیان بەبەشێکی هەیە،هەردووکیان کۆکن لەسەر هاتنی ڕۆژێک کە تیایدا خێروشەڕ لێک دەدەن ،جەنگی هەرمجدۆن دەبێ ولەشکرێکی دووسەدملیۆنی تیایدا بەشداردەبێ.

مال لیندیسێ نوسەر، لە کتێبی ئەستێرەی مەزنی زەوی دا دەڵێ:ناپلیۆن کەهاتە سەربەرزایی هرمجدۆن وسەیری دۆڵەکەی کردوگوتی،هەموو سوپاکانی جیهان دەتوانن مانۆڕبکەن،بۆئەو جەنگەی کەلەم شوێنەدا بەرپادەبێ.

لەساڵی 1984دا ڕاپرسیەک کراەلایەن ڕێکخراوی بانکلۆفینش ،دەرکەوت کە ٣٩٪ئەمریکا کە ژمارەیان ٨٥ملیۆن کەسە ،باوەڕیان بە وەیە کەڕوئیای ئینجیل بەجەنگێکی ناوەکی وێران کەر دەبێ ،پێش هاتنی قیامەت .

خانمە نوسەری ئەمریکی جریس هاسل لە کتێبی پێشبینی وسیاسەت دا دەنوسێ:ئێمەی مەسیحی ئیمانمان بەوەهەیە کەمێژووی مرۆڤایەتی کۆتایی پێ دێ لە جەنگێکدا کە هەرمجدۆنی پێ دەگوترێ،ئەمجەنگە بەگەڕانەوەی مەسیح تەواودەبێ،وەکە گەڕاشەوەفەرمانڕەوایی بەسەرهەموو مردوو وزیندانی جیهان دادەکا.

ڕۆناڵدڕێگانی سەرۆکی ئەمریکا لە 1980-1988دەڵێ:ئەم نەوەی ئێستا بەدیاری کراوی ئەو جیلە یە کە هەرمجدۆن دەبینێ.

جیری فولویل ی سەرۆکی مەسێحیە ئوسولیەکان دەڵێ:هەرمجدۆن ڕاستەقینەیە،،ڕاستەقینەیەکی داڕێژراوە،بەڵام ئێمە سوپاسی الله دەکەین کە کۆتاییەکی گشتی دەبێ.

قەشە بیلی گراهام لە ساڵی 1977گوتویەتی:

ڕۆژی مەجدۆ ،والە پێشمانە،گشت جیهان زۆربەپەلە بەرەو جەنگی مەجدۆ دەڕوا،بۆیە ئەم نەوەی ئێستا کۆتایی نەوەیە لە ژیان ،ئەم جەنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکا.

هەربەم واتایەشسەرۆکی قەشە ئەنگلیکانەکان دەڵێ:مەسیح پاشا کەهاتەوە ،بەملیۆنان لە هێزەکانی دیکتاتۆری شەیتانی لەناودەبا.

هەرمجدۆن ،نهێنی گەورەی هەڵبژاردنەکان وکێ بەرکێکانی ئەمریکایە،بەشەی هەرەگەورەی هەیە لە بانگەشەکان،هەریەک لە جولەکەو مەسیحیە کان بۆ گەیشتن بەپۆستەباڵاکان بەکاری دێنن،

جریس هالسل لە کتێبی پێشبینی وسیاسەت دەنوسێ: (پێشبینیەکانی تەورات لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا،بۆتە ژێدەرێک کە دەیان ملیۆن کەس بیروبۆچون وبنەماکانیانی لێوە دادەڕێژن،لەناوئەمانەش کەسانێک کە خۆیان بەربژێردەکەن بۆسەرۆکی ئەمریکا،ئەمانە هەموویان باوەڕیان بەوەهەیە کە کۆتایی هاتنی جیهان نزیکە،ڕودانی جەنگی هەرمجدۆن لەبەردەرگایە،،هەربۆیەش هەردەم لەپێشبڕکێ دان بۆ خۆپڕچەک کردن،ودروست کردنی چەکی نەوەوی وزۆربەپەلەن بۆ ئەوەی ئەم جەنگە ڕووبدا ،چونکە پێ یان وایە ئەم جەنگە هاتنی مەسیح نزیک دەکاتەوە).

ەساڵی 1980دا سەرۆکی ئەمریکا ڕونالد ڕیگان لەچاوپێکەوتنی لەگەڵ پێشکەشکاری ئینجیلی جیم بیکر،گوتبوی:

-ئەم نەوە دیاری کراوە کەنەوەی بینەری هەرمجدۆن بێ.

-ئێمە ئەونەوەین کە هەرمجدۆن دەبینین.

هەروەهاسەرۆکی ئەمریکی جۆرج دەبلیو بۆش لەساڵی 2008بۆگۆڤاریدێرشبیگلی ئەڵمانی گوتبووی:لەوساتەوەی کەبۆش بووەبەیەکێ لەوشەست ملیۆنەیکە باوەڕمان بە لەدایک بوونەوەی دووەم هەیە بۆ مەسیح ،بۆیە کە پێم وایە مەسیح گەورەترین فەیلەسوفی سیاسی هەموو سەردەمەکانەچونکە ئەویارمەتی دام کەواز بێنم لەمەی نۆشین.

ڕاپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤ کەلەساڵی 1990لە قوبروس دەرچوە نوسیویەتی:

(چەندین دامەزراوگروپی سیاسی وئوسولی هەن لە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاوزۆرێک لەوڵاتانی جیهان ،کە هەموو کۆکن لەسەرئەوەی کە کۆتایی جیهان نزیکە،ئێمە ئێستالەڕۆژانی کۆتایی دا دەژین،کە جەنگی هەرمجدۆنی تێدادڕوودەدا،ئەوجەنگەش جەنگییەکلاکەرەوەیەولەوەوە دەست پێ دەکا کە هەموو جیهان جەنگدژی ئیسرائیل ڕاگەیەنێ،جادوای تێشکانی جولەکە مەسیح دێتە خواربۆ لێپێچینەوە لە دوژمنانی ئیسرائیل ودەست خستنی سەرکەوتن،پاشان مەسیح فەرمانڕەوایی جیهان دەکابۆماوەی هەزارساڵ بەئەوپەڕی ئاشتی وخۆشەویستی)

ئەم ئاڕاستە هەربە دینە بەناوبانگەکانەوە نەوەستاوە، ئەوەتا تایفەی بەهائیەکان پێ یان وایە کە ڕۆڵی سەرەکیان لەو جەنگەدا هەیە، کارلۆتاجیزن،نوسەری بەهائی لە کتێبی جەنگی هەرمجدۆن دەنوسێ:

جولەکەکان بانگەشەی ئەوەدەکەن کە پەیامبەری چاوەڕوانکراومەسیح کەتائێستا نەهاتوە دێ،بۆ لەناوبردنی سێ دڕندەکە،سێ دڕندەکە سەدام حسێن وسەرۆکی ئەمریکان وپەیامبەرەدرۆزنەکەش سەرۆکی تایفەی بابیە ،بۆیە ئەم بەهائیە پێی وایە کە شەڕی 1990لەوچوارچێوەدایە، ئەو144000کەسە ئەوانەن کە لە بۆچوونی بەهائیەکان لەجیهان دا تێ گەیشتوون وهەرئەوان شایانی مانەوەن ،پاش ئەوەی کەجەنگ هەموو جیهان لەناودەبا،چوار دڕندەی ڕوئیای یۆحەنا ئەمانەن،بەریتانیا،فەڕەنسا،ڕوسیا، ئەمریکا،ئەم چوار دڕندە دەبنە بەهائی ،وپاش جەنگەکە مەحکەمەی رب لەجیهاندا پێک دێنن..

بڵاوبونەوەی ئەم جۆرەبۆچونانە بوو کەوای لەشوکری مستەفای سەرۆکی بزوتنەوەی هجرەوتکفیر،کەدایکی بزوتنەوەکانی قاعدە وتالیبانە ،پێ ی وابێ کە کۆمەڵەکەی ئەو کەشتی نوحە وئەوی باوەڕی بەبنەماکانی کۆمەڵەکەی ئەونەبێ بەهۆی جەنگی سۆڤیەت وئەمریکا لەناودەچێ تەنیا ئەوان لە جیهاندا دەمێننەوە.

هەربۆیەش کاتێ ئەم ئاڕاستە لەسەرئاستی کۆشکی سپی هەبێ ،بۆیە زۆرێک لە چاودێروشڕۆڤەکاران وادەبینن کە قاعیدەوتاڵیبان وداعش وجەنگی تیرۆروبەرەی شەڕو ئەو هەموو دەوڵەتانەی لەدژیان کۆدەکرێنەوە ،هەمووی سیناریۆی فیلمێکی ئەمریکیە تا ئەو خەونەیان بێننە دی، وەک ئەوەی الله لەبەدی هێنانی سیناریۆی کۆتایی دەستەوستان بێ وهەموو ڕۆڵی دەرهێنان ونمایشی دابێتە ئەو دەوڵەتانە، ،بێگومان ئەم بەهەدەردانی سامان وکەرەستە خاووژیانی ملیۆنەها کەسانە، تاوانێکی گەورەیە وگاڵتە بەخۆ کردنە ویاری کردنە بەچارەنوسی مرۆڤایەتی ،لە شانۆگەری جەنابی موفەتیش دەچێ ،کە پێش هاتنی موفەتیشی حەقیقی ،ئەوان قومارچیەکیان لێ ببوبە موفەتیشی گشتی وهەموو پارەکانیان دایە.

ئەم یاریەش هەروایە ،چونکە نهێنی هاتنی قیامەت ونیشانەکانی ،وەک لەکۆتایی سورەی ئەعراف هاتوە ،نهێنیەکە ئاسمانەکان پێ یان گرانە ودادوبێدادیانە لەدەستی،هەروەها لەسوڕەی تەها الله بەمسی دەفەرموێ ،باوەڕت بەساعەوقیامەت هەبێ کە هەرخەریکم دەیشارمەوە.

نهێنیەک الله هەرخەریکی شاردنەوەی بێ وئاسمان دادوبێ دادی بێ لەدەستی، بێگومان بەیاری وتێگەیشتنی سلێمانی ئەمریکیش نازانرێ ،چونکە هودهود یش لەو زیرەکتربوو..

بیستەم لە ڕوئیای یۆحەنا:

[[سیحاحی بیستەم:هەزار ساڵ:

پاشان مەلائیکەیەك هات کلیلی هاویەی پێ بوو ,هاویەی کردەوەو تەنینەکۆنەکە – ئیبلیسی-خستەناو هاویەو کلیلی دا بۆماوەی هەزار سال,بۆی نیە تا هەزار ساڵ خەلك گومڕا بکاو پاشان بەردەدرێ ,بینیم کە ئەوانەی سوجدەیان بۆ وەحشەکە نەبردبو، وەشم وتاتۆی دڕندە وەحشەکەیان لە خۆیان هەڵ نەکەندبوو ,ژیانیان بۆماوەی هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیح پێ بەخشرا,بەڵام مردوەکانی تر لەم هەزارە زیندونابنەوە,ئەمە قیامەتی یەکەمە, جاکاتێ هەزارەکە تەواو بوو ,ئیبلیس بە بەشی ردەبێ تا گەلانی یاجوج وماجوج لە کەنارەکانی زەوی گومرا بکا, وە ئامادەی جەنگی کردن,ژمارەیان وەك لمی دەم دەریا بوون,هاتن گەمارۆی شاری مەحبوبە -خۆشویستن -یان دا بەلام ئاگریك لە ئاسمانەوە هات و هەموی لەناو بردن,پاشان ئیبلیس لەودەریاچە هاویژرا کە پەیامبەری درۆزن و وەحشەکەی تێ هاویژرابو تاکو بۆ هەمیشە بسوتین,

رۆژی دەینونە:

پاشان عەرشیکی گەورەی سپیم بینی,ئەوی لەسەری دانیشتبو هەمان کەس بوو کە ئاسمانەکان وزەوی لەترسی رایان دەکرد,دیتم مردوەکان زیندو بونەوەو پۆل پۆل لەبەردەم عەرش وەستان,پاشان کتابی ژیان کرایەوە,مردوەکان وەك لە کتاب نوسرابوو سزا دران,دەریاکان و مەرگ و مەئوای مردوا ن ئەو مردوانەی لایان بوون ,هەمویان هاویشتنە بەردەم عەرشەکە,هەمو زیندوبونەوەو سزای تاوانەکانیان وەرگرت,پاشان مەرگ و مەئوای مردوان هاویژرانە ناو دەریاچەی ئاگر,وە هەرکەسیکیش کەناوی نەنوسرابو لە کتیبی ژیان فڕێ درایە ئەو دەریاچەوە,ئەمە مردنی دووەم بوو,]]

لە سیحاحی نۆزدەم ،لەسەرەتاکانی هەزارەی سێ یەم باسی گەلە کۆمەکی جیهان وپاشاکانی کرد لە دژی سوارەکە، وەلیمەیەک، زەماوەندێک ، زەماوەندی کاوڕە،کاوڕئاژەڵێکە بۆقوربانی یە،وەلیمەکە پاشاکانی سەرزەمینن، ئەم سەحاحانە ،هەریەکەو باسی جەنگی گەلە کۆمەکی دژی حەق دەکەن،هەموویان ،هەرلە هەرمجدۆنەوە تاکەوتنی بابل،تازاوابەندی کاوڕەکە ،هەموویان چەندڕوێەکی جەنگێکی نێوان ئاسمان وپاشاکانی زەمینن،دیارە پەیڕەوانی وەحشەکان وتەنین هەموو زەویان تەنیوە،بۆیە سحاح لەدوای سحاح،هەرسحاحێک دیمەنێکی ئەو شانۆگەریە گەورەو ڕوێەک لە ڕوەکانی ئەوگۆڕانکاریە گەورەیە دەخاتە ڕوو،لە سەحاحی پێشوو باسی دەنگێکی گەورەکە[لە عەرشەوە داوای تمجید و سوپاس وستایشی پەروەردگاری دەکرد,لەم کاتە دەنگیکی زۆر بە تەوژم وەك دەنگی ریژنەی

ئاوو گۆڵەی هەور دەهات,دەیگوت هللویا بۆ پەروەردگاری بەتوانا ,با تمجیدی بکەین و دل خۆشی دەربڕین و کامەران بین,چونکە زاوەبەندی کاوڕەکە نزیك بوەو بوکەکە رازینراوەتەوە,بەرگی کەتانی سپی پاکیزانی پۆشیوە,]]

مەسیحی ڕاستەقینە ،سوجدەو ڕکوع وکڕنوش وچەمانەوەوعبادەت وپەرستشەکان هەموو شایانی الله ن ،

[[یوحنا دەڵێ ویستم سوجدەی بۆ ببەم بەلام نەی هیشت و گوتی سجده تەنیا بۆ الله یە,]]

سادقی ئەمین ،ناوی محمد وکلمه الله ناوی مەسیحە، مەسیح ومحمد بەیەک دەگەن، یەک بنەما،یەک ڕێبازودین، یەک پەیام ،دوو ڕووی تەواوکەری پرۆژەیەک ،مەسیح ومحمد ، مەسیحی قافیەی دێرە شیعری پێغەمبەران-وقفینا علی اثارهم بعیسی ابن مریم ومحمدخاتم النبیین وکۆتایی ومۆری ئەنبیاوهەواڵدەران .

[[پاشان بینیم ئاسمان کرایەوە,ئەسپیکی سپی سوارەکەی پێ ی دەگوترێ (ئەمینی صادق) ,بە عەدل فرمان دەکاو جەنگ دەکا,چاوەکانی وەك بلیسەی ئاگرن و تاجی زۆری لەسەرە و نوسراویکی لێ نوسراوە، بیجگەلەو کەس نازانێ بیخوینیتەوە, ,جلێکی لە خوێن هەڵکلشراوی لەبەرەو ئەم سواره ناوی (کلمه الله) یە,چەندین ئەسپی سپی لە دواوەن سوارەکانیان کەتانی سپیان لەبەرە,ئەمانە سەربازی ئاسمانن,لەدەمی سوارەکەوە شمشیریکی تیژ هەیە بۆ لیدانی ئومەتەکان ,بە گۆچانی ئاسن شوانی گەلان دەکا پێ لە معصرەوگوشەری مەیی توڕەیی الله دەنێ,

مەلائیکەیەکی تر هاوار لە بالندەکان دەکا تابێن بۆ وەلیمەی الله و لە گۆشتی پاشاو میرو سەرۆك و دەسەلات دارەکا ن بخۆن ,دیتم پاشاکانی زەوی بۆ جەنگی سوارەکە کۆ بونەوە, بەلام سوارەکە و سوپاکەی هەمویان دیل کردن ,وەحشە درندەکەو درندەی دوەم کە پەیامبەری درۆزن بوو فڕێ درانە ناو دەریاچەی کبریت,ئەوانی تریش بە شمشیری دەمی سوارەکە کوژران و تەیروتور لە گۆشتیان تیر بوون,]]

ئەمەمان لەبەشەکانی پێشوو باس کرد، کەلیمەی ڕوح وئەمروقورئان =مەسیح،سادقی دەق وتێکست وئەمینی نامە وڕسالە ومحمدی ڕەسول ،وەها ڕاونراون ،وەها دژایەتی کراون ،وەها دەرکراوو پێدادراون ،لەهەموو لاشەکانی جیهان جیابوونەوە،بوونە دووڕوح و دووپەیامی بێ لاشە ،لەناوئەشکەوتی تۆڕی جاڵجاڵۆکەی ئەنتەرنێت ونارەدنی دەرەوەدا بوونە وشەو واتا،کەلیمەو مەعنا،لاتحزن ان الله معنا،،ئەم ڕاوەدونانە لە بۆئەم دوو ڕووحە لە کەلێنە شاخێکی چیای سووری نێوان مەکەویەمەن ،دەبێتە پەیام وبەرەو ڕووی گشت جیهان ،لە نێوان کتێبەکانی زانستی قورئان هەشتاوشەش سوڕەت لە قورئان لە مەککە دابەزین،،لەناو کتێبەکانی سیرە ئەو کەسەناسراوو کاریگەرانەی لە مەککە بونە یاوەرو ئەسحاب وحەواری محمدی نامە

و کەلیماتی قورئانی مەسیح ،هەشتاوشەش حەواری ویاوەربوون،ئەوموجاهیدە موهاجیروکۆچەرانەی لە جەنگی بەدری فتحی گەورەو فورقان وجیاکەرەوەدا بەشداریان کرد هەشتاوشەش یاوەری مجاهدو موهاجیربوون ،کەچی ئەو یاوەروو سەحابی وحەواریانەی لە یازدە ساڵی مەدینە ئیمان دێنن ودەبنە خشتی دیوارەکانی هەزارەی دووەم تاسێ هەزار ی زاین ،ژمارەیان هێندەی ژمارەی پەیامبەرانە ،سەدوچواردەهەزار یاوەروحەواری وئەسحاب ،هەر سوڕەتێکی قورئان بەرامبەر هەزار حەواری ،کۆچی محمدو هاوڕێکەی سەدیق،لەدایک بوونی دووەم لە بیست وحەوتی سەفەردەستی پێ کردوو لە دوازدەی ربیع الاول کۆتایی هات،لەدایک بوونی پەیکەری مەلەکوتی ڕوحانی ودەوڵەتی قورئانی مەسیحی محمدی دەبێ کەدوو پەیام بەری خاوەن عەزم پێکەوە ئاوێتە دەبن ودەبنە شەبەنگێک ولە شاری شارستانیەوە دەست پێ دەکەن ولەماوەی هەزارساڵدا پانتاییەکی گەورە لەم گەردوون وبونەوەرە ڕوناک دەکەنەوە.

لە کۆتایی زەمان کاتێ حەشری مرۆڤەکان کۆتایی دێ، دوو هەلویستە هەن من لیرەدا خویندنەوەی ئەو دووهەلویستە دەکەم ,هەلویستی یەکەم ئیبراهیم خەلیل باوکی لە شیوەی زبع وکەمتیار وحەفتیار وکفتارۆ لە ژیر پێ یەکانی دبینی و چوارپەلی دەگرێ وفڕێ ی دەداتە جەهەننەم وجەحیم.

هەلویستەی دووەم :جەحیم هەر دەلورینێ و هەردەلێ :هل من مزید؟ تا الله پێ ی قدمی دەخاتە ناو جەحیم وجەحیم دەڵێ قەت قەت ,

ئەم دوو هەلویستە هەردوو یەك پەیرەو مان تێ دەگەیەنن ,ابراهیم بە فریدانی بەعزوپارت وپارچەو کەرت ولەت ،،الله بە فردانی قدم وکۆن ومقیدی وپابەندی و دیاری کراوی وسەرەتا دیاری کردن بۆ قەدیم وکنەکان، بۆ ناو جحیمی بە حەجم کراو و محجوم وقەبارە دیاری کراو ،، ئەم دوو کردەوە هەردوو پێمان دەڵێن،، کەوا کاتی سنور دار بوون نەما و پابەندی بە کۆنتر و پیاوتر و زۆر ترو لە پیشترو وهەمو جۆرە جیاکەرەو بەش بە ش کەرەکان کۆتایی یان هات و چونە جهنمی بەحەجم کراوو دیاری کراو، ,الله هەرچی دین وپەیرەوو تایفەو مەزهەبگەری و هەلاویردەی نەتەوەیی ورەگەزی و نازی هەیە لە گەڵ پێ ی خۆی توری دەداتە جەهنم ،کاتێ الله قدیم وکۆن وڕابردوی خۆی فڕێ دایە جەحیمی بەقەبارە دیاری کراو،ئیدی ئەوانەی ئیماندارن ئەوانیش ئەو کارە دەکەن ،ئەوەڕۆژی کەشفی قاچ وساقە ،ئەوانەی

دڕدۆنگ بوون لە ئیمانیان ئەو ڕۆژە ناتوانن سوجدەببەن ومل کەچی ئەو گۆڕانکاریە گەورەبن.

ئەو کاتە نەك ئیستا لە م جیهانە ,ئەوسا لەوێ جیهانی جهانگیری فرەنەتەوەیی وپیکداچونی نەتەوەیی ئاینی رەگەزی دەست پێ دەکا و گورگی رۆمانی و ورچی روسی ئەرسدۆکس و پلنگی تامیل و بوزی وفیلی هندوسی و ئەفریقی بەرهەمی وشیری سیخی ولوتی وکشتاری خۆری مەجوسی زەردەشتی و مانگی عەرەبی و بزن وحوشترو ومەرو ماینی عەرەب وفارس و هەڵۆو کەری کوردی و عەزیای چینی و هەمو رەمزو ئو ل وئاینەکان نەفرین بۆ پیشوەکان دەنیرن وپەپرەوەکانیان فڕێ دەدەن وسەرکۆنەیان دەکەن کەبۆچی بەو جیهانبینیە سنورداراە تەسکە خەریکیان کردن و یەکتریان پێ قرکردن و جیهانبینی هۆمانستی ویەکیتی بونیان نیشان نەدان ولە پارچە پارچەی دا سەریان برین وکوشتیانن و خۆ کوژیان پێ کردن ,بەڵێ ئەمەیە هاتنە خوارەوەی مەسیح و ئەوەی دەقەکان باسیان کردوە ئەمەیە چوونە ناو مەلەکوت ی ئەبەدی وبێ سنو روبێ پابەندی ,ئەمەیە نەمری وبەردەوامی و هەتاهەتایی ,ئەمەیە فردەوس و جەننەت ,کە تۆ لەسەر ئەم بیرو باوەرە نەبی ناچیە ناو ئەو مەلەکوتە,کەواتە دەبێ ئەو دە توخمەی بۆم باس کردی کە ئەم جیهانەی ئیمەی تیادا چردەبیتەوە هەمیشە لە ژیر پێت بن ,نەتەوەکەت ،خاکەکەت، نیشتمانەکەت لاشەکەت منالەکەت ،ژنەکەت سەروەری تایفەو کەلەپوری دینەکەت، بیروڕایەکانت، ئاوات وخۆزگەو علم ورۆشنبیری ومەعریفەتە سنورداڕەکانی ئەم دون وباتنەت هەمیشە لە ژیرپێ بن قوربانیان پێ بدەی کافربی پێ یان، بەواتای دایان پۆشی، پیلاوت بن بۆ ئیمان بە اللە وجیهانە بێ سنورو هەتا هەتاییە کەی ،کە دوای مرد ن دەست پێ دەکا ،عیسی نایە ئەم ملکوتەلێرە لە پیش مردن بەواقعی دروست بکا بەلکو دێ تائەم بیرو باوەرە و جیهانبینی یە فراوانە بلاو کاتەوەو هەلەی پیشوەکان راست کاتەوەو جیهان وەك بیرو بۆچون وعقیدە ئاماده بکا بۆ ئەوەی دوای مردن بچنە ناو ئەبە دیەت ,وەك ئالقەی کۆتایی دەبێ ئەم لاپەرە بە سەربرینی جزیە وتجزئەو وبەش بەشی کۆتایی بێ و ئەم تحزبە ی زبحو قوربانی و سەر برینە کۆتایی بێ لەبیرو زەینی خەلکی دا ,بۆیە عیسی جزیە هەڵدەکرێ، ئەوجزیەی کە لە ئاخر ئایەت وئاخر سورەتی قورئان دانراوە وەک شەرعێکی قۆناغی وڕێژەیی دیاری کراو ،ئەم هەواڵە کە پێش ئەوەی عیسی بیکا محمد ی دوا هەواڵدەروئەوکەسەی قورئانی بۆهاتوە هەواڵی پێداوین،ئەمە وەک ئەوە وایە کە محمد پێمان بڵێ کە عیسا هات دواین بڕگەی شەریعەتی من لادەباو گوێڕایەڵیشی بکەن،ئەو واتایە لە سورەتی نەسریش وەردەگیرێ ،کە-اذا جاء نصر الله والفتح ورایت الناس یدخلون في دین الله افواجا فسبح بحمد ربك واستغفره انه کان توابا-

ئەم سورەتە وەک ئەبوبکرو ئیبن عباس وعومەر بە نیشانەی مردنی پەیام بەریان دەزانی، بەڵام مردنی کەسی و مردنی دینەکەشی هەرتێدایە، سورەتەکە دەفەرموێ ، کە نسر الله هات، کە دینی نەسرانی وعیسایە ،ئەو ڕێگا دەکاتەوە سنورە داخراوەکان هەڵدەگرێ ،یەک دین بۆ یەک نیشتمانی گۆی زەوی وهەموو مرۆڤایەتی ویەک نەتەوەو زمان قبوڵ دەکا، کە بینیتان ئەمە هات وتۆ ئەی محمد بچۆرە وە ناوتابوتی تەوبەو وەک ئەوسێبەرەی هەتاو دەی پێچێتەوەو دەکشێتەوە بن دیواروسوانەکان ،با ئوممەتی حەمد بەحمد وتسبیحات سەحب وحەبس بێ وبەداوای لێبوردنەوە بکشێتەوە،وبگەڕێتەوە لای پەروەردگاری چونکە تەنهائەو تەواب و توبە وەرگربوە هەمیشە.

جاکاتی جیهانی دوای مردن دەستی پێ کرد، ئەو لەوشوینە دەست پێ دەکا کەلیرە کۆتایی پێ هاتوە,ئەگەر لێر تۆ بە جزئی بینی کۆتاییت بێ، لەوێ گشتگیریت پێ نادرێ

,ئەگەر لێرە دینەکەت سنوردار بینی وچوارچیوە دار بێ بۆالله وملکوتەکەی ،چۆن ببینی ولەسەری بمری لەویش هەرئەوەندەت پێ دەدرێ ,کما تکونون یولی علیکم ,اللهم امتنا علی اوسع ما انت تکون علیه ابد الابدین .

بەلاو توشهات وئازارونەخۆشی وناخۆشی دیاری و بەخششن لە م ژیانە بڕاوەدا وشەختەو دەقبەستویەکەی ئەم جیهانە بەندیخانە ئەوان دەیشکینن, ولەو بازنە داخراوە دەرت دەکەن کەناوی دنیایە,,هەربۆیە بۆدەربازی کورانی ئیسرائیل لە ستەمی فیرعەون تورەیی تەورات بەکار هات و قورانی قەیران وقران ودوابران بۆ موئمنان بە محمد کاری کردو قورئان بوە قەناڕە و سەربڕین بۆدوژمنانی محمد, جئتکم بالذبح ،بعثت بین یدي الساعة بالسیف،

وە ئینجیل بوە گیانە لاو گوللە وگلینەری دژانی مەسیح ,ئەوەتا ئەوان واتە مسیحیەکان دۆزەرەوەو دروستکەری بارود ودینامیت وکارەبا وتیشکی گاما وغازی کیمیای وئەتوم وجۆرەها رۆکیتی دەنگی ورەنگی وزەنگی وغازی وتیشکین و دەتوانن دژانی مەسیحی پێ بگلینن ,

زەبور برص وبەڵەکی ولیك هەلوەشانت و نەساخیە بۆ دژانی پەیامی داود ی هەواڵدەروپاشای خەلیفە.

ئەگەر وانەبێ سونەتی مدافعە بەرپا نابێ ،هەموو هەردەیانەوێ لەو بەندەدا بن ,الله کاتی تویژیکی ساغلەم بۆ ماوەیەك بەسەر ئەم جیهانە دادەنێ، چەکیکشی دەداتێ کە چینە دەقبەستوە کۆنەکەی ژیری پەرت بکاو بۆ کەشکەشانی بنیرێ بەم جۆرە چینە ساغە نویکە ئاوەدانی سەر زەوی وچینەکۆنەکەش لە سجنی دەقبەستویی دەرچو ئاسمانی پێ ئاوەدان کرایەوە ,ئائەمەیە هاوسەنگی تەرازوی ڕێژەیی بۆ ژیانیکی

ڕێژەیی ,ئەی کە جیهانی نەبراوە بنیات بنێ ،دەبێ چۆن هاوسەنگیەکی بۆ بکا!!ئائەمەیە کە نەخۆشی ونەساغی دابەشی دادو عەدلە لەناو بەندانە ,زەبوری زەبرو بیزاری ومەلولی,مزماری داود سرودو نشید و سترانە، دەلیلی سیمفۆنیایە، کلیلی تمزق وپەرتبونە .

بلۆ کی عیسی علیه السلام لە بینای ڕەبانی دا,ڕوح و کەلیمەوئەمری ڕەحمانی, ئەو ڕوحەی کە بەردی ڕەقیش شەق شەق دەکا,ئەو ئەمرە واتە پاڵەوان وزۆرانبازو وخەسم بوو ,بەلام لە دوو هەزار سالەوە کراوەتە فەنا بڵند کراوو دوورخراوەوو حەقلی حق الله بۆ کارێك کە الله مەبەستیەتی . مەسیح سەلامی لەسەرە واتە سوللەم وپەیژەیە لە ڕۆژی لە دایك بوونی کە میژووی میلاد وزاینە,جیهان کردویەتیە پەیژژە و لە سەری دەڕۆن,ویوم یموت، هەروا ڕۆژی مردنی کەبە عیدی عشای ربانی وفصحی دادەنێن ورۆژی هەلسانەوەشی پێ دەلین ,یادی قوربانیەکەی دەکەنەوە,ویوم یبعث حیا ,ڕۆژی زیندوکرانەوەوهاتنە خوارو دابەزینی عیسای مەهدی حەق دیسان پەیژەو بەروارو نوێ بونەوەی مێژوویە لە داهاتووو سلم وئاشتی ودرود ووخالی کۆتایی هەموو مسلمان وگاوران ومەسیحیان لە سەرئەوە یە کە عیسا کە زیندوو ببیتەوەو لە سەعی وهەوڵ وکۆششەکە، ببیتە یەحیاو ژیاو و زیندوبۆوەو 'لە گل و صلب ورەق وصەلیب وخاچەوە ببیتە ئاگر .سەلیب وخاچ بشکێنێ ،کات کۆتایی پێ بێنێ وبیست چوارسەعاتەکە تەواو بکا وبەمەش خاچ وچاخ وزەمان دەشکێ ودەبێتە نیوەو نیوەو کەسرەکەی تری تەواوکەری زەمان شوێن ومەکانە کە محمد وئوممەتەکەیەتی،ئەوکاتە مردن وژیان ئاشت دەبنەوە، ئاگرو گل،شیکەرەوەی تەنی شەی تەن وئادەم، دۆستایەتی وتەواوکاری یەک دەبەستن ,ناکۆکی و بیر تەسکی ودەمارگیریەکان لادەچن چونکە عیسای حی وزیندوو، جزئ بوون وپارچە بوونەکان لەباتی ئەوەی مل ملانێ یان پێ بکا ،لێکیان دەدا و هەلدەگیرێ ,ئەو بەراز و پرز جاریکی تر سەردەبرێ ,چونکە دابەش کردنی شتەکان بۆ مقدس وپیرۆز ونامقدس و پاك وپیس وشەریف وناشەریف ,کافرو مؤمن نامێنن،هەموو جیهان دەبنە یەک دین وپەیرەو، تیروانینە جزئی وبەشبەشەکان بۆ الله نامێنن،چونکە ئەوان پیش ئەوەی خۆیان وکۆمەلگاکانیان سەربەرن الله یان سەربری ومحدودیان کردو ئەزەلی وئەبەدیەکەیان لی کردەوە ,جا کە مەسیحی حی دێ ئەم جیهانبینیە جزئی وتەسکە لادەبا وجیهانبینی جیهانگیری وروحە حەقیقیەکەی قورئان ومحمدی مجسدی یەکێتی بوونی تەواو بەهەموو پارچەکانیەوە بۆتەواوکاری چوون بەرجەستە دەکا ئەوسا ,حوشترە کەی ئەبو جەهل و شێرەکەی حەمزە پیکەوە دەلەوڕێن ,پشیلەکەی فیرعەون و چۆلەکەکەی موسا لەگەڵ یەك یاری دەکەن, تەنین وعەزیای چینی لە ناو لەپ ودەستی منالانی یونسی ئینسانی گریک ویۆنان وڕۆمان وئەوروپا گەمەی پێ دەکرێ، فیلی هندۆسی وبەرهەمی وپلنگی بوزی و بزنی عەرەبی ئیسلامی ومەڕی تورانی و ئە سپی فارسی و گورگی رۆمانی زیۆسی وکەری کوردی هەموو پیکەوە

جیهانگیری و عەولەمە دەکەن و جیهان لەدواساتەکانی دا پێش وێران بوونی قیامەت پێکەوەژیان دەکەن ویەکتر تەواو کاری دەست پێ دەکەن ودەزانن ودەرک بەوە دەکەن کە جەنگ وهەرای چەندان هەزارسالّەیان بەهۆی تێنەگەیشتن وبەبەش بەش سەیرکردنی الله ومەلەکوتی الله بوو،ئەو ڕیزبەندیەوپۆلێن وتقدیم وتاخیرەی بۆ شتەکان وبونەوەرەکان وچاخەکان وشوێنەکان وزمان و وشەکان کردیان هەمووی بوەپەردەو حاجب ونەی هێشت بێ سنوری وگشتگیری الله وهەمیشەیی الله ببینن،- ینبئ الانسان بما قدم واخر- مرۆڤایەتی بۆ چەند ساتیك ئاشتەوایی دەکەن تا لە سەر فراوانترین وکاملترین دین وبۆچوون بمرن تا لە زیندو بونەوەش لە سەری زیندوو ببنەوەو شایانی چونە ناو ملکوتی الله ی ئەبەدی بن.چونکە کاتی زانیان وعیسادەق وڕێساگشتیەکانی کتێبەکانی بۆ پاڵفتەوپوخت کردن ,کە ژیانی ئەو دیو بەوە دەست پێ دەکا کە الله قەدم و کۆن وڕابردووی خۆی لە جەهەننەم داوێ ، قوربانی بە قەدەمەکانی قدموسی دەدا و فڕێ یان دەداتە ناو جحیمی قەبارەداری و سنورداری ,ئیبراهیم باوانی وحزب وزەبحەکەی فرێ دەدا بۆ ناو جحیمی سنور داری ,محمد لە حجه الوداع ریبای عەباسی تحزب وپارچەبوو ن لە ژیر پێ کانی دادەنێ ,لەمەوە دیارە کە کەسیك بە جیهانبینی فراوانی هەتاهەتایی ملکوتی الله نەمردبێ لەوێ پێ ی نادرێ,ئەوە یوم الجمعة ویوم التغابنه ,کە پەردەکە هەڵماڵرا دەزانن هەمووتان خەڵەتاو

بوو ن , سەرداچو بوو ن ,خودا ی خوتە ومختیئی وهەڵەیی لەمە گیرۆدەی کردبوون ,ئەوە ئەو رۆژەیە کە داعي مەسیحی حي بانگ دەکا بۆ لای شیء نکر -اقربت الساعة وانشق القمر،، یوم یدع الداع الی شيء نکر-,بۆلای بۆچونیك کەڵەوەو پیش هەموو دین ویاساکان ئینکاریان لی دەکرد، ئەوە ساعەتە ومانگ شەق بووە،ئەم جارە پەیام وبانگخوازەکەی الله بۆلای فرمان بەچاکە وباشە و کەچی وبەش بەش بوون ومەعروف وعرفان ناکا، عرفان توغیانی کردوەو بوە هۆی ئەوەی عەقڵ وهۆش وەک عقال وڕێشمەو هاوسار سەربەستی وخەیاڵ وئەندێشە وئاوەزی ئەسپ وخەیلەکەی خەیاڵ زەوت بکاودیلی بکا،عرفان زیادەڕەوی کردو بوە فرعەون وئەوەی دەرکی نەکردو پەی پێ نەبرد وتێ ی نەگەیشت وبەر دەسەڵاتی هەستەکانی نەکەوت ،نکولی لێ کرد وئینکاری کرد وگوتی نیە ودانی پێدانەنا،بەمەش نەی توانی باوەڕبە بێ سنوری وئەزەلی وئەبەدیەتی الله بێنێ،مەعروف وفیرعەونی عیرفان دەستەوستانە وناتوانێ لە بێ سنوری وهەتاهەتایی بگاودەرکی بکا، بۆیە داعی ڕۆژی دوایی وساعەت بانگەشە دەکا بۆلای شتی نەناسراو،پەی پێ نەبراو،دەرک نەکراو،نەزانراو.

,ئەوە رۆژی کشف الساق وفڕێدانی ساق الله یە، کە قەدەم وپابەندی وئیلتزام ئەو کاتە کوفرە,تجسیدی الله و یەکێتی بوون سوجدەی راستەقینەو حقیقیە ,کەسیك باوەری بە ە نەبێ مجسد وەك غەیب بەشیکە لە الله ئەوە کافرە ئەگەر هێڵە گشتیەکان وسیماکانی هەزارەی سەبتی یەهودی بریتی بووبێ ،لە دەسەڵاتی تورانی جالوت وتالوتی ئیتالیای

ڕێنیسانس و بەریتانیای داودی وشۆرشی پیشەسازی و تسبیحی شاخ ومادەڕەقەکان وعین القتری نەوت وغاز بۆ بەریتانیای داودی وسلیمانی ئەمریکی کە سولتانیکی دراوەتێ پیش ئەو بەکەس نەدراوە لە غەواصەی ژیردەریاو ناوناخی گەردیلەو ناو ناخی بۆشایی وسەرمانگ و مەدارەکان وبەدەمەوئیوارانیك وپاش عەسرانیك ریگەی مانگەودوو مانگ دەپیچینەوە بە ژێربارخرانی ریح وهەوابۆسلێمانی ئەمریکی بە فرۆکە و ڕاخراوە ریاحیەکەی سلیمان -رواحها شهر وغدوهاشهر- ئەمە ماناکەیەتی و تالوت وسلیمان وداودی قورئان بریتین لەئیتالیاو بەریتانیاو ئەمریکان نەك ئەو شاول وداودو سلیمانە بێ دەسەلاتەی ناو تەورات وکتیبە میژوویەکان,

هەمە چەشنی و فرە رەنگی و لە ژمارە نەهاتووی و بێ سنووری نەخشەو مەنهەج وپەیرەوو شەرع و زمان و کەلیمات و ئەسماو صفات و ئیناکان و لەو حەکان و بونەوەرەکانی الله لە نیوان حیکمەت و فراوانی دا:

ئەم هەمە چەشنیەو بێ سنوریەو لە ژمارە نەهاتنە لە شتانەی کە باسم کردن لە روو کەشدا جۆریك لە چەواشەکاری و سەر لیشیوانی پیوە دیارە,بە لام کە لێ ی ورد دەبیەوە، دەزانی کە الله دەیەوێ کە تێمان بگەیەنێ کە ئەی بەندەکان وا تێ مەگەن کەمن بۆماوەیەك شتەکانم لە وەحی و شەرع و ئەنبیاو ونەخشەو مەنهەجەکان و دەقەکان سنور دار دەکەم لە سەر زمانیك وەك عیبری وعربی و سریانی و سامی و ئیبراهیمی ,یا ن بە ناوچەیەکی تایبەت , کیشوەرەکانی وەك جیهانی کۆن ,یان نەخشەکة بۆ ماوەیەك دەقبەستو دەکەم لە سەر چەند خویندنەوەیەك وچەند کتاب و ئیسم و صفات و معنایەك ,وامەزانن کە لە دەستەوستانی و بێ توانایی الله یە ,یان ئەو زمان وکەسانە حەقیکیان بە سەر الله وە هەیە، یا ن الله پیویستی پێ یانە؟؟!! , بەلکو ئەم ویستگەو سەکۆیە بۆ ماوەیەك جێگیرو سابتانە رەحمەت و وچان دان و وپشوگەیەکن بۆ مرۆڤایەتیەکی سنوردار لە تواناو تەمەن و علم و تیگەیشتن دا ,ئەمە تەنیالە بەر دەستەو ستانی و مراعاتی کەم توانایی ئیمەیە , ئەگەرنا الله دەتوانێ بە یەك چرکە، بێ ژمار لە شەرع ومەنهەج وکەلیمات و نەخشە بهینێ، کە ئیمە تیای دا بزر ببین ,بەلام الله بەرحمە و چاوی لێ یە،.

ئیمە ئەوە بۆ هەزاران سالە لە فراوانی قەترەیەك لەو علمە کەلە دەریای بێ سنوری علمی الله ئەم قەترەی هاتە ناو پەی پێ بردنی مرۆڤ و تا ئیستاش پێ ی ئیستعاب نەکراوە ,قورئان لە 114 سورەتە، هەر سورەتیك هەڵت دەنێ لە سەر تحدید وسنور داری و سورەتەکەی دواتر پیت دەڵێ ئەوانەی محاداتی الله ورەسولی دەکەن وبەسنوداریان دەزانن ولەچوارچێوەیەکی معروف وناسراوی هەمیشەی دا بەندیان دەکەن ،کافرن .

ئەم تحدیدە وسنوردارکردن ولەپێناسە وپەی پێ بران ودەرک کردن دا بەند کردنە، پشوگەو رەحمەت و سەوابت وجێگرەکانن و ئۆقرەی دل و دەرونی تۆیە بۆماوەیەکی

ڕێژەیی دیاری کراو ئەی مرۆڤایەتی ,ئەم دژایەتی کردنی سنوداریەش بۆ شکاندنی ئەو بەستەلەك ودەمار گیری و گومانی بەد وخراپ بە الله بردن و ئەو ستەم وزۆرداری و قورخ کردن و پاوانکردن ومزایەدەی بە دینی الله وە دەکرێ، بە تۆڕدانی ئەو سنورانە نەبێ چارە نابێ , بۆیە هەردو لای رەحمەت و حکمەت و فرەیین ,

کەواتە بوونی سوابتەکان وجێگرەکان لە دینەکانی جیهاندا بۆئەوەیە کە تا ئیمە هەر خریکی ڕاکردن نەبین بە شوین گۆڕانکاریەکان. , کە گۆڕانکاریەکانیش دێن ومەعروفە دەقبەستوەکان ئینکاردەکەن ولەناو جەرگەی مونکەرەنەناسراوو وڕەت کراوەکان معروفی نوێ دەردێنن،، بۆئەوەیە تا ئێمەی مرۆڤایەتی بیزار نەبین لە دەقبەستوویی جێگیروناسراوە سابتەکان ,

لەمەشدا کەسەرنجی هەموو دین و شەرع و زمان و قوتابخانەو ئوممەتەکان بدەن ,هیچ یەکیکیان نیە کە لەم جیهانەدا سەدان ساڵ خەلکەکەی سەرو مالیان بە قوربان نەکردبێ و بە ملیۆنان خەلك لە پیناو خزمەت کردن بەو دین وبەو زمانەی کە دەفروخوان وپیرۆزوپەسندکراوی ئەودینەبوو، سەریان نایەوە و کوژران ,کە چی پاش ئەم هەموو قوربانیە، هەر لەلایەن هەلگرانی ئەو دین وزمانەوە دەیان ریچکەو بیرو مەزهەب و لەهجە و زاراوەو شیوەزمان و پەیڕەو هەربەناوی خزمەت کردن بەو زمان و دینە دانراوە ,بەلام دەرەنجام ئەو ریچکەو لەهجانە بوونە هۆی پارچە پارچە بوونی ئەو دین و زمان ونەتەوە، و لە ئەنجام دا ئەو دینە لەبەر دلان شیرینەو ئەو زمان ونەتەوە بەباڵاهەلگوتراوانە مردون ,وە لە شوینی وان چەندان دین و زمان وڕێچکە ولەهجە لە دایك بوون ,وەنەخشەکانیش لە نەخشەی دینیك وزمانیکەوە ، بوونە دەیان نەخشەی دەیان زمان ودین ,

ئەمة نە جاریك ,بەلکو ملیونەها جار دوبارة بۆتەوە لەمێژوودا,تا ئیمە لە هاوکیشەی بۆماوەیەك سنورداری لە بەر رەحمەت بە مرۆڤایەتی وفرچک گرتنو هۆگربوونی بۆچەسپاوو سەلماوو بەڵگەنەویستە قەتماغە بەستوەکان،.

هاتنی بێ سنوریش هەیبەت و ئەبەدی الله یە ,بەڵێ الله بێ سنورە لە کەلیماتی، ولەنەخشەی و،لە شەرعەکانی ,ئەوەلە بەر حاجەتی ئیمەیە ماوەیەك سنورارو راوەستاوی دەکا,کەواتە لای ئێمە جێگیرەکان ڕەسەن وگۆڕاوەکان لقن ،جێگیرەکان ناوک وگۆڕاوەکان ئەلکترۆنن، بەڵام لەی الله گۆڕاوەکان ڕەسەن وجێگیرەکان ڕەحمەت وبەربەستی زوالقرنینن ،بەڵام کەبەڵێن ووەعدی الله شەپۆلی هات دیواروشوڕاوسنوری ڕەحمەتی الله دەپێچێتەوە ،وەک لەسوڕەتی کهف باس کراوە.

بۆیە دینەکان دەیانن وبەدەیی تەمەنی ژیارن، چەند ڕاستیەکی ڕێژەیین وبۆکات وشوێنێکی دیاری کراون.ڕاستیە ڕەهاکان تەنیا لە زەین وبیروهۆش وئیمانی دڵەکاندا هەن ولەم جیهانەدا هەرگیز لەدایک نابن،چونکە جێگایان نابێتەوەو ئەم جیهانە بەکات

وشوێن سنوردارو ڕێژەییە سەفسەتەیە جێگای بەهاو واتا بێ سنوروڕەهاکانی تێدا نابێتەوە.

هەروەك گوتم لە قورئاندا کە سورەتە گۆڕەرە بێ سنورەکە، ستەم و دەقبەستویی و ئاسۆتەنگی و بیزاری سورەتی حدیدە پێناسەکەرە تعریفیە سنوردارەکە لادەبا ، چونکە نابێ بە ئیسمی اللە لەناو بونەوەرە زولم وستەم بکرێ ,و فشارو پەستانو داپەڵۆسین هەبێ و رەگەز پەرستی و شۆڤینی و نازیەت پەیرەو بکرێ,لوت بەرزی بۆ زمان ودین و موزایەدەی پێوەبکرێ ,

ونکە دەقبەستنی شەرع ودین ومەنهەج وزمان ونەخشە، هەر لە سەرە تا تاکۆتایی، تەنانەت رۆژیکی لەوحیش کەملیاران سالی ئیمەیە هەر ستەمە و دەبیتە هۆی بیزاری , هەتا دیاردەتەمەن دریژەکانیش هەردەبێ بگۆڕێن ,خۆری تەمەن 5 ملیار سال لە گرگنیکی سپی تا ئەمڕۆهەزاران قۆناغی بەسەردا هاتوە ,هەروەها زەوی و مانگ وشاخەکانیش,هەرشتیك کە اللە بیەوێ، بیهیلیتەوە دەیگۆڕێ ,هەربۆیە کە کەلیمەو شەرع و زمانەکان هەستەوەرترن لە شاخ و ئەستیرەکان، چونکە زووتر دەگۆڕێن و نوێ دەبنەوە, هەتا خەلکی جەننەتیش کەلاشەیان هەلناوەرێ ,بەڵام لاشەکانیان وەك جلەکانی ئێمە دەگۆڕن ,هەرکاتێ ویستیان روحیان لەو لاشە دەگوازنەوە بۆ لاشەیەکی تروتقمس وتناسخ دەکەن ،وەک ابن قەیم لە کتابی ڕوح وحادی ئەرواح باسی ئەوڕوباری بەیزەخەدەکا کەلەکەنارەکانی وەک کارگ سورەو وێنەو پەیکەرو لاشە دەڕوێن وخەڵکی جەننەت دەچن لە دەم ئەو ڕوبارە لاشەکانیان دەگۆڕن ولاشەی نوێ بۆ ڕوحیان هەڵدەبژێرن ,

بۆیە شرك وهاوبەشی دانان ,گەورەترین زوڵمە ,تۆ کە اللە بەخالق و بەدیهینەرو پاریزەری هەمو گەردون وزەمان ومەکان نەزانی؟ بڵێ ی تەنیا خاوەنی ئەو گەردیلە یە ,ئەو سانتیمەترەیە ,ئەو روحەیە ,ئەو کەلیمەیە ,لەکاتیدا کە اللە خالق وبەدیهینەری زەمان ومکان و کەلیمات وئەرواحی بێ سنورو لە ژمارە نەهاتوە ,ئایا زولم لەوە گەورەتر هەیە ,

هەربۆیە عیسای کە اللە ی تیدا سنوردار کراوە دەگەریتەوە تا ئەو هەلە راست بکاتەوە کە اللە کەلیماتەکانی لە ژمارە نایەن ,بەمەش ئەوەی کە اللە لە کەسانی ئیمانداری نوسیبێ، ئیمانی خۆی راست بکاتەوە تا شایانی ملکوتی بێ سنورو هەتا هەتایی اللە بێ , ئەو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە پیمان بڵێ کە هەر کەسێ لە ئەسماو صفات و ئەفعال وزاتی اللە لە زەمانیك و چاخیك و زمان و لسانیك و کتیبیك وکەسیك و شوینیك و دیاردەیەك وتوخمیك دا چرکاتەوەو بڵێ هەر ئەوەندەیە ئەوە گۆڕێکی بۆ خۆی هەڵ کەندوە و بێ دەسەلاتی و براوەیی بۆ خۆی هەلبژاردوەو خۆی لە ئەبەدیەت و بێ سنوری محروم کردوە ,لەلایەکی تریش دەبێ ئیمانت هەبێ کە هەرچی لەم وجودەدا هەیە لە جزئیات ,لە زەمان و مەکان و ئەسما و صفات و کلمات و تەنەکان و شەرع

و نەخشەکان ,هەموویان جزئی وبەش بەش وسنوردارو ومحدودن ,کاتیك هەبوە نەبوون و کاتیکیش هەیە نامینن, ئەمەم لە کاتی ئەسماوصفات باس کردو لیرە دوبارەی ناکەمەوە,

باسی عیسامان کرد کە بەچی بوە ملك الموت و چۆنیش ئەو هەڵە راست دەکاتەوە,

ئیستا با باسی محمد بکەین چۆن بوە قتال کوشتاروگوشین و زەبح و بەش بەش وجزیەوسەربڕین بۆ قۆناغیك وبۆ حکمەتیکی کە اللە مەبەستی بوو،هەروەک تاقیکردنەوەکەی ئادەم، وە چۆنیش ئەم قۆناغە تەواودەبێ و ڕاست دەکریتەوە , ئەو هەرچەندە کە ڕوکەشی قورئان و فەرمودە ئەم ئیعتقادەی نەهیناوە,بەڵکو نەزانی پەیرەوانی و تینەگەیشتنیان و نەتوانینیا ن لە کۆکردنەوەی هەموو وجوهو ڕوو و دەقو هەواڵەکانی قورئان وسونەت ئەم فەهمەی بۆ هیناون کە اللە یان بەش بەش و تجزئە کردوەو ,ئەوان کە ئیمانیان بەوە هەیە کە چەند کات و چەند شوین و و چەند ئەحوال و زمان هەن لەم گەردونە دا کە اللە مباینە وجیایە لێ یان و نە بە زات ونەبە صفات ونەبە ئەسما مباشەرەیا ن ناکاوپەیوەندینیە پێ یانەوە , جا بێ گومان ئەم کات وشوین وتەنانە کە زیاد دەکەن وکەم دەکەن و دەجولین و نەش ونما دەکەن و ئەم نەش و نما وخەلق بون وزیاد وکەمە اللة نایکا نەبە ئیسم نەبە صفەت ,اللە بە زات وصفات و ئەسماء لە سەر عەرش ودابڕاولە گشت بونەوەران -لە بۆچوونی ئەمانە دا- گیری خواردوەو لەوێ بەندیان کردوە ,ئەمە تجزئەو زەبحە و لە قورئان جیاوازی سەر عەرش و حەوت ئاسمانەکان و حەوت ئەرزەکان و هیچ شوینیك نیە و اللە بە ئەو ئیسم و صفەتانەی دەلین ئیسم و صفاتی زاتن یان معانین یان ئیسم وصفاتی فعل یان صفات وئیسمە خەبەریەکان هەرلەناو سنگی مروقەوە بە پەنجەکانی،بە خالقی وبە عەلیمی و،،هتد هەتا هەمو سانتیمەتریکی ئەم گەردونە،بەو ئیسم وسیفەتانە هەیە .

دەڵێن چۆن دەبێ ئمە بلیین کە اللە لەناو پیسایی و پاشەرۆکەو سەرانگویلکە ,بۆ ولامی ئەوە دەلیم کە ئایا هیچ سەرانگویلکیك هەیەکە لە بۆشایی دانەبێ و حەیزێکی نەگرتبێ؟دەی بۆشایی ئینا و دەفرو خود وزات ونەفسیی اللە یە ,ئەو جا دەپرسم ئەوەندەی نەشو نما و گەشەو خەلق وبەدی هاتن ودروستبوون لەناو پاشەرۆك و سەرانگویلك هەیە ,ئەوەندە لەدیوەخان و ژورة پاکەکان نیە، ئایاکە اللە بە ئیسم و صفەتی خەلق ومنشیء و فاترو باری لەوێ ئەو بەدیهێنراوانە زیاد نەکاو نەیجوڵێنێ و ئیحیا وئیماتە نەکا؟ ئەی کێ ئەم ئیشە دەکا؟کە ئەو نەیکا واتە بوونی تعددی خالق کە ئەمە شیرکە ,ئەو جا ئەوەشمان راڤە کرد کە ئیسمەکانی اللە وەك بۆشایی وان، تفاعل وکارلێکی سەلبی ونەرێنی لەگەڵ ئەو دەوروبەرە ناکەن کە ویست و مشیئەتی اللە بۆ ماوەیەك ئیشێکیان پێ دەسپێرێ ، نەبە پاشەرۆک پیس دەبن و نەلە بۆشایی خالی لە مادەش کاریان لێ دەکا ,

ئەوە وەك ئەوەیە کە بڵێ ی دکتۆر پاکە، چۆن دەبێ قۆڵۆنی جێ ی پیسایی و گەدە نەشتەرگەری و چارەسەر بکا؟ ,خۆ دکتۆر بە پاشەڕۆکی ئەو شوینانە لەخۆی هەڵ ناسوێ و نایان خوا ؟,ئەو بە دەستەوانە و مقەست ئەوی پیویست بێ دەیڕێ و لای دەبا . بە تایبە تیش کە گوتمان ئەسماو صفات وەك سەولی بەلەمەوان و کەوچکی چیشت لینەر کە اللە لەبەر دروستکراوەکانی خەلقی کردون ,

یان نمونەی ئەمە گازی میسان و ئامۆنیا ونەوت وگاز کەهەمووی پاشەڕۆك و میزو پیسایی گیان لەبەرانە وکەڵەکەبووە،,تۆ کەسەری حاویەی پیسایی داخەی و پاشان ئاگری لێ نزیك کەی، دەبینی کە وەك بتڵە غازیکت بەردابێ، ئەوا دەسوتێ ,دەکەس دەڵێ من غازی سروشتی ناسوتینم و چیشتی پێ لێنانێم ،چونکە هەموو پیسایی وپاشەڕۆکە کەدەیسوتێنم؟؟

ئەو جار ئیمە بمانەوێ ونەمانەوێ، هەرچی تەنە پاشەڕۆکی پیشوەکانە ,جا پاشەڕۆکی قژو لاشەیان بێ، یان پیسابیان بێ ,ڕوەك بن یان گیانەوەر , هەمو ئەو تەنانەی کە شل و رەق وغازو بلیسەن ,لاشەی ئیمەن ،یان هی شتومەکەکانمانن ,هەموو ئینای اللە کە بۆشایی یە پالاوتونی و پاکی کردونەوە و پیشکەشی ئیمەی کردونەوە,

ە سەرەوە پرسیاری ئەمەم وروژاند کە چۆن ئوممەتی محمد لەم حزب وتحزب و سەربرین و جزیە دەربازیان دەبێ کە ,ئەو یش وەك سزایەکی لە سەر یان چەسپا، کاتێ کە لە کاتی گرتنی مەدینەو ئەسیرەکانی جەنگ ، چاویان لە پێکەوە ژیان و فدیەو پارەو سامان بوو صراع و مل ملانێ ی سەرانسەری وڕیشەیی و صفریان رانەگەیاند، بۆیە دینی ئیسلام وقورئان کەلەسەردەمە مەکیەکەی گشتگیروعلەمی وجیهانی بوو،محمد ڕەحمەتی گشت جیهان بوو،بەڵام لە مەدینە لەم ڕەوتە لایان دا بۆیە سوڕەتی تەوبەیان بۆ هات کەدواسوڕەتی قورئانە کە تیای دا جزیەو چلك وچەپەڵی ئەهلی کتابیان بۆ حەلال کراو بەرامبەر بەوەش لە دینیکی جیهانی وعالەمی یەوە بونە دینیکی قومی محلی ناوچەیی ,ئەمەهڵەش عیسی علیە السلام کەهات جزیە لادەباو بەیەکەوەژیانی دینەکان ڕەت دەکاتەوەو تەنیا یەک دین قبوڵ دەکا وجەنگی سفری وپاکتاوکردن لەگەڵ گشت پەیڕەوودین ومەزهەبە جوزئی بین وکەرت وپەرتەکان ڕادەگەیەنێ.

چارەسەری ئەمە لە ئەو فەرمودەدایە کە لە کاتی ختمی قورئاندا ،دەبێ قورئان خوین لە دوای سورەتی زوحی وە بڵێ لااله الا الله والله اکبر,واتە تەنیا الله الله و خالقی بونەوەرانە و الله گەورەترە لەوەی کە دەستەوستان بێ و نەتوانێ لەم 114 سورەتە و ئەو ئەسماو صفاتانەی لەم 114 سورەتە هاتون و ئەو زمانەی کەئەم 114 سورەتەی پێ هاتوە کەعە ڕەبی یە و ئەو پەیام بەرەی کە ئەم قورئانەی بۆ هاتوە کە محمدە کورت هەڵبێ وچربیتەوە، وە الله گەورەترە لەوەی کەنەتوانێ کتابیك چاکترو بەرفراوانتر لە قورئان وزمانیك پاراوتر لە عەرەبی و کەسیك شایانتر لە

محمد بینیتەدی ,اللە گەورەترە لەوەی کە مخلوقەکانی و ئەوامرو کەلماتەکانی بتوانن سنوردار و دەستەوستانی بکەن ,بەتاییەتی ئەم لاالة الااللە واللە اکبر ,لە دوای سورەتیك دەست پێ دەکەتن کە واتای تەزحیەو قوربانی و تحزب وزبح و سەربڕینی لێ دەخوینریتەوە,کە لە شاری مەککە دابەزیوە کەلە زۆربەی نەخشە جزئییە ناکاملەکان دەبوە قور گی دنیای کۆن ,وە شوینی قوربانی و سەربڕینی گیانەوەرو پەزەکانە ,دانی ئەم شایە تیە کە اللە لەوە گەورەترە کە لەناو مەکەی قورگ و لە بەیتیك و لە کتابیك کە قورئانەو زمانیك کە عەرەبیە سەنگەو بەرد بنرێ و بەند بکرێ و زیندە بەچال و سنور دار بکرێ , ئەمە مانای ئەو زکرةیة کة دةرباز بوون و دةرضونة لة تجزئةو بەش بەشی بوون بۆ ئیمانە بە اللە و چونە ناوسەلامی گشتی و –ادخلوا في السلم كافة- هەروەها هەلگرتنی جزیەش لەلایەن عیساوە واتای گەرانەوەی بە عالمی بوونی ئیسلام وجیهانگییری ئیسلامە و دینە سەلیمەکە لەناوڕاستی هەزارەی یەکشەم لەدوای جەنگی خەندەق جەنگی ئیبادەو ریشەکیشی بۆ ئەودینانەی بە ئیمانی جزئی وناقص رازین و ئامادەنین دەستبەرداری بن لە جولەکەکان رادەگەیەنێ،ئەم پێنج ساڵەی خەندەق دەبێتە دووهەزارو چوارپێنج سەدساڵی زاینی، دەبێ یەك دین و بیر و یاسایەکی شمولی کوللی گشتگیر حوکمی جیهان بکا و مرۆڤایەتی هەموو مل کەچی بێ.

لیرە نمونەیەك بۆ گشتگیری و بێ سنوری بەهای حکمەت بە نمونە دینمەوە ,کاتێ ئیمە دەڵێ ین کە حکمەتی اللە بێ سنورە، چونکە صفەتی اللە یەکی بێ سنورە، کە سەرەتای نیە وکۆتایشی نیە، نەلە زەمان و کات ونە بە فرەیی وزۆری ,کاتیك نەبوە کە اللە نەبوبێ وەکاتیکیش نەبوە کە اللە ی حەکیم نەبوو بێ ,کاتیك نیە لە داهاتوش کە اللە نەبێ و کاتیك نیە لە داهاتو کە اللە حکمەتی نەبێ,,ئەمە وەك بەها بۆزاتیکی بێ سنور ,بەلام وەك وشەو کەلیمەی حکمەت ,کاتیك نەبوە و کاتیك نابێ لەمەولا کە هەم اللە وەك زات و هەم حکمەتی اللە وەك بەهاو صفەت وناوو ئیسمیان نەبووبێ, جا مەرج نیە ئەو ئیسمە هەر (ح ك م)بووبێ ,ئالیرەدا ئیسمەکان وزمانەکان و کەلیمەکان لەڕووی زەمەنی یەوە دیاری کراون ،لە سەر نوینەرایەتی مسماکانیان, واتە ئیسمەکان و کەلیمەکان بۆ کاتیکی محدود ودیاری کراونوێنەری و تەمسیلی ئیسم و بەهاو معناکان دەکەن ،ئەوەندەی مشیئەتی اللە ی لەسەر بێ ,کەواتە ئیسمە بەکات وتەمەن دیاری کراوو محدودەکانی بەهای حکمەت بەژمارە نا مەحدودن و بێ سنورن ,واتە ئیسمەکان تەمەنیان سنوردارو وژمارەیان نەژمێرراوو وبێ سنورە بۆ ئەوەی بتوانن ببنە کالای بالای بەهاو معنایەکی بێ سنورو ئەبەدی,کە س ناتوانێ ئەوە دیاری بکاو بژمیرێ کە اللە بەچەند زمان و چەند کەلیمە حکمەتی خۆی ناودیر کردوە ,جا ئەم نمونە ی بۆ حکمەت هینامانەوە بۆ هەموو ئیسم وصفاتی اللە دروستەو هەموو بەو شیوەن,

هەروەها کەسیش ناتوانێ ژمارەو عددیك لە ئەسماو صفات بۆ الله دیاری بکا و بڵێ بربەندی لیدراوەو لەوە زیاد وکەم ناکا ,چونکە ئەو دوعایەی کە رسو ل الله فیری کردوین کە بڵێین: اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ, ابْنُ عَبْدِكَ, ابْنُ أَمَتِكَ, نَاصِيَتِي بِيَدِكَ, مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ, عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ,أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ ١-هُوَ لَكَ, ٢-سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ, أَو٣ْ- أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ, أَوْ ٤-عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ, أَو٥ِ- اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ,

.

ئەمانە پینج چەشنن لە ئەسما ،تەنیا یەك چەشنیان لە قورئان و سونەت دا کتێبەکانی پەیام بەراندا هەن,وە لەگەڵ ئەوەی کە تەنیا ئیسمەکانی ئەو چەشنە لە قورئان وسوننەت بە عەرەبی زانیان، هەندیك بەسەد ئیسم وهەندیکی تر وەك ابن حزم بە هەزارئیسمیان دەزانن ,ئەمە تەنها لە ئیسلام دا ،خۆکە ئەم ئیسمانە لە هەموو کتێبە دابەزێنراوەکان بۆ پێغەمبەران وەربگرین ،ئەوە لە دەیان هەزارئیسم تێ دەپەڕێ،جائەم هەزاران ئیسمانە ئەگەر معنا و واتاومرادف وهاومەعنا وەرگێڕدراوەکانی ئەم هەزاران ئیسمە بەو هەزار زمانە وەرگێڕین کە لە سەرزەوی ئیستاهەن ئەوەلەملیۆن ئیسم تیدەپەڕێ ,ئەی ئەو زمانانەی کە بەزمانی مردو دادەنرێن وئەو زمانانەی کە هیشتا نەهاتوون ؟ کەواتە ئەمانە هیشتا یەك چەشنن لە پینج چەشنەکە ,کەواتە ئەسماکانی الله و صفاتە کانی لەژمارە نەهاتوون لە هەرپینج چەشنانەی کە لە فەرمودەکە باس کراون ,

هەر لەم فە رمودە دان نانی تیدایە بە علم و ئەسمای تایبەت بە ئەولیا و حەکیم وفەیلەسوفەکان کە ئەوان لە ناو کۆمەڵگاکاندا ئاحادی خەلکن و بە پەنجەی دەست دەژمیررێن لەناو هەر کۆمەڵگایەك ,بەڵام کە کۆیان کەیەوە لە هەموو ئوممەت ومیلەتان ،ئەوانیش لە ژمارە نایەن و ئەو ئەسمایانەش فیری ئەو توێژە کراوە لە ذمارە نایەن ,

هو ئیسمانەی١- هو لک، ئەوئیسمانەن کە هەن بەڵام دەربرین و کەلیمەی لە سەر دانەناون تا بگوترێن,جیان لە و ئیسمانەی ئیسمی خۆی پێ داناوون ,وە ئەو ئیسمانەش کە ئیسم و کەلیمەی لە سەر داناون ,هەمووی لە کتیبەکەی یان کتیبەکانی نازل نەکردون ,وەهەموو شی فێری ئاحادی خەلك نەکردون ,بەڵکو هەندیکی هەڵبژاردون لای خۆی ئیساری کردون و هیشتونیەوە بەشاراوەیی ,ئەو ئیسمە شاراوانە تەنانەت لە لەوحی پارێزراویش نەنوسراون ،چونکە ئەوەی لە لەوح نوسراوە کە بەدی دێ، بەڵام ئەم ئیسمانە بە دەرک نەکراوی وپەی پێ نەبراوی دەمێننەوە،ئەمە هەموی ئەوە دەسەلمینێ کە مرۆڤ نەئیستاونەبۆ لەمەولاش وهەتا لە جەنەتیش ناتوانین کە پەی بردن و ئیحاتە نەبەزاتی الله نەبەژمارەو وهەموو واتاومەعناکانی ئەسماء وصفات و ئەفعال -کردار- و هەواڵ وسیفاتی خەبەری الله بکەین.

–

ئەو هەزارسالّەی مەسیح علیه السلام،ئینجیل دەفەرموێ مەسیح هەزارسالّ حوکم دەکاوپاشان ئەم جیهانه کۆتایی دێ ودەپێچرێتەوە،بەهەمان شێوەش قورئان وفەرموده مەسیح وگەڕانەوەی مەسیح به دوا پەردەی ژیانی ئیمانداران دەزانن،کۆتامژدەی پەروەردگاره لەم جیهانه، وەلەفەرمودەش ئەوەهاتوه که ڕۆژی یەک شەممه ڕۆژی نەسارایه،یەک شەممەش له هەزارەی دوەم تاهەزارەی سێ یەمی زاین دەخایەنێ،ئەمه له فەرموده هاتوه،له فەرمودەهاتوه که ئیسلام ڕۆژی جومعه له نیوەشەوو بەربەیانی جومعه هاتوه، که عیسی علیه السلام سەرەتای جومعه ووئیسلام نیوەی دوەمی جومعه هاتبێ ،بەم پێوەرانه ئێمه ئێستا دەڕۆینه ناوڕۆژوهەزارەی نەساڕاوعیسی ،وه له سیحاحی بیستەمی ڕوئیای یۆحەنا بەڕوونی باسکراوه:

[[سیحاحی بیستەم:هەزار سالّ:

پاشان مەلائیکەیەك هات کلیلی هاویەی پێ بوو ,هاویەی کردەوەو تەنینەکۆنەکه – ئیبلیسی-خستەناو هاویەو کلیلی دا بۆماوەی هەزار سال,بۆی نیه تا هەزار سالّ خەلك گومڕا بکاو پاشان بەردەدرێ ,بینیم که ئەوانەی سوجدەیان بۆ وەحشەکه نەبردبو، وەشم وتاتۆی دڕنده وەحشەکەیان له خۆیان هەڵ نەکەندبوو ,ژیانیان بۆماوەی هەزار سالّ لەگەڵ مەسیح پێ بەخشرا,بەڵام مردوەکانی تر لەم هەزاره زیندونابنەوە,ئەمه قیامەتی یەکەمه]]

ئێمه قۆناغی ژیانی ئیسلاممان کرده نەخشەی ئەم هەزارەی یەک شەممه،له فەرمودەش داهاتوه که:

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (وَالَّذِي نَفْسِي بيَدِهِ، لَيُوشِكَنَّ أَنْ يَنْزِلَ فِيكُمُ ابنُ مَرْيَمَ حَكَمًا عَدْلًا، فَيَكْسِرَ الصَّلِيبَ، وَيَقْتُلَ الخِنْزِيرَ، وَيَضَعَ الجِزْيَةَ، وَيَفِيضَ المَالُ حتَّى لا يَقْبَلَهُ أَحَدٌ، حتَّى تَكُونَ السَّجْدَةُ الوَاحِدَةُ خَيْرًا مِنَ الدُّنْيَا وَما فِيهَا، ثُمَّ يقولُ أَبُو هُرَيْرَةَ: وَاقْرَؤُوا إنْ شِئْتُمْ: (وَإِنْ مِن أَهْلِ الكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ به قَبْلَ مَوْتِهِ، وَيَومَ القِيَامَةِ يَكونُ عليهم شَهِيدًا)).

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (ليُهِلَّنَّ عيسى ابنُ مَريمَ بفَجِّ الرَّوحاءِ بالحَجِّ أو العُمرةِ، أو لَيُثَنِّيَنَّهما جَميعًا).

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (كيفَ أنتُمْ إذا نَزَلَ ابنُ مَرْيَمَ فِيكُمْ وإمامُكُمْ مِنكُمْ؟).

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (الأنبياءُ إخوَةٌ لِعَلَّاتٍ؛ أُمَّهاتُهم شَتَّى، ودِينُهم واحِدٌ، وإنِّي أَوْلى النَّاسِ بعيسى ابنِ مريمَ؛ لأنَّه لم يَكنْ بَيني وبَينَه نَبيٌّ، وإنَّه نازِلٌ، فإذا رأَيْتُموه فاعْرِفوه: رَجُلٌ مَرْبوعٌ إلى الحُمْرةِ والبَياضِ، عليه ثَوْبانِ مُمَصَّرانِ، كأنَّ رأْسَه يَقطُرُ، وإنْ لم يُصِبْه بَلَلٌ، فيَدُقُّ الصَّليبَ، ويَقتُلُ الخِنزيرَ، ويَضَعُ الجِزيةَ، ويَدْعو النَّاسَ إلى

